٥٠

چیرۆکی سەرکەوتن



# چیرۆکی من

محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم

گەرمیان محەمەد کردوویەتی بە کوردی

# چیرۆکی من

## محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم

**گەرمیان محەمەد**

کردوویەتی بە کوردی

**50 چیرۆك**

**لە پەنجا ساڵدا**

هەولێر - ٢٠١٩

ناوی کتێب : چیرۆکی من
بابەت: سەرگوزەشتە
نووسەر: محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم
وەرگێڕان: گەرمیـــان محەمـــەد
تیراژ: ( ١٠٠٠ ) دانە
نەخشەسازی: خەلیل هیدایەت مام شێخ
نرخ: ( ٨٠٠٠ ) دینار
چاپی یەکەم سالّی ٢٠١٩.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی( ٧٥٢ )ی سالّی ٢٠١٩ی پێ دراوە

"پاش ڕۆژگارێکی دوورودرێژ دەڵێن: لێرە بوون، لێرە کاریان کرد، لێرە تەواویان کرد، لێرە لەدایکبوون و، لێرە پەروەردەبوون. لێرە خۆشیان ویست و، خەڵك خۆشی ویستن"

محەمەد بن راشد ئال مەکتووم

بەردەوام کاری چاك بۆ خەڵك دەچێنین، بۆ هەموو خەڵك و سوودیان پێ دەگەیەنین.

تەنگژەكان ڕامانناگرن و تەگەرەكانیش سستمان ناكەنەوە.

ئاوڕ لە كەسێك نادەینەوە گومان بكات و گوێ لە كەسێك ناگرین دوودڵی بنوێنێت.

ئەمە شێوازی ئێمەیە لە بنیادنانی وڵاتەكەماندا، وەك لەچوارچێوەی ئەم وێستگانەوە بۆتان دەردەكەوێت.

ئەم وێستگانە وشەی ساكاریان لەخۆگرتووە، كەمێك پەندو بڕێكی زۆر خۆشەویستیم تێكەڵاو كردوون، بەشكو سوودبەخش بن، یان ببنە هۆی سرووش، یان فێربوون، یان لە بنیادنانی مرۆڤ و بەرەوپێشچوونی نیشتمانانندا بەشداری بكەن.

براتان محەممەد بن ڕاشد بن سەعید ئال مەكتووم

## نـــاوەرۆك


٠١ لێرەوە دەستمان پێکردو گەیشتینە ئێرە .......... ١٣

٠٢ سەردانی شاهەنشا .......... ٢١

٠٣ نووستن لەگەڵ دووپشکەکاندا .......... ٣٠

٠٤ باوکم فێری کردم کاتێك بچووك بووم .......... ٣٨

٠٥ لەتیفە ١ .......... ٤٦

٠٦ لەتیفە ٢ .......... ٥٢

٠٧ لەتیفە ٣ .......... ٥٧

٠٨ ١٨٥ ساڵ گەڕان بە دوای (دوبەی)دا .......... ٦٥

٠٩ گەردولوولێك چوون ڕۆژی (قیامەت) .......... ٧٤

١٠ دلێرترین پیاو لە ژیانی خۆمدا ناسیبێتم .......... ٨٠

١١ ڕاشد بن سەعید.. ئەو وانانەی کۆتاییان نایەت .......... ٨٨

١٢ سێ وانە لەگەڵ سەرەتای فەرمانڕەوایی (ڕاشد)دا .......... ٩٤

١٣ ئەشکەوتە بچووکەکەم .......... ١٠٣

١٤ یەکەم ماین .......... ١٠٦

١٥ یەکەم پێشبڕکێ .......... ١١٦

١٦ فڕۆکەخانەیەك لە دوبەی .......... ١٢٨

١٧ مرواری دەرهێنانی ژێر ئاو لە ژیانی خەڵکدا .......... ١٣٧

١٨ هاوشێوەی باپیرم ............ ١٤٦
١٩ کامبریدج ............ ١٥٥
٢٠ خێوەتی باکوور ............ ١٦٥
٢١ بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی ............ ١٧٨
٢٢ کۆهیما ............ ١٨١
٢٣ پشتیوانی لە خواوە ............ ١٩٠
٢٤ دەریا.. بیابان.. ئاسمان و.. پیاوان ............ ١٩٤
٢٥ ئەرگیلەی عەرەبی ............ ٢٠٢
٢٦ پێشبڕکێ لەگەڵ ڕۆژگارو .. ڕاوێژکارەکاندا ............ ٢٠٨
٢٧ ڕاگەیاندنی یەکیەتییەکە ............ ٢١٦
٢٨ پاش داگیرکاری چی بکرێت باشە؟ ............ ٢٢٧
٢٩ یەك سوپا بۆ یەك دەوڵەت ............ ٢٣٣
٣٠ وتووێژ لەگەڵ تیرۆریستێکدا ............ ٢٤١
٣١ کوودەتایەك لەسەرەتای یەکگرتندا ............ ٢٤٩
٣٢ تیرۆری سنوور بەزێن ............ ٢٥٥
٣٣ یەکخستنی هێزەکان و ..تەواوکردنی ئەرکەکە ............ ٢٦٤
٣٤ ١٩٧٩ لەنێوان شەڕو ئاشتیدا ............ ٢٧٢
٣٥ ڕووگە دوبەی (Destination Dubai) ............ ٢٨١
٣٦ هاریکاری ............ ٢٩٠
٣٧ کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی لە دوبەی ............ ٢٩٨
٣٨ ١٩٨٥.. دەستپێکردنی دوو خەون ............ ٣٠٧
٣٩ بەیرووت ............ ٣١٦

٤٠ داگیرکردنی خاکی برا .................................................. ٣٢٨
٤١ کەس لە شەڕ قازانج ناکات .................................................. ٣٣٦
٤٢ بەشار.. سووریا .................................................. ٣٤٥
٤٣ کۆچی دوایی ڕاشد .................................................. ٣٥٢
٤٤ دەمەوێت دوبەی لە ئەفریقیادا بێت .................................................. ٣٦١
٤٥کۆچی دوایی زاید .................................................. ٣٧٠
٤٦ مەزنترین ئەسپ ١ .................................................. ٣٧٨
٤٧ مەزنترین ئەسپ ٢ .................................................. ٣٨٩
٤٨ سەرۆك وەزیران و فەرمانداری دوبەی .................................................. ٤٠٧
٤٩ گەڕان بە دوای مرۆڤدا .................................................. ٤١٥
٥٠ دە ئامۆژگارییەکە .................................................. ٤٢٤

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## پێشەکییەکی پێویست

بەناوی خواو، سوپاس بۆ خوا..

سوپاس بۆ خوا بۆ هەموو ئەو فەزڵەی بەسەر خۆم و بەسەر نیشتمانم و بەسەر گەلەکەمدا باراندوویەتی.

سوپاس بۆ خوا کە بۆ کارێکی تەرخان کردووم خۆشم دەوێت، ئەویش خزمەت کردن بە گەلەکەمە.

سوپاس بۆ خوا لەسەر خۆشویستنی نیشتمان.

چاکەم بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەم دەوێت و، ئەوانیش حەز بە سەرکەوتنم دەکەن.

کامەرانی و ڕازی بوون و گوزەرانی هێورانەیان بۆ دەخوازم، دەیانبینم چی بۆ کەسوکارو کوڕەکانیان دەخوازن بۆ من و کوڕەکانیشم دەیخوازن.

ڕۆڵەکانی گەلەکەمم خۆش دەوێت و ، ئەم وێستگانەیان بۆ دەنووسم.

چەند وێستگەیەکی ژیانم..

ئەوەیان بۆ دەنووسم کە کاتی جەنجاڵ و پڕ بە ئەرك بۆم دەرەخسێنێت و، ئەوەی یادگەی پڕ لە ساڵ و یادەوەری بۆم دەرەخسێنیت.


سەرگوزەشتەیەکی تەواونەکراو دەنووسم، بەشکو ببێتە سەرەتا بۆ نووسینی بەشێك لە مێژووی دەوڵەتەکەمان، بۆ نەوەکانی دادێ بیانپارێزین.

# O1
# لێرەوە دەستمان پێکردو گەیشتینە ئێرە

ئەمڕۆ شەشی دیسەمبەر - کانوونی یەکەمی ٢٠١٧یە، تا کاتژمێر یازدەی بەیانی قاوەڵتیم نەکردووە، بە دەست پێکردنی پرۆژەیەکی نوێوە سەرقاڵ بووم. لەوە ڕاهاتبووم پرۆژەگەلێکی زۆر دەست پێ بکەم، بەڵام ئەم جارەیان پرۆژەکە جیاوازە، چونکە وەك گەل و دەوڵەت بەربەستێکی نوێمان لەبەردەمدا لادەبات و دەشکێنێت، زۆرم حەز لە تێکشکاندنی بەربەستی نوێیە لەبەردەم گەلەکەمدا، حەزم لە گەیشتن بە لووتکەگەلی پێشبینی نەکراوەو، بڕوام بەوەیە کە ئەوەی گەلان بەرەو پەرەسەندن دەبات تەنیا هەبوونی پارەوپوول نییە، بەڵکو هیواو ئاواتە، هیواو ئاواتی گەورە. ئێمە ئادەمیزادین، سرووش و هیواو ئاوات پتر لە هەموو شتێکی دیکە دەمانجووڵێنێت، بۆیە بە تەنگی ئەوەوە بووم پرۆژەکە بە شێوازێکی گونجاوو سرووشبەخشانە دەست پێ بکەم و بکەمەوە.

چەند ساڵێکە هێور هێور خەریکی پرۆژەکەین. لەم بارەیەوە لە تەواوکردنی هەموو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دڵنیابووم و تیمەکەیش ئامادەیە لە نزیکترین هەلدا تاقیکردنەوەکان دەست پێ بکات. لەوەیش دڵنیابووم کە

پرۆژەکە ئەو پەیامەی پێیە کە دەمەوێت بیگەیەنم ئەویش ئەوەیە کە هیچ شتێکی مەحاڵ لەبەردەم دەوڵەتی میرنشینەکاندا نییەو هیچ هێزێکیش نییە بتوانێت لەبەردەم خواستی گەلەکەیدا خۆی ڕابگرێت.



لە ماڵەکەی باپیرم شێخ سەعید بن مەکتووم ئال مەکتووم . ساڵی ٢٠١٨

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پرۆژەکەم بۆ پتر لە ١٥ ملیۆن برادەر ڕاگەیاند، دەمانەوێت چوار کەسی خەڵکی میرنشینەکان ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکەین، بەڵێ چوار کەشتیەوانی ئاسمانی خەڵکی دەوڵەتی میرنشینەکان ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکەین، بۆ ئەوەی گەورەترین پرۆژەی لەو جۆرەی عەرەبی و ئیسلامی تەواوبکەین، بەشێوەیەك لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەدا سیستمێکی تەواوکراوی ئاسمانیی میرنشینەکان پێکبهێنێت، گەشتێك بۆ مارس (مەڕیخ) و، کەشتییەوانانی ئاسمانیی خەڵکی میرنشینەکان و، یەکەمین شار لە سەر ڕووی زەوی لاسایی ڕەوشی کەش و هەوای سەر ڕووی ئەو ئەستێرە سوورە بکاتەوەو یەکەمین کارگەی عەرەبی بۆ دروستکردنی کەشتیی ئاسمانی بە هەموو کەرەستەکانییەوە، لەگەڵ بنکەیەکی ئاسمانی و، ئاژانسێکی فیدراڵی بۆ ڕێکخستنی کەرتەکە. ئەوەیش پرۆژەیەکە جێی شانازی و بەختەوەری و دڵخۆشییە.

ڕاستەوخۆ باش دەست پێکردنەکە، بەدواداچوونم بۆ هەندێك لە کاردانەوەکان کرد، بەتایبەتی لەلایەن لاوانەوە لەسەر تۆڕەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی. هەستەکان لە ئەوپەڕی جێی شانازی و ڕێزدا بوون. بۆ هەمووان شتێکی لەناکاوی جێی خۆشحاڵی بوو لەکاتێدا ئاهەنگمان بە ڕۆژی نیشتمانییەوە دەگێڕا. کۆمێنتی پڕ جۆش و خرۆشی لاوانم دەخوێندەوەو دەمگوت، ئەوەیش وێستگەیەکی نوێیەو پێی گەیشتین و، لووتکەیەکی نوێیەو پێیدا سەرکەوتین و، ڕاپشناوەستین.

بەیانییەکی جوان بوو بۆ نیشتمانەکەم میرنشینەکان، تێیدا گەیشتینە قۆناغێکی نوێی گەشەسەندن و، بەهیوایین بە قۆناغگەلی مەزن و گەورەتر


بگەین. نازانم چی بوو ئەو ڕۆژگارە هانی دام بیر لە سەرەتا ساکارو جوانەکانیش بکەمەوە.

مالی شێخ سەعیدی باپیرم لە (شەندغنە)، دیوارە قورپینەکان کە بەردی مەرجانییان تێدایە بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن سروەی بایان پێدا تێپەڕێت، ژوورە بنمیچ نزمەکان، ئەو گۆڕەپانەی لەبەردەم مالدا یاریم تێدا دەکرد. ژوورەکەی باوك و دایکم، ژوورەکانی براو خوشکەکانم، باپیرم.. بەلێ، شێخ سەعیدی باپیرم بە ڕدێنە سپی و دەم و چاوە پڕ ڕووناکییەکەیەوە بیرکەوتەوە.

"ئەوەی گەلان بەرەو پەرەسەندن دەبات تەنیا هەبوونی پارەوپوول نییە، بەلکو هیواو ئاواتە، هیواو ئاواتی گەورە. ئێمە ئادەمیزادین، سرووش و هیواو ئاوات پتر لە هەموو شتێکی دیکە دەمانجووڵێنێت"




ئاهەنگی دەست پێکردنی گەشتەکەی میرنشینەکان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەستێرەی مارس - ساڵی ٢٠١٥



خانوودکەی شێخ سەعید بن مەکتووم ئال مەکتووم لە ناوچەی شەندغە


بیرم بۆ ئەوە چوو کە باپیریشم کاری لە پێناوی ئەم چرکەساتەدا کردووەو، بۆ بەدیهێنانیشی بەشداری لەگەڵ کردووین. ئاسۆکانی بازرگانی لە دوبەی بەرینتر کردو، دەرگەی لەبەردەم هەمووانمدا کردەوەو، کارەبای هێناو، لە ڕۆژگاری ئەودا ژمارەی دانیشتووان سێ ئەوەندە زیادی کرد.

بەڵام گەورەترین دەستکەوتی سەرگوزەشتەو پێوەندییەکانی بوو لەگەڵ گەلەکەیدا. خۆشی دەویستن و ئەوانیش خۆشیان دەویست. دەگێڕنەوە کە بەر لە نوێژی بەیانیان لەخەو هەڵدەستاو، دەچوو لە بیرێکی دوور سەتڵێکی گەورەی پڕ لە ئاو دەکردو بۆ مزگەوتەکەی دەهێنا تا ئەوانەی نوێژ دەکەن بۆ نوێژی بەیانی دەست نوێژی پێ بشۆن. باپیرە تۆ چ مرۆڤێک و، چ هێز و چ دلێری و چ بەزەییەك بوویت!

باپیرم بە ترس فەرمانڕەوایی نەکرد، بەڵکو بە خۆشەویستی و بەزەیی. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەو ڕۆژە بیرم کەوتەوە. مرۆڤ بەزەیی و خۆشەویستی لەبیرناچێتەوەو ڕۆژگاریش نایانسڕێتەوە.

ڕۆژی کۆچ کردنەکەیم لە یادە. ئەو کات تەمەنم نزیکەی نۆ ساڵان بوو. تۆزێك پاش نوێژەی بەیانی گیانی سپارد. باوکم لە تەنیشتییەوە بوو. شین و فیغانی ئافرەتان و گریانی پیاوانم لە یادە کە مەزەندەم نەدەکرد بگرین. هێنانە خوارەوەی ئاڵاکانم لەیادە، ئەو خەڵکە زۆرەم لەیادە بەرەو دوایەمین گڵکۆی بەڕێیان کرد. ئەو وێنەیەم لە یادە کە لەبارەی ئەوەوە لە مێشکم چەسپیوە، بەر لە نوێژی بەیانی، بە ئاوو پاکژییەوە، لای مزگەوتەکە چاوەڕوانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بوو. ئەی باوکی ڕاشد تۆ فێرت کردین خزمەتی خەڵکی بکەین. خوا لێت خۆش بێت و، بەهەشت بکاتە جێگەت.

# 02
# سەردانی شاهەنشا



ئاهەنگی تێپەڕبوونی ٢٥٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی فارس - ساڵی ١٩٧١

پاش ئەوەی شێخ ڕاشدی باوکم جڵەوی دەستەڵاتی لە دوبەی گرتە دەست، لەگەڵ ئەودا دەستم بە یەکەمین سەردانەکانی دەرەوەم کرد، ئەوەبوو لە سەردانێکدا بۆ لای محەممەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، یان ئیمپراتۆر، یان (شاهەنشا) وەك چۆن دواتر ئەو ناوەی لەخۆی نا، یاوەری بووم. کە تەختەکەی تەختی تاووس بوو.

ئەو کات تەمەنم یازدە ساڵان بوو. ئەو مەزنایەتییە، یان گەورەیەتییە تێنەدەگەیشتم کە پاشاکان خۆیانیان پێ دەنواند

تا خۆیان پێ لە هاووڵاتییان جودابکەنەوەو، تا ئەوە لە مێشك و دەروونی گەلەکانیاندا بچێنن کە ئەوان چینێکی بژاردەن و خوێنیان پاکژترە، بۆیە لە گەلەکانیان دوورکەوتنەوە تا گەلەکانیش ئەوانیان لە دەستەڵات دوورخستەوە.

لەوە نەگەیشتم، ئەو کاتە نەبێت کاتێك لە ساڵی ١٩٧١ ئامادەی ئەو ئاهەنگە نەبووم کە هەمان شاهەنشا بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی فارسدا سازی دا. نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار ـ کە بۆ ئەو ڕۆژگارە پارەیەکی زۆر زۆر بوو ـ بۆ ئاهەنگێکی ئەفسانەیی لە شاری دێرینی مێژوویی پرسپۆلس لە ئێران خەرج کرا. هەموو سەرۆك و شاکانی سەرانسەری جیهان بانگ کرابوون. پتر لە ٥٩ خێوەت ڕووبەری ١٦٠ فیدانیان داگیرکردبوو، سێ خێوەتی گەورەی شاهانەیش لە ناوەندی باخچەیەکی بێ نموونەدا لە ناوەڕاستیاندا بوون، بەتایبەتی بۆ ئاهەنگەکە دروست کرابوون. چێشت لێنەرە فەرەنسییەکان سینگی تاووسیان بۆ ئامادەکردبووین، لەناو دەفرگەلێکدا خواردمان لە بۆرسەلینی (لیمۆج) دروست کرابوون و ئاویشمان لە پەرداخگەلێکی کریستالی جۆری (باکارا)دا خواردەوە. بەهەزاران سەرباز

جلی مێژوویی فارسییان پۆشیبوو تا ڕواڵەتی مەزنایەتی و گەورەیی شاهانە بنوێنن.

چێژم لە ئاهەنگەکەو لە نمایشەکان و ناسینی میوانەکان وەرگرت.

ئەو ئاهەنگە ئەفسانەییە بەو تەمەنە بچووکەم هانی دام لەگەڵ خۆمدا هەڵوەستەیەکی گرنگ بکەم و پەندێك وەربگرم تا زیندووم لەبیرم نەچێتەوە. گەورەترین پەند بەراوردکردنی نێوان شێوازی شا لە فەرمانڕەواییکردن و شێوازی ئێمە لە دوبەی و میرنشینەکان بوو، وێڕای جیاوازی قەوارەی هەردوو وڵات.

بە ڕێگەوە دەیان گوندی نەدارو ساکاری ئێرانیم بینی، کە تەنانەت کارەبایان تێدا نەبوو، هاوکات ئەو ئاهەنگە ئەفسانەییەم بینی؛ دوو وێنەی پێچەوانەی یەکدی لە یەك شوێندا.
چەند دیمەنێکی کورتی شێوازی شاهەنشاو، تەواو دوورکەوتنەوەیم بینی بە ژیان و کۆشکە گەورەکانییەوە لە سەرجەم گەلەکەی. باوکیشم دەبینی بەیانی زوو ڕۆژەکەی بە گەشتی بەیانیان لەگەڵ خەڵك دەست پێ دەکردو بەخۆی لەگەڵ کرێکارو ئەندازیارەکاندا بەدواداچوونی بۆ پرۆژەکان دەکردو، لە کۆڕو دانیشتنە دەروازە کراوەکانیدا پێشوازی لەسەرجەم خەڵکی دەکردو ڕۆژانە نانی لەگەڵ میوانەکانیدا دەخواردو، نووسینگەیەکی ساکاری لە خانی گومرکەکانی خۆر دوبەی بۆ خۆی تەرخان کردبوو بەسەر شۆستەی بەندەرەکەدا دەیڕوانی تا بتوانێت چالاکییەکانی دەرەوە ببینێت. لە

پاش ڕۆژگارێکی دوورودرێژ دەڵێن: لێرە بوون، لێرە کاریان کرد، لێرە تەواویان کرد.

لێرە لەدایکبوون و، لێرە پەروەردەبوون.

لێرە خۆشیان ویست و، خەڵك خۆشی ویستن.

لێرە ئەو پرۆژەیان دەست پێکردو، لێرەیش بەبۆنەی تەواوکردنییەوە ئاهەنگیان گێڕا.

لێرەوە دەستیان پێکرد و، لە چەند ساڵێکدا بەوێ گەیشتن.

هیچمان لە ئەوە نوێیەکان ناوێت تەنیا ئەوە نەبێت بە چاکە ناومان بهێنن، چونکە خواوەند بە سەر سەرمانەوە دەزانێت ئێمە نیازمان ئەوەیە کاری چاك بۆ گەل و نەتەوەکەمان بکەین. خواوەند دەزانێت کە ئێمە کارمان کردو، تا توانیمان تێکۆشاین.

بەر لە پەنجا ساڵ دەستمان بە کارەکەمان کرد، ئەم فەرموودەی خوامان لە پێش خۆمان دانا:

(وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ).

هێشتە ڕێگەی بەردەممان درێژەو، هێشتە خەونەکانمان بۆ گەل و نەتەوەکەمان لە سەرەتادان.

ئەم وێستگانە بە پەلە دەنووسم، چونکە دەمەوێت بەخشش بۆ نیشتمان بەهەمان گیان و بە هەمان نەریت و بەهاو

بە هەمان ئەو پرەنسیپانە بەردەوام بێت کە وڵاتەکەمانیان لەسەر بنیاد نراوە.

بەردەوام لە مرۆڤدا بە دوای مرۆڤدا دەگەڕێین و بنیادی دەنێین.

هەڵسوکەوت و جووڵانەوەدا تا بڵێیت بێ فێربوو تا ڕادەیەك ئەوانەی لە نووسینگەکە دەیانبینی وایان دەزانی لەوێ فەرمانبەرە، تەنانەت ئەندازیارەکانی پرۆژەکان بە (فۆرمەن) (واتە چاودێری کرێکارەکان) ناویان دەبرد، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕۆژانە ئەوەندە سەری لێ دەدان و بەدواداچوونی بۆ کارەکانیان دەکردو هەواڵی لێ دەپرسین. ئەو دوو ژیانە زۆر پێچەوانەی یەکدین،



ئاهەنگی ئەفسانەیی بە بۆنەی تێپەڕبوونی ۲۵۰۰ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی فارسدا ـ ساڵی ۱۹۷۱

◆◆

**"موڵك تەنیا هی خوایە، مەزنی تەنیا هی خوایە،**
**بەخۆی شای شاهانەو هەر خۆی دەمێنێت و هەمووان**
**لەناودەچن و، هیچ مولکێك بۆ هیچ لەخۆباییەك**
**نامێنێت، چونکە تەنیا خوا گەورەو مەزنە"**

◆◆

هەرچۆنێك بووە، پێوەندی باوکم لەگەڵ شاهەنشا باش بوو، لە چەندان بۆنەدا سەری لێ دابوو. ئەوەیش زۆر سوودی پێ گەیاندین، بەڵام ئەو جیاوازییەی پاش ناهەنگەکە هەر لە مێشمکدا دەخولایەوە ئەوەبوو کە هەرگیز مەزەندەم نەدەکرد شێخ ڕاشد لەسەر تەختی تاووس دانیشێت و نگینێك لەسەر سەری دانێت، لەبەر ئەوەی زۆر لەوەوە دوورە، چونکە زۆر لە زگماکی و ساکارییەوە نزیکە، لە خەڵکەوە نزیکە. بەڵێ نهێنییەکە لە نزیکی لە خەڵکەوەیە، ئەمە گەورەترین پەندە.

هیوام دەخواست شا بە کەمێك تێگەیشتنەوە سەیری چوار دەوری خۆی بکردایە، ئەوەبوو لەم دوایەمین بیست ساڵەدا، چەندان تەخت و چەندان پاشایەتی لە چوار دەوری هەرسیان هێناو ڕووخێنران، کە وامان مەزەندە دەکرد ئەوانە سەقامگیرن، ئەوەبوو سوپای میسر لە ساڵی ١٩٥٢دا شا فارووقیان لەسەر کار لاداو، شا فەیسەڵ لە عیراق لە ساڵی ١٩٥٨بە شێوازێکی دڕندانە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی خێزانەکەیدا کوژراو، ساڵی ١٩٦٢

نیمام محەمەد بەدر لە یەمەن لە دەستەڵات وەدەرنرا. لە ساڵی ١٩٦٩یش شا ئیدریس، شای لیبیا، لە کوودەتایەکدا بە فەرماندەیی محەممەر قەزافی لەسەر تەخت وەدەرنرا. چەندان گۆڕانکاری خێرا بەسەر گەلاندا تێپەڕی (شانەهشا) ناوری لێ نەدانەوەو پشتی بە پشتیوانی بەریتانیا و ئەمەریکا بەست، نەك پشتیوانی گەلەکەی و لایەنگری خەڵك. چونکە لێیانەوە دوور بوو، بە کۆشکەکان و درێژەدان بە شێوازی ژیانی خۆیەوە سەرقاڵ بوو.

تەنیا بە هەشت ساڵ پاش ئەم ناهەنگە گەورەیە (شاهەنشا) دوای چەندان ئاژاوەو پشێوی و خۆپیشاندان لە وڵاتەکەی لەسەر تەختی تاووس ڕووخا، ئەویش بە شۆڕشێك کۆتایی هات کە مەلاکان قۆستیانەوەو ناوی شۆڕشی ئیسلامییان لێنا. شا وڵاتەکەی خۆی بەجێ هێشت تا ببێتە میوانێکی ڕەزا گران لە هەندێك لە وڵاتان پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان . بە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایشەوە . ڕەتیان کردەوە پێشوازی لێ بکەن، بەر لەوەی لە میسر بگیرسێتەوە.

تەنانەت ئەو وڵاتانەی شۆڕشیان بەخۆوە بینی، شۆڕشگێڕانیان تێدا بوون بە شا بە پۆشاکی نوێوە، ناوی کۆماریان لێ نان نەك پاشایەتی، چەندان کۆشکی گەورەیان بۆ خۆیان تێدا دروست کردو، لە گەلەکانیان دوورکەوتنەوەو چەندان بازنەیان لە چوار دەوری خۆیان کۆکردەوە بە دەستکەوتەکانیاندا هەڵبدەن و بۆیان پان بکەنەوە. ساڵی ٢٠٠٤ قسەم لەگەڵ کردن و، پێم گوتن: شۆڕشتان لە پێناوی گەلەکانتاندا کرد، کەواتە شۆڕشەکانتان لە ئابووری و بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەو دابینکردنی ژیان و گوزەرانی سەربەرزانەیان بۆ تەواوبکەن. تکاتان لێ دەکەم گۆڕانکاری بکەن ئەگینە دەتانگۆڕن، چونکە پێشتر ئەوەم بینیوەو، لەو ڕووەوە لە ڕێڕەوی ژیان ئاگەدارم. بەداخەوە گوێ

ڕایەڵ نەبوون، تا وڵاتەکانیان لە شۆڕش و بشێوی و ئاژاوەدا نغرۆبوون، کە بێجگە لە وێرانی زۆرتر ئاکامی دیکەیان لێ نەکەوتەوە. ئەمڕۆ میرنشینەکان لە کوێیەو ئەم دەوڵەتانە لە کوێن؟ زایدو ڕاشد لەناو دڵاندا لە کوێن و (شاهەنشا) و کەسانی دیکە لە کوێی مێژوودان؟

جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان شێوازەکەی ئێمە لە فەرمانڕواییکردن و نێوان شێوازی ئەم وڵاتانەدا هەیە، ئاوی نزیکییە لە خەڵکی و بێ فیزی نواندنە لەگەڵیان و خزمەتکردنیان و کارکردنە لەپێناوی بەختەوەری و دڵخۆش کردنیان، ئەمەیش جیاوازی نێوان گەشەسەندن و هەرەسهێنان و ڕووخانە.

موڵك تەنیا هی خوایە، مەزنی تەنیا هی خوایە، بەخۆی شای شاهانەو هەر خۆی دەمێنێت و هەمووان لەناودەچن و، هیچ موڵکێك بۆ هیچ لەخۆباییەك نامێنێت، چونکە تەنیا خوا گەورەو مەزنە، وەك شاعیر دەڵێت:

کوا ئەو پاشایانەی لە یەمەن نگینیان لەسەر بوو
کوا چەپکە گوڵ و نگینەکانیان؟
کوا ئەوەی (شەداد) لە (ئیرەم) دروستی کرد
کوا ئەوەی ساسانەکان لەناو فارسەکان کردیان؟
کوا ئەو زێڕانەی قاروون هەیبوون
کوا عادو شەدادو قەحتان؟

دەڵێن شاکانی زەمین چوارن، ئەمروودو، بەختەنەسر و، زولقەرنەین و، سولەیمان درودی لێ بێت کە مەزنترین شای سەر مرۆڤ و جنە.


دەگێڕنەوە بیاوێك چووە پێش كاروانی شایەك تا قسەی لەگەڵ بكات، بەڵام پاسەوانەكان ڕێگەیان نەدا. بۆیە بانگی كرد: ئەی شا! مێرووولەیەك سولەیمانی پێغەمبەری خوای ڕاگرت، ئەویش ڕاوەستا تا قسەی لەگەڵ بكات، منیش لای خواوەند لە مێرووولەیەك بێ بەهاتر نیم و، تۆیش لای خواوەند لە سولەیمان خۆشەویست تر نیت. شا لەسەر ئەسپەكەی بازی دایە خوارەوەو ڕۆیشت و قسەی لەگەڵ كرد.

# 03
# نووستن لەگەڵ دووپشکەکاندا

تەمەنم حەوت، یان هەشت ساڵان بوو کاتێک باوکم بۆ لای یەکێک لە شێخەکانی مەناسیری دەبردم لە بیابان، کە ناوی حەمید بن عەمهی بوو، تا ڕاوکردنی لێ فێربم. حەمیدیش وەک بەدووەکانی دیکە لە نزیک ئاو نیشتەجێ نەبوو، بەڵکو لە بیابانێکی دووربوو، لەگەڵ هاوسەرو حوشترەکان و هەڵۆو تاژییەکەی و چەند دەوارێک. هێشتە هاوسەرەکەی و هێزو تواناکەیم لەبیرە کە بە تاک و تەنیا گوڵەداری هەڵدەگرت و حوشتری دەدۆشی و مەڕی سەردەبڕی و لێشی دەنا. وێڕای کارامەیی لە ڕاوکردن بە هۆڵۆو بە تاژی. هێشتە ئەو ژەمە خۆراکەیم لە یادە کە لێی دەنا ئەو کاتەی ئەگەر هیچ نێچیرێك نەبووایە، کە بریتی بوو لە نانێکی ئەستووری بەدوو (بەپکەنان)، کە لەژێر خەڵووزو خۆڵەمێشدا دەبرژێنراو، لەگەڵ (ڕەشاد)دا دەهاڕرا پاش ئەوەی پاك دەکرایەوەو، ڕۆن و هەنگوین تێکەڵ دەکرا. لە گەڵیشیدا شیری حوشترمان دەخواردەوە. ئەوەیش لەگەڵ سەرمای بیابانـدا ژەمیکی زۆر خۆش بوو.

باوکم بە چەندان ڕۆژ لای حەمید بەجێی دەهێشتم. لەسەر دەستی ئەو فێری ڕاوکردن بە هەڵۆو بە تاژی بووم و شارەزای جووڵەو ڕەفتارو فرت و فێڵی زۆری گیانەوەران بووم بۆ خۆشاردنەوەو چۆن دڕندەکانیان ڕاودەکرێن و چۆن بێ هێزو لاوازەکانیان ڕاودەکرێن. بۆ نموونە هیچ سوودێکی نییە

کەروێشک ڕاوبکرێت ئەو کاتەی خەریکی گیاخواردن بێت، چونکە ئەو کاتە خێرا دەبێت، بەڵکو لە سەرەتای ڕۆژەوە، یان لە کۆتایی ڕۆژدا ئەو کاتەی کەروێشکەکان دەچنە ناو کولانەکانیانەوە.



لەگەڵ حەمید بن عەمهی یەکێك لە شێخەکانی مەناسیر

کەروێشك لە هاویناندا کونی قووڵ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن، هەرچی زستانە کە وەرزی ڕاوکردنە لەناو لی نێوان دەوەنەکاندا خۆیان حەشاردەدەن، باشترین شێوازیش بۆ ڕاوکردنیان ئەوەیە مرۆڤ تا لای کونەکانیان دوایان بکەوێت، بەڵام بە بارانی زۆر سووك بەرەو شوێنەکانی نووستنیان بەسەر ئەمەدا زاڵ دەبن، بۆ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك بەجێ نەهێڵن، چونکە دەزانن نەیارەکانیان بەو شوێن پێیانە دەیاندۆزنەوە، دەڵێیت پێیان پارچە لۆکەی سووکە بەسەر لەوە، کەس ئەو شوێن پێیانە نابینێت تەنیا کەسێك نەبێت شارەزای ئەو گیانەوەرەو ڕەفتاری بێت و سەری لەبیابان و جووڵەی لی بیابان دەربچێت.

لە حەمیدەوە زۆر شت لە بارەی هەڵۆو ڕەفتارەکانی و تاژی و هەڵسوکەوتەکانییەوە فێربووم. دەتوانیت تاژییەك بۆ ڕاوکردنی ئاسکە کێوی ڕابهێنیت، هاوکات بۆ خۆگونجان و گوزەران کردن لەگەڵ ئەو ئاسکانەی ڕابهێنیت کە لەماڵەوەدا بەخێویان دەکەیت. هاوکات دەتوانیت ئاسکێك بۆ لەوەڕین لەگەڵ ڕانە بەزو بۆڵەو خۆگونجان لەگەڵ تاژی تایبەت بەخۆت ڕابهێنیت.

بۆ نموونە، زۆر کەس نازانن بۆچی بەدوو هەڵۆ لەسەر دەستی دادەنێت و بەردەوام تا ئاستی بینینی بەرزی دەکاتەوە، چونکە هەڵۆ هەست بە مەترسی دەکات ئەگەر لە بەرزاییەکی لە ئاستی ئەوەی تەنیشتی نزمتر بێت. باز دوژمنی هەڵۆیە، بەردەوام هوشداری بەوە دەدات لەو بڵندتر ببێتەوە، ڕەنگە هێرشی بۆ بیات.

پاش ڕۆژێکی پڕ لە ڕاوکردن و وانەکانی ڕاوکردن، ئێواران لە چواردەوری ئاگر بۆ شیوخواردن و ئەو دەمەتەقێیە کرد دەبووینەوە کە مرۆڤ لێی بێزار

نابێت. چەندان بیرەوەری هێشتە لە یادگەمدا هەلکۆلراون بە جوانی و ئارەزوومەندییانەوە، تەنانەت بە ئێش و ئازارەکانیانەوە. بەڵێ بە ئێش و ئازارەکانیانەوە. هیچ شتێك ناگاتە گەرمیی ناو جێگە لە بیابانی بەشەو سارددا. بەڵام چەندان جار لە ناکامی پێوەدانی دووپشکی بچووك بچووکدا بە ئاگە دەهاتمەوە، پێدەچوو ئەوانیش لەناو جێگەکەی مندا بەدوای گەرم بوونەوەدا دەگەڕان. بە ئازارو ژانەوە هەڵدەستام. حەمید بۆ لای ئاگری دەبردم و خۆڵەمێشی بەسەر شوێنەکانی پێوەدانەکاندا دەکرد تا ژەهرەکە بڕەوێتەوەو بە ئاسانی هەڵمژێنرێت. گەرمای خۆڵەمێشەکە ئازاری پێوەدانەکانی کەم دەکردەوەو، هەرکە خۆڵەمێشەکە سارد بووبایەوە ئازارەکە دەستی پێ دەکردەوە. مەزەندە بکە شەوانە سێ تا چوار جار لە خەو بە ئاگە دەهاتمەوەو بە دەستی ئازاری پێوەدانە توندەکانیانەوە دەتلامەوە. سەرم لەوە سوڕدەما کە دووپشك تەنیا بە منەوەی دەدا.

◆◆

**"مەرج نییە هەموو ئەوەی ئازارو ژانت**
**پێ بگەیەنێت خراپ بێت.. هەندێك**
**جار سوودی هەیەو، دەتپارێزێت"**

◆◆

بەڵێ تەنیا من، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەم چونکە گوێم لە ئامۆژگارییەکان نەگرت بە پشکنینی جێگەکە بەر لە نووستن لە بیابان و ئەو

شتانەی لێیەتی، دووەمیش لەبەر ئەوەی حەمید نزیکەی ١٠-١٢ بێچووە دووپشکی کۆدەکردەوەو بە ئەنقەست لەناو جێگەکەی دادەنام!
درەنگ بەوەم زانی، حەمید دەیویست لە ڕێگەی ژەهرو ئەم پێوەدانانەی ئەو دووپشکە بچووکانەوە پارێزگاریم دژ بە پێوەدانی دووپشکە کوشندەکانی بیابان لا دروست بکات. تا ئەمرۆیش هێشتە ژەهری دووپشك کارم تێناکات.
بەڵێ، مەرج نییە هەموو ئەوەی ئازارو ژانت پێ بگەیەنێت خراپ بێت..هەندێك جار سوودی هەیەو، دەتپارێزێت .
بەر لە چەند ساڵێك، لە بیابان دووپشکێکی گەورەم ڕاودەنا، تا چووە ناو چەند دەوەنێکی بچووکەوەو خۆی گرمۆڵەکرد. ئەوەند گوێم پێ نەدا تا ناوربدەمەوە لەکاتێکدا بەرەو دواوە هەنگاوم دەناو دەکشامەوە، بۆیە تا هێزی تێدابوو پێوەی دام. لاقم بەستەوەو هەندێك ئاوی گەرمم پێداکردو خۆڵەمێشم لەسەر داناو بەهۆی پارێزی خۆم و دانایی حەمید و بەزەیی پێداهاتنەوەی خواوەند ڕزگارم بوو.

◆◆

**"چارەی دوو ڕوو و قسەهێنەرو قسەبەرەکانم خۆش ناوێت. دڵت تێکدەدەن و سینگت بەرانبەر بە خەڵك پڕ لە ڕك دەکەن و لە دەزگەکاندا ورە دەڕووخێنن و قەوارەی دەستکەوتەکان بچووك دەکەنەوەو تەنیا باسی کەموکوورییەکان دەکەن و، چاکەو باشیی خەڵك باس ناکەن "**

◆◆

دووپشکەکانی بیابان، لە دووپشکەکانی مرۆڤ باشترن. هەڵبەت دووپشکەکانی بیابان شەوانە تەنیا بەدوای گەرمیدا دەگەڕێن و پێوە نادەن، بەڵکو لەگەڵ سەرما ڕەوینەوەی شەودا جێگەکە بەجێ دەهێڵن. دووپشکەکان بە مرۆڤەوە نادەن ئەو کاتە نەبێت کە هەست بە مەترسی دەکەن.

بەڵام دووپشکانی مرۆڤ هەمن حەز دەکەن پێوەت بدەن و ئازاریشت پێ بگەیەنن. عەرەب دەڵێت: (دووپشکیان تێدا زۆر بووە)، واتە دوو ڕوو و قسەهێنەرو قسەبەر. بەڵێ قسەهێنان و قسەبردن و دوو ڕوویی دەروون ئازار دەدەن و پێوەندییەکان تێکدەدەن و گیانی تیم وێران دەکەن. چارەی دوو ڕووو و قسەهێنەرو قسەبەرەکانم خۆش ناوێت. دڵت تێکدەدەن و سینگت بەرانبەر بە خەڵك پڕ لە ڕك دەکەن و لە دەزگەکاندا وره دەڕووخێنن و قەوارەی دەستکەوتەکان بچووك دەکەنەوەو تەنیا باسی کەموکووڕییەکان دەکەن و، چاکەو باشیی خەڵك باس ناکەن، ئەوانە دوو ڕوویان هەیە، تەنیا نیرەیی پاڵیان پێوەدەنێت قسەبهێنن و ببەن.


عەرەب دەڵێن: (السعایه قبیحه وان کانت صحیحه واتە دووڕوویی ناشیرینە، ئەگەرچی دروستیش بێت).

پاشایەك ڕووی قسەی کردە یەکێك لە هاودەمە دڵسۆزەکانی خۆی و گوتی: بیستوومە واو وات کردووەو گوتووە. گوتی: بەخوا نەمکردووەو نەمگوتووە. پاشا گوتی: ئەوەی هەواڵەکەی بۆ هێناوم درۆناکات. وەڵامی دایەوە: گەورەم پاشا قسەهێنەرو قسەبەر ڕاستگۆ نییە. گوتی ڕاست دەکەیت.

شاعیر دەڵێت:

ئەوەی قسە لەسەر خەڵکی بکات ئەوانیش قسەی لەسەر دەکەن و
نهێنییەکانی دەدرکێنن
ئەوەیش سەرشۆڕییەکەو پڕ بە پێستیەتی
ئەوەی قسەی خەڵکی بهێنێت و ببات هاوڕێ لە دووپشك و
مارەکانی دڵنیا نابێت
چوون لافاو دەڕوات و کەس پێی نازانێت
لە کوێوە بۆی دێت
منیش دەڵێم، هەندێك جار نووستن لەگەڵ دووپشکان ئاسانترە لەگەڵ ژیان
گوزەراندن لەگەڵیان!
حەمید خوا لێت خۆش بێت!

# 04
# باوکم فێری کردم کاتێک بچووک بووم



شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

ڕاشد بن سەعید، یەکەمین مامۆستام، باڵا بەرزێك بوو، بە هۆی ئەوەی زۆر بڕەی دەهاتێ دەم و چاوی پڕ لۆچ بوو، هەرچی هێڵەکانی چواردەوری هەردوو چاوی بوون جۆرە ڕێزو جدییەتێکیان بە ڕوخساری بەخشیبوو. دەنگی هێورو فێنك و لە دەروونەوە نزیك بوو. وێڕای ئەوەیش هەرکاتێك دەستی بە قسە بکردایە هەمووان کپ و بێ دەنگ دەبوون.

لەو چرکە ساتانەی سەرەتاوە کە لەیادم ناچنەوە ئەو کاتانەی لەگەڵی بووم، کاتێك لە پشکەی خۆی سواری ئەسپەکەی دەکردم. ئەو کات تەمەنم نزیکەی سێ ساڵان بوو، لە گەشتەکانی بەیانیانیدا لە پشکەی خۆی سواری ئەسپەکەی دەکردم.

باوکم و ئەسپ و دوبەی، یەکەمین یادەوەرییەکانی ڕۆژگاری منداڵیی منن. باوکم و ئەسپ و دوبەی، ئەو یادگەیەی منن کە تا کۆتایی لەگەڵم دەمێنێتەوە.

ئەسپ هاوکات شکۆمەندی و سەربڵندی و نیانی و هێز لەخۆ کۆدەکاتەوە، باوکم و، دوبەیش بەو شێوەیە.

ڕەوانەی فێرگەی کردم بۆ ئەوەی خوێندنەوەو نووسین و زمان و زانست فێربم، لەگەڵ خۆیشی بۆ کۆڕو گەشتەکانی بردم تا ژیان فێربم.

لە نێوان تەمەنی چوار ساڵی و هەشت ساڵیمدا، باوکم زۆر شتی لەبارەی بیابانەوە فێرکردم و، چۆن دەتوانیت ژیانێکی تەواوەتی تێدا بگوزەرێنیت، وێڕای ئەو دژوارییەی لە ڕواڵەت و کەمی داهاتدا پێوەی دیارە و ئەو بەرینییەی ڕەنگە کەسانێکی زۆر بتۆقێنێت.

لەنێوان چوار ساڵی و هەشت ساڵیدا، باوکم چۆنیەتی شوێن پێ کەوتن، یان خوێندنەوەی لێ فێرکردم وەك ئەوەی چۆن پەڕەی کتێبێك هەڵبدەیتەوە.

شوێن پێی حوشترەکانی پێ پێشان دەدام و دەیگوت: هەموو بەدوویەك دەتوانێت حوشترەکانی خۆی بە شوێن پێکانیان جودا بکاتەوەو بناسێتەوە تەنانەت ئەگەر بە سەدانیش بن!

کاتێك بچووك بووم شوێن سمی ئاسك و شوێن پێی قەتێ و باڵندەی کەرەوان و دووپشك و مارو گورگ و ڕێوی و، هەموو گیانەوەرێکی نیشتەجێی بیابانی پێ ناساندم، دەیگوت: ناتوانیت لە گیانەوەرێك بگەیت بێ ئەوەی بەتەواوەتی لەو ژینگەیە بگەیت لێی دەژێت و ئەو پلەو پایەی لەو ژینگەیە هەیەتی. هەروەها مرۆڤیش، ڕەنگە ئەو ژینگەیەی لێی دەگوزەرێنێت بیکاتە فریشتە، یان ئیبلیسێك. دەبێت شارەزای ئەو ژینگەیە بیت تێیدا پەروەردە بووە.

کاتێك ویستی فێری ڕامکردنی هەڵۆم بکات، لەو خواردنانەوە دەستی پێکرد کە هەڵۆ دەیانخوات، وەك کۆترو جورج و، ئەو گیانەوەرانەی کە هەڕەشەی لێ دەکەن، وەك گورگ و بازو، ئەو نەخۆشانەی لەناوی دەبەن. بۆ ئەوەی گیانەوەرێکی دیاریکراو بناسیت، دەبێت لە هەموو وردەکارییەکانی شارەزا بیت. چۆنیەتی ڕاوکردن و، ڕەفتارکردنی و ئارەزووی چی دەکات و ڕقی لە چی دەبێتەوە.

شەوانمان لە بیابان بەسەردەبرد. ئێواران ئاگرمان دەکردەوە. شەوانیش دەیبردم بۆ ئەوەی سەیری ئەو ڕووداوانە بکەین لە چوار دەورمان ڕوویان دەدا، لەوێ جیهانێك هەیە پڕ جموجووڵەو ئێمەیش نووستووین.

بەیانیان جوانترین کات بوو، چونکە دەتتوانی ئەو شوێنە ببینیت کە دووپشك بە هەنگاوە سستەکانی لێوەی دزەی کردووەتە ناو جێگەکەتەوە. ڕەنگە سەگەکان بەشەو بەئاگە بێنەوە کاتێك گوێیان لە سرپەی ئاسکێك بێت، یان بۆنی بەر لووتیان بکەوێت و بێ ئەوەی هەڵتبستێنن هەڵێن و ڕاوی

بکەن! بەهۆی بەدواداچوونی ئەو شوێنەی سەگەکان پێی گەیشتوون و ئەو ڕێگەیەی بڕیویانەو ئەو بازانەی داویانە تا نێچیرەکەیان گرتووە، دەشێت ئەوە دەستنیشان بکرێت ئایە سبەینێ دەتوانیت ڕاو بکەیت، یان نا.

کاتێک منداڵ بووم باوکم کاردانەوەی گیانەوەرەکانی فێرکردم کاتێک ئێمە دەبینن، یان یەکدی دەبینن، بۆ نموونە: قەتێ بەرەو ئاراستەی تیشکی هەتاو دەفڕێت بۆ ئەوەی چاوی ڕاوچی نەیبینێت، هەرچی کەروێشکە ئەوە بە دوای کونێکدا دەگەڕێت، لەکاتێکدا ئاسک ڕووپێوی بەرین دەقۆزێتەوە بۆ بینینی ئەوەی هێرشی بکاتە سەر. هەرچی بازدانی گیانەوەرە کاتێک ڕادەکات و هەردوو دەستی پێشەوەی بڵند بکاتەوە ئەوە مەزەندەی جووڵەیەکی هێرش کردن دەگەیەنێت، کە لە جۆرە هوشدارییەک دەچێت.



لەگەڵ باوکم و یەکەمین مامۆستام ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

لە بیابان دەبێت تەکتیك و پلانت هەبێت بۆ ئەوەی خواردن پەیدا بکەیت.

باوکم دەیگوت: کاتێك شەو بە برسیەتی بەسەر دەبەیت، بەیانیی ڕۆژی دواتر وانەو پەندەکانت بە بایەخی زۆرترەوە فێردەبیت.

هەر لە تەمەنی هەشت ساڵی لە باوکمەوە تەقەکردن و بەتاڵکردنی تفەنگ و پاککردنەوەی تفەنگ فێربووم. لە باکمەوە فێربووم کە جێهێشتنی چەك بەبێ باوەر تاوانێکی گەورەیە، چونکە ڕەنگە بکەوێتە دەستی کەسێکی دیکەو زیانی پێ لەدەست بدات.

فێری چۆنیەتی کەولکردنی ئەو نێچیرە بووم کە ڕاومان دەکرد، لەگەڵ چۆنیەتی لێنانی گۆشتەکەیدا، لەوەیش گرنگ چۆنیەتی پارچە پارچەکردنی گۆشتەکە بۆ چەند پارچەیەکی تەنك و وشککردنەوەیانە لەبەر تیشکی هەتاو بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەڵیانبگرین.

دەچووین بۆ ڕاوو تەنیا چەند ئامرازێکی بچووکمان پێ بوو، پێویستمان بە چی بووایە لە خواردن ڕاومان دەکرد. باوکم زۆر بایەخی بە توانایی من لەمەڕ تێبینیکردن دەداو، چەندان جار تاقی دەکردمەوە تا ڕادەیەك لەوە ڕاهاتبووم لەخەو بێدار ببمەوەو بزانم لە چ شوێنێکم تا وەڵامی بدەمەوە ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێ بکات. کاتێك لەناو ئۆتۆمۆبیلدا بوومایە داوای لێ دەکردم باسی بەرزایی و نزماییە جوگرافییەکان بکەم، پاشان گوێی لێ دەگرتم و ئەوەی دەمگوت بۆی ڕاست دەکردمەوەو زانیاری زۆر وردتری پێشکەش دەکرد. لەکاتێکدا قسەی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بکردایە، یان ئۆتۆمۆبیلەکە بە شەو ڕێگەیەکی شاخاوی ببڕیبایە، ئاوڕی دەدایەوەو تووند سەیری دەکردم و لێی دەپرسیم بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆین، بەرەو باکوور، یان باشوور، یان ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئاوا.

باوکم بایەخی بەوە دەدا بەرزایی و نزماییە جوگرافییەکان و نیشانەکانیانم فێربکات، وێڕای نیشانەکانی ئاسمان، ئەستێرەکان. ئەستێرەکان کۆمپاسی بیابانن. ئەو شەوانەیش هەور بن، پشت بە باو بە ڕووگەی خۆر هەڵاتن دەبەستین. دەیگوت: بزربوون لە بیابان زۆر ئاسانەو، بەردەوام گرووپ پشت بە کاپتن دەبەستێت تا ڕێگەکە دەستنیشان بکات.

◆◆

**"باوکم و ئەسپ و دوبەی، یەکەمین یادەوەرییەکانی ڕۆژگاری منداڵیی منن. ئەسپ هاوکات شکۆمەندی و سەربڵندی و نیانی و هێز لەخۆ کۆدەکاتەوە، باوکم و، دوبەیش بەو شێوەیە"**

◆◆

هەموو ڕۆژێك ئەم ئارەزووە خۆڕسکییە لە ناخمدا دەچەسپاو، دەبوو بە کردەیەکی سروشتی و ئۆتۆماتیکی، ئەوەیش فێربووم کە دەبێت بەدوای شوێن پێی حوشتر، یان تەنانەت پاشەڕۆکەکانیدا بگەڕێم ئەگەر بزربووم. جێی سەرسوڕمانە کە شوێن پێی گیانەوەرەکان لەکاتی ڕۆیشتنیان بە بیاباندا لە شوێن پێی ئێمەی مرۆڤ چەسپاوترە. هەندێك جار شوێن پێ کەوتنی گیانەوەرێك ژیانی خۆت و ژیانی ئەوانەیش ڕزگار دەکات کە یاوەرتن، لووت بەرزی و خۆبەزل زانین بۆ کەسانێك دەست نادات کە لە بیابان دەژین.
ئەوەبوو من و برا گەورەکانم و هاوڕێکانیان لەکاتی گەشتەکانی ڕاوکردندا بزربووین، یان ئۆتۆمۆبیلەکانمان پەکیان کەوت. بیرمە چەندان جار بێ خواردن و خواردنەوە ماوەیەکی دوورودرێژ بە بیاباندا ڕۆیشتووین و، هەردوو برای لە خۆم گەورەترم شێخ مەکتووم و شێخ حەمدان. زۆریان

باوەڕ بە من هەبوو کاتێک بەناو تەپۆڵکە لمینەکاندا دەڕۆیشتن، چونکە ئەوەیان دەزانی کە لە باوکمەوە فێری بووبووم.

پێش تەمەنی هەشت ساڵان باوکم فێری کردم چۆن لە بیابان بژیم بە گیانلەبەرو گیانەوەرەکانیەوە، بە گورگ و ئاسکەکانیانەوە، بە سەرماو گەرماو گۆڕانی کەشوهەواکانیانەوە. پاش تەمەنی هەشت ساڵان باوکم فێری کردم چۆن لە شار لەگەڵ ئادەمیزادان دەژیم.

ئادەمیزاد چەند دڵڕەقە و، بیابانیش چەند جوانە.

# 05
## لەتیفە ١

لەتیفە لە ڕووی زمانەوە ئافرەتی نەرم و نیان و ناسك و هاوەڵی دەگمەنە..
لەتیفە لەڕووی چاکسازییەوە ئەو وتارەیە خۆشی دەخاتە دڵ و دەروونەوە..
لەتیفە لە ژیاندا دایك و دڵمە کە لە سینگمدایە،، جوانترین و نیان ترین و ناسك ترین و بە بەزەییترین مرۆڤە لە ژیانمدا.



لەگەڵ هەردوو براکەم شێخ مەکتووم و شێخ حەمدان بن ڕاشد ئال مەکتووم

ناو : لەتیفە کچی حەمدان بن زاید ئال نەهیانە.
ڕەچەڵەك: کچی فەرمانداری ئەبو زەبی لە ۱۹۱۲ تا ۱۹۲۲.
ئەرك: هاوسەری ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم، فەرمانداری دوبەی بە درێژایی پتر لە چل ساڵ، پاش مردنی وێ ڕاشد بن سەعید گۆڕاو، چی دیکە چوون جاران نەما تا کۆچی دوایی کرد.

هەموو کوڕێك دەتوانێت سەبارەت بە ئاشتی و هێوری و دڵنەوایی بە ڕوخسارو دەم و چاوی دایکییەوە بدوێت، بەڵام دایکم لە هەموو دایکەکان نەدەچوو. هەمووی هەر ئاشتی و هێوری و دڵنەوایی بوو.

پاش ساڵێك دوای ئەوەی مێردی بە شێخ ڕاشد کرد کچی نۆبەرەی شێخە (مریەم)ی بوو، پاش سێ ساڵی دواتر شێخ مەکتووم بن ڕاشد، جێنشینی فەرمانداری بوو، بەناوی باپیرە گەورەمانەوە ناو نرا کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا فەرمانڕوایی (دوبەی)ی کرد. لەدایکبوونی شێخ مەکتووم بە شادی و کامەرانییەوە پێشوازی لێ کرا. پاش ئەوە بەچەند ساڵێك خواوەند دووەمین کوڕی بە خانەوادەکە بەخشی ئەویش حەمدان بن ڕاشد بوو، بەناوی حەمدان بن زایدی باوکی و فەرمانداری پێشووی (ئەبو زەبی)یەوە ناونرا. دایکم چەندان ساڵی خۆشی گوزەراند. کوڕێکی دیکەی بوو ناوی (مەروان)ی لێنا. مەروان بە منداڵی بە شێوەیەکی کارەساتاوی مرد. دڵی ناسك و پەسۆزو بە بەزەیی دایکم بەرگەی لەدەستدانی (مەروان)ی نەگرت، چەند ساڵێك بۆ لەدەستدانی هەر غەمگین بوو. دەڵێن پاش ئەوە خەونێکی بینیوە کە کوڕێکی دیکەی دەبێت ناوی (محەمەد)ی لێ دەنێت. باوکم بە

خەونەکەو بە شیکاری خەونەکە دڵخۆش بوو، چونکە دڵی لەتیفەی هاوسەرو هاورێکەی خۆش دەکات. خەونەکە بەدی هات و کورێکی بوو ناوی لێنا محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم.

هەموو کورەکانی زۆر خۆش دەویست، من زۆرتر لە هەموویان لێوەی نزیک بووم. هیچ خۆشەویستییەکم وەك خۆشەویستییەکەی وێ و، هیچ دڵێکم وەك دڵی وێ و، هیچ نزیکییەکم وەك نزیکی وێ نەبینیوە. ساڵانی سەرەتای ژیانم لەگەڵ وێ و لەگەڵ باوکم گوزەراند. بە تەمەنی دوو ساڵی و سێ ساڵی، باوکم لە پێش خۆی لەسەر ئەسپەکەی دایدەنام و بۆ هەر کوێیەك چووبایە لەگەڵ خۆی دەیبردم.

◆◆

**"هەموو کورێك دەتوانێت سەبارەت بە ئاشتی و هێوری و دڵنەوایی بە ڕوخسارو دەم و چاوی دایکییەوە بدوێت، بەڵام دایکم لە هەموو دایکەکان نەدەچوو. هەمووی هەر ئاشتی و هێوری و دڵنەوایی بوو"**

◆◆

حەزم دەکرد زوو لەخەو هەستم. بەر لە هەموو ئەندامانی خێزان لەخەو هەڵدەستام و دەمبینی شێخە مەریەم بەر لە من هەستاوە تا قاوەڵتیمان بۆ ئامادە بکات، ئەگەرچی کەسانێك هەبوون لە ماڵەکە خزمەتیان دەکرد. هێشتە بۆنی نانەکەی دایکم لەیادە، قسەکانیم لەیادە کە بەیانیان زوو لەگەڵم دەیکردن. زۆرم چێژ لە قسەکانی وەردەگرت کە سەبارەت بە چارەسەرکردن بە گیاکان دەیکردن. بە دەست ڕەنگینی بواری پزیشکی

لە ڕێگەی دوورەوە دەهاتن لەگەڵ منداڵ و خزمەکانیاندا ناسرابوو. خەڵکی لەگەڵ منداڵ و خزمەکانیاندا لە ڕێگەی دوورەوە دەهاتن تا داوو دەرمان و هەتوانیان لە گیراوەی گیاکان بۆ دەستنیشان بکات.

دایکم باشتر لە زۆر پیاو دەیتوانی تەقەبکات و دەیتوانی جڵەوی ئەسپ و حوشتر ڕابگرێت، وەك بڵێیت لەسەر (زین) لەدایك بووبێت. کۆڕو کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئافرەتاندا هەبوو، بێ سێ و دوو کێشەو غەمەکانیانی بۆ شێخ ڕاشد دەگواستەوە. کەسایەتییەکی بەهێزو هاوکات خۆشەویستی هەبوو. هەر کەسێك ناسیبێتی خۆشی ویستووە.

هەموو ڕۆژێك بەر لەوەی بڕۆم بۆ فێرگە ڤاوەڵتی بۆ ئامادەدەکردم. بە ڕێگەوە دەمکرد بە دوو بەشەوە، نیوەی بۆ خۆم و نیوەکەی دیکەی بۆ (نۆما)یەك کە خۆشم دەویست. بچووك بووم و وام دەزانی نانی گەنم و هێلکە بۆ ئەسپ باشە.

لە ڕێگەی دوورەوە دەهاتن ناسرابوو. خەلکی لەگەڵ منداڵ و خزمەکانیاندا
تا داوو دەرمان و هەتوانیان لە گیراوەی گیاکان بۆ دەستنیشان بکات.

دایکم باشتر لە زۆر پیاو دەیتوانی تەقەبکات و دەیتوانی جلەوی ئەسپ و حوشتر ڕابگرێت، وەك بڵێیت لەسەر (زین) لەدایك بووبێت. کۆڕو کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئافرەتاندا هەبوو، بێ سێ و دوو کێشەو غەمەکانیانی بۆ شێخ ڕاشد دەگواستەوە. کەسایەتییەکی بەهێزو هاوکات خۆشەویستی هەبوو. هەر کەسێك ناسیبێتی خۆشی ویستووە.

هەموو ڕۆژێك بەر لەوەی بڕۆم بۆ فێرگە قاوەڵتی بۆ ئامادەدەکردم. بە ڕێگەوە دەمکرد بە دوو بەشەوە، نیوەی بۆ خۆم و نیوەکەی دیکەی بۆ (نۆما)یەك کە خۆشم دەویست. بچووك بووم و وام دەزانی نانی گەنم و هێلکە بۆ ئەسپ باشە.



لەسەرەتای شەستەکاندا

دایکم تێبینی کرد کە پاش گەڕانەوەم لە فێرگە خواردنەکەم بەشی نەدەکردم لەبەر ئەوەی زۆر برسیم دەبوو. زانی کە قاوەڵتییەکەم دەکرا بە دوو بەشەوە، بۆیە لە ڕۆژی دواترەوە دوو چەندان زیادی کرد. بڕوام وابوو کە ئەم کارە ڕێککەوتێکی دڵخۆشکەرانەیە، تا پاش ئەوەی گەورە بووم ئەم جار زانیم کە چاودێری دەکردم و، دەیزانی کە قاوەڵتییەکە بەشم ناکات.

ئەمە دایکە، خۆی تێرناخوات تا ئێمە نەبینێت نان دەخۆین، پشوویش نادات تا ئەو کاتەی ئێمە دەنووین، دڵخۆش و شاد نابێت تا ئەو کاتەی غەم و بەژارەکانمان دەرەوێنێتەوە.

چەندان شەوان بسووڕێنەوە
خۆشەویستیت لە سینگان دەخولێتەوە

ئەی مانگی مانگان
هەموو خۆشەویستی و هەستێك بۆ تۆیە

ماویەتی...

# 06
## لەتیفە ٢



کاتی مێرد منداڵیم

نەزار قەبانی لە شیتی (بەلقیس)ی هاوسەریدا دەڵێت:

*بەلقیس..*
*جوانترین شاژن بوو لە مێژووی بابل*

*بەلقیس..*
*درێژترین دارخورما بوو لەناو خاکی ئێراق*
*کاتێک بڕۆیشتایە..*
*تاوسەکان یاوەریان دەکردو..*
*ئاسکەکان دوای دەکەوتن*

ئەم دێڕە شیعرانە شێخە (لەتیفە)ی دایکم بیردەخەنەوە. کە منداڵ بووم دەمبینی. بیرمە کاتێک دەڕۆیشت کۆمەڵێک ئاسک بەدوایەوە بوون لەوانەی هەر بە ساوایی بەخێوی کردبوون، یاوەری بوون و بۆ هەر کوێیەك ڕۆیشتبایە دوای دەکەوتن. دایکم ژنەمێرو جوان بوو. دایکم جوانترین شاژن بوو. دایکم درێژترین دارخورما بوو. کاتێك دەڕۆیشت ئاسکان یاوەری دەبوون و خواوەندیش دەیپاراست.

یەکەمین دیاری کە بە دایکمم پێشکەش کردبێت ئەو کاتە بوو کە تەمەنم حەوت ساڵان بوو. لە گەشتێکدا بووم لەگەڵ حەمید بن عەمهی، هونەری ڕاوکردن و کارامەیی مانەوەی لە بیاباندا فێردەکردم. جارێکیان ئاسکۆڵەیەکی بچووکی ساوام بینی دایکی پێش ماوەیەکی کورت بووبووی و

جێی هێشتبوو. ئەوەی باوە ئاسکی مێینە لە ڕەوە ئاسک جودا دەبێتەوە بۆ ئەوەی بێچووی ببێت. بەڵام هەندێک جار دووچاری ترس و تۆقین دەبێت کاتێک بیەوێت بۆ لای ڕەوە ئاسکەکان بگەڕێتەوە، ئەو کات بێچووەکەی بێ سەرپەرشتیار بەجێ دەهێڵێت. لەگەڵ هاوسەرەکەی حەمید چاودێریمان دەکرد. منیش چووم بۆ لای و لە باوەشم گرت، چاوەڕوان بووین دایکی بگەڕێتەوە لای. دایکەکە نەگەڕایەوە. تا نزیک خۆرئاوابوون چاوەڕێمان کرد. دایکەکە نەگەڕایەوە. ئاسکۆڵەکەم هەر بە باوەشەوە بوو، زانیم کێ لە جیاتی دایکی بەخێوی دەکات، دایکم بەخێوی دەکات. دایکم ئاسکی خۆش دەوێت. دایکم ژیانی پێ بەخشیوم و ژیانیش بەو ئاسکۆڵە دەبەخشێت.

◆◆

**"دایکم.. بزەی دایکم ژیان بوو**

**جوانترین شت بوو لە ژیاندا"**

◆◆

باوکم لەگەڵ چەند پیاوێکدا هات و، پاش ئەوەی ئەو دیارییانەی بە حەمید دا کە دایکم بۆ خانەوادەکەی ئەوی ئامادەکردبوون، باوکم بردمی لەکاتێکدا ئاسکۆڵەکەم بە باوەشەوە بوو. بەسەرهاتەکەم بۆ پیاوەکان گێڕایەوەو، پێم ڕاگەیاندن کە ئەوە دیارییە.

پاش دابڕانێکی زۆر لە دایکم گەیشتمەوە ماڵ. پاش سڵاوو لە ئامێزگرتن، ئاسکۆڵەکەم پێشکەش کرد، زۆر دڵی پێ خۆش بوو. من زۆر دڵخۆشتربووم. کاتێک دیارییەکی مەزندە نەکراو بە خۆشەویستێکت پێشکەش دەکەیت و

ئەویش دڵی پێ خۆش دەبێت ئەو کات تۆ لەو دڵخۆشتر دەبیت. بزەی دایکم ژیان بوو، جوانترین شت بوو لە ژیاندا.

دایە کێ لە تۆ دەچێت؟ کێ لە دایکم دەچێت؟
چەندان هەڵوەستە هەن لەگەڵ دایکم لەیادم ناچنەوە..

هێشتە لە یادمە کاتێك لە ئامێزی گرتبووم، باسی یەکەمین گەشتی منی دەکرد بۆ لەندەن، باسی وڵاتێکی نامۆو سەرکێشییەکی بۆ دەکردم کە لە گەشت کردن بۆ ئەوێ چاوەڕێی دەکردم، لەناو سکی باڵندەیەکی گەورە لە زەریایەك دەمپەڕێنێتەوە تا چاو بڕبکات بەرینە. بەسەرسوڕمانەوە سەیرم دەکرد کاتێك پێی ڕادەگەیاندم کە لە تەلارێکی زۆر بڵند دەنووین، چونکە کەش و هەوا لەو وڵاتە بۆ ئەوە دەگونجێت مرۆڤ لە ژووردوە بنوێت، نەك وەك ئەوەی لە دوبەی پێڕەوی دەکەین، کاتێك هاوینان لە سەربان دەنووین. ناشێت یەکەمین سەرسوڕمان لە یاد بکەیت. ناشێت یەکەمین زانیاری لە یاد بکەیت. کاتی ناسینی شتگەلی نوێ لەیاد ناکرێت. هەرگیز ساتەکانی قسە جوانەکانی دایکم لەیاد ناکەم.

ئەوە لەیاد ناکەم کە ئەو شەوە نەنووستم کە دایکم ئاگەداری کردمەوە کە دەچم بۆ لەندەن. ئەوە لە ساڵی ١٩٥٩دا بوو، نزیکەی پاش ساڵێك دوای ئەوەی باوکم پۆستی فەرمانداری وەرگرت.

دایکم دوو (کندۆره) واته کراسی نوێ و قاتێکی جوانی بۆ گەشت کردن بۆ کڕیم. دڵخۆش بووم. بووم به خاوەنی چوار کراس. بۆ دایکم پێشنیازم کرد هەردوو کراسه کۆنەکه کورت بکەینەوه بۆ ئەوەی لەکاتی سواربوونی ئەسپ و حوشتردا بەکاریان بهێنم. دایکم بە خۆشحاڵییەوه هەردووکی بۆ کورت کردمەوه. هەر شتێك دڵ خۆشی کردبام ئەویش دڵی پێ خۆش دەبوو.

دایه کێ له تۆ دەکات؟ دایه کێ له شێوەی تۆ دەچێت؟

ماوەیەتی...

# 07
## لەتیفە ٣



لەکاتی ڕێوڕەسمی کۆچی دوایی دایکم شێخە لەتیفە کچی حەمدان ئال نەهیان - ساڵی ١٩٨٢

دایکم، لەتیفە کچی حەمدان، خۆشم دەویست و، ئەویش خۆشی دەویستم. وەك هەر منداڵێکی دیکە لاف ئەوە لێ دەدەم کە منی زۆرتر خۆش دەویست. مەزنایەتی دایکیش لەوەدایە کە هەموو منداڵێك هەست بەوە بکات پتر لە هەموو کەسێکی دیکە لێوەی نزیکە. کاتێك گەورە بووم، بە تەنگی ئەوەوە بووم دڵ خۆشی بکەم. لە هەموو گەشتێکدا بە تەنگی ئەوەوە بووم دیارییەکی پێشکەش بکەم دڵی پێ خۆش بێت. دڵخۆشیی وێ دڵشادی دەکردم، بزەکانی ڕۆژی منیان دروست دەکرد، لەم ژیانەدا زۆرترین شت دڵم بە دەمەتەقێکانی خۆش دەبوو.

ئەوەی چێژی لە خۆشەویستی و سۆزی دایك نەبینیبێت چێژی لە ژیان نەبینیوە. شەکەتی دایکمان پێ ناخۆشە، غەمباری دایك پشتمان دەشکێنێت، نەخۆش کەوتنی دەمانپڕووکێنێت. لە سروەی با لێی دەترسین، ئەی چۆن ئەگەر لە دەستی بدەین؟ ئەی چۆن ئەگەر کۆچ بکات و بەجێمان بهێڵێت؟ ئێش و ژانێکی زۆرو، بۆشاییەکی گەورەو هەست کردن بەبێ دایکییە لەکاتێکدا گەورەیت، کاتێك دایك لە دەست دەدەیت هەست بەمە دەکەیت.

لە ئایاری ساڵی ١٩٨٣، دایکمم لە دەست دا. دایکە خۆشەویستەکەم لە دەست دا. بینایی چاوم لە دەست دا، باوکیشم هاوڕێکەی ژیان و،پشت و پەناو ئەوین و هاودەم و هاوڕێ و خۆشەویست و یارەکەی لە دەست دا پاش ئەوەی پتر لە چل ساڵ تەمەنی لەگەڵ گوزەراند. باوکم دایکمی لە دەست دا کە نەیدەویست بێجگە خۆی کەسی دیکە قاوەڵتی بۆ ئامادەبکات.. پاش بەرەبەیان باوکم پرۆژەکانی بەسەر دەکردەوە، پاشان دەگەڕایەوە تا لەگەڵ دایکم قاوەڵتی بکات

و دەمەتەقێی لەگەڵ بکات. پاش دایکم کێ قاوەڵتی بۆ ئامادە دەکات؟ کێ دەمەتەقێی لەگەڵ دەکات؟

باوکم تازە لەو نەخۆشییە چاك بووبووەوە کە دووچاری بووبوو، کەچی ئەم شۆکەی بەسەردا هات و سەرلەنوێ ڕایماڵی، ئەوێکی بەهێزو پتەوو بەڕێز، ئەو چیایەی کە لەبەردەمماندا نەدەهەژی، لەدەستدانی لەتیفە ڕایماڵی و ژیانی بەشێوەیەك گۆڕا چی دیکە لە ژیانی پێشوو نەچێت.

کاتێك دایکم کۆچی دوایی کرد زۆر دەترسام باوکم شتێکی بەسەر بێت. یەك خولەك چییە بەجێمان نەدەهێشت لە ترسی ئەوەی لەکاتی ئەو شۆکەدا شتێکی بەسەر نەیەت، ئەو شۆکەی دووچای دوبەی و گەلی دوبەی بووەوە، کە بە ڕاستی (شێخە لەتیفەی کچی حەمدان) دایکی (دوبەی)یان خۆش ویست. نەخۆشەکانی چارەسەردەکردن، منداڵەکانی تیمار دەکردن، دڵی نەدارەکانی دەدانەوەو، گوێی لە ئافرەتەکان دەگرت و بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی دەکردن. کاتێك دەمبینی سەرپەرشتی ئامادەکردنی خواردنی دەکرد پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت دراوسێ و خزم و میوانەکان خواردنمان لەگەڵ بخۆن.

کێ وەك دایکمە؟ کێ وەك لەتیفەیە؟

هێشە لە یادمە کاتێك شەوانە بە دوامدا دەگەڕا ئەگەر دواکەوتبام و، دەیبینی لای ئەسپەکانم لە تەویلەکە خەوم لێ کەوتووە. هێشتە لە یادمە

چۆن ماینەکەی تیمار کردم و بایەخی پێ دەدا، کە یەکەم ماینم بوو ناوی (نوم حەلەج)بوو. هێشتە ئەو ئارەزووەی هەردووکمانم لە یادە کە پێکەوە ئارەزوومان دەکردو، چەندان کاتی دوورودرێژ باسمان دەکرد، ئەویش چارەسەرکردن بە گزوگیایە. هێشتە لە یادمە بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستام بەر لە براکانم و، بەر لە هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەن، تا بڕۆم و لەگەڵی دابنیشم کاتێك قاوەڵتی ئامادە دەکردو دەمەتەقێی لەگەڵ بکەم و دەمەتەقێم لەگەڵ بکات. هێشتە ئەو تێنووسە بچووکانەم لە یادە کە پێی دەدام کاتێك منداڵ بووم، تا زۆر شتیان لەبارەی ئەسپ و بیابان و گیانەوەرانەوە تێدا بنووسم. هێشتە بۆنەکەیم لەیادە. هێشتە بۆنی بخوردەکانی هەڵدەمژم. ئێستەیش شەیدای ئانەکەیم.

کێ وەك دایکمە؟ کێ وەك لەتیفەیە؟

هێشتە دوایەمین دیدارم لەگەڵی لە یادە پێش ئەوەی بۆ چارەسەر بچێت بۆ ئینگلتەرا. ماچیم کرد، باوەشم پێدا کرد، باوەشم بە دەستیدا کرد. سەیری کردم و گوتی: کێ لە تۆ دەکات؟ سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە پۆشتەییم دەربڕی. پاشان سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بەو کاتژمێرەی مەچەکم دەربڕی، پاشان ڕۆیشت. پاش گەشتەکەی بیرم لەو دیارییە کردەوە کە دەبێت پاش گەڕانەوەی پێشکەشی بکەم. زۆر بیرم کردەوە، پاشان بڕیارم دا کاتژمێرکەی خۆمی پێشکەش بکەم. هەستم کرد کە دەیەوێت شتێکی منی لەگەڵ بێت، ئەو کاتژمێرەی پێشکەش دەکەم کە دڵی لێ چوو. بەلام

نەگەڕایەوە. دایکم نەگەڕایەوەو کاتژمێرەکەی مەچەکیشم لە مەچەکمدا بوو و دامنەکەند.

ڕێورەسمی بەرێکردنی تەرمەکەی ڕێورەسمێکی گەورەبوو. بە هەزاران ئامادە بوون و بە هەزاران بۆ دایکی دوبەی شێخە لەتیفە کچی حەمدان بن زاید ئال نەهیان گریان . لەگەڵیدا چوومە ناو گۆڕەکەیەوە. باوك و براکەم لەسەرەوەی گۆڕەکەوە چاودێرییان دەکردم. لە دوایەمین گلکۆی دامپۆشی و فرمێسك بە چاومدا چۆڕاوگەی دەهات، پاشان لەناو گۆڕەکە هاتمە دەرەوەو لەگەڵ هاتنە دەرەوەمدا کاتژمێرەکەم لە تەنیشتییەوە کەوتە خوارەوە.

◆◆

"شەکەتی دایک ئازارمان دەدات، غەمباری دایک پشتمان دەشکێنێت، نەخۆش کەوتنی دایک دەمانپڕووکێنێت، ئەی ئەگەر لە دەستی بدەین چی دەبێت؟ چی دەبێت ئەگەر کۆچ بکات و بەجێمان بهێڵێت؟"

◆◆



تەرمی دایکم شێخە لەتیفە کچی حەمدان ئال نەهیان ـ ١٩٨٢

◆◆

**"کاتێك کۆچ دەکەن شتێك لە ژیانمان و لە ماڵەکەماندا دەکوژێتەوە. کاتێك کۆچ دەکەن، ڕوخساری ڕێگەوبانەکان و ماڵەکان و دەم و چاوەکان دەگۆڕێت، تەنانەت چێژی خواردنیش دەگۆڕێت"**

◆◆

لەبەر بەسامی ڕووداوەکە زمانم لاڵ بوو. نەمتوانی قسەبکەم. سەیرێکم کردو، سەیرێکی کاتژمێرەکەی خۆمم کرد لە تەنیشتییەوەو، ژانێکی سەخت دڵی دەگوشیم و، دەنگێکیش لە ناخەوە بە گوێوەی دەچرپاندم: شتێکی منی لەگەڵە.

کێ لە دایکم دەکات؟ کێ وەك لەتیفەیە؟


پاش کۆچی دوایی دایکم ماڵەکەمان گۆڕا. پاش کۆچی دوایی شێخە لەتیفە کچی حەمدان ژیانمان گۆڕا. کاتێك کۆچ دەکەن شتێك لە ژیانمان و لە ماڵەکەماندا دەکوژێتەوە. کاتێك کۆچ دەکەن، ڕوخساری ڕێگەوبانەکان و ماڵەکان و دەم و چاوەکان دەگۆڕێت، تەنانەت چێژی خواردنیش دەگۆڕێت. کاتێك کۆچی دوایی دەکەن، هەموو شتێکی نێمەمانیان لەگەڵ کۆچ دەکەن و یادەوەرییەکانیان دەمێننەوە تا پاش ئەوان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیاندا بەهێزمان بکەن.

پاش مردنی دایکم، باوکم وردەبەرزو، سەربلندو هێورو ئوقرەگرو خۆڕاگر خۆی دەنواند. پاش چەند ڕۆژێك بەڕێز کەمال حەمزە، بەڕێوەبەری (ئەو کاتەی) شاردوانی (دوبەی) بۆ ماڵەوەمان بانگ کرد. کەمال بە پەلە هات و لەگەڵی دانیشت. باوکم داوای پێنووس و کاغەزی لە (سەلووم)ی بەردەستەکەی کرد. قووڵایی و غەمباری و شکۆمەندی بە سەرنجەکانییەوە دەبینران. بە حەمزەی گوت: بنووسە! وەسیەتنامەی خوالێخۆشبووت بۆ ڕەد دەکەم. پاشان لە پرمەی گریانێکی بەکوڵ و پڕ لە ژانی دا. بە فرمێسکی سوێرو سووتێنەر گریا. کەمال تووشی شۆك بوو زمانی لاڵ بوو. باوکم لەبەردەم خەلکدا شۆڕەسوارێکی بەهێزو ڕك و فەرماندەیەکی گۆساغ و قسەزان و ئەو ئەندازیارە بوو کە (دوبەی)ی دروست کرد، بنیادی ناو ڕاچەنینی سازداو چەندان پرۆژەی بەڕێوەبردو سەرنجی جیهانی ڕاکێشا. کەس پێشبینی ئەم چرکەساتەی نەدەکرد کە ئەم چیا بڵندە هەرەس بهێنێت. کەس ئەم هەموو ئازارو ئێشەی وێنا نەدەکرد کە لە ناخیدا دەخولانەوە. بەرداخێك ئاویان پێشکەش کردو داوایان کرد ئاوی خواوەند بهێنێت، تا هێور بووەوە. پاشان داوایان لێ کرد وەسیەتنامەکە بنووسن. هەرکەیش دەستی پێ کرد، جارێکی دیکە لە پرمەی گریانی دا، ئەم جار زۆر بەکوڵترو لەگەڵیشیدا دەیگوت: وەسیەتنامەی خوالێخۆشبوو، وەسیەتنامەی خوالێخۆشبوو، وەسیەتنامەی خوالێخۆشبوو.

کێ لە دایکم دەکات؟ کێ وەك لەتیفەیە؟

# 08

# ١٨٥ ساڵ گەڕان بە دوای (دوبەی)دا



خۆر دوبەی لە شەستەکاندا

دوبەی ڕێکەوت نییە. دوبەی بەروبوومی گەشتێکی پتر لە ١٨٥ ساڵەیە.دوبەی سەرگوزەشتەیەکی دوورودرێژی خەبات و زاڵبوونە بەسەر چەند مەترسییەکدا کە هەڕەشەیان لە هەبوون و بەردەوامی دەکرد. دوبەی ئەمڕۆ مرواری جیهانەو، خوا یار بێت هەر بەو شێوەیەیش دەمێنێتەوە.

گەشتەکەی دوبەی لەگەڵ شێخ مەکتووم بن بەتی لە سێیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێ کرد، کە ئەو فەرمانداره بوو ئەو کولتووره خانەوادییەی ئێستەی چەسپاندو بەردی بناغەی میرنشینی (دوبەی) دانا. یەکەمین مەبەستی ئەوەبوو دوبەی بکاتە شوێنێکی ئارام بۆ هەموو دانیشتووانی. پاشان سەعید بن بەتی برای جێی گرتەوە کە دادپەروەرییەکی ڕەهای لە میرنشینە تازە دامەزراوەکە چەسپاند. هۆکاری سەرەکی بەردەوامبوونی دوبەی دادپەروەرییەتی لەگەڵ کەسانی نزیك و دووردا، بەشێکی بنەڕەتی خانەوادەی فەرمانڕەوا لە دوبەی دادپەروەرییە. زوڵم لە کەس ناکەین و نامانەوێت زوڵممان لێ بکرێت. دادپەروەری تەواوەتی یەکەمین پەندو وانەیە لە دەستووری نەنووسراوی دوبەی.

لە ڕۆژگاری سەعید بن بەتی چەند ساڵێکی دژوار تێپەڕین، شەڕو پێکدادانیان لە نێوان هۆزەکاندا، لە نێوان خزمان و ئامۆزاکاندا بەخۆوە بینی، شێخ سەعید ئاسایشی ناوخۆیی چەسپاندو، توانی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەبو زەبی و میرنشینەکانی دیکەی تەنیشت مۆربکات، هاوکات توانی مامەڵە لەگەڵ بەریتانییەکاندا بکات کە بەپێی پەیماننامەیەك پێوەندیمان لەگەڵ بەستن. مافی خۆمانمان لەبواری کاروباری ناوخۆییدا لەبەر ڕۆشنایی پەیماننامەکەدا پاراست. لەندەنیش سەرپەرشتی کاروباری دەرەوەو بەرگری دەکرد. پێوەندی هاوسەنگ لەگەڵ هەمووان و هاوپەیمانی بەردوام دووەمین

پەندو وانەی دەستووری نەنووسراوی (دوبەی)یە. دوژمنایەتی کەس ناکەین و کەسیش پاساوی بە دەستەوە نییە دوژمنایەتیمان بکات.

پاشان شێخ حەشر بن مەکتووم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم هات، کە رۆژگاری فەرمانڕەوایی ئەو بیست و حەوت سالّی خایاند، تێیاندا دوبەی سەقامگیری زۆرتر و بەتوانایی زۆرتری بەخۆوە بینی، شێخ حەشر بە دانایی و توندی ناوی ڕۆیشتبوو، بایەخێکی باشی بە پابەندبوون بەو پەیماننامانە دەدا کە دوبەی لەگەڵ بەریتانییەکان و لەگەڵ میرنشینەکانی تەنیشت و دەوروبەردا مۆری کردبوون. سالّی ۱۸۸٦ شێخ ڕاشد بن مەکتووم شوێنی گرتەوە، کە هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی (دوبەی)ی کرد. لەو سالاّنەدا لەڕووی ئەمنی و ئابوورییەوە کاری بۆ سەقامگیری دوبەی کرد. پاش ئەویش مەکتووم بن حەشر هات کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتە دەست. مەکتووم خاوەن ڕوانینێکی ئابووری بلیمەتانە بوو، ئەوەبوو لە ڕۆژگاری ئەودا دوبەی گەشەسەندنێکی ئابووری بەرچاوی بەخۆوە بینی و، بنەماکانی بازرگانی و وەبەرهێنانی تێدا چەسپاند.

سالّی ۱۹۰۲ لە ئاکامی بەرزکردنەوەی سەپاندنی باج لەسەرانسەری کەنداو لە بەندەری لەنجە، شێخ مەکتووم بن حەشر چی باجی گومرکی هەبوو لەسەر داهاتەکان هەمووی هەڵوەشاندەوەو دەروازەی بەندەری (دوبەی)ی بۆ هەموو لایەك کردەوەو پێشوازی لە هەموو بازرگانەکان کرد.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتەی دەروازە کردنەوەیدا کالا هندییەکان گەیشتنە بەندەری شارەکەو لە ماوەیەکی کەمدا دوبەی بوو بە بنکەی کەنداو بۆ سەرلەنوێ هەناردنەکردن بۆ بەندەرو بازارەکانی دەوروبەر. ئەوەندەی نەخایاند ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانە سەرەکییەکانی کەنداو ڕوویان کردە دوبەی و کردیان بە بارەگای هەرێمیانەی خۆیان. ئەمەیش سێیەمین وانەی دەستووری نەنووسراوی (دوبەی)یە، دەروازەکردنەوە بەڕووی هەمووان و ئازادکردنی بازرگانی لەبەردەم هەمووان و پێشوازی کردن لە هەر کەسێك شتێك بخاتە سەر ئابووریمان.

پاش کۆچی دوایی شێخ مەکتووم بن حەشر لە ساڵی ۱۹۰٦، شێخ بەتی بن سوهێل شەش ساڵ فەرمانڕەوایی (دوبەی)ی کرد، کە لە ڕۆژگاری ئەودا دوبەی پێی نایە قۆناغێکی تەواو نوێوە تێیدا بناغەی شاری مۆدێرنی چەسپاند.

شێخ سەعید بن مەکتوومی باپیرم ماوەی فەرمانڕەوایی کردنی کە نزیکەی پەنجا ساڵی خایاند لە ساڵی ۱۹۱۲ دەست پێ کرد. ژمارەی دانیشتووانی دوبەی لە سەردەمی ئەودا زۆر بەرزبووەوەو بازرگانی دەریایی لەبواری کووتاڵ و گژوگیاو بخوردو شتی دیکە پەرەی سەندو شێخ سەعید لە پێڕەوکردنی سیاسەتگەلی ئابووری دەروازە والا و ئازادکردنی بازرگانی لە هەموو جۆرە باجێك بەردەوام بوو، بەو باجانەی کە پێشتر بەسەر هەناردەکانی مرواریدا سەپێنرابوو، کە تا ئەو کاتە گەورەترین کەرتی بازرگانی پێکدەهێنا، تا لە

سییەکانی سەدەی بیستەم کارەسات ڕووی داو بازرگانی مرواری هەرەسی هێنا.

◆◆


**"جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکان ڕاسپاردەیەکە خانەوادەی پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە، گەرەنتی ئەوەیە کە ئەوەی پێی گەیشتووین ناشێت وازی لێ بهێنین بە پشت بەستن تەنیا بە یەك سەرچاوەی ژیان"**

◆◆

ژیانی ئابووری ڕاوەستا، بەڵام دوبەی لە گەڕان بە دوای پاشەڕۆژی خۆیدا ڕانەوەستا. تەنگژەی ئابووریمان لەگەڵ هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی جیهانیدا قووڵتر بوو، لەگەڵیشیدا سووربوونمان قووڵتر بوو لە گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی دیکەدا. شێخ سەعید لە ئایاری ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ کۆمپانیای ئیمتیازی نەوتی بەریتانیادا ڕێککەوتنێکی بۆ دەرهێنانی نەوت مۆرکرد، ئیمتیازەکەیش بۆ کۆمپانیای پەرەپێدانی کەنار گوێزرایەوە کە لقێکی کۆمپانیای نەوتی عێراق بوو. ڕێککەوتننامەکە بیست مانگ وتووێژی خایاندو ئاماژەی بەوە دەکرد کە مافی گەڕان بە دوای نەوتدا بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ و بەرانبەر بە باجی ئیمتیازی ساڵانە بەبڕی ٣٠ هەزار ڕوپییەی هندی بە کۆمپانیاکە بدرێت. دوبەی هیوایەکی زۆری بە دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکانی خۆی هەبوو، بەتایبەتی کاتێك کۆمپانیاکە بەڵێنی بە حکوومەتی دوبەی دابوو بڕی ٢٠٠ هەزار ڕوپییە بە حکوومەتی دوبەی بدات لەماوەی دوومانگ پاش دۆزینەوەی بڕە نەوتێك بۆ بازرگانی بشێت، بێجگە لە سێ ڕوپییە لە هەر بەرمیلێك نەوت کە هەناردە بکرێت. بەڵام کۆمپانیاکە

نەیتوانی ئەوت بدۆزێتەوە، بەڵام دوبەی لە گەڕان بە دوای ئەلتەرناتیڤی دیکەدا بەردەوام بوو.

دوبەی لە گەشتی خەبات و گەشتی گەڕان بە دوای پاشەڕۆژی خۆیدا بەردەوام بوو. درێژەمان بە بایەخدان بەو شتە دا کە پتر لە هەر شتێکی دیکە باشتر دەتوانین بیکەین: بازرگانی بە گشتی و، بە تایبەتیش دووبارە هەناردەکردنەوە. بازرگانەکان ڕاهاتبوون بڕێکی زۆر کاڵاو بەنرخێکی کێبەرکێ لە بازاڕە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ دوبەی بهێنن و سەرلەنوێ و بەبێ هیچ باجێك هەناردەی بازاڕەکانی ناوچەکەی بکەن، زێڕیش گرنگترین کاڵا بوو کە دووبارە لە (دوبەی)یەوە هەناردە دەکرایەوە بەتایبەتی پاش دووەمین جەنگی جیهانی، بەڵام ئەم بازرگانییە لەناکاو ڕاوەستا کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە هاوردنی زێڕیان لەبەر هۆکاری ئابووری قەدەغەکرد. سەرلەنوێ هەنارکردنەوەی زێڕ چەند پڕوپاگەندەیەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بێ بنەمابوون گوایە دوبەی هانی بەقاچاغ ناردنی زێڕ بۆ نیوچە کیشوەری هندستان دەدات، لەکاتێکدا زێڕ بە شێوەیەکی تەواو یاسایی و بەپێی ڕێککەوتننامەی مۆرکراوی نێوان بانکەکان و ئەو کۆمپانیایانە بۆ دوبەی دەهێنرا کە زێڕیان بە بازرگانە ناوچەییەکان دەفرۆشت و بە شێوەیەکی یاساییش سەرلەنوێ



ناوەڕاستی دوبەی

هەناردە دەکرایەوە، هەرچی ئەوەی پاش دەرچوونی ئەو زێڕە لە سنووری میرنشینەکە ڕووی دەدا میرنشینەکە لێی بەرپرسیار نەبوو. سەبارەت بە پرسی زێڕ بەریتانیا دژ بە دوبەی کەوتە جموجووڵ و دەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەبارەی سکالاکانی بەقاچاغ ئاودیوکردنی زێڕ کرد،

بەلام بیانوویەکی بۆ ڕاگرتنی بازرگانی کردن بە زێڕەوە نەبینی چونکە لەوە دڵنیابوو کە یاساییە. زێڕ ڕۆڵێکی گرنگی لە بووژانەوەی بازرگانی سەرلەنوێ هەناردەکردنەوە لە (دوبەی)ەوە لە پەنجاکان و شەستەکاندا بینی، بەلام زێڕ تەنیا کاڵا نەبوو کە دووبارە هەناردە دەکرایەوە، لەو ڕووەوە بە سەدان جۆرە کاڵای دیکە بۆ وڵاتانی کەنداوو ئێران و ئێراق و نیوچە کیشوەری هندستان و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا هەناردە دەکران.


ڕاسپاردەی باپیرم بۆ ئێمە فرەجۆرکردنی ئابووری و پشت نەبەستن بە یەك سەرچاوە بوو، ئەوەبوو شێخ ڕاشدی باوکم لە چوارچێوەی دروستکردنی بەندەرەکان و فرەوانکردنەوەی (خۆر)ەکان و پەرەپێدانی ناوچە ئازادەکان و فڕۆکەخانەو دامەزراندنی کۆمپانیا گەورەکانەوە پێڕەوی کرد.

زۆر جار خەڵك بە سەرسوڕمانەوە پرسیارم لێ دەکەن بۆچی دوبەی بەردەوام پرۆژەی نوێ و جۆراوجۆر دەست پێ دەکات؟ ناوچەگەل بۆ میدیا، شاری ئینتەرنێت و، خێراکەری تەکنەلۆژی و، بەندەر لە سەرانسەری جیهان و، فڕۆکەخانەی نوێ و کۆمپانیا لە کەرتی فڕۆکەوانی و ئەلەمنیۆم و خانووبەرەو تەلارسازی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و پارەگۆڕینەوەی ئیسلامی و ئاسایی و شتگەلی دیکە؟ هەموو ئەمانە بۆچی؟

وەڵامدانەوەی ئەمەیش لە دەستووری نەنووسراوی (دوبەی)دایە، فرەجۆرکردنی سەرچاوە چوارەمین بنەمای سەرکەوتنی (دوبەی)یە، ئەوەیش ڕاسپاردەیەکە خانەوادەی فەرمانڕەوا پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە، گەرمتی

ئەوەیە کە پاش گەشتێکی خەباتی پتر لە ۱۸۵ ساڵ پێی گەیشتووین و ناشێت وازی لێ بهێنین بە پشت بەستن بە تەنیا یەک سەرچاوەی داهات و تەنیا یەک سەرچاوە بۆ ژیان.

# 09
# گەردولوولێک چوون ڕۆژی (قیامەت)



کەشتیی دارا - ساڵی ١٩٦١

کەی دوایەمین جار بوو کە بۆ یەکەمین جار شتێکت تێدا کرد؟ ئەمە پرسیارێکی ڕیکلامێکی تایبەت بە کۆمپانیای (فڕۆکەوانی میرنشینەکان)بوو. پاش ڕیکلامەکە بەفر لە پەنجەرەی ئۆتێلێکەوە دێتە خوارەوە، پاشان دوو ڕێبوار دێنە دەرەوە تا بۆ یەکەمین جار لە ژیانیاندا چێژ لە بەفر ببینن. ئەو ڕیکلامەم بینی و ئەوەم بیرکەوتەوە کە یەکەمین جار بەفرم تێدا بینی. حەوت ساڵان بووم و، ئەو کات هەندێك گردبوونەوەی بەفرم لە بیابانە ساردەکانی دوبەی لە وەرزی زستاندا دەبینی.

کاتێك تەمەنم دە ساڵان بوو قسەی ئەو بەساڵداچووانەم لەیادە کە ڕۆژگاری شێخ سەعیدی باپیرمیان بینیوە، لەبارەی گۆڕینی دەریا و ڕەوشی دەریاو ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی ڕاوچییەکان لەبارەی دەریاوە لەگەڵ خۆیان دەیانهێنانەوە کە لای ئێمە ڕوونادەن و لەبارەی هاتنی ماسیگەلی سەیر لە قووڵایی دەریاوە بۆ کەنارەکان و بڵاوبوونەوەی قەوزە لەو شوێنانەی کە لەگەڵ عەوزەلکردنیدا ناگونجێن و فڕینی باڵندەی (ئەورەس) بە ئاسمانی (دوبەی)دا بەشێوەیەك کە پێشتر نەبینراوەو لێی نەگەیشتوون. بەساڵداچووەکان باسی باڵندەی (حەباری) و کەروێشکی بیابان و گۆڕانی هەندێك لە ڕەفتارەکانیان کرد، باسی گفە گف و هاژە هاژی هەڵکردنی بایان کرد بە پێچەوانەی ئەوەی لێی ڕاهاتووین، باسی چەند نیشانەو ئەگەریان کرد لەبارەی هەڵکردنی گەردەلوولێکی بەهێزو توند بەسەر (دوبەی)دا، گوتیان لە شێوەی (ڕۆژی قیامەت) دەبێت، بەڵام من سەیری هێوری و شێنی و بێگەردی دەریام دەکردو زۆر ئاوڕم لە قسەکانیان نەدەدایەوە.

شەوی ٨ی نیسانی ساڵی ١٩٦١ لەماڵەوە لە ژوورەکەی خۆم نووستبووم، کاتێك هەستم بە هەراو هوریایەکی گەورەو لەناکاو کردو لە ناکامیدا ترپەی دڵم زۆرتر بوو و قەرەوێلەکەی خۆم لەناو گەردەلوولێکدا بینی و پەنجەرەکان زۆر توند دەکرانەوەو پێوە دەدرانەوە وەك بڵێیت لەبەر تیژی و خێرایی با لەسەرانسەری ئەو ماڵە گەورەدا دەیانویست بفڕن. دەنگی باوکمم بیست بەدەنگی بەرز هاواری کرد: حەمدان .. محەمەد .. دەستتان بێنن .. فریا کەون! بازم داو بە ئاراستەی دەنگەکە هەڕام کرد، پاشان گوێم لە دەنگی حەمدان بوو: محەمەد بڕۆ جێگەکەت بێنە! دەمانەوێت دەرگەکە دابخەین. هەموومان ڕامانکرد، دایکم و خوشکەکانم تەکانیان داو هەر یەکەیان بۆ پارچە تەختەدارێك دەگەڕان تا قورسایی بخەینە سەر دەرگەکان و نەهێڵین با بیانشکێنێت و هەموو ئەو شتانە وێران بکات کە لەو کاتەدا بەو شێوەیە هاتنە بەرچاوم کۆتایی جیهان بێت لە چواردەورم. سەرەتای شەوێکی درێژ بوو کۆتایی نەیەت. پاشان خەڵك زەندەقیان چووبوو پۆل پۆل گەیشتنە کۆشکەکەو هانایان بەر شێخ ڕاشد دەهێنا. ئێمەیش دەرگەمان بۆ دەکردنەوە تەنیا بەو ڕادەیەی بتوانن لێی بێنە ژوورەوە لەبەر ئەو با زۆر توندەی کە هەموو شتێکی بەردەم خۆی ڕادەماڵی. هەرکە دەرگەکە توند پێوە بدرایەو بکرابایەوە چی هێوری ناو دەروونمان مابوو دەهاتە هەژین. بایەکی تۆقێنەر بوو، گەردەلوولێك بوو وەك بەساڵداچووەکان بۆیان گێڕاینەوە لە (ڕۆژی قیامەت) دەچوو. خەڵکەکە پۆل پۆل و تاك تاك دەگەیشتن و، بەسەرهاتی پڕ ئێش و ژان و فرمێسکی بەکوڵیان لەگەڵ خۆ هێنابوو.

هێشتە دیمەنی دایکمم لەبەرچاوە ئافرەتێکی هێورو دڵنیا دەکردەوە کە لە ترسانــدا دەلــەرزی و نەیــدەتوانی قســەبکات. خۆشــکەکانم و دایکــم چەرچــەفەکانی ماڵــەویان دڕانــد بــۆ تیمــارکردنی هەنــدێک لــەو خەڵکەی بریندارببووبوون و پەنایان بەر ئێمە هێنـابوو. بـاوکم بـە دەنگی نـەرم دەستی بە پرسیار لەمەڕ زیانەکانی ناو ماڵ کرد تا ئەوانـەی لـەوێن نەترسن، لەگەڵ هـەر وەڵامێکـدا گرژبـوونم بـە دەم و چـاوییەوە دەبـینی، خانووەکـان وێران بووبــوون، دارخورماکــان چــوون یــاری منــداڵان فڕیبــوون، بــا بەلــەم و گەمییــەکانی ڕاوکردنــی بــۆ شــەقامی دووری نــاو شــار تووڕدابــوو، ژمارەیەک کوژراوو بریندار هـەبوون. بـاوکم چاوەڕێی بیستنی هـەموو وردەکارییەکانی نـەکرد. لـە مـاوەی چـەند خولـەکێکدا پیاوەکـانی بەسـەر چـەند گرووپێکدا دابەش کردو ئەرکی خۆیانی پێ سپاردن، دەبوو گرووپـی یەکـەم هەرچۆنێک بووبێت داوودەرمان و پێداویستی پزیشکی بگوێزنـەوەو دەبێـت بپارێزرێن و هەڵبگیرێن چونکە بـەم نزیکانـە پێویستمان پێیـان دەبێت. ژمارەیـەکی زۆر بریندار لە نەخۆشخانە هەبوو.

پاشان ئەو هەواڵانە گەیشتن کە کارێکی وایـان کـرد بـاوکم لـە شـوێنی خۆی پەلیج بێت. ئـەوەبوو ژمارەیـەک سـەربازی بـەریتانی بەهەڵـەداوان گەیشتن و لە دەرگەکە هاتنـە ژوورەوەو بـە ئاستەم دەیانتوانی هەناسـە بـدەن: گەورەم سمۆک دارا، کەشتیی دارا! دارا سمۆک ئـاگری گرتـووە! ئـەو کـات، پێدەچوو جیهان لـە سـووڕانەوە کـەوتبێت. دارا (MV Dara) کەشتییەکی سەر بە کۆمپانیایـەکی کەشتیرانی بـەریتانی بـوو. مـاوەی ١٣ سـاڵ بـوو ئـەو کەشتییە ڕێبـوارو کـاڵای لـە مۆمبـای و بەنـدەرەکانی کەنـداوەوە دەگواستـەوە. لـەکاتی

هەڵکردنی گەردەلوولەکەدا تەقینەوەیەکی گەورە لە ژێرەوەیدا ڕووی داو ئاگرێکی گەورەی لێ کەوتەوە. لەکاتی ڕووداوی نغرۆبوونەکەدا پتر لە ٨٠٠ ڕێبواری تێدابوو. سەربازەکان گوتیان بەهۆی ڕووداوەکەوە ژمارەیەکی زۆر مردوون، بەڵام کارەساتەکە لەوەدا بوو کە مەرگ هێشتە ڕاونەوەستابوو، چونکە هەموو خولەکێك ژمارەیەکی زۆرتری ڕێبواری دیکەیش دەمردن بەهۆی پاڵەپەستۆ، یان نغرۆبوونیان لەناو ئاوەکەدا کە شەپۆلی دەدا. بەلەمەکانی ڕزگارکردن لەناو دەریادا وەردەگەڕان چونکە بارەکانیان لە توانای خۆیان زۆرتر بوون. هێشتە بایش یاری بەو بەلەمانە دەکردو بە ڕاست و چەپیدا دەکێشان.

ئامۆزاکانم و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی (دوبەی)مان لە ماڵی خۆمان کۆکردەوە. باوکم هەر هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی لەگەڵ بەلەمەکانی ڕزگارکردندا نارد بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو کەسانە ڕزگاربکرێن کە بوار هەیە ڕزگاربکرێن. ئەو شەوە کە مەزەندەم دەکرد کۆتایی نەیەت، نزیکەی ٥٠٠ کەسمان ڕزگارکرد. ئەم ڕەوشە نالەبارە چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو کە باوکم تێیاندا هەرگیز خەوی نەچووە چاوو پشووی نەدا. ئەگەرچی بایەکە هێور بووبووەوە، بەڵام ئاکامە خراپەکانی هەر ڕانەدەوەستان و وەك پەڵەهەورێکی بارگران بۆ چەند هەفتەیەك باڵی بەسەر (دوبەی)دا کێشابوو. ژمارەی قوربانییەکان لە ڕادەبەدەر بوو، هیچ ماڵێك نەمابوو زیانی پێ نەکەوتبێت. تەلارە بەتاڵەکان کران بە ماڵ و پەناگە. هێشتە بەوپەڕی ئێش و ئازارەوە دیمەنی ئەو ئافرەتانەم لە یادە بەهۆی ئەو گەردەلوولەوە بێوەژن کەوتن لەکاتێکدا لەبەردەم دەرگە والاکانمانەوە پاڵەپەستۆیان بوو، داوای

بەهاناچوون و هاریکاری و یارمەتیدانیان دەکرد. باوکم و دایکیشم هیچیان پێ نەدەکرا ئەوەنەبێت چییان هەبوو لەو پێناوەدا پێشکەشیان دەکردن.

فێری ئەوەبووم هەرگیز گاڵتەم بە سروشت نەیەت، پاشان فێری ئەوە بووم بەردەوام بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو ئامادەبین. وێڕای دژواری گەردەلوولەکە، کەچی دلێرترین خەسڵەتی خەڵکی (دوبەی)ی دەرخست، لە هاریکاری و پشت یەکگرتن و یەك هەڵوێستی لەکاتی تەنگانەدا. وێڕای ئەو زیانە زۆرەیش بەلام من فێربووم چۆن فەرماندە تەنگژەیەکی لەناکاو بەڕێوەدەبات. زۆرترین شتێك ئەو کات و تا ئێستەیش هەڵوەستەی پێ کردبم ئەوەبوو باوکم بە ئێمەی کوڕەکانی خۆی و ئامۆزاکانم دەستی پێ کرد کە ناردینی بۆ ئەوەی خەڵکە نغرۆبووەکان لەناو دەریای پڕ شەپۆل و شڵپ و هوڕ ڕزگاربکەین بەر لەوەی کەسێك لە خەڵکی دیکە بنێرێت. ڕاستە کە تەنگژەکان ڕەسەنایەتی پیاوان دەردەخەن.

# 10
# دلێرترین پیاو لە ژیانمدا ناسیبێتم



باپیرم شێخ سەعید بن مەکتووم و باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

لەو یادەوەرییانەی سەردەمی منداڵیم کە هەرگیز لە بیرم ناچنەوە، یادەوەرییەکانمن لەبارەی مردنی دلێرترین پیاو کە لە ژیانمدا ناسیبێتم. باپیرەم شێخ سەعید بن مەکتووم، خوا لێی خۆش بێت.

کەس نەیدەوتوانی بیر لە (دوبەی)یەکی بێ شێخ سەعید بکاتەوە، کە ٤٦ ساڵی لە فەرمانڕەواییکردنی میرنشینەکەدا بەسەر برد، باپیرم بوو کە گەشتی نوێکردنەوەی دوبەی دەست پێ کرد، کە تا ئەمڕۆیش کۆتایی نەهاتووە. باپیرم لە دەی سپتەمبەری ساڵی ١٩٥٨ کۆچی دوایی کرد.

هێشتە ئەو ڕۆژەم لەیادە، کە تۆزێك پاش نوێژی بەیانی گیانی سپاردو کۆچی دوایی کرد. باوکم ڕۆژانی دوایی لەتەنیشت باپیرمەوە گوزەراندو، لەو ماوەیەدا لە غەمباری بەرانبەر بە باپیرم، نانی نەدەخوارد زۆر کەم نەبێت. دەستم بە کراسەکەی دایکمەوە توندگرتبوو کاتێك فرمێسکێك بە چاویدا شۆڕ بووەوە. دەنگی ئافرەتان کە شین و واوەیلێیان بوو بەسەر شوێنەکەدا زاڵ بوو. ڕێ بە ئافرەتان نەدەدرا بە ئاشکرا شین بگێڕن، چونکە پێدەچوو ئەوە بەرهەڵستیکردنی قەدەرو ویستی خواوەند بێت.

وێڕای گەرما پیاوەکان لە چواردەوری ماڵەکەی گردبوونەوە. ژمارەیەکی زۆر گردبوونەوەو بێ دەنگی و غەمبارییەکی ترسێنەر باڵی بەسەردا کێشابوون، لەکاتێکدا باوکم و هەندێك لە خزمەکانی چوونە ژوورەوە تا باپیرم بشۆن خوا لێی خۆش بێت.

هەواڵی کۆچی دوایی شێخ سەعید کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دانیشتووانی (دوبەی)یەوە هەبوو. چونکە خۆشیان دەویست و دلێری و خەسڵەتی دۆستانەیان خۆش دەویست. پیاوێکی ڕەوشت چاك و لەخواترس بوو. تا بڵێیت بەرچاوتێرو باش بوو. بەخشندەبوو. مامەڵەکانی بەزەیی و گیانی باوکایەتییان لەخۆدەگرت. هەرگیز لەگەڵ زوڵم و ستەم نەبوو. لەگەڵ هەقدا بوو تەنانەت ئەگەر لە سەر حسێبی نزیکترین کەسی خۆیشی بووبایە.

شێخ سەعید بە پشوو درێژی ناسرابوو، بە دانایی و ئوقرەگیری و تێگەیشتوویی مامەڵەی لەگەڵ تەنگانەکاندا دەکرد. وێڕای ئەو دژوارییانەی بەسەر ماوەی فەرمانڕوایی کردنەکەیدا تێپەڕین، کەچی بابیرم لە پاراستنی پایەو پلەی (دوبەی)دا سەرکەوت، وەك میرنشینێکی گرنگ و، وێستگەیەکی بازرگانی گرنگ لەگەڵ دەوروبەریدا.
لە سەرەتاکانی وەرگرتنی جڵەوی فەرمانڕەوایی لەلایەن شێخ سەعیدەوە لە ساڵی ١٩١٢، میرنشینی دوبەی ناوبانگیەتی خۆی بە جموجووڵی چالاکانەی بازرگانی چەسپاندبوو.
لە سەردەمی شێخ سەعید گەشەسەندنێکی گەورەی بازرگانی مرواری بینی، ئەو ئاسانکارییە بازرگانی و گومرکیانە پتەوتریان کردبوو کە دوبەی پێشکەشی دەکردن، بەڵام ئەوەی دوبەی کردبوو بە باشترین شوێن بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانانی مرواری لەو ڕۆژگارەدا ڕەوشی کۆمەڵایەتی بوو کە کەشێکی ئازادی لەخۆدەگرت. ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێت ئەگەر بڵێم ئەو فرە کولتووری و مرۆییەی ئەمڕۆ هەمانە، شێخ سەعید تۆوەکانی

سەرەتای چاندووە. دەرگە بۆ هەمووان والاکرابوو، لێبووردەیی لەگەڵ هەمووان، هەلیش لەبەردەم هەر هەمووان‌دا کراوەتەوە.

دوبەی لە سەردەمی شێخ سەعیددا چەندان تەنگژەی بەخۆوە بینی و، هەموو جارێکیش چوون باڵندەی قەقنەسی ئەفسانەیی بوو، هەرکە دەبووە خۆڵەمێش، جارێکی دیکە زۆر بەهێزترو چوست و چالاکتر هەڵدەستایەوە.

لەو بارە قات و قڕییە ئابوورییە گەورەیەی لە سییەکانی سەدەی بیستەم جیهانی گرتەوەو هەرەسهێنانی پایەی دوبەی بەوەی گرنگترین بنکەی بازرگانی مرواری بوو، شێخ سەعید خۆی لەبەردەم هەڕەشەیەکی بێ هاوتادا بینییەوە. نەك هەر ئەوە بە تەنیا، بەڵکو کارەساتی زۆرتر چاوەڕێی دوبەییان دەکرد، ئەوەبوو لە ڕۆژێکی شوباتی ساڵی ١٩٣٩ ئاگرێکی گەورە لە ناوچەی دێرە کەوتەوەو نزیکەی ٣٠٠ خانوو و دوکانی سووتاند، وێڕای زیانی گیانی. هێشتە دوبەی لاپەڕەی ئەو غەمانەی هەڵنەدابووەوە، تا پاش ساڵێك دوای ئەوە خۆی لەبەردەم کارەساتێکی پڕ ئێش و ئازاربەشخترد بینییەوە، ئەوەبوو لە شوباتی ١٩٤٠ ئاگرێك لە وشکانی دوبەی کەوتەوە پتر لە ٤٠٠ خانوو و شوێنی بازرگانی سووتاند.

ئەم کارەساتانەو ڕووداوی دیکەو ئەو ئاکامانەی لێیان کەوتنەوە، تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بوون مەعدەنی ڕاستەقینەی شێخ سەعیدیان دەرخست، وەك فەرماندەیەکی وەرەبەرز کە هەرگیز وەرەی ناڕووخێت و، ئەوپەڕی کۆڵنەدان و خۆڕاگری دەنواند.

◆◆

**"نازانم بۆچی باوکم ئەو ڕۆژە توند توند دەستی گرتم، ئایە لەبەر ئەو غەمبارییە بوو کە دووچاری بوو، یان چرکە ساتێك بوو ویستی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبیرم نەچێتەوە "**

◆◆

شێخ سەعید ئەلتەرناتیڤەکەی دۆزییەوە، بەلکو ئەلتەرناتیڤەکانی بازرگانی مرواری دۆزییەوە. ئەوەندەی نەخایاند بزووتنەوەی بازرگانی جموجووڵی تێکەوتەوەو، میرنشینەکە لە چلەکاندا سەقامگیرییەکی ئابووری بەخۆوە بینی بەهۆی جۆراوجۆرترکردنی سەرچاوەکانی داهات و چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکان و، فرەوانکردنەوەی بەندەرو گواستنەوە لە ڕێگەی وشکانییەوە. لە هەر هەموو ئەوانەیشدا شێخ ڕاشدی کوڕی، ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرلەنوێ بووژاندنەوەی ژیانی ئابووری لە دوبەی هەبوو. ئەو جێنشینە لاوە بازووی ڕاستی شێخ سەعید بوو، لە هەموو قۆناغەکانی بنیادنانی (دوبەی) و، دووبارە داهێنانەوەی خودی خۆی و سەرلەنوێ هەنگاو هەڵهێنان بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ گەلەکەی و بۆ هەموو ئەوانەی هاتبوون ڕۆزی تێدا پەیدا بکەن، یاوەری بوو.

ساڵی ١٩٤٤، لە دوبەی و ژمارەیەك لە میرنشینەکانی کەنار نەخۆشی ئاوڵە بڵاوبووەوە، کە ژمارەیەکی زۆر کەسی کوشت، شێخ سەعید هەموو داهاتەکانی خۆی بۆ دابینکردنی دەرزی بۆ هەزاران کەس تەرخان کرد. ئەو کاتە تەنیا تیمارگەیەکی بچووك هەبوو بە ئاستەم دەیتوانی

پێداویستییەکانی دانیشتووان دابین بکات کە تا دەهات ژمارەیان زیاتر دەبوو، شان بە شانی ژمارەیەك نۆڕینگە کە خزمەتگوزاری چارەسەرکردنی تەواویان پێشکەش نەدەکرد. شێخ سەعید بڕیاری دا تیمارگەکە گەورە بکاتەوەو بیکات بە نەخۆشخانەو، لە پارەی تایبەتی خۆی بەشی هەرە زۆری تێچووی دروستکردنی نەخۆشخانەکەی خەرج کرد کە لە ساڵی ١٩٥١ کرایەوە. لە پەرەپێدان و فرەوانکردنەوەی بەشەکانی نەخۆشخانەکە بەردەوام بوو کە ناوی (ئال مەکتووم)ی لێنراو، بەوپەڕی چاوتێرییەوە هەر پارەی لەسەر خەرج دەکرد، لەچوارچێوەی دروستکردنی چەندان بەشی نوێ و هێنانی کادیری پزیشکی لێهاتوو بۆ ئەوەی کاری تێدا بکەن و هێنانی نوێترین ئامرازو ئامێری پزیشکی نوێ تا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو بوو بە گرنگترین نەخۆشخانە لە ناوچەکە.

لە بواری فێرکردنیشدا، شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٣٨ دامەزراندنی دەزگەی زانیاری لە دوبەی ڕاگەیاندو، لەو کاتەوە ئەو دەزگەیە سەرپەرشتی فێرکردن و خەرج لەسەرکرنی کرد، بەر لەوەی خزمەتگوزارییەکانی بواری فێرکردن لە پەنجاکاندا بازدانێکی جۆرەکی بەخۆوە ببینن.

سەرگوزشتەو هەواڵەکان دەگێڕنەوە کە ئەو شتەی زۆرتر شادی و کامەرانی دەخستە دڵی شێخ سەعیدەوە بینینی فێرخوازان بوو کە بەیانیان زوو ڕوویان لە فێرگەکانیان دەکرد. ڕاهاتبوو ڕۆژانە بە ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە دوایان بکەوێت و، سەیری دەکردن کە جانتاکانی فێرگەیان هەلگرتووە، زۆر جاریش

دەستی لە پەنجەرەکەوە دەردەکردو سڵاوی لێ دەکردن و، لەگەڵیاندا پێشوازی لە ڕۆژی نوێی وانە خوێندنی دەکردن.

کاتێك تەرمەکەی باپیرمیان لەناو ماڵ هەڵگرت و بەرزکردەوە، باوکم توند دەستی گرتم لە کاتێکدا لەناو ئاپوورەکەدا لە پشتی تەرمەکەوە دەڕۆیشت. نازانم بۆچی باوکم ئەو ڕۆژە توند توند دەستی گرتم، ئایە لەبەر ئەو غەمبارییە بوو کە دووچاری بوو، یان چرکە ساتێك بوو ویستی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبیرم نەچێتەوە؟ تا ئەمڕۆ نازانم. بەڵام ئەوەی دەیزانم کە هەموومان بەم ڕێگەیەدا دەڕۆین چەندەیش تەمەنمان درێژ بێت. مرۆڤ کارە چاکەکانی دەمێننەوە کە یادوەری ئەو لەناو خەڵکدا بە نەمری دەهێڵێنەوەو پلەو پایەی لای خواوەند بەرزتر دەکەنەوە کە ڕووی تێ کردووە.

زۆر لە لاوان و پیاوەکان پاڵەپەستۆیان بوو تا شکۆمەندی هەڵگرتنی دارەتەرمەکەیان بەربکەوێت کە تەرمەکەی باپیرەمی تێدابوو، سەیری پشتەوەم کرد دایکمم بینی لەبەردەم دەرگە کپ و بێ دەنگ ڕاوەستابوو، لە کاتێکدا ئافرەتانی چواردەوری لەبەر هەست کردنیان بەکۆست کەوتنەکە شین و شەپۆریان بوو. لە تەنیشت باوکمەوە دەڕۆیشتم و ئەویش دەستی گرتبووم و، هێشتە زۆر بچووکم بووم تا ئاستی ڕوانینم بگاتە سەرووی سەری پیاوەکان، بەڵام بۆشایی نێوان ڕیزەکانیان هەلی بۆ ڕەخساندم ئەو ئافرەتانە ببینم کە لەبەردەم کۆگەکاندا ڕاوەستابوون و لەژێر ڕووپۆشەکانیانەوە دەگریان. کۆمەڵێك ئافرەتی دیکەیش هەبوون بەو قرچەی گەرمایە لە تەنیشت ئاپوورەی پیاوەکانەوە دەڕۆیشتن و هەر شین و ڕۆڕۆیان بوو.

ڕاوەستا، کە تەرمەکە لای ماڵ شێخە مۆزە کچی سەعیدی کچە گەورەکەی ڕاوەستا، کە زۆری خۆش دەویست و لەکاتی نەخۆشییەکەیدا لە تەنیشتییەوە بوو، تا بۆ دوایەمین جار سەیرێکی بکات.

خێرا گەیشتینە گۆڕستانەکە کە سێ کیلۆمەتر لە کۆشکەکەوە دوورە. باوکم و مامەکانم لەسەرخۆ دەستیان بە داگرتنی تەرمەکەی باپیرم کرد، دلێرترین پیاو لە ژیانمدا ناسیبێتم، لەکاتێکدا من لە تەنیشت گۆڕەکەوە ڕاوەستابووم و فرمێسکەکانم قەتیس مابوون. پاشان نوێژمان کردو سوپاسی خواوەندمان کرد بۆ ئەو ژیانەی باپیرەم لەگەڵماندا گوزەراندی.

باپیرەم تەوەری ژیانم بوو، زۆربەی ڕۆژگاری منداڵیم لەگەڵی بەسەربرد. لەکاتێکدا ئەو ئاپوورە خەڵکەم دەبینی لە هەموو لایەکەوە بۆ سەرەخۆشی ڕوویان لە ماڵمان دەکرد لەخۆمم دەپرسی تۆ بڵێیت هەموو ئەوە چی بگەیەنێت، ئیدی بیری باپیرەم دەکرد.

ئێستە باوکم فەرمانداری (دوبەی)ە. ئەو کات بیرم بۆ ئەوە چوو کە پاش کۆچی دوایی فەرماندار، جێنشینەکەی ئەو کاتەی نابێت بیر لە خۆی و خانەوادەکەی بکاتەوە، چونکە هەنگاوگەلی فەرمی و بەرپرسیاریەتی دەست بەجێ دەست پێ دەکەن، تەواو وەك ئەوەی ڕووی دا کاتێك پیاوەکان کە ڕیز ڕیز ڕیزیان بەستبوو دەستیان بە ماچکردنی لووتی باوکم کردو سەرەخۆشییان لێکرد.

# 11
# ڕاشد بن سەعید.. ئەو وانانەی کۆتاییان نایەت



لەگەڵ باوکم و برام شێخ حەمدان بن ڕاشد ئال مەکتووم - ساڵی ١٩٦٣

وانەکانی ڕاشد بن سەعید کۆتاییان نایەت. قوتابخانە بوو، مامۆستا بوو، فەرماندار بوو، باوکی هەمووان بوو.

لەگەڵ نوێژی بەیانیدا ڕۆژی دەست پێ دەکات، لەوەوە ئەم وانەیە فێربووم، تا ئەمڕۆیش لەگەڵ نوێژی بەیانیاندا لەخەو هەڵدەستم.

بەر لە بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستا تا نوێژ بکات، پاشان گەشتی مەیدانی بۆ بەسەرکردنەوەی پرۆژەکان دەست پێدەکرد بەر لەوەی بگەڕێتەوەو قاوەڵتی بکات کە دایکم بۆی ئامادە دەکرد . دایکم بە تەنگی ئەوەوە بوو بە خۆی قاوەڵتی بۆ ئامادەبکات، ئەگەرچی خزمەتکاریش هەبوون. بەر لە قاوەڵتی لەبەردەم کۆشك دادەنیشت بۆ پێشوازی کردن لە بەرپرسان پاشان دەچووە نووسینگەکەی لە (خۆر) بۆ ئەوەی سەرپەرشتیارانی پرۆژەکان ببینێت، زۆرم پێ خۆش دەبوو کاتێك پرسیاری بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی لێ دەکردن و ئەو پرۆژانە گەیشتوونەتە کوێ؟ سەریان سوڕدەما کاتێك تاوتوێی لەگەڵ دەکردن و پێیان ڕادەگەیاند کە لەوان پتر زانیاری لەبارەی پرۆژەکانیانەوە دەزانێت . چونکە پاش بەرەبەیان بەسەری کردوونەتەوە. باوکم ڕۆژانە تەنیا یەك جار چاوی بە خەڵکی نەدەکەوت (کە ئێستە پێی دەڵێن "دەوامی فەرمی"، بەڵکو جارێکی دیکە لەنێوان پاش نیوەڕۆو ڕۆژئاوابووندا چاوی پێ دەکەوتن.

باوکم لە گەشتەکانی بەسەرکردنەوەی پرۆژەکان پاش بەرەبەیان سێ سوودی دەستەبەر دەکرد، یەکەم سوود: سەرپەرشتیاران کاتێك دەیانزانی ڕاستەوخۆ بایەخ بە وردترین وردەکارییەکانی پرۆژەکە دەدات، ئەوە نابێت بەهیچ جۆرێك هیچ کەموکووڕی، یان کەمتەرخەمییەك هەبێت، دووەم: وزەیەکی زۆریان بۆ کارکردن لە پرۆژەکانی شێخ ڕاشد لا پەیدا دەبوو چونکە ڕۆژانە دەیانبینی و هەستیان بە شانازییەکی گەورە دەکرد کاتێك وردەکارییەکانی پرۆژەکەی لەگەڵ تاوتوێ دەکردن. هەرچی سێیەم سوودە ئەوە بەدیهێنانی لێهاتووییەکی دارایی زۆر گەورە بوو بۆ پرۆژەکان، چونکە هیچ قۆنتەراتچی، یان فەرمانبەرێکی حکوومی نەیدەوێرا هیچ کارێکی گەندەڵی دارایی لە پرۆژەکانی (دوبەی)دا بکات. هیچ بڕە پارەیەکی پرۆژەکان بەر لە وادەی خۆیان خەرج نەدەکران و هیچ بڕە پارەیەکیش خەرج نەدەکرا پاش تەواوکردنی کارەکە نەبێت بەو کوالیتییەی کە فەرمانداری دوبەی دەیەوێت، چونکە ئاگەی لە هەموو وردەکارییەکان بوو. گەشتەکانی پەیامێك بوون بۆ فەرمانبەرەکان و وانەو پەندێك بوون بۆ کارگێڕو سەرکردەکان. شێخ ڕاشد لە هەموو کەسێکی دی زۆرتر بە تەنگی ناوبانگیەتی (دوبەی)ـەوە بوو، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بڕە پارەی تەرخانکراوی بە قۆنتەراتچی و خاوەند پرۆژەکان دەدا، دەیگوت سەرمایەی ڕاستەقینەمان ناوبانگیەتیمانە لەگەڵ بازرگانەکان. بەرانبەر بەوەیش هەرگیز ڕێگەی بە هیچ ڕەفتارێك نەدەدا بۆ دەستکاریکردنی یاساکان، یان سەرپێچی کردنی ئەو بنەمایانەی کاریان پێ دەکرێت.

ئەسپێکی هەبوو ناوی (سەقلاوی) بوو، بە بچووکی بەخێوی کردبوو. بە دەستی خۆی بە شووشەی شیر شیری پێ دەدا. بەخۆی ڕامی کردبوو و

ڕایهێنابوو. ئەسپەکە گەورە بوو شێخ ڕاشدی خۆش ویست و شێخ ڕاشدیش ئەوەی خۆش ویست. ئێواران سواری ئەسپەکەی (سەقلاوی) دەبوو، گەشتی بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانی دەکرد. ئەسپەکە ئازادانە بەناو تەویلەکەو دەوروبەریدا تا دەرگەی کۆشك دەسووڕایەوە. کاتێك باوکم هەردوو دەستی بەرزدەکردەوە، (سەقلاوی) دەستی بڵند دەکردەوەو سمی بە ئاسمانەوە بوو تا وەڵامی سڵاوەکە بداتەوە. هاوکات باوکم فێری کردبوو لەسەر یەك چۆك دانووشتێتەوە کاتێك داوای لێبکات. باوکم هەرگیز بە جڵەو نەیبەستبووەوە. دەچوو بۆ شوێنی پرۆژەکەو دادەبەزی لەکاتێکدا جڵەوەکە بە دەوری ملی ئەسپەکەوە شۆڕ بووبووەوە. (سەقلاوی) وەك خزمەتکارێکی گوێڕایەڵ دوای باوکم دەکەوت، پاشان لە پشتەوەی ڕادەوەستا کاتێك لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەدا قسەی بکردایە، زۆر جار لەپشتەوەی جەستەی باوکمەوە ڕادەوەستا و بەسەری سێبەری بۆ دەکرد. ئەم ئەسپەم خۆش دەویست، بینیم کەسایەتییەکی هەبوو لە زۆر لایەنەوە لە کەسایەتی من دەچوو، بێجگە لەوەی هەستی گاڵتەجاڕی هەبوو.

شێخ ڕاشد نووسینگەیەکیشی لای خۆر دوبەی هەبوو، لە شووشە ڕەشەکەیەوە چاودێری هاتوچۆی کەشتییەکان و جموجووڵی کاڵاکان و داگرتن و بارکردنی دەکردن. کەشتییەکان و خاوەن کەشتییەکانی دەناسی و تەنانەت قەوارەی ئەو کاڵانەیشی دەزانی کە مامەڵەیان پێ دەکرد، تەنانەت کاتێك هەندێك لە بازرگانە نوێیەکان دەیانویست خۆیان لە باجی گومرگی بدزنەوەو سەریان لە شێخ ڕاشد دەداو سکاڵایان بۆ دەبرد. شێخ کەشتییە ڕاوەستاکانیان و بازرگانییە پەرەسەندووەکانیانی بیردەخستنەوەو پێی

دەگوتن، ئەمە ماڤی حکوومەتە، ئەوانیش سەریان لەوە سوڕدەما کە شێخ ڕاشد ئاگەی لە وردەکاری بازرگانییەکانیان هەیە کە لە ڕێگەی خۆرەکەوە دەیکەن. بۆیە ڕێزو پێزانینیان بۆ ئەم فەرمانداره زیادی دەکرد.

باوکم دەستەڵاتی خۆی بە بایەخدان بە (خۆر) دوبەی دەست پێکردو، گرنگترین پرۆژە بەلای ئەوەوە فرەوانکردنەوەی خۆرەکەو قوولکردنی و کردنەوەی لەبەردەم کەشتییە گەورەکاندا بوو. شێخ ڕاشد فەرمانی دا خۆرەکە فرەوان بکرێت بە هەڵکەندنی ناو تاوێرو لە لەسەر یەك نیشتووەکان، کە دواتر بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو زەوییانە بەکار هێنران کە ئاوی دەریا دایپۆشیبوون. ئەو زەوییانەیش فرۆشران بۆ ئەوەی پارەی تێچووی پرۆژەکەی پێ بدرێت. لە ئاکامی ئەو کارەدا خۆرەکە قوولتر بوو و پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆرتری کەشتی کردو بەشداری پەرەسەندنی بازرگانی کرد. ئیدی لەو کاتەوە، خولیای دامەزراندنی پرۆژەکان کەوتە سەرم. ماوەی فەرمانڕەوایی باوکم بەوە ناسرابوو کە ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی تێدا جێبەجێ کران کە بریتی بوون لە خۆر دوبەی و کۆمپانیای تەلەفۆنی دوبەی و کۆمپانیای کارەبا و فڕۆکەخانەی دوبەی و ئەو نۆژەنکردنەوانەی لە نەخۆشخانەی ئال مەکتووم ئەنجامی دان، لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەدا. ئەمەیش بیرۆکەی منە لەبارەی فەرماندارەوە، کە کەسێکە دەجووڵێتەوەو بنیاد دەنێت و خزمەتی خەڵکی دیکە دەکات.

هەر لە منداڵییەوە لە ڕاشد ئەوە فێربووم کە فەرماندە کەسی زۆر چالاکترو زۆر بەتواناترە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا بە هەموو لێهاتووییەکەوە.

لەڕاشدەوە فێری ئەوە بووم کە هەر درهەمێك لە دوبەی بەهایەکی زۆری هەیەو خەرج ناکرێت لە شوێنی دروستی خۆیدا نەبێت. کولتووری فەرمانڕەواییکردن کە ڕاشد بن سەعید چەسپاندی کولتوورێکە لەسەر خەرجکردنی پارە بە دانایی و دوورکەوتنەوە لە تەخشان و پەخشانی حکوومی دامەزراوە، لە هەر شێوە تەخشان و پەخشان کردنێك بێت.

یەکێك لە گرنگترین نهێنییەکانی سەرکەوتنی دوبەی ئەو بەهایانەیە کە شێخ ڕاشد لە سیستمی فەرمانڕەواییدا چەسپاندوویەتی.

بەڵێ، فەرمانڕەوایی دروست دروستی و چاکبوونی وڵات و دانیشتووانی لێ دەکەوێتەوە.

# 12
# سێ وانە لەگەڵ سەرەتای فەرمانڕەوایی (ڕاشد)دا



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

شێخ ڕاشد بە وزەیەکی زۆرو سووربوونێکی فرەو گیانێکی گەرم و گوڕەوە فەرمانڕەوایی خۆی دەست پێ کرد. هەر ڕۆژێکی فەرمانڕەوایی ڕاشد بەلای منەوە فێرگەیەك بوو. هەموو ڕۆژێك بیرۆکەیەك و، پرۆژەیەك و ، پەندێك.

لەیادمە لەو بڕیارانەی سەرەتا کە ڕاشد دەریکردن پاش ئەوەی بەرپرسیاریەتی فەرمانداری وەرگرت پێکهێنانی ئەنجوومەنگەلی شارەوانی و بازرگانان و کەسانی دیکەی بلیمەتی ناو کۆمەڵمان بوو، لە ئەندازیارو بازرگان و ڕۆشنبیران. کاتێك پرسیارم لێ کرد بۆچی ئەم هەموو ڕوخسارە نوێیانە بانگ دەکات، بەوپەڕی جدییەتەوە سەیری کردم و گوتی: مرۆڤ لە فێربوون ڕاناوەستێت. دەمانەوێت پێمان ڕابگەیەنن چۆنیان دەوێت دوبەی بنیادبنێین و دەمانەوێت تۆیش فێربکەین چۆن دەبیت بە فەرماندە، چونکە ڕاهێنانی تۆیش دەستی پێ کردووە.

ئەوە یەکەمین وانە بوو لەسەر دەستی ڕاشد وەرمگرت. قسەکە قووڵ و ساکاریش بوو، هەرکە گەورەتر دەبووم و هەرکەیش بەرپرسیاریەتیم زۆرتر دەبوو، پتر دەرکم بە قووڵی و گرنگی و مەزنیەتی قسەکە دەکرد. بەڵێ مرۆڤ بە کامڵی لەدایك نابێت، ئەو پێویستی بە ئەقڵی کەسانی دیکە هەیە بۆ ئەوەی ئەقڵ و ڕای تەواوبکات، پێویستی بە بەردەوام فێربوون هەیە کە ڕاناوەستێت پلەو پایەیشی بەکوێ بگات. فەرماندە پێویستی بە ڕاوێژکردن بە دەوروبەری خۆی هەیە، تا لایەنگرییان بۆ پلان و پرۆژەکانی دەستەبەربکات، چونکە کەس ڕاوێژو ئامۆژگاری ڕەت ناکاتەوە تەنیا نەزان نەبێت.

گەورەبووم و ئەوە فێربووم کە پێغەمبەر - دروودی خوای لێ بێت - پرس و ڕاوێژی بە یاوەرەکانی دەکرد، ئەوێک کە لە هەڵەکردن پارێزراوە، ئەوێک لە ئاسمانەوە وەحی بۆدێت. گەورەبووم و فێری ئەوە بووم کە دژوارترین شت کە بشێت بیکات پشت گوێ خستنی ئامۆژگارییەکی ڕاستگۆیانەیە. گەورەبووم و چەندان فەرمانداروحکوومەتگەلی عەرەبیم بینی بایەخیان بە گوێ گرتن لە ڕای گەلەکانیان و هیواو ئاواتیان نەگرت لەبارەی ئەو چۆنیەتییەی کە دەیانەوێت وڵاتەکانیان پێ بنیاد بنرێن. گەورەبووم و چەندان فەرمانداری گەورەی وڵاتە گەورەکانم بینی گەورەترین هەڵەی مێژوویان کە ڕووخاندنی ڕاوێژکارە دوورووەکانیان بوو. بەڵێ ئەو کەسانەیان لە چوار دەوری خۆیان کۆکردبووەوە کە تەنیا ئەو شتانەیان بۆ دەگێڕانەوە حەزیان دەکرد بیانبیسن، هێشتەیش هەمان هەڵە دەبینم تا ئەم ڕۆژگارەی ئێمە دووبارە دەبێتەوە. خراپترین شت کە دەشێت فەرماندە، یان فەرماندار بیکات خراپ هەڵبژاردنی ڕاوێژکارانە. گەورەبووم و هێشتە ئامۆژگارییەکەی شێخ ڕاشد هەموو ڕۆژێك و لەگەڵ هەموو هەڵویستێکدا هەر دروستە.

لە ڕۆژێکی دیکەی ڕۆژانی شێخ زایدو لە کۆڕێکی دیکەی کۆڕەکانیدا، دیسان شتێکی گەورە فێربووم کە تا ئەمڕۆ پێڕەوی دەکەم. شێخ ڕاشد قسەی لەگەڵ پیاوێکدا دەکرد لەناو کۆڕەکەو پێی دەگوت، بڕوام وایە تۆ چالاکیت و توانای سەرکردایەتیکردنت هەیە، ئایە دەتوانیت ئەو پرۆژەیە دەست پێ بکەیت و تا کۆتایی بەدواداچوونی بۆ بکەیت؟ دواتر نارەزایی خۆمم بۆ دەردەبڕی و بە گوێمەوە دەچرپاند، بۆچی بە فلان کەست گوت کە سەرکردەیە.. ئەو

ئەوەند لێهاتوو نییەو شایەنی ئەو وشەیە نییە، هەناسەیەکی قووڵ وەردەگرت و وەڵامی دەدامەوە کە گرنگترین خەسڵەتی فەرمانداری سەرکەوتوو ئەوەیە فەرماندەگەلی بەهێز لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئێمەیش بەردەوام بەدوایاندا دەگەڕێین و، بەرپرسیاریەتییان پێ دەسپێرین و هانیان دەدەین تا ببنە فەرماندەگەلی ڕاستەقینە.

ڕاستییەکەی ئەوانە وشەگەلێك بوون لە زێڕ. بەهەموو ساکارییەکەوە دەیگوتن، بەڵام نهێنییەکی گەورەی نهێنییەکانی سەرکەوتن و باڵادەستیی وڵاتانە. دروستکردنی فەرماندە دروستکردنی پەرەپێدانە. ئەمە دووەمین وانەبوو. ئەم پرەنسیپەم بەدرێژایی پەنجا ساڵی ژیان و کاروانی سەرکردایەتی کردنم تا ئەمڕۆ پێڕەو کردووەو چەندان بەرنامەم بۆ ئامادەکردن و دروستکردنی فەرماندەگەل تەرخان کردووەو بەشێوەیەکی تایبەتیش پشتیوانی ئەو لاوە هیواخوازانەم کرد کە خۆمم تێدا بەدی دەکرد لە هەموو ئەو پلەو پایەیانەی بەڕێوەم بردوون. ئەمڕۆیش دەیانبینم لە بوارەکانی خۆیاندا فەرماندەگەلی جیهانین و، شانازییان پێوە دەکەم. ڕاوێژکردن چەندان ئەقڵ دەخاتە پاڵ ئەقڵی خۆت و، دروستکردنی فەرماندەگەلیش دەستگەلی زۆرو مەزن دەخاتە پاڵ دەستت. ئەو فەرماندانەی دروستیان دەکەین دەبنە ئەو چاوانەمان کە بەهۆیانەوە شت دەبینین و دەبنە ئەو دەستانەمان کە شتیان پێ دروست دەکەین و، دەبنە وزەی خوڵقێنەرو دەخرێنە سەر وزەکانمان بۆ بەدیهێنانی ئەو بۆچوون و ڕوانینەمان کە خەونیان پێوە دەبینین.

سێیەمین وانە کە دەمەوێت لەم بەشەدا بیگێڕمەوە پرسیارێکە لە شێخ ڕاشدم کرد کاتێک بچووک بووم. ئەویش سەبارەت بە فەرمانداریەتی بوو.

◆◆

"گەورەبووم و چەندان فەرمانداری گەورەی وڵاتە گەورەکانم بینی گەورەترین هەڵەی مێژووییان کە ڕووخاندنی ڕاوێژکارە دووڕووەکانیان بوو"

◆◆



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

◆◆

**"شێخ ڕاشد بەردەوام ئەوەی بە باش دەزانی لە هەراوهوریای سیاسەت و تێکەڵ و پێکەڵی و شەڕە بچووکەکانی دوور بکەوێتەوە. دەیشیگوت هیچ شتێکی بۆ ئێمەی عەرەب دروست نەکردووە"**

◆◆

لێم پرسی: سەرکردە ڕاستەقینەکان لەم جیهانەدا کێن؟ وەڵامی دایەوە: سەرکردە ڕاستەقینەکان ئەمڕۆ لە ڕابوردوو ناچن. جیهان گۆڕاوە. سەرکردە ڕاستەقینەکان ئەو زەبەلاحە بێ دەنگانەن کە پارەیان هەیەو، ئەو سیاسەتوانانە نین کە زۆر چەقەچەق دەکەن.

هێشتە ئەم وەڵامە تا ئەمڕۆیش واق وڕماوی کردووم. ئابوورییە بەردەوام سیاسەت دەجووڵێنێت. زۆربەی شیکارەکان ئەمڕۆ بەر لەشیکردنەوەی هەر دیاردەیەکی سیاسی دەڵێن: بەدوای پارەدا بگەڕێ! تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژئاواو دیموکراتییە گەورەکان، پارەو ئابوورینەو دوو شتەن کە سیاسەت دەجووڵێننەوە. بۆ نموونە دەوڵەتێکی گەورەی وەك چین دەبینم، بە هێزی ئابووری خۆی ڕووبەڕووی جیهان دەوەستێتەوەو، بەهۆی پارەی زۆرو هێزی ئابوورییەکەی لایەنگری وڵاتان و پشتیوانی و هێزی جیۆسیاسی دەستەبەر دەکات. ئەمڕۆ دەوڵەتی مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە

جیهاندا یەکەمە نەك تەنیا بەهۆی هێزی سەربازییەوە، بەڵکو بەهۆی هێزی ئابووریشەوە.

ئەم وەڵامە زۆر لە هزرو فەلسەفەی دوبەی و، زۆر لە هەڵوێستەکانی شێخ ڕاشد کورت دەکاتەوە . بەردەوام ئەوەی بەباش دەزانی لە هەراوهوریای سیاسەت و تێکەڵ و پێکەڵی و شەڕە بچووکەکانی سیاسەت دووربکەوێتەوە، دەیگوت: هیچ شتێکی بۆ ئێمەی عەرەب دروست نەکردووە.



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

هەموو بیرو تواناو کاتی خۆی بۆ پرۆژەو ئابووری تەرخان کردبوو، خۆی لەهەموو شتێك دوورەپەرێز دەگرت کە بشیبایە وڵاتەکەمانی بەرەو زەلکاوی سیاسەت ببردایە. بەدرێژایی تەمەنم لەڕووی بڕواو تاقیکردنەوەوە پشتم بەم فەلسەفەیە بەست. ئەمڕۆیش زۆر لە عەرەبەکان وڵاتەکەمان بەو شێوەیە دەبینن کە بە سەرکەوتووترین تاقیکردنەوەی پەرەپێدان لە ناوچەکە دەژمێررێت، ساڵانەیش بە هەزاران لاوانی عەرەب لە ڕاپرسییەکانی ساڵانەدا دەنگ بۆ وڵاتەکەمان دەدەن بەوەی نموونەیەکە ئاواتیان ئەوەیە وڵاتەکانی ئەوانیش چاوی لێ بکەن و بە هیوای ناوچەکەیش سەیری دەکەن و هیواخوازن بێن و لێرە ژیانی تێدا بگوزەرێنن و خۆیان و خەونەکانیان بەدی بهێنن. ئەمڕۆیش وڵاتەکەمان بەهۆی ئەم فەلسەفەی فەرمانڕەواییەوە کە شێخ ڕاشد هەر لە منداڵییەوە لە ئاخماندای چاندووە بووەتە ئایکۆنێکی ئابووری.

سێ ئامۆژگاری لە داناو مامۆستایەکەوە، بوون بە ڕێبازی ژیان بۆ من و بوون بە فەلسەفەی فەرمانڕەوایی لەگەڵ گەلەکەم.

# 13
# ئەشکەوتە بچووکەکەم

زۆر لە پیاوان ئارەزوو دەکەن (ئەشکەوت)ی بچووکی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت، پەنای بۆ ببەن، بە شێوەیەک دەکۆشن ئارەزووەکانی خۆیان تێدا جێبەجێ بکەن، یان لە هەراوهوریای ماڵەوە دووربکەونەوە، یان پاش شەکەتی و ماندووبوونی ڕۆژێکی دوورودرێژ پاڵی تێدا بدەنەوە.

کاتێک بچووک بووم ئەم ئارەزووەم هەبوو ئەشکەوتی تایبەت بە خۆم هەبێت.

لە بەشی لای ڕۆژئاوای کۆشکی (زەعبیل)ـەوە، ژوورێکی بچووکمان هەبوو، ناوەوەی لم بوو. باوکم هەڵۆی ڕاوکردنی لەو ژوورەدا دانابوو. پاش ئەوەی کارەکانی باوکم زۆر بوون داوای لێکردم چاوم لەو ژوورە بێت. منیش چاوم بە ژوورەکەوە بوو، بەڵام بەپێی شێوازی خۆم.

لە یادمە پاش نیوەڕۆیەک هات تا بمبینێت. لەسەر زەوییە لمینەکەی ناو ژوورە بچووکەکە دانیشتبووم و بە شانازییەوە سەیری بەهەشتە نوێیەکەی خۆم دەکردو ئارەزووم دەکرد باوکم بیبینێت، کاتێک سێبەرێکی درێژ لە

دەرگاکە هاتە ژوورەوە. ئاوڕم دایەوە دەم و چاوو ڕوخساری جدیم بینی کە زۆری ناخایاند پێکەنینێکی قووڵ دایپۆشی، لەکاتێکدا بانگی دایکی کردم.

ژوورەکە لە ژووری هەڵۆوە بووبوو بە ژوورێکی پڕ لە چەندان جۆرە گیانەوەر، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر دووپشکم گرتبوو، چەندان سندووقی پڕ لە هەموو جۆرە مارێکم لەسەر یەکدی کەڵەکە کردبوو. هەرچی ئەو رووبەرە بچووکەی مابووەوە، بە گوێچکە ماسی و کۆنێسکی ماسی پڕم کردبووەوە کە لەکاتی گەشت و ڕۆیشتنەکانمدا بۆ کەناری دەریا کۆم کردبوونەوەو بە هێوری بۆ ژوورەکەم هێنابوون.

باوکم و دایکم لە بەر دەرگە ڕاوەستان و پێکەنینەکەیان بەرزبووەوە تا ڕادەیەك تێنەدەگەیشتم چی دەڵێن. کاتێکیش دایکم توانی جڵەوی پێکەنینەکەی کۆنترۆڵ بکات و پاش ئەو پێکەنینە فرمێسکەکانی بسڕێت و گوتی: کەواتە دزی پسپۆڕ نەبوو گۆزەکانی مووبەقەکە بدزێت! خۆشەویستم لانی کەم شووشەی تێکەڵەی جوانکارییەکەم بۆ بگێڕەوە، چونکە ئەو دارەی تێدایە زۆر زۆر لە پەڕی ئەو باڵندانە گرانترە کە لەوێ هەڵتگرتوون!

پاش ئەو هەڵویستە ژوورەکە بوو یەکەمین شوێن کە دەپشکنرا هەرکە لە ماڵەوە گۆزەیەك، یان شووشەیەك بزر بووبایە. پاش ئەو تووڕەبوونەی کە تووشی بووم کاتێك ناچار بووم واز لە هەندێك لە شتە گرانبەهاکانم بهێنم، باوکم و دایکم بڕیاریان دا ئارەزووەکانم بە زانست دەوڵەمەند بکەن و، دایکم چەند تێنووسێکی بچووکی پێشکەش کردم دۆزینەوەکانی خۆمیان لەبارەی باڵندەو گیانەوەر و گوێچکە ماسی و ئەو کۆنێسکانە تێدا تۆمار بکەم کە کۆم دەکردنەوە.

ئەو تێنووسە بچووکانە پڕ لەو تێبینیانە بوون کە دەمنووسین و ئەو وێنانەی تێمدا دادەنان. ئەو تێنووسانە چێژی فێربوونم بوون و ئەو زوورەیش (ئەشکەوت)ە بچووکەکەم بوو تێیدا ئارەزووەکانی خۆمم لە بارەی ناسینی سروشت تێدا جێبەجێ دەکرد لەچوارچێوەی کۆکردنەوەی چەندان جۆرە گیانەوەری بچووک بچووکەوە.

ئەوەی لەم ئەشکەوتە بچووکەوە فێری بووم ئەوەبوو کە فێربوون بە تاقیکردنەوە بە درێژایی ژیان لەگەڵت دەچەسپێت و دەمێنێتەوە.

# 14

## یەکەم ماین



ئایە دەزانیت چ جیاوازییەك لە نێوان یەکەمین خۆشەویستی و یەکەمین ماییندا هەیە؟

هیچ جیاوازییەك نییە. بەلای منەوە یەکەمین ماین و یەکەمین خۆشەویستی دوو ڕووی یەك دراون.

هەر لە منداڵییەوە ماینم خۆش دەوێت. لە ماڵێکدا پەروەردە بووم باوکم بە سواری ئەسپەکەی (سەقلاوی) بە سەرانسەری (دوبەی)دا دەسووڕایەوەو، بێ جڵەو لێی دەخوڕی. لە ماڵێکدا پەروەردە بووم (مەکتووم)ی برا گەورەم (کاکم) ئەسپێکی هەبوو دەیتوانی سواری ببێت ئەویش بە ڕاگرتن لە پشتییەوە، ئەگەر یەکێکی دیکە هەوڵی دابایە سواری بووایە جووتەی دەهاویشت و دەیخستە خوارەوە. ئەسپەکەی مەکتووم بێجگە لە مەکتووم، خوا لێی خۆش بێت، ڕازی نەدەبوو کەسی دی سواری ببێت.

چۆن ماینم خۆش ناوێت لەکاتێکدا دایکم دەیتوانی سواری ماین ببێت بێ ئەوەی زین کرابێت؟ کاتێك منداڵ بووم لە یادمە کە (حەمدان)ی برام ئەسپێکی هەبوو، ئەوەند خێرابوو پێیان دەگوت (گەرەوان).

لە ماڵێکدا پەروەردە بووم ماین و ئەسپیان خۆش دەویست. لە ژینگەیەکدا پەروەردەبووم زۆر بابەتگەلی کولتوورییان تێدا دەگێڕایەوە، باوکان بۆیان دەگێڕاینەوەو ئێمەیش بچووك بووین کاتێك شەوانی سارد لە چوار دەوری ئاگر گرددەبووینەوە. لە یەکێکیاندا ئاماژە بەوە کراوە کە خواوەند کاتێك

ویستی ماین دروست بکات بە بای باشووری گوت: من لە تۆ گیانەوەرێك دروست دەکەم، بیکە بە شکۆی پیاوچاکانم و سەرشۆڕی بۆ نەیارانم و، پارێزەر بۆ ئەوانەی گوێ ڕایەڵمن. ئەویش گوتی: ئارەزووت لە چییە بیکە، مشتێك لە باکەی وەرگرت و ماینێکی دروست کردو گوتی: ناوم نایت ماین و کردمیت بە عەرەب. چاکە لەگەڵ تۆیەو لەهەر کوێ بیت دەوڵەمەندیت لەگەڵەو وام لێ کردوویت بەبێ باڵ بفڕیت..
بەڵێ ئەم کولتوورەمان ئەوە بە ئەوە بۆ ماوەتەوە، بۆیە هەست بە مەزنیی ئەسپ و ماین دەکەم هەرکە بیبینم، ئەوسا ئافرەتانمان لە ماڵەوە دەیانگێڕایەوە کە جنۆکەو گیانی شەڕەنگێز ناوێرن بچنە ناو خێوەتێکەوە ماین و ئەسپی عەرەبی ڕەسەنی تێدا بێت. ئەمە ئەو ژینگەیەی منە کە تێیدا پەروەردە بوومە، ئیدی چۆن ماین و ئەسپم خۆش ناوێت !.

◆◆

## "لە مینەکەمەوە فێربووم کاتێک شتێکت خۆش دەوێت تا کۆتایی لەسەری بەردەوام بە. کاتێک دەتەوێت کارێک تەواو بکەیت هەمووی خۆتی پێ ببەخشە، هەندێکی خۆتی پێ مەبەخشە، تەنیا مەگەر نیوە کارێک، یان نیوە سەرکەوتنێکت بوێت!"

◆◆

خواوەندیش لە قورئاندا سوێندی پێ خواردووەو پێغەمبەری خوایش باسی ئەوەی کردووە کە ئەسپ بیت و فەڕ بە پلەوپایەیەوە پەیوەستە.

پاش ئەو هەموو شتە ئیدی چۆن خۆشم ناوێت!

دەڵێن من ئەمڕۆ گەورەترین خاوەن ماین و ئەسپم لە جیهاندا. بەڵام زۆر کەس نازانن کە بە منداڵی دایکم شەوانە لەناو جێگەکەمدا بە دوامدا دەگەڕا و نەیدەدۆزیمەوە، ئەو کات دەیزانی لای مایینەکەم لە تەویلەکە نووستووم. مایینەکەی خۆمم خۆش دەوێت و حەز دەکەم لێوەی نزیک بم. تێم دەگات و تێی دەگەم. ئەگەر دیار نەبووم سۆراخم دەکات، ئەگەر لەگەڵیشی بم قسەم لەگەڵ دەکات و منیش قسەی لەگەڵ دەکەم.

◆◆

**"ماینەکەی خۆمم خۆش دەوێت و حەز دەکەم**
**لێوەی نزیك بم. تێم دەگات و تێی دەگەم.**
**ئەگەر دیار نەبووم سۆراخم دەکات. ئەگەر**
**لەگەڵیشی بم قسەم لەگەڵ دەکات و**
**منیش قسەی لەگەڵ دەکەم "**

◆◆

پێوەندیم لەگەڵ ئەسپ ئێوارەی ڕۆژێکی جوان دەستی پێ کرد. لەگەڵ باوکم لە بیابان دەهاتینەوە. بۆ نوێژی ڕۆژئاوابوون لامان دا. پاش نوێژەکە، باوکم پێی گوتم: دەمەوێت پێشبڕکێیەکی ئەسپ سواری لە دوبەی ڕێکبخەم. هەموو هۆزەکان دەتوانن بەشداری تێدا بکەن. دەمەوێت تۆیش بەشداری تێدا بکەیت. ئەو کات تەمەنم نزیکەی دە ساڵان دەبوو، بەڵام ئەو ڕستەیەی باوکم گوتی پاڵی پێوە نام هەست بکەم کە تەمەنم بیست، یان سی ساڵانە. وشەکانی باوکم وزەیەکی زۆریان پێ بەخشیم و پاڵیان پێوەنام هەست بە بەرپرسیارییەتییەکی مەزن بکەم، چونکە پێشبڕکێکە لە جۆرە ئاهەنگگێڕانێکی گەورە دەچێت هەمووان دەیبینن و هەمووان پێشبڕکێی تێدا دەکەن. باوکم ژمارەیەك ئەسپ و ماینی هەبوو. پێی گوتم: یەکێکیان هەڵبژێرەو بۆ خۆئامادەکردن بۆ پێشبڕکێکە مەشقی پێ بکە.

ئاشکرایە کە لە هەڵبژاردنی ماین و ئەسپەکەدا نۆرەی سێیەمم بەردەکەوت، چونکە لەناو براکانمدا من سێیەمیانم! مەکتوومی برام ئەسپێك

هەڵدەبـژێرێت و دوای ئـەویش حەمـدان، پاشـان مـن سـێیەمین ئەسـپ هەڵدەبژێرم. هەرچۆنێك بێت بەردەوام لە پێشی پێشەوە ڕێـز لە برا گەورە دەگیرێت. هەر لە منداڵییەوە بەو شێوەیە پەروەردە کراوین. من بە خۆیشم تا ئەمڕۆ ڕێزی ئەو کەسە ناگرم کە لەناو خێزانەکەی خۆیدا ڕێـزی کەسی لەخۆی گەورەتر نەگرێت.

ئۆمایەکی جوان لای باوکم بوو سەرنجی ڕاکێشام، بەڵام بریندار‌بوو، کەس بۆ پێشبڕکێ تاقی نەکردبووەوە. بە بایەخـەوە چاودێریم کـرد، لەوە دڵنیابووم کە دتوانێت لە پێشبڕکێکاندا بەشداری بکات، ناوی سودا (ئـوم حەلـەج ـ واتە ئەڵقە) بوو.

عـەرەب گوتوویـەتی کاتێـك ئەسپێکیان لـە ئەسـپێکی دیکـە پـێ باشـتر بێت گوارەیەکی زێڕی لەگوێ دەکەن. کەسانێکیش هەن گەردانـەی زێـڕو زیـو لە ملی ماین دەکەن، تەواو وەك ئەوەی ئافرەتی جوان دەیکات.

گوارەکەی (سودا) پێشتر بەر شتێك کەوتبوو بۆیە لای گوێی ڕاستی لەسـەرەوە قڵیشـابوو، ئەمـەیش بووبـوو بـە نیشـانەی و لەگـەڵی مـابووەوە، سـودا ئـەم حەلەج (واتە ئوم ئەڵقە).

یەکسەر ئامادەکاری سەرەتایی خۆم بۆ ڕاهێنان و مەشق پێکردنـی سودا (ئوم حەلەج) دەست پێ کرد، سەرتاپشم بە تیمارکردنی دەست پێ کرد.

دایکم شێخە لەتیفە زاناترین کەس بوو لەبواری چارەسەرکردن بە گژوگیا، هاوکات لە هەموویان باشتر زانیاری لە بارەی ماین و ئەسپەوە دەزانی. داوام لێکرد بەپەلە سەیرێکی نۆماکە بکات، لەکاتێکدا زۆر نیگەران بووم لەوەی پێکرابێت. دایکم زۆر بە بایەخەوە پشکنینی بۆ کرد. هەر لەسەرەتاوە تێبینیم کرد کە نۆماکە بە دەنگی دایکمەوە دێت کاتێك هەر چوار پەل و جومگەکانی دەپشکنی و دەکۆشا هۆکاری پێکرانەکەی بزانێت. نۆماکە دەیزانی دایکم بۆ چارەسەرکردنی لەوێیە. لەوەوە زیرەکی ماین و ئەسپم بۆ دەرکەوت و ئەوەیشم زانی چەند هەستوەرو ناسك و دڵسۆزە.

دایکم شوێنی پێکرانەکەی بۆ دەستنیشان کردم و داوای لێکردم سمەکانی بقرتێنم و تێکەڵەیەکی گژوگیا لەسەر شوێنی پێکرانەکە دانێم و خۆشاوێکی گژوگیایشی بۆ سووککردنی ئازارەکە پێ بدەم. پاشان وردە وردە لەسەر ڕێکردن مەشق و ڕاهێنانی پێ بکەم. پرسیارم لەبارەی ماوەکەوە لێ کرد، پێی گوتم سێ مانگ، لەگەڵ گۆڕینی باندجەکە کە ڕۆژانە لەسەر لاقی دادەنرێت.

ئەوە گرنگترین پرۆژە بوو لە ژیانمدا. پێشبڕکێکە پاش چوار مانگ بەڕێوە دەچێت و، منیش ماوەی سێ مانگم بۆ چارەسەرکردن و مەشق پێ کردنی نۆماکەم پێویستە. هێشتە چارەسەری نۆماکەمم لەیادە، لەبەر ئەوەی بە خۆم ڕۆژانە ئامادەم دەکردو لەسەر لاقیم دادەنا.

چارەسەرییەکەی دایکم بریتی بوو لە حەرمل و کورکوم و سەدرو کەرەستەی دیکە. تێکەڵەیەکی لێ دروست دەکردو بۆ چەند مانگێك ڕۆژانە باندجێك لە سەر لاقی (ئوم حەلەج) دادەنراو هەموو بەیانییەك دەشۆررا.

وام لێهات ماوەیەکی زۆرترم لە تەویلەکان بەسەردەبرد. ئەستووربوونەکەی دامرکایەوە پاش ئەوەی بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە ڕێگەی دەمەوە تۆزی کورکومەکەی پێ دراو بەهۆی باندجە لاوەکییەکەوە لاقی زۆر پاکتر بووەوە، بەلام (قاپە ڕەقە)ی هێشتە دیمەنی ناشیرین بوو، منیش بەردەوام تۆزەکەم لەسەر دادەنا. هاوکات ئەمدەهێشت لە شوێنی خۆی نەجوولێتەوەو زۆریش ماندووم نەدەکرد.

وام لێ کرد ڕۆژانە ڕێ بکات. ئەوەیشم وردە وردە دەست پێکردبوو. لە کۆتایی سێیەمین مانگ ڕۆژانە سێ تا چوار کاتژمێر ڕێم پێ دەکرد. بینیم تەندروستی باشتر بووە. ئەگەرچی هەستم کرد کە (وەتەر)ەکەی تا هەتایە هەر بە ناشیرینی دەمێنێتەوە، بەلام (وەتەر)ی ناشیرینی بەهێز لە (وەتەر)ی جوان و لاواز باشترە.

لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوونمان لە (زەعبیل) و نێوان دەریادا ماوەیەکی باش هەبوو، بۆیە هەندێك جار ڕاهاتین بەیانیان زوو مال بەجێ بهێلین و هەر هەموو ئەو ڕۆژە لەسەر کەناری دەریا بەسەر ببەین. (ئوم حەلەج)م دەبردە ناو ئاوەکەو مەلەم پێ دەکردو پالیم دەگرت کاتێك سەری بەسەر ئاوەکەوە بلند دەکردەوەو لەسەر کەنارە سپییەکە مەشق و ڕاهێنانم پێ دەکرد. - من و هاوڕێکان و ئەویش - پێکەوە لەوێ نیوەڕۆژەمان دەخوارد، کاتێك لووتی دەژەندە ناو گژوگیای بیابان کە بەیانی بۆم ڕنیبووەوەو لەگەل خۆم بۆم هێنابوو. بە هەردوو کاجیرەی ڕەشی خواردنەکەی دەهاڕی و جار نا جارەیش سەری بلند دەکردەوە کاتێك پاڕووە گیاکەی لەناو دەمیدا دەجوو،

پاشان سەرلەنوێ سەری دادەنەواندەوە کاتێك تەواوی دەکرد. لە کاتی گیا خواردنیشدا بەردەوام لاقە پێکراوەکەی لە پێشەوە ڕادەگرت، وەك بڵێیت سەماکەرێکی جوانی بالێ بێت و مەشق بکات.

لە کاتی گەڕانەوەیشدا فیکەیەکم بۆ دەکرد، بە خۆشحاڵییەوە دوام دەکەوت. پێی خۆش بوو بۆ تەویلەکان بگەڕێتەوە بەڕادەی ئەوەی کە پێی خۆش بوو ڕۆژگار لە دەرەوە بەسەرببات. هێورانە ڕادوەستاو بریسکانەوەیەکی دۆستانە بە چاوییەوە دەبینرا، خەو دەیبردەوە لەکاتێکدا لم و خوێنم لەسەر بانیۆشەکەی لادەبرد، پاشان گوێی بۆ پشتەوە دەجووڵاندەوە بۆ بیستنی هەر گۆرانێك لە ڕێتمی دەنگمدا بەدی بهاتایە لەکاتێکدا بەردەوام لەگەڵی دەدوام. لاقی پشتەوەی پشوو پێ دەداو لاقە برینداره‌کەی لە پێشەوە دادەنا، وەك بڵێیت ئەو ئازارەم بیر بهێنێتەوە کە هەستی پێ دەکات. کاتێك لە دانانی باندجەکەو ئەو باندجە پەڕۆیانە دەبوومەوە کە لای دایکم دەمهێنان، لەو لاوە دادەنیشتم و دەکۆشام شتێك بدۆزمەوە تا کارێك بکەم، هەر بیانوویەك بووبایە تا تەویلەکە بەجێ نەهێڵم، بەتایبەتی شەوانە. دەمویست لە تەنیشتییەوە بمێنمەوە.

شتێکی زۆر لەم ئۆما جوانەوە فێربووم. فێری ئەوەبووم چۆن پێوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەم گیانەوەرە جوانەدا ببەستم، پێوەندی دۆستایەتی و دڵسۆزی. فێری ئەوە بووم چۆن لەگەڵ ئەسپ قسەبکرێت و لەیەکدی تێبگەن. فێری ئەوەبووم ئەگەر چاکە لەگەڵ ماین و ئەسپ بکرێت چاکەی زۆرتر بەرهەم دەهێنێت. ماینەکەم فێری دڵسۆزی کردم.

یەکەمین مایینم فێری کردم دەستکەوت لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەش ناکرێت. بەشێوەیەکی بەردەوام سێ مانگی ڕەبەقم گوزەراند تۆماکەم چارەسەردەکردو، شوێن برینکەیم پاك دەکردەوە، پەتەکانیم دەگۆڕی و، ڕۆژانە سێ تا چوار کاتژمێر ڕێم پێ دەکردو دەمدواندو لە کەناری دەریا جوانترین کاتم لەگەڵ بەسەردەبرد.

لە مایینەکەمەوە فێری ئەوەبووم ئەگەر شتێکت خۆش ویست تا کۆتایی لەسەری بەردەوام بە. کاتێك دەتەوێت کارێك تەواو بکەیت هەمووی خۆتی پێ ببەخشە، هەندێکی خۆتی پێ مەبەخشە، تەنیا مەگەر نیوە کارێك، یان نیوە سەرکەوتنێکت بوێت!


# 15
# یەکەم پێشبڕکێ[٧]

وەك یەکەمین ماین، یەکەمین پێشبڕکێیش، بۆنەیەکە مەحاڵە تا ماوم لە بیرم بچێتەوە، هاوکات چرکەساتی ورووژێنەرو چاوەڕوانییە هێشتە هەستیان پێ دەکەم هەرکە بیرم بکەونەوە. بەردەوام یەکەمین چرکە ساتەکان، لەگەڵمان دەمێننەوە، نازۆن، یەکەمین ماین، یەکەمین پێشبڕکێ ، یەکەمین خۆشەویستی. ئەو چرکەساتانەن تا هەتایە هەڵکۆڵراون و دەمێننەوە.

هەواڵەکانی پێشبڕکێکە کە باوکم ڕایگەیاندبوو بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووبووەوە. شێخ مەکتووم (عوّدە)ی ئامادەکردبوو، کە لە نەوەی (ویدسەن)ەو شێخ حەمدان (حەمدانییە)ی ئامادەکردبوو، هەرچی من بووم دڵم بە ماینەکەم (ئوم حەلەج) خۆش بوو.

خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی میرنشینەکانەوە ئامادەبووبوون. کاتێک خانەوادەکەم و سەرانسەری گەلی دوبەی هەستیان کرد بانگهێشتەکە گشتییە، هەر ماڵەو چێشتیان بۆ ڕۆڵەکانی هۆزەکان لێنا کە بۆ بینینی ڕووداوەکە ئامادەبووبوون، بە پیاوو ئافرەتانەوە، ئاژەڵان کۆکرانەوە و سەر بڕان و ئامادەکاری بۆ بۆنەکە کرا. ئافرەتەکان بەر لە چەند هەفتەیەك بۆنیان ئامادەکردبوو تا میوانەکان پاش نانخواردن لە خۆیان بدەن و بۆنی

خۆیـانی پـێ خـۆش بکـەن. ئـەو پیاوانـەیش کـە شـیعریان دەهۆنییـەوە چامەکانیان ئامـادە دەکـردو، خۆیـان لەسـەر خوێندنـەوەیان ڕادەهێنـاو لـە (کۆڕ)دا دەستکارییان دەکرد تـا لەبـەردەم شێخە میوانەکانـدا بیانخوێننەوە لەناو پیاوەکانیشدا هەبوو هەواڵی ئەوەی بڵاودەکردەوە کە ئەسپێکی مـەزنی هەیە هیچ ئەسپێکی دیکە ناتوانێت بۆڕی بدات.



لە پێشبڕکێیەکی ئەسپ سواریدا لەگەڵ برام حەمدان بن ڕاشد ئال مەکتووم

بە درێژایی دوو کیلۆمەتر لە کەناری باوکم فەرمانی دەرکرد ڕێگەیەک ڕێکبخرێت، پێشبڕکێکارانی میرنشینەکانی دەوروبەر (جومەیرا) خێوەتەکانیان لەسەر کەناری دەریا هەڵداو لەگەڵ ئەسپەکانیان لەوێ گیرسانەوەو، ئاڵا لە هێڵی سەرەتا و کۆتایی دانراو، کۆشاین بەو توانایانەی بەردەست بوون دیمەنەکە برازێنینەوە. کەچی خەڵکەکە بە خۆیان زۆربەی ڕازاندنەوەکانیان ئامادەکرد، ڕەوشی چاوەڕوانیش زۆر وروژێنەر بوو، هەرچی ئەو سووربوون و جۆش و خرۆشییەی پێش پێشبڕکێکەیە تا دوایەمین ڕۆژی ژیانم لەگەڵم دەژین.

بە هەفتەیەک پێش کاتی پێشبڕکێکە گەیشتمە ئەوێ، چونکە هەردوو برام مەکتووم و حەمدان پێش دەست پێکردنی پێشبڕکێکە ڕەوانەی ئەوێیان کردم تا خێوەتێک بۆ هەرسێکمان ئامادە بکەم. ئەو شەوە بەپێ ئەو ڕێگە تەسکەم بڕی کە دوو کیلۆمەتر بوو لەکاتێکدا ماینەکەم لە دووی خۆم بە پەتێک ڕادەکێشاو باسی ئەو پێشبڕکێیەم بۆ دەکرد کە چاوەڕوانی دەکردین. چونکە سبەینێ ئەو هەلەمان لە پێشە بۆ ئەوەی خۆمان لەبەردەم باوکم و هەموو هاوڕێکانمدا بسەلمێنین، تێبینیم کرد کە زەوییەکە باش ڕامالرابوو و چاک کرابوو، بەڵام قۆرتێکی گەورە لەم لاو لەو لایەوە هەبوو وەک تەپۆلکە لێ بچووک. باشتر وایە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ ناوەڕاستی ڕێگەکە بگرێت.

پاش شەوێکی بێداری لە خەون بینین و چاوەڕوانی ڕۆژ بووەوە. هەردوو چاوم هەڵگلۆفت و پتر لە جارێک کردمنەوەو نوقاندمنەوە لەکاتێکدا لەخۆم دەپرسی تۆ بڵێیت خەون بینین بووبێتە هۆی ئەوەی هەست بەوە دەکەم بەر

چاوم لێڵە. بەڵام پێدەچێت تەمومژ بێت! ئەوەبوو چینێکی چڕی تەمومژ کەناری (جومەیرا)ی داپۆشیبوو. شێخ و پێشبڕکێکارەکانیش بۆ قاوە خواردنەوەو خورما خواردن و تاوتوێکردنی ڕەوشی کەش و هەوا دانیشتبوون.

ئەو (کندۆرە - کراس)ـەیەم ڕاکێشا کە کورتم کردبووەوەو بەپەلە لەبەرم کردو دەستنوێژم شوشت و نوێژم کرد. پاشان چووم بۆ لای ماینەکەم تا شوێنی برینەکەی بشۆم و ئالیکی پێ بدەم بەر لەوەی بڕۆم و گوێ لە هەواڵەکان بگرم. هەموو شتێکم تەواوکردو ڕام کرد تا لای پێی باوکم دانیشم، یەکێک لە دۆستەکانی نانێك و قاوەی پێ دام. ئەوەتە پێشبڕکێکە خەریکە دەست پێ دەکات، بڕیاریان دا کە تەمومژ مەترسی نییەو کاری تێناکات و ڕێ لە دەست پێکردنی ناگرێت، چونکە دەتوانیت تا پەنجا مەتری پێش خۆت ببینیت. ئەو کات تووشی شڵەژان هاتم و هەستم کرد گەدەم وێك دەچێتەوە!

◆◆

**"یەکەمین ماین، یەکەمین پێشبڕکێ،**
**یەکەمین خۆشەویستی. ئەو چرکەساتانەن**
**تا هەتایە هەڵکۆڵراون و دەمێننەوە"**

◆◆

پێش پێشبڕکێکە تۆزێک ڕێی پێ بکەم، جار ڕۆیشتم ماینەکەم بهێنم و پێش پێشبڕکێکە تۆزێک ڕێی پێ بکەم، جار ناجارێک بە هەنگاو لۆقە غارێکی دەکرد، بەڵام بە گشتی هاوسەنگانە بە تەنیشتمدا دەڕۆیشت و، لەژێر بانپۆشە ڕەشەکەیەوە ماسوولکەکانی دەردەکەوتن. پاڵیم بە ناو سڕی و تووکە درێژەکانیم شۆڕکردەوە، بۆیە لەژێر تیشکی هەتاودا ڕەشی دەنواند تێکەڵ بە جۆرە سوورایییەک لە کۆتاییەوە. کەسانی دیکە هەبوون ئەوانیش ڕێیان بە ئەسپەکانیان دەکرد، بەڵام پێدەچوو ماینەکەم تەگەرەیان بۆ دروست بکات هاوکات تەگەرەی بۆ منیش دروست دەکرد. شێخ مەکتووم سەرپەرشتی ڕاهێنانی (عۆدە)ی کردبوو بەڵام داوای لە سەلووم عامری کرد لێی بخوڕێت. بەردەوام لەم پێشبڕکانەدا بەشداری دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئاستی سەرکێشی زۆر بەرزبوو، بۆیە بڕیاری دا سەلوومە هەڵبژێرێت ئەویش بەهۆی قورسایی کێشییەوە. زۆر ئەسپ هەبوون، بەڵام لەوە دڵنیابووم کە (عۆدە) کێبەرکێکاری سەرەکی دەبێت.

ناکام داوایان لێ کردین سواری ئەسپەکانمان ببین و، هەموومان گەیشتینە خاڵی سەرەتا. ناوبژیوانی سەرتا ڕاوەستاو دەمانچەکەی بەسەر سەرییەوە بەرزکردەوەو بەهۆی باکەوە (کندۆرە ـ کراس)ـەکەی دەشەکایەوە، منیش سەرنجم خستە سەر ئەو پەنجەیەی لەسەر بەلەپیتکەکەی دانابوو، دەکۆشام ئەو ماسوولکانە دەستنیشان بکەم کە گوللە دەتەقێنن. بە شێوەیەکی دۆستانە (ئوم حەلەج)م دواندو مەزەندەم کرد کە دەکۆشێت بەدەنگی وشەکانمەوە بێت و تێکەڵاویان بێت کاتێک تێبینیم کرد کە گوێیەکی دەجووڵێنێت و بەم لاو بەو لادا دەیلەقێنێتەوە، پاشان لە پشتەوە بەسەر ملیدا خۆم بەرەو پێشەوە نووشتاندەوەو ئەڵقەیەکم بە جڵەوەکەیەوە بەستەوە تا بەر دەمی نەکەوێت

کاتێک بەرەوپێشەوە غاردەدات. دەستیشم بەسەر یالی پرتووکیدا هێنا. لەناکاو هەراو هوریا کپیەتی بەیانییان شڵەقاند کە تەمومژ دایپۆشیبوو و بە درێژایی کەنارەکە هات و هاوار بەرزبووەوە، ئەوەتە پێشبڕکێکە دەستی پێ کرد!

هەناسەم لێ بڕا کاتێک (ئوم حەلەج) زۆر خێرا بۆ پێشەوە تێیتەقاند بە شێوەیەك سەرم سوڕما. خۆم توند بەسەر پشتی لووسییەوە گرت چونکە بێ زین پێشبڕکێم دەکرد. ئەسپەکان لەم لاو لەو لامەوە چوون شەپۆلی هەڵکشان و داکشانێکی خێراو گەورە بەرەو پێشەوە غاریان دەدا، هاواری سوارەکان و هەڵهەڵەلێدان ئەو ناوەیان تەنییەوە. کارەکە تەنیا پێویستی بە ۲۰۰ مەتر کرد تا پێشبڕکێکە جۆرە ستایلێکی دیاریکراوی لەخۆگرت کاتێک سەلوومە بە سواری (عۆدە) پێشم کەوت و لە ناو تەمومژەکەدا لە تارمایی دەچوو بەر لەوەی دوور بکەوێتەوەو لە چاو بزربێت.. هەر لە سەرەتاوە دەکۆشا پلەیەکی پێشکەوتووانە بەدەست بهێنێت، ئەوەتە تەمومژ دەقۆزێتەوەو سوودی لێ دەبینێت. بڕیارم دا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا چاوەڕوان نەبم و هانی ئەسپەکەم بدەم پێیڕا بگات. ئەگەرچی سەلوومە شارەزایی تەواوی هەیە تا بزانێت تواناکانی ئەسپەکەی شێخ مەکتووم چەندە، بەڵام من کۆشام بۆ ئەوەی لەبەر چاوم بزرنەبێت.

بەهەردوو پێم بە (ئوم حەلەج)مەوە ژەند، زۆر خۆشنوودبووم و دڵم پڕ لە شانازی بوو کاتێک بە دەنگەوەچوون و سووربوونیم بینی بۆ پێشکەوتن و تێپەڕاندنی (عۆدە). ئایە لەوە جوانتر هەیە داوا لە ئەسپێك بکەیت و

بیبینیت ئەوپەڕی کۆششی خۆی دەخاتە کارو بە پێی ئارەزووی خۆیشی بۆ ئەوەی سەرشۆڕ نەبێت؟

سەلوومە پێنج هەنگاو پێشم کەوتبوو، تەمومژ یارمەتی دام ماوەی نێوانمان کەم بکەمەوە، بەلام بێ ئەوەی هەڕەشە لەسەر پلەی ئەو دروست بکەم، پەهەمان ئەو شێوازەی کە یارمەتی دابوو ئەو ماوەیە بپارێزێت. دەبێت هەستی بە شتێك لەبارەی ئەسپەکەیەوە کردبێت، چونکە دەنگی سمی ئەسپ و هەلهەلەی تێکەلاو بە شەپۆلی دەریا دەشێت هەموو دەنگێکی دیکەی چوار دەورمان هەلووشن. ئاوڕێکی پشتەوەی دایەوەو لەناکاو منی بینی جلەوی (ئوم حەلەج)م توند گرتووە، کە سەری لە کەلەکەی (عوّدە) نزیك بووبووەوە، کە لە هەردوو کونی لووتی سوور هەلگەڕاوییەوە، چوون ڕەنگی خوێن، هەناسەبڕکێی بوو. وەك مەزەندەم کرد ئەم دیمەنە تووشی شۆکی کرد، منیش توند زمانی خۆم گەست تا قاقای ئەو پێکەنینە دامرکێنمەوە کە هەستم پێ کرد کاتێك بەم شێوەیە بینیم.

لای ڕاستی ڕێگەکەی بە باش دەزانی، کاتێك بینی من دەمەوێت لێی تێدەپەڕم، بە ئاراستەی من شکاندییەوەو بەرەو لای لە قوولەکان پالی پێوە نام، منیش ئالاکەم بینی لەو کاتەی کە هیچ شتێکم لە پێش نەمابوو ئەوە نەبێت زۆر بە دژواری بەرەو پێش بڕۆم. وێڕای ئەوەیش، هانی (ئوم حەلەج)م دا چی هێزی تێدایە پێشکەشم بکات، ئەویش لەوەدا هەرگیز ڕەزیلی نەکرد بۆیە ماوەی ئەو دوو بازدانەی قەرەبوو کردەوە کە سەلوومی پێش من کەوتبوو لەکاتێکدا بە پەلەپرووزکێ بەناو لە قوولەکاندا غاری دەدا. ئەو کات هەستم کرد دلّم لە جەستەم دەرپەڕیوە کاتێك خۆم بینی

شانم لە شانی دەدات، بەڵام لەکاتی لاربوونەوەی سەری ئەسپەکاندا، عۆدە هەنگاوێك پێشمان کەوت، شێخ حەمدانیش بە پلەی سێیەم لە دوامەوە بوو. ئای تەویلەکەی باوکم چ سەرکەوتنێکی تۆمارکرد! خشتەی ئاکامەکانمان کۆنترۆڵ کرد. هەستم بە هەستێکی پاشایانە کرد کاتێك هەردوو برا گەورەکەم هاتن پیرۆزباییم لێ بکەن و دۆستانی باوکیشم بە چوار دەوری (ئوم حەلەج)دا سووڕانەوەو ستایشیان کرد لەکاتێکدا من بە تەنیشتییەوە دەڕۆیشتم، منیش بە تەنگی ئەوەوە بووم لای خۆمەوە پیرۆزبایی لێ بکەم تا هەستم کرد دەستم خەریکە سڕ دەبێت. باوکم بزەیەکی بۆ کردم لە کاتێکدا پێی گوتم: دەستخۆش محەمەد، دەستخۆش، بۆیە هیوام خواست ئەم چرکەساتە تا هەتایە بەردەوام بێت.

ئەو ئێوارەیە لەکاتی ئاهەنگەکاندا، من و شێخ مەکتووم و شێخ حەمدان لە دەوری ئاگر دانیشتین، ژمارەیەك پیاو لەگەڵ ئەسپەکانیاندا یاوەریان بوون. لەسەر ئەوە کۆك بوون کە (ئوم حەلەج) تا دواچرکە لێهاتوویی خۆی سەلماند.

◆◆

**"هەناسەم لێ بڕا کاتێك (ئوم حەلەج) زۆر خێرا بۆ پێشەوە تێیتەقاند بە شێوەیەك سەرم سوڕما خۆم توند بەسەرپشتی لووسییەوە گرت. چونکە بێ زین پێشبڕکێم دەکرد"**

◆◆

لە گەیشتن بە ئالای پیاوەکان سەبارەت بەو هەڵویستە قسەیان کرد بەر لە گەیشتن بە ئالای کۆتایی و، باسی ئەوەیان کرد کە من لەناو لە قوولەکان ئەچەقیبام ئەوە عۆدەم تێدەپەڕاندو کەسیش سەرزەنشتی نەکردم و زۆربەیان شانازییان بەوەوە دەکرد کە لە یەکەمین پێشبڕکێمدا بەدەستم هێنا. ڕەنگە هەستم بە هەندێك بێزاری کردبێت لەبەر ئەوەی زانیاری م نەبووبێت، بەڵام ئەمە لە هەستی شانازیکردنمی کەم نەکردەوە کاتێك شێخ حەمدان بڕیاری دا ماینەکەم بخاتە ڕیزی ئەسپەکانی خۆیەوە. کێ بیری بۆ ئەوە دەچوو برا گەورە کە ڕێزی دەگرم ئارەزووی خۆی دەنوێنێت ئەو ماینەی بەخۆم ئامادەم کردووە بۆ خۆی ببات؟

ئەو شەوە، پاش ئەوەی براکانم نووستن، هەستام و چووم بۆ لای ماینەکەم و، هەردوو لاقیم درێژ کردەوە لەناو لمدا داپۆشین و سەری بەرزکردەوەو حیلاندی کاتێك لێی نزیك بوومەوە وەك بڵێیت لەسەرخۆ سڵاوم لێ بکات. لەبەردەمیدا ڕاوەستام و لەو ئەستێرە سپییە ڕامام کە بە هێڵە باریکەکانی دەم و چاوی ڕەشییەوە پەلی هاویشتبوو و پەنجەکانم بە چەپکە تووکی ناوەڕاستی تەوێڵیدا هێنا و هەناسەیەکی قووڵم دا، پاشان داچەمیمەوە تا گوێ قڵیشاوەکەی ماچ بکەم و لە نزیك سکییەوە دانیشتم تا پێی ڕابگەیەنم کە دەبێتە هی حەمدان. لە بیابانەوە ئەمە فێربووین، بە گوێ کردنی گەورەکان لە هەموو شتێك گرنگترەو، جێی شانازییە کە ماینەکەی دەوێت، بەڵام ئەوە ڕێگەی لێ نەگرتم کە هەست بکەم دڵم شکاوە.



برام شێخ مەکتووم بن ڕاشد ئال مەکتووم لەگەڵ ئەسپی (ئوم حەلەج).


ئەو پێوەندییەی بە ماینەکەت دەبەستێتەوە ڕەنگە بەهێزو مەزن بێت، بەڵام پێوەندی برایەتی بەهێزترو مەزنترە. بە شادییەوە ماینەکەی خۆمم بە شێخ حەمدانی برام بەخشی کە داوای کرد تا بیخاتە سەر گرووپەکەی خۆی و ئەوپەڕی سەرپشکی کردم کام ماین لەناو تەویلەکەی هەڵبژێرم.

ماوەی چەند ڕۆژێك چاودێری یەکێك لە ئەسپەکانیم کرد کە بەشداری لە پێشبڕکێکەدا کردبوو، ئەو ماینەیش بە دەستی چەند گیروگرفتێکی

هاوشێوەی ئەو گرفتانەوە دەینالاند کە (ئوم حەلەج) بە دەستیانەوە نالاندبووی، منیش چاوەڕێم کرد تا شێخ حەمدان کەیفی خۆش بێت، ئەو کات داوام لێ کرد ئەو ئەسپە ببەم، ئەویش بڕەیەکی بۆ کردو جڵەوەکەی دایە دەستم، ناوی (ڕۆمانییە) بوو. ئەوەتە سەرلەنوێ کاتی کارکردن هات!

# 16

# فڕۆکەخانەیەک لە دوبەی




فڕۆکەخانەی دوبەی لە شەستەکاندا

لەگەڵ باوکم وێستگەی
یەکەمین گەشتم بۆ لەندەن لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩دا لەگەڵ باوکم وێستگەی
جیاکار بوو لە تەمەنی منداڵیمدا. لەندەنم خۆش ویست بەر لەوەی بگەمە
ئەوێ، دایکم بۆی باس کردبووم تا چاو بڕکات سەوزاییەو، شەقامەکان پڕ لە
درەختن. پێی ڕاگەیاندبووم کە لەناو تەلارێکی بڵندا دەنووین، چونکە کەش
و هەوا لەو وڵاتە بۆ ئەوە دەگونجێت مرۆڤ لە ژوورەوە بنوێت، نەک وەک
ئەوەی لە دوبەی پێڕەوی دەکەین، کاتێک هاوینان لە سەربان دەنووین. دایکم
باسی ئەو خەڵکە زۆرەی بۆ کردبووم کە لە لەندەن هەن، باسی
جلوبەرگەکانیان کە لە جلوبەرگی ئەفسەرەکانی ئینگلیز دەچن، باسی
پێشبڕکێگەل زۆری ئەسپ سواری بۆ کردم لەو وڵاتە. دایکم بۆ ئەو گەشتە
چاوەڕوانکراوەی هان دەدام، دوو کراسی درێژی نوێ و ڤاتێکی جوانی بۆ ئەو
گەشتەی لەندەن بۆ کڕیم.

هەرچی باوکم بوو ڕوانینێکی دیکەی هەبوو. باوکم ئەو ڕۆژە کەمانەی پێش
گەشتەکە بە کپی و بێ دەنگی گوزەراند، بیری لەوە دەکردەوە چۆن زۆرترین
بابەت بخاتە ڕوو، چۆن دەتوانێت بە زۆرترین دەستکەوتەوە بگەڕێتەوە.
پێوەندییەکانمان لەگەڵ بەریتانییەکاندا ساردبوون و بە ڕواڵەت موجامەلەی
پێوە دەبینرا، بەڵام لە ناخی دڵمانەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووین
وڵاتەکەمان بەجێ بهێڵن. پەیمان و ڕێککەوتننامەمان لەگەڵیان هەبوو بە
هۆیانەوە خۆمان کاروباری ناوخۆی خۆمان بەڕێوە دەبەین و، ئەوانیش
کاروباری دەرەوەو بەرگرییان بەڕێوەدەبرد.

هیچ شتێك بێ دەنگییەکەی باوکمی نەدڕەواندەوە تەنیا پرسیارە زۆرەکانی من نەبێت، چاومان بەکێ دەکەوێت؟ محەمەد چاومان بە سەرۆك وەزیران دەکەوێت. ئەی سەرۆك وەزیران کێیە؟ ئەویش وەك شێخی لای خۆمانە. ئەی رۆڵی شاژن چییە؟ ئەویش (شێخە)یە، بەڵام سەرۆك وەزیران گرنگترە. چی تاوتوێ دەکەین؟ محەمەد دەمەوێت باش گوێ لە هەموو وتووێژەکان بگرێت و ئاگەت لێ بێت وەرگێڕەکە چی دەڵێت. زۆر بابەتگەلی گرنگ تاوتوێ دەکەین. دەمانەوێت فڕۆکەخانەیەك لە دوبەی دروست بکرێت. پرسگەلی دیکەیش تاوتوێ دەکەین. بەڵێ بابە، دەمانەوێت فڕۆکەخانەیەك لە دوبەی دروست بکرێت.

◆◆

## "مەحاڵ بۆچوونێکەو، جیهان دەروازەگەل بۆ ئەو کەسە دەخاتە سەرپشت کە دەزانێت چی دەوێت"


◆◆

ئەو فڕۆکانەی دەهاتن لە ناوەکانی (خۆر) دادەبەزین. نەدەکرا لەچوارچێوەی (خۆر)دوە پێشوازی لە فڕۆکە بازرگانییە گەورەکان بکرێت. فڕۆکەخانەی شاریقەمان بەکاردەهێنا. باوکم دەیویست لە شوێنی ئەم فڕۆکەخانەیەی ئێستە شوێنێك بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە دروست بکات. بەریتانییەکان نەیاندەویست ئەو مافی دروست کردنی فڕۆکەخانە بە دوبەی بدەن، ئەویش بە بیانووی ئەوەی فڕۆکەخانەی شاریقە بەش دەکات کە بنکەی سەربازی خۆیان لەوێیە. ڕوانینی ئەوان ئەمێ و ڕوانین ئێمەیش پەرەپێدان بوو. گەشتەکەی لەندەن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم دۆسێیە گرنگ بوو.

گەشت کردن بۆ دەرەوە کارێك بوو شەکەتی بەدواوە بوو، چونکە چەند ڕۆژێك و ژمارەیەکی زۆر گەشتی پێکەوە بەستن و ڕاوەستانی ناچاری لە چەند فڕۆکەخانە دەخایاند.

گەیشتینە لەندەن، لە پشتەوەی باوکم ڕاوەستام و دەمڕوانی دەرگەی فڕۆکەکە دەکرایەوە، بەر لەوەی لە پشتەوەی باڵای بەرزی باوکمەوە ببینم ئینگلتەرا بە شێوازی تایبەتی خۆی پێشوازی لێ کردم، بە سروەیەك بای ساردو وشك.

فڕۆکەخانەکە لە شارەمێرووولە دەچوو، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لێ بوو، خێرا دەڕۆیشتن تا فریای گەشتەکانیان بکەون، ڕیزیان دەبەست بۆ ئەوەی بچنە ناو لەندەنەوە، یان بەجێی بهێڵن. دیمەنی فڕۆکەخانەکە جێی سەرسوڕمان و بەسام بوو. دیمەنێك بوو هێزو تواناو گەورەیی جموجووڵی بازرگانیی لەندەنی دەردەخست. ئەوە بەس بوو فڕۆکەخانەکە ببینیت تا ڕێزی ئەم دەوڵەتە بگریت.



یەکەمی شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی دوبەی ـ ساڵی ١٩٥٩

نازانم بۆچی جموجووڵی چالاکانەی فڕۆکەخانە لەو کاتەوە لە مێشکمدا بە هێزی ئەو دەوڵەت، یان شارەوە بەستراوەتەوە کە فڕۆکەخانەکەی لێیە. فڕۆکەخانە ڕووگەی پێشەوە دەنوێنێت، هێز دەنوێنێت، بازرگانی دەنوێنێت،

ئارەزووی ملیۆنان کەس دەنوێنێت بۆ ئەوە سەر لەم شارە بدەن. ئەمڕۆ ئێمە لێرەین تا بکۆشین فڕۆکەخانەی خۆمان لە دوبەی دروست بکەین، ئایە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێت بە فڕۆکەخانەیەک لە فڕۆکەخانەی لەندەن بچێت؛ نەمدەزانی ڕۆژگار چی بۆ من و بۆ دوبەی پێیە، بەڵام یەک شتم دەزانی، ئێمەیش لە کەسانی دی کەمتر نین.

بەر لەوەی سواری ئەو ئۆتۆمۆبیلانە ببین کە چاوەڕوانیان دەکرد، تەوقەمان لەگەڵ ژمارەیەک کەساندا کرد. بەدرێژایی ئەو ماوەیە شێخ مەکتووم کە یاوەرمان بوو ڕادەوەستا تا پاڵم بدات لە پێشەوەی بڕۆم، ئەگەر وای نەکردایە من لە واق وڕماویدا لە شوێنی خۆم ڕادەوەستام و دەچەقیم، بە ڕێگەوە دانیشتبووم و لووتم بە قەد شووشەی پەنجەرەکەوە بوو. دایکم ڕاستی دەکرد. هەمووی سەوزاییە! هیچ وەسفێک نەیدەتوانی پاڵم پێوە بنێت جوانی ئەم شوێنە وێنا بکەم. تا چاو بڕبکات هەر تەپۆڵکە بوو و سەوز دەچووەوە. داوام لە باوکم کرد خێراییەکە کەم بکاتەوە تا بتوانم چێژ لە دیمەنەکان وەربگرم! بزەیەکی بۆ کردو دڵنیای کردمەوە کە کاتی زۆرم دەبێت. بەم شێوەیە خێرا بەرەو هۆتێلەکە ڕۆیشتین.

کاتێک گەیشتینە ژوورەکەمان، باوکم لەسەر نوێنەکەی خۆی دانیشت، دیاربوو مێشکی سەرقاڵ بوو، بیری قووڵی دەکردەوە. بەیانی لە خەو هەستام، بەڵام پاش شەوێکی پڕ هەراو هوریا کە نەدەبڕایەوە. دەنگی ئاژێرو ئاگرکوژێنەوە خەوی لێ تێکدەدام. چاوم کردەوە باوکم بینی بزەی لەسەر

ئێوە: (محەمەد ..وەرە! خۆت بشۆو نوێژ بکەو جلەکانت لەبەر بکە! دەبێت چاومان بە سەرۆك وەزیران بکەوێت).

کاتێك گەیشتینە شەقامی (١٠ داوننگ ستریت)، بارەگای سەرۆك وەزیران لە لەندەن، داوای لێ کردم بەرانبەر بە سەرۆك وەزیرانی ئەو کات هارۆڵد مەکمیلان ، یان (شێخ مەکمیلان) دانیشم، کە من ئەو ناوەم لێ نابوو. سەیری جووڵەکانی ئەم سەرکردەیەم دەکردو بە بایەخەوە لێم دەکۆڵییەوە. هەستم بە گەڕ پێ کردن کرد کاتێك بینیم لاقی بەرزکردەوە لەسەر ئەو لاقەکەی دی دانا. ئەوە لە دوورگەی عەرەب بە سووکایەتییەکی گەورە لێك دەدرێتەوە کە بەرانبەر بە میوان لاق لەسەر لاق دانێیت، ئامادەبووم مامەڵە لەگەڵ ئەو پیاوە بکەم بۆ ئەوەی ئەو هەڵە گەورەیە ڕاست بکاتەوە بەر لەوەی باوکم ببینم لە تەنیشتییەوە دانیشتووە نەك بەرانبەری. ئەو کات پشووم پێدا هاتەوەو هەستم بەهێوری کرد. دەنگی هەناسەدانم دەبیستڕا، تا ڕادەیەك باوکم بیرەکانی خوێندمەوەو بزەیەکی بە ڕوومدا کرد بزەیەکی توند بەڵام هاندەرانە.

ئەو کات بیرم کەوتەوە کە دەبێت ڕاست دانیشتم و باش گوێ بگرم. وەك باوکم پێی گوتم.

بە بایەخەوە گوێم لە وەرگێڕە بەڕەوشتەکە گرت کە وتووێژەکانی نێوانیانی لەمەڕ بابەتی شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکە وەردەگێڕا. لەکاتی وتووێژ لەمەڕ توانای دوبەی بۆ وەگەڕخستنی فڕۆکەخانەکە و پێداویستییەکانی کە تا دێت

زۆرتر دەبن بۆ ئەوەی بە چەند هێڵێکی فڕۆکەوانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا ببەسترێتەوە، هەڵویستی باوکم توند. لە کۆتایی وتووێژێکی دوورودرێژدا، ڕەزامەندی دروستکردنی شوێنێکی نوێی نیشتنەوەی فڕۆکەمان وەرگرت.



فڕۆکەخانەی دوبەی لە پەنجاکانی  سەدەی ڕابوردوودا

لە هەموو کەسێك زۆرتر ئارەزووم دەکرد فڕۆکەخانەیەکی نوێ لە دوبەی دروست بکرێت. پاش چەندان ساڵ دوای دروستکردنی فڕۆکەخانەکە لە هەفتاکاندا باوکم ڕایسپاردم سەرۆکایەتی پەرەپێدانی فڕۆکەخانەی دوبەی بکەم. زۆر تەلارم بۆ دروست کردو ڕێبازی ئاسمانی والام ڕاگەیاندو ئەوەیشم بە پەرەپێدانی گەشتوگوزارەوە بەستەوە لە ڕێگەی پەرەپێدانی یەکەمین


ستراتیژیەتی گەشتوگوزاری لە دوبەی. (فڕۆکەوانی میرنشینەکان)مان دامەزراندو کۆششی زۆرمان کرد بۆ پەرەپێدانی فڕۆکەخانەی دوبەی و کردنی بە خاڵێکی پێکەوە بەستنەوەی جیهان.

ئەمڕۆ فڕۆکەخانەکانمان لە سەرئاستی فڕۆکەخانەکانی جیهان پێشوازی لە زۆرترین ژمارەی ڕێبواران دەکەن و شارەکانمان ساڵان پێشوازی لە پتر لە ٢٠ ملیۆن گەشتیار دەکەن و ١١٢ کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئاسمانمان بەکاردەهێنن کە بە هەموو شارەکانی جیهانمانەوە دەبەستن.

مەحاڵ بۆچوونێکەو، جیهان دەروازەگەل لەبەردەم ئەو کەسەدا دەکەنەوە کە دەزانێت چی دەوێت.

# 17

# مرواری دەرهێنانی ژێر ئاو لە ژیانی خەڵکدا



باوکم داوای لێ کردم کارامەییەکی نوێ بخەمە سەر کارامەکانم و، پسپۆرییەکی جیاواز بخەمە سەر پسپۆرییەکانم و لایەنێکی دیکەی ژیان کە ڕانەهاتبووم ئاوڕی لێ بدەمەوە، کارامەیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەریاو بەشداریکردن لە گەشتەکانی مرواری دەرهێنان لەژێر ئاوی دەریا.

لەگەڵ هاوڕێیان لە مەلەکردن لەناو ئاوی تەنکی دەریا ڕاهاتبووم. ئەوەی لە یادمە دەریا بۆن و دەنگێکی هەیە. هەرچی بۆنەکەیەتی ئەوە زۆر تیژەو هەناسە پڕ دەکات و چالاکی بە مرۆڤ دەبەخشێت، لە بۆنی گژو گیا دەکات کاتێک دوای وشکەساڵی باران دەبارێت. هەرچی دەنگی دەریایە چەندە جوانە، شەپۆلێکی بە شڵپ و هوڕ، یان هێور. پشوو بە ئاخ و دەروون دەبەخشێت و، هاتی دڵ دەدات داهێنان بکات، بەتایبەتی کاتێک دەنگەکانی تێکەڵ بە دەنگی (ئەورسەکان) دەبێت کە بە ئاسمانەوە دەخولێنەوە کاتێک تۆڕی ڕاوکردنەکە ڕادەکێشرێت وەك بڵێیت لە خۆشیی ڕاوکردنێکی زۆردا گۆرانی بچڕن.

ئەوانە هەستم بوون بەرانبەر بە دەریا، دەنگ و بۆن و یادوەری جوان کاتێک لەگەڵ هاوڕێیان و لەگەڵ ئەسپەکانماندا لەسەر کەنارە جوانەکەی یاریمان دەکرد. ئەوەی نەمدەزانی ئەوەبوو کە دەریا تەنیا دەنگ و بۆن و یادوەری منداڵیەتی نییە، بەڵکو خۆشی و ناخۆشی و، هیواو ئاوات و ئازارو ژان و جیرۆکی زۆرە کە خەڵکی دوبەی لە ئاکامی مامەڵەی بەردەوامیان لەگەڵ دەریا گوزەراندوویانە، سەرگوزەشتەگەلێك مەزەندەم نەدەکردن کاتێك باوکم

و لە فەرمانی پێ کردم خۆم لە قەرەی دەریا بدەم و هەندێک لە نهێنی و سەرگوزەشتەکانی فێربم.

باوکم هەندێک جار بۆ لای کەسێکی بڕواپێکراوی دەناردم ناوی (ئەبو جابر) بوو. ئەبو جابر لە سەرۆکەکانی کەشتیگەلی دەریایی بوو، بەهۆی تاقیکردنەوەی کەڵەکەبوو و ئەو زانیارییانەی پشتاوپشت بۆی مابوونەوە گەیشتبووە ئەم پلەو پایە، بە نازناوی (سەردال) دەناسرا.

(سەردال) بە زمانی خەڵکی کەنار دەریا واتە گەورەکەیان و ئەو کەسەی زۆرترین شارەزایی لەبارەی دەریاو وەرزو باو کاتەکانی دەریاوە هەیە، ئەو سەرەتای وەرزی دەرهێنانی مرواری ڕادەگەیەنێت، کاتێک چاوەڕوانی هێوری دەریا دەکات لە مانگەکانی هاویندا تا سەرەتای وەرزەکە ڕابگەیەنێت. هاوکات لەگەڵ سەرەتای هاتنی زستاندا کۆتایی وەرزەکە ڕادەگەیەنێت.
(سەردال) بەپێی جووڵەی شەپۆلەکان سەرەتای وەرز دیاری دەکات و، بەپێی بەدواداچوونی شوێنی ئەستێرەکان ئاراستەکان دەدۆزێتەوە. سەردال دەتوانێت نەخشەی بنەوەی دەریا و ئەو شتانەی تێیدان بکێشێت، وەک چۆن دەتوانین خاکی بیابان بەهۆی شوێن پێیەکانەوە بخوێنینەوەو ئەو ڕووداوانە وێنا بکەین کە ڕوویان داوە، هاوکات دەتوانین هەمان ئەو پرەنسیپانە بۆ وێناکردنی بنەوەی دەریا و ناسینی سروشتی بنەوەی دەریا بەکاربهێنین. دەریاوانەکان بارستاییەکی قورسی قورقوشم، یان قورساییەکیان بە پەتێکەوە دەبەستەوەو دەیانخستە ناو دەریاوە تا قووڵایی ناوەکە دەستنیشان بکەن و ئەو ماوەیان بە (تباع) دەپێوا، واتە دووبارەکردنەوەی درێژکردنی هەردوو

باڵ هەموو جارێك. ئەبو جابر دەیتوانی بزانێت پێکهاتەکانی بنەوەی دەریا چین ئەویش بەهۆی ئەو شتانەوە بە بارستایی قورقۆشمەکەوە دەلکان، هاوکات دەیتوانی هێزی شەپۆلی دەریایش بپێویت ئەویش لە چوارچێوەی کارتێکردنی لە جووڵەی پەتەکە.

خەڵکی دوبەی بە گشتی لە هاویناندا لەژێر ئاوی دەریادا قووتیان دەخواردەوەو مرواریان دەردەهێنا ئەو کاتەی ئاو گەرم بوو، ئەو کاتیش پلونگەر (غواص) دەیتوانی چەند جارێك لەژێر ئاودا قووت بخواتەوە بۆ ئەوەی گوێچکە ماسی زۆرتری دەست بکەوێت کە (مرواری گرانبەها)یان تێدابوو، کە لە قووڵایی جۆراوجۆرو لەناوچەی جیاجیادا دەست دەکەوتن.

بەڵام ئەوەی کە هاوینی دوبەی ناناسێت، ئەگەرچی ئاو لە قووڵاییدا فێنکە، کەچی گەرما لە سەر ڕووی ئاو مرۆڤ دەسووتێنێت، ئەوەیش زۆر لە دەریاوانەکان دووچاری وشکایەتی دەکات بەهۆی کەمیی ئەو ئاوەوە کە لەگەڵ خۆیان هەڵیدەگرن. زۆرترین شتیش کە لەو گەشتی قووت خواردنەوەی ژێر ئاوی دەریا دووچاری مرۆڤ دەبێت بیرە ئاوی شیرین و ڕێڕەوە بێ گەردەکانیەتی کە لە ناوچەی دیاریکراوی ناو دەریادا هەن، پلونگەرەکان لەکاتی گەشتی قووت خواردنەوەی ژێر ئاوی دەریادا ئاویان لێ دەهێناو دەخواردەوە. کەسانی بە ئەزموون و شارەزا شوێنەکانیان پێ دەزانی.
هاوکات (قووت خواردنەوەی سارد) واتە (قووتخواردنەوەی زستان)یش هەبوو. ئەوەیش تایبەت بوو بەوەی کە لە مانگە دوورو درێژو گەرمەکانی

هاویندا بەخت یاری نەدەبوو، بۆیە لە زستاندا جارێکی دیکە بەختی خۆی تاقی دەکردەوە.

◆◆

" فەرماندەی مرۆڤ دەبێت هەردوو پێی لەسەر خاك بن. لەگەڵ ئادەمیزاددا بژێت و ئێش و ئازاری ئەوان بچێژێت و ژیانی ئەوان بگوزەرێنێت و وردەکاری ئەشکە نجەو ئازارەکانیان بزانیت، تا بتوانیت ژیانیان بەرەو رەوشی باشتر بگۆڕێت "

◆◆

هووتخواردنەوەی ساردیش دژوارترە بەهۆی ساردیی ئاوەوە، کە (پلونگەر)ەکان کاتی هووتخواردنەوەکە کورت دەکەنەوەو ڕەوشی دەریایش ناسەقامگیر دەبێت، چونکە هەندێك جار شەپۆل دەدات و بایەکەیشی توند هەڵدەکات. بۆیە ترس و تۆقین بۆ ئەو بەلەمە بچووکانە دەهێنێت کە لە بنەوەی دەریادا بەدوای هەندێك گوێچکە ماسیدا دەگەڕێن. ئای ئەو بایانە چەندە هەواڵی خراپیان لەگەڵ خۆ بۆ خەڵکی دوبەی هێناوە.


باوکم بۆ لای ئەبو جابری دەناردم تا لێوەی لەبارەی دەریا و ڕەوش و فەڕ و مەرزەکانی دەریاوە شت فێربم، بەڵام لەو گەشتانەم لەگەڵی زۆرترین شتێك فێری بوویم دژواری ژیان لە دەریا و ئەو هەڕەشانە بوون کە ڕووبەڕووی

خەڵکەکەمان دەبوونەوە کاتێك بە دوای ڕۆژیدا دەگەڕان لە فەرەکانی دەریا. خەڵکی دوبەی تەنیا دژواری ژیانیان لە بیابان تاقی نەکردبووەوە، بەڵکو لە دەریایشدا تاقییان کردبووەوە. ناتوانیت ئەوە بزانیت تەنیا بەوە نەبێت لەگەڵیان بژیت و وەك تاکێك لەوان لەگەڵیان بۆ گەشتی قووتخواردنەوە بچیت.

دەڵێن پێویستە فەرماندە چاوی باڵندەی هەبێت. لە سەرەوە سەیری بابەت و پرسەکان بکات تا بتوانێت پوختەیان بکاتەوەو کورتیان بکاتەوەو بڕیاریان لەبارەوە بدات. منیش دەڵێم فەرماندەی مرۆڤ دەبێت هەردوو پێی لەسەر خاك بن. لەگەڵ ئادەمیزاددا بژێت و ئێش و ئازاری ئەوان بچێژێت و ژیانی ئەوان بگوزەرێنێت و وردەکارییەکانی ئەشکەنجەو ئازارەکانیان بزانیت، تا بتوانێت ژیانیان بەرەو ڕەوشی باشتر بگۆڕێت.

سەرسوڕمانی خۆمم بەرانبەر بە پلونگەرەکان نەدەشاردەوە کاتێك خۆیان ئامادە دەکرد تا قووت بخۆنەوەو چاودێری خۆئامادەکردنم دەکردن. لە جوارچێوەی ئەو گەشتانەدا لە کردەی ئامادەکارییەکەدا یارمەتیم دەدان، وەك بارکردنی بەلەمەکان بە خواردن کە بڕێکی کەمی خورما و گۆشتی وشککراوەو ئاو بوون. سەردانی ئەو شوێنانەی دەستنیشان دەکرد کەمروارییان تێدا بوو. پلونگەریش خۆی هەڵدەدایە ناو ئاوەکەوەو ئێسکێکی ماسی دەخستە سەر لووتی بۆ ئەوەی لووتی داخات، پەتێکیشی بە ملەوە دەبەست و(سایب) واتە ئەو پیاوەی بۆ سەرەوەی ڕادەکێشێت سەری پەتەکەی دەگرت. پلونگەر هەردوو سیی خۆی پڕ لە ئۆکسجین دەکردو بەرەو ژێر ئاو قووتی

کەس لەناو بەلەمەکەدا ورتەی لێوە نەدەهات و هیچ شتێك دەخواردەوە، کەس لەناو بەلەمەکەدا ورتەی لێوە نەدەهات و هیچ شتێك نەدەبیسترا تەنیا دەنگی بەم لاو بەو لادا لاربوونەوەی بەلەمەکە نەبێت ئەویش بەپێی جوولەی شەپۆلەکانی دەریا. هەرکە پلونگەر پەتەکە ڕابکێشێت یەکسەر (سایب) خێرا بۆ سەرەوەی ڕادەکێشێت، ئەوکات پلونگەرەکە هەناسەی پچڕاوەو پێویستی بە وزە هەیە تا مەلەوانی بکات و بگاتە سەر ڕووی ئاوەکە.



شتێکی سەیر نەبوو زۆر ڕووداوو مردنی کارەساتاوی لە گەشتەکانی دەرهێنانی مرواریدا ڕوویدات. لەبەر ئەوەی تەرمەکە بۆگەن دەبوو ئەگەر لەناو بەلەمەکەدا بمایەتەوە بۆیە نوێژیان لەسەر مردووەکە دەکردو هەڵیاندەدایە ناو دەریاوە، هەندێک جاریش، کە تەرخەمی (ساپ)، یان هەست نەکردنی بە جووڵەی پەتەکە دەبووە هۆی مردنی پلونگەرەکە، هەندێک جاریش پلونگەرەکە بەرزدەکرێتەوەو دەهێنرێتە ناو بەلەمەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانێت بەشێوەی دروست هەناسە بدات ئەو کات دەخنکێت. تەنیا ئەوانەی بەختیان یارە تووشی ڕووداوی بچووک بچووک دەبن وەک دڕانی پەردەی گوێ، ئەو کات پارچە ئاسنێک گەرم دەکرێت و لەسەر پەردەی گوێ دادەنرێت تا زووتر چاک ببێتەوە، ئەوەیش ئازارێکی زۆر بە تووشبووەکە دەگەیەنێت تا ڕادەیەک لە ئەژمەتدا هاوار دەکات.

وێڕای بەسەرهات و ڕووداوگەلی کارەساتاوی، کەچی ئەم گەشتانە لایەنی مەزن لەخۆدەگرن، لەوانە کاری بەردەوام و گیانی هاریکاری و شادییەکی زۆر بەهۆی بەرووبوومی ڕاوکردنەکەوە، ئێوارەکۆڕی جوان و سەرگوزەشتەی خۆش کە زۆر سەرکێشی و سەیرو سەمەرە لەخۆدەگرن.

هەرچی گەڕانەوەی ئەو گەشتانەیە، ئەوە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی گەورە بوو، چونکە سوپایەک منداڵ و ئافرەت چاوەڕوان دەبوون و بە شادی و خۆشییەوە پێشوازییان لە کەسوکارەکانیان دەکرد، هاواری ئاهەنگگێڕان تێکەڵ بە دەنگی سەوڵ و شڵپ و هوڕی شەپۆل دەبوو لە کەنار دەریا.

فێری ئەوەبووم کە دەریا تەنیا دەنگ و بۆن نییە، بەڵکو هەستی خرۆشاوو، سەرگوزەشتەگەلی مرۆییانەو هەستی خۆشی و شادییە لە دەروونی زۆر کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەم.

چەند چرکەساتێکی هێورو بێ دەنگ دانیشتم لە دەریا ڕادەمام و گەردگەلی لە سپییەکەم بەناو پەنجەکانمدا تێدەپەڕاند، پاشان بە تکاو نزا ڕووم لە خواوەند دەکرد، پشتیوانم بێت ڕۆژێك لە ڕۆژان خزمەتی ئەو خەڵکە بکەم.

# 18
# هاوشێوەی باپیرم



لەگەڵ برام شێخ مەکتووم بن ڕاشد ئال مەکتووم . ساڵی ١٩٦١

لە کاتێکدا نووستبووم هەستم بە دەستێک کرد هێورو لەسەرخۆ شانم دەجوولێنێتەوە. نەکۆشام بزانم کێ هەڵیساندم، سەرەتا وام زانی خەون دەبینم. (محەمەد ، محەمەد هەستە، من مەکتوومم). کشایە دواوە، چونکە دەیزانی کە یەکەم کاردانەوەم ئەوەیە خێرا لەناو جێگەکە ڕادەپەڕم و ئامادە دەبم بۆ شەڕ. بزەیەکی سووک بە ڕوخسارییەوە بەدی کرا کاتێک گوتی (محەمەد لەسەرخۆ بە، لەسەرخۆ بە، من مەکتوومم)! چرایەکی پێ بوو لەناو هەوای ساردی ژوورەکەدا جۆرە گەرمایییەکی بە ڕوخساری دەبەخشی لەسەرخۆ گوتی؛ پاش تۆزێک ماینەکەم دەزێت، تۆیش داوات لێ کردووم لەکاتی زاینەکەیدا هەڵتبستێنم. بزەیەکی بەرین ڕوخساری تەنییەوە منیش خێرا ڕۆیشتم دەم و چاوم بشۆم، پاشان بەرەو تەویلەکان دوای هەنگاوە خێراکانی کەوتم.

هەردوو چاوی گەورەو بەسۆزبوون. لە چاوی دایکم دەچوون، هەردوو گۆنای پڕبوون، دوو خاڵ بە ڕوومەتییەوە بوون، یەکێک بە گۆنای لای چەپ و دووەم گەورە بوو بە چەناگەیەوە بوو. لە هەموومان بەسۆزتر و نەرم و پاش و بێ فیزتر بوو. جیاوازتر بوو. دایکم دەیگوت، لە هەمووتان پتر لە باپیرتان شێخ سەعید دەچێت خوا لێی خۆش بێت.

مەکتووم لە هەموو کەسێک زۆرتر ئەسپی خۆش دەویست. هەرگیز هەست کردنی بە کاتی زاینی ماین بە هەڵەدا نەدەچوو. بۆیە داوام لێ کردبوو هەرکە ماینەکەی بزێت لەخەو بێدارم بکاتەوە. سەیرم کرد وەك بڵێیت نموونەی پالا و پاڵەوانم بێت، بەر لەوەی بە پەرۆشەوە دەرگەی تەویلەکە

یەکەمەوە لە پشتەوە بە دەستی شانی گرتبووم و دەیویست هێورم بکاتەوەو ئاگەداری کردمەوەو گوتی؛ محەمەد لەسەرخۆت، بێزاری مەکە. ئاورم لێ دایەوەو لەخۆمم پرسی چۆن زانی من خێرا دەرگەی تەویلەکە دەکەمەوە؟ هەناسەیەکی قووڵی وەرگرت و پاشان بزەیەکی بۆکردو گوتی؛ تۆ بە هێوری ناچیتە ناو هیچ شوێنێکەوە. هێورانە دەستی بەسەر پرچمدا هێنا کە دەگەیشتە سەر شانم و لە پێشی خۆی دام تا لە گۆشەی ژووری ماینەکە دانیشین. لەو ماوەیەدا بە چرپەو نزم دەدوا بە ئاستەم گوێت لێ دەبوو.

ویستم یارمەتی ماینەکە بدەم، بۆیە ڕۆیشتمە پێشەوە تا هەردوو لاقی بچووکی نۆماکە بگرم لەکاتێکدا مەکتووم لەو لاوە ڕاوەستابوو بزەیەکی بەسەر لێوەوە بوو. بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو دەستم بە ڕاکێشانی نۆماکە کرد، لە کاتێکدا ماینەکەیش پاڵی بە نۆماکەوە دەنا. بە تەنگی ئەوەوە بووم لەسەرخۆ گوشاری بخەم سەرو توند ڕاینەکێشم، بەم شێوەیە بەردەوام بووم تا سەری نۆماکەو هەردوو شان و ناوەڕاستی هاتنە دەرەوە، پاش دوایەمین پاڵنان نۆماکە هاتە دەرەوەو دەلەرزی و خۆی هەڵگوتایە باوەشم. لەسەرخۆ نۆماکەم بەرزکردەوە وەك بڵێیت شتێکی ئەنتیکە بێت و لای سەری دایکییەوە دامنا، پاشان براکەم پەشتەماڵێکی پێ دام تا لەسەرخۆ وشکی بکەمەوە.

خۆشحاڵ بووم چونکە بە چاوی خۆم ئەم ئەزموونەم بینی، لەگەڵ هەستی سوپاسگوزاری بۆ براکەم کە لە خەوی هەڵستاندم تا ببم بە بەشێك لەم ئاڤێکردنەوەیە.

دانیشتم و نیشانەی سەرسوڕمان بە ڕوخسارمەوە بەدی دەکرا، ئەو کات مەکتووم جارێکی دیکە بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

تۆ یاریدەدەرێکی زۆر باشیت، لە ئێستە بەدواوە لە کاتی زاییینی هەموو ماینێکدا پشتت پێ دەبەستم.

دڵم بەم قسەیەی خۆش بوو، بەو پەردەیانە دانیشتین و سەیری ماینەکەمان دەکرد بێچووەکەی خۆی دەلیستەوە، بەوپەڕی شانازییەوە لەسەر سینگی مەکتوومی برام ڕاکشام و بە تێبینییەکانی دەربارەی چۆنیەتی کارکردنەکەم دڵشادبووم.

براکەم لە پشووی بەهاردا لە یەکێك پەیمانگەکانی زمان لە کامبریدج گەڕابووەوە، کە ساڵی ١٩٦٠ لەوێ بە فەرمی دەستی بەخوێندن کردبوو. بۆی گێڕامەوە کە لەسەرەتای خوێندنەکەیدا وای بەباش دەزانی هێور بێت و چاوەڕێ بکات تا کەسانی دیکە داوای هاوڕێیەتی لێ بکەن، چونکە مەکتووم هێورو پارێزو ڕەوشت بەرزو بەشکۆبوو. بەپێچەوانەی منەوە جۆرە ئاشتی و هێورییەکی پێوە دەبینرا، بەڵکو خۆی لە خۆیدا دڵنیایی بوو. هەرچی من بووم لە گڕ دەچووم و دانەدەساکام، لەکاتێکدا حەمدانی برام لە ئاکارو ڕەوشت و گۆساغیدا لە مەکتووم دەچوو، بەڵام بایەخی بەلایەنی ئەکادیمی دەداو حەزی لەژمارەو نووسینگەو کاغەز دەکرد.

یادوەرییەکانم لەگەڵ شێخ مەکتووم زۆرو جوانن، گەشتەکانم لەگەڵی بێ شومارن. ئەو شەوانەی لەگەڵم بەسەر دەبردن و دەمەتەقێمان تێدا دەکردو

بابەتمان تاوتوێ دەکرد لە ئەژماردن نایەن. شێخ مەکتووم خەسڵەتی دانایی و دیتن و سینگ فرەوانی و دلێری تێدا بەدی دەکرا، شێخ ڕاشد ئەو خەسڵەتانەی تێدا بینی بۆیە لە ناهەنگی دەست بەکاربوونی شێخ ڕاشد بەفەرماندار ی دوبەی لە کاتی خۆیدا، ڕایسپارد وتاری سەرەکی بخوێنێتەوە، خەڵك ئەوەی زانی کە مەکتووم بوو بە جێنشین، بۆیە بەلایانەوە پەسەند بوو و خۆشیان ویست و، لەگەڵدا هەڵسوکەوت کردن و پاوەری کردن و نزیکبوونی لە خەڵکەوەیان خۆش ویست.

شێخ مەکتووم ڕۆڵێکی سەرەکی لە دامەزراندنی یەکیەتی دەوڵەتی میرنشینەکاندا هەبوو، دانایی و لێهاتوویی بوون بە هۆی چارەسەرکردنی زۆربەی بەربەستەکانی بەردەم دامەزراندنی یەکیەتییەکە کە پۆستی سەرۆکایەتی یەکەمین ئەنجوومەنی وەزیرانی تێدا بەڕێوەبرد.



لەگەڵ برام شێخ مەکتووم بن ڕاشد ئال مەکتووم

◆◆

**"بەلای ئەوەوە پەرەپێدان خەون بوو، بەڵام دەیزانی کە بەلای منەوە ئارەزووی خۆرسکی و پرسی ژیان، یان مردنە"**

◆◆



لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شێخ زاید و هەردوو برام شێخ مەکتووم و شێخ حەمدان بن ڕاشد ئال مەکتووم

چیرۆکەی ژیانم

کاتێك لە سەرەتای هەشتاکاندا باوکم نەخۆش کەوت، شێخ مەکتووم بە هەموو دانایی و توانایی و هێورییەوە جڵەوی کەشتییەکەی گرتە دەست، ئێمەیش لەگەڵی و بە خۆیشییەوە لە بەرپرسیارییەکانیدا پاڵپشت و یاریدەدەری بووین.

لەو چرکەساتانەی کە لەگەڵ برام شێخ مەکتووم خوا لێی خۆش بێت، کە لەبیریان ناکەم کاتێك داوای لێ کردم ببم بە جێنشین لە میرنشینی دوبەی. یەکەمین جار بەوپەڕی گۆساغی و ڕێزەوە داواکەم ڕەت کردەوە. پاش ماوەیەکی دیکە داواکەی دووبارە کردەوە. زۆر قسەمان کرد، بۆم ڕوون کردەوە بۆچی جێنشینی ڕەت دەکەمەوە. پێم گوت شێوازی من لەبواری بەڕێوەبردندا زۆر کەس بێزار دەکات و ڕەنگە زۆر لە پێوەندییە تایبەتییەکانی ئێستەیش تێك بدات. بە ڕاشکاوی بیروبۆچوونەکانی خۆم بۆ ڕوون کردەوە کە لەبارەی بەڕێوەبردنەوە پشتیان پێ دەبەستم، هاوکات بەڕاشکاوی پێم گوت کە ژمارەیەکی زۆر لەسەر ئەو سیستمە کارگێڕییە بەردەوام بوون کە باوکم پێش ساڵانێکی دوورودرێژ دایناوەو نایانەوێت پەرەی پێ بدەن، چونکە لێی ڕاهاتوون. ئاکام قایلم کرد کە کات گونجاو نییە ئەم بەرپرسیارییەتییە وەربگرم و، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئەو پرسە دوابخەین.

پاش چوار ساڵ مەکتوومی برام هەمان بابەتی وروووژاندەوە. هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت. داوای لێ کردم ببم بە جێنشین. هەردوو چاوی بە قووڵی سەیری نیشانەکانی ڕوخساریان دەکردم، وەك ئەوەی پێم بڵێت ئێستە

کاتی هاتووە، وەك ئەوەی پێم بڵێت ئەم جارەیان نائومێدم مەکە. ڕەزامەندیم نواند. هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك بوون و، توند باوەشی پێدا کردم.

زۆر کەس پرسیارم لێ دەکەن، هەست بەچی دەکەیت کاتێك بەیانی ڕۆژی دواتر لەخەو هەستایت و بڕیاری دامەزراندنت بە جێنشین خوێندەوە؟ ڕاستییەکەی من ئەو شەوە نەنووستم، کاتی ئەوەیشم نەبوو کاغەزەکان بخوێنمەوە، چونکە لەو چرکەساتەوە کۆڕەکەم بەجێ هێشت دەستم بە کارکردن کرد. مەکتووم ئەوەی زانی و منیش پشت بەمە دەبەستم. بەلای ئەوەوە پەرەپێدان خەون بوو، بەڵام دەیزانی کە بەلای منەوە ئارەزووی خۆڕسکی و پرسی ژیان، یان مردنە.



باوکم لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەریتانییەکان دووچاری هیچ دژوارییەك نەبووەوە کە ئامادەی کۆڕو دانیشتنەکانی دەبوون چ سوپایی، یان بازرگان بووبان، چونکە بە بزەیەکی جوان پێشوازی لێ دەکردن کە دەربڕینەکانی لە هەردوو چاوییەوە دەبریسکانەوە. بە هەمان شێوەیش لەگەڵ ئەمریکاییەکان مامەڵەی دەکرد، چ دیپلۆماتکار، یان وەبەرهێنەر بن، کە چیرۆکێك، یان نوکتەیەکی بۆ دەگێڕانەوە. لەگەڵ ئەوەیش هەموو ئەو دانیشتنە دوورودرێژانەی ناو کۆڕەکەی بە ئامادەبوونی وەرگێڕ بەڕێوە دەچوون، لە کاتێکدا باوکم لەکاتی قسەکردندا لێرەو لەوێ چەند وشەیەکی ئینگلیزی بەکاردەهێنا.

ئەگەرچی میوانەکانی بە دڵخۆشی دەڕۆیشتن و کەشی دانیشتنەکەیان بەدڵ بوو، بەڵام ئەو کاتێك دەهاتە دەرەوە گرژی و تووڕەیی بە ڕوخسارییەوە دەبینرا، قلیانە بچووکەکەی دادەگیرساندو مژێکی قووڵی لێ دەداو پاشان بە قووڵی سەیری دایکی دەکردم و دەیگوت: پێویستە منداڵەکان بە زووترین کات بڕۆن. هەرکە ئەوەی دەتگوت یەکسەر هەردوو چاوی دایکم نیشانەی غەمباری لێ دەنیشت، ئەویش بە دەستێکی بەسۆز بە سەر شانیدا دەداو هێورانە پێی دەگوت: ناتوانم تووشی ئەو ناتوانایییەیان بکەم کە خۆم هەستی پێ دەکەم بەهۆی ئەوەی ناتوانم بەڕەوانی بەم زمانە بدوێم، زمانی ئەوانەی پێویستمان پێیانە پارمەتیمان بدەن..دەبێت بەم نزیکانە بڕۆن.

بەلای باکمەوە بابەتی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بابەتێکی زۆر گرنگ بوو، ئەوەبوو لە شەستەکاندا دوبەی لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیا بیانییەکاندا

مامەڵەی دەکردو، بزاوتی گەشەپێدان زۆر خێرایانە دەستی پێ کردبوو، لەو پرۆژانەی کە باوکم دەیکردنەوەو ئەو ڕێککەوتنە گەورانەی وتووێژمان لەبارەوە دەکردن، تا دەگاتە درێژەپێدانی گەڕان بەدوای نەوتدا لە دوبەی، بەر لەوەی لە ساڵی ١٩٦٦ لە کێڵگەی (فەتح) بدۆزرێتەوە، کە هەمان ئەو ساڵە بوو باوکم داوای لێ کردم بچم بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی ببم.

زۆر تینوو بووم، پڕ بە پێستی واتاکانی ئەم وشەیە، بۆ هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوە دەیانبینم و فێریان دەبم. هەرکە پێیان گوتم کە گەشتی دەرەوە دەکەم، تا توانیم کۆشام لەوپەڕی ئامادەباشیدا بم، هەندێک کاتی ڕۆژانەی خۆمم بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی و بە تەنیا قسەپێکردنی تەرخان کرد، هاوکات بە تەنگی ئەوەوە بووم باشتر بم. زۆر شت نەبوو کە بتوانم بیکەم، ئەوە نەبێت بەردەوام ئەوەم بیری خۆم دەهێنایەوە کە من بەرپرسیارێتییەکی گەورە لە نیشتمانەکەم وەردەگرم و، لەگەڵ گەیشتنم بە ئینگلتەرا یەك خولەکی کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم تا ئەو خەونە بەدی بهێنم کە چاوم تێ بڕیوە.

لەتابی ساڵی ١٩٦٦، گەیشتمە ماڵی خاتوو (سەمەرز) (Mrs.Summers) کە دەکەوێتە (١٥ برۆکساید، کامبریدج)ـەوە. لەو ئافرەتە وردبوومەوە کە نیشانەگەلی باشی و بەسۆزی پێوە دەبینرا، ئەویش لای خۆیەوە بە هەمان ئاستی بایەخدانەوە لێم وردبووەوە، پاشان داوای لێ کردم دوای بکەوم تا ژوورەکەمم پێ پیشان بدات، لەکاتێکدا چەندان وشەی بە گوێدا دام هیچیان

ێنەگەیشتم، بەڵام ڕێتمی دەنگی ئەوەی دەردەخست کە وشەگەلی وەسف کردن و ڕوونکردنەوەو پێشوازی لێ کردنن.

هەرکە دەرگەی ژوورەکەمم داخست، هەستی پڕ جۆش و خرۆشی سۆزی نیشتمان و بیرکردنی کەسوکارو دۆست و خۆشەویستان دایگرتم، زۆربەی کاتی خۆم بە نوێژو تکاکردن بەسەربرد، تا خاتوو (سەمەرز) هات و لە دەرگەی ژوورەکەی داو گوتی: مەکتووم شیو ئامادەیە. هەرکە دەرگەکەم کردەوە چەندان بۆن و بەرامەی سەیر بەڵام جێی بایەخدان بەر لووتم کەوتن. سێ جۆرە خواردنی لەسەر مێزەکە دانابوو، گۆشت، پەتاتەی شێلراو، بازیلای سەوز. هەموومان نانمان خوارد، لە کۆتایی ژەمەکەدا بێ بڕیاری پێش وەخت هەمووان بە هاوئاهەنگییەکی تەواوەوە ڕاوەستان، ئەوەیش تووشی سەرسوڕمانی کردم. لە شوێنی خۆمیان بەجێ هێشتم و منیش سەیری خواردنەکەی خۆمم دەکردو لە خۆم دەپرسی دەبێت چی بکەم، تا بینیمن بەرەو لای دەستشۆرەکە ڕۆیشتن.

زۆر شاد بووم چونکە یەکەمین ژەممان بریتی بوو لە ڕانە کاوڕ، بڕوام وابوو ئەوانیش وەك ئێمەی عەرەبن، قوربانی بۆ ڕێز لێگرتنی میوانان سەردەبڕن. ویستم شتێکی بەسوود بکەم، پاشماوەی گۆشتەکەم برد تا فڕێی بدەم، بەڵام خانەخوێکەم نەیهێشت و بە دەنگی بڵند دەستی بە قسەکردن کرد. لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە، ڕەنگە کەسانی دیکە هەبن ئەم خواردنە بخۆن. ئای چ ڕەفتارێکی ناشیرین بوو لەلایەن منەوە. ڕەنگە دەیویست بۆ دراوسێکانی بنێرێت.

بینیم گۆشتەکە لەناو بەستێندا دانرا. لە کۆمەڵێکدا ژیام هەمووان یەکتری دەناسن، پێویست نەبوو پاشماوەی خواردن بمێنێتەوە تا بۆ کەسانی دیکە بنێررێت. کاتێک پێکەوە دادەنیشتن و ژەمێکی خۆشمان دەخوارد، دایکم قاپەکەی هەڵدەگرت و دەیپێچایەوەو بۆ دراوسێ، یان خزمانی دەنارد، ئەمە یەکێکە لە نەریتە ڕەسەنەکانی عەرەب.



خانووی خاتوو (سەمەرەز) لە کامبریدج ـ ساڵی ١٩٦٦

◆◆

**"دەمەتەقێ و تاوتوێ کردن لەسەر خوانی**
**ناخواردن لەو بابەتانە بوو کە لەم کولتوورەدا**
**بەدڵم بوو، ئەم جۆرە لە کولتووری ئێمەدا نییە**
**کە تاوتوێ کردن و دیالۆگی تێدا زۆر پارێزترە "**

◆◆

چوار ڕۆژی دواتر لەگەڵیان ڕۆیشتم تا جیهانە نوێیەکەم ببینم. شوێنەکانی دەوری خۆم بینی و ویستم نەخشەی شەقام و کۆگەو دوکانەکان ئەزبەر بکەم کە خاتوو (سەمەرز) بردمی بۆیان. پاش دوو ڕۆژ لە فێرگەی (بێل) بۆ زمانەکان لە کامبریدج دەستم بە خوێندن دەکرد، بۆیە ئەو کتێبانەمان کڕی لە لیستی پرۆگرامەکاندان. گەڕاینە ماڵەوە بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆین کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژەمی شیوی ڕۆژی پێشوو دەچوو. پارچە گۆشتەکانی کاوڕەکە لە ناوەڕاستی خوانەکەدا دانرانەوە پاش ئەوەی لە بەستێنەکە دەرهێنران و گەرم کرانەوە. لەوە دڵنیا بووم کە ئێستە خراپ بووە. دەتوانم چی بڵێم؟! خواردیان، بەڵام ئەم جارەیان لەگەڵ گێزەری کوڵاوو مەرەگەدا، منیش لەگەڵیان ژەمەکەم خوارد.

لە خوێندندا خێرا دەستم پێ کرد، هەموو ڕۆژێك خۆم فێری ژمارەیەکی زۆرتری وشەی ئینگلیزی دەکرد، هەرکە لە زمانەکە قووڵتر بوومایەوەو بە شوێنەکە ڕاهاتبام زۆرتر شارەزای کولتووری ڕۆژئاوایی دەبووم و هەندێك لە لایەنە جوانەکانی زۆرتر سەرنجیان ڕادەکێشام.

لێرە سڵاوکردن لەو کەسانەی دەیانناسین پێویست نەبوو، لەکاتێکدا لەبیابان ڕادەوەستیان تا سڵاو لە هەر کەسێك بکەین تێپەڕێت، چ برا، یان خوشك، یان تەنانەت فەرمانبەرێك. شێوازی ساکارو بێ ڤیزانەم بەدڵ بوو، چونکە کەس هەڵناسێتە سەر پێ کاتێك یەکێك بێتە ژوورەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو سەریان سوڕ دەما ئەگەر کەسێکیان ببینیبایە لەکاتی هاتنە ژوورەوەی کەسێکدا ڕادەوەستێت .

قسەکردن و تاوتوێکردنی بابەت لەسەر مێزی مووبەق لەو بابەتانە بوو کە لەم کولتوورەدا بەپەسەندم زانی، چونکە ئەم جۆرە لە کولتووری ئێمە نییە، کە تاوتوێکردن و دیالۆگی تێدا زۆر پارێزترە. ئەگەر لێرە هەر جۆرە ناکۆکییەك لە ڕاوبۆچووندا هەبوو، ئەوە دۆستایەتیی نێوان کەسەکان تێك نادات، بەشێوەیەك هەموو مرۆڤ ڕێزی بۆچوونەکانی ئەوی دیکە دەگرێت. زۆرم چێژ لەو دیالۆگ و تاوتوێکردنە دوورودرێژانە وەردەگرت!

هەستم کرد کە شتێکی سەیرە خەڵکی لە لە ئینگلتەرا قسە لەگەڵ دراوسێکانیاندا ناکەن کە ئەوانیش لای خۆیانەوە سەڵاویان لێ ناکەن. لە چەندان بۆنەدا کۆشام سڵاو لە زۆر کەسان بکەم لەوانەی لە نزیکمانەوە دەژین، بەڵام  بە شێوەیەك سەیریان دەکردم وەك بڵێیت ڕفتارێکی سەیرم لێ وەشابێتەوە، ئەوەبوو هاوارم دەکرد، بەیانیت باش! هیچ هەواڵێکت بێیە؟ (Good morning! Do you have any news?). ئەم دەربڕینە هاوشێوەی سەڵاوی بیابان بوو کە لە کەسانی نەناسراومان دەکرد و دەمانگوت: سەڵاوتان لێ بێت هیچ هەواڵێکتان پێیە؟

ئەو کاتانەی لە کامبریدج لە ئینگلتەرا گوزەراندم پایەیەکی تایبەتییان لە دڵمدا هەیە، زۆرم چێژ لە بەیانیانی فێنك دەبینی، هاوکات شەیدای ئەو بارانە بووم کە زۆر جار ماوەی چەند ڕۆژێك دەباری و، ئاسمان لە گریانێکی هەمیشەییدا بوو. بە جدی خوێندم و کۆششم کرد. ڕێتمی دەنگی باوکمم لەیاد ناچێت کاتێك بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکردم. لە سەرەتاو لە کۆتایی هەموو قسەکردنێکدا پرسیاری لەبارەی ئەو پێشکەوتنەوە دەکرد کە لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا بەدەستم هێناوە، ئەوەیش پاڵی پێوە دەنام لەوە بگەم کە من بۆ مەبەستی ئەوە لێرە نیم تەنیا کارامەیی تایبەتی خۆم پەرەپێ بدەم، بەڵکو بە مەبەستی خزمەتکردنی وڵاتەکەم کە زۆر بەرپرسیاریەتی تێدا چاوەڕێی دەکردم کاتێك دەگەڕێمەوە.

◆◆

**"باوکم لەوەدا سەرکەوت کە دوو پاساری بە بەردێک پێکا. ئەوەبوو فێری زمانی ئینگلیزی بووم، هاوکات نرخ و بەهای پارەیشم دەرک پێ کرد"**

◆◆



خانووی خاتوو سەمەرز - کامبریدج - ساڵی ١٩٦٦

بەشی هەرە زۆری کاتم بۆ خوێندن تەرخان کرابوو. کاری ئاسایی و ڕۆتینیشم کرد کە فێرخوازانی دیکە دەیانکەن، دەبوو پارە بۆ وەگەڕخستنی ئایر کۆندشن و بەکارهێنانی تەلەفۆن بدەم، خانەوادەکەی (سەمەرز) شیوی ئێوارانی بۆ ئامادە دەکردم، بەڵام پارەی ژەمی نیوەڕۆم لە خەرجیی تایبەتی خۆم دەدا کە باوکم بۆی دابین دەکردم، هەفتەی دوو جونەیهی ئیستەرلینی.

خەرجییەکە بۆ هەموو ڕۆژانی هەفتەکە بەشی نەدەکردم. زۆر جار هەفتەی جارێك مریشکم دەخواردو هەندێك جاریش نانی نیوەڕۆم نەدەخوارد تا بتوانم قاوەیەك بۆ هاوڕێکانم بکڕم، یان - ئەمە گرنگترە - پارەی تکتی ئەو شەمەندەفەرە بدەم کە سواری دەبووم و دەچووم پێشبڕکێی ئەسپ سواریم دەبینی کە زۆر شەیدای بووم.

زۆربەی کۆششی خۆم لە فێرگە خەرج دەکرد. گەڵا وەریوەکانی درەختەکانم کۆدەکردەوە، لەگەڵ ئەو کارانەی دیکە کە وەك دەوامێکی نیوەچڵ دەمکرد تا بتوانم پێشبڕکێکانی ئەسپ سواری ببینم. باوکم لەوەدا سەرکەوت کە دوو پاساری بە پەردێك پێکا، ئەوەبوو فێری زمانی ئینگلیزی بووم، هاوکات نرخ و بەهای پارەیشم دەرك پێ کرد.

ڕۆژێکیان تەلەفۆنم بۆ کرا تا هەتایە ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم، تەلەفۆنێك کە تێیدا داوام لێ کرا دەست بەجێ بۆ نیشتمان بزڤرێمەوە. باوکم گوتی: کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگ هەیە. مەبەستی لەم ڕستەیە ئێستە بوو.

بەم شێوەیە ڕۆژی دواتر بە یەکەمین فڕۆکە بۆ دوبەی گەڕامەوە.

# 20
# خێوەتی باکوور



باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید لەگەڵ شێخ زاید بن سوڵتان

هەموو شتێك سەرەتایەكی هەیە، سونەتی ژیانیش ئەوەیە كە كۆتایی دەبێت، تەنیا خەونە مەزنەكان نەبێت كە سەرەتایان هەیە بەڵام كۆتاییان نابینێت، چونكە لەتۆ زۆرتر دەمێننەوە ئەگەر دڵسۆزیت بۆ نواندو، تەمەنیان لە تۆ درێژتر دەبێت ئەگەر هەمووی خۆتت پێ بەخشین.

چركەساتەكانی سەرەتا بەردەوام چركەساتگەلێكن لەبیرناچنەوە، وردەكارییەكانیان لە یادت دەچەسپێن و، هەستەكانیان بەهەند گیانتەوە دەمێننەوە، چێژو خۆشی و جۆش و خرۆشیان تا هەتایە بە بەشێك لە پێكهاتەت دەمێننەوە.

هەموو كەسێك چركەساتەكانی لەدایكبوونی یەكەمین منداڵی خۆی لە یادە، چركساتی لەدایكبوونی یەكەم خۆشەویستیی لە یادە، یەكەمین ڕۆژی لە یەكەمین فێرگەی لە یادە، یەكەمین ئەركی لە یادە. منیش چركەساتی لەدایكبوونی دەوڵەتی میرنشینەكانی یەكگرتووی عەرەبم لە یادە.

باوكم ساڵی ١٩٦٨ بە پەلە لە بەریتانیاوە بۆ كۆبوونەوەیەكی گرنگی بانگ كردمەوە. بۆ ئامادەكاری و ئامادەبوون بۆ بەسەربردنی ڕۆژێكی تەواو لە بیابان ڕایسپاردم. بۆ كۆبوونەوەیەكی دوور لە چاوی كولگران و خۆماتدەران ڕایسپاردم، دوور لە چاوی خاوەن نیازە خراپەكان كە حەزیان لە بیرۆكەی یەكگرتن نەدەكرد، حەزیان لە یەك هەڵویستی نەدەكرد، حەزیان نەدەكرد ئەم هۆزە پەرت و بڵاوو ئەم میرنشینە پێكەوە زیاوانە قەوارەیەكیان هەبێت، یان دەوڵەتێك كۆیان بكاتەوە.

تەنیا دوو ساڵ بوو فەرمانڕەوایی
کۆبوونەوەکە لەگەڵ دانایەکی دیکەدا بوو ئەویش شێخ زاید بن سوڵتان ئال نەهیان بوو، باوکی
ئەبو زەبی دەکرد، ئەویش شێخ زاید بن سوڵتان ئال نەهیان بوو، باوکی
دووەمم و ڕێبێشاندەرم و سەرۆکم لە ماوەی چل ساڵی ڕەبەقدا، کە لە
یەکەمین ڕۆژی فەرمانڕەوایی کردنی ئەبو زەبی لە ساڵی ١٩٦٦ غەمی
یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان میرنشینەکان و خەونی یەک دەوڵەتی
هەلگرتبوو. ئامانجی کۆبوونەوەکە دانانی چوارچێوەیەک بوو بۆ دامەزراندنی
یەکیەتییەک لەنێوان هەردوو میرنشینەکەدا و دواتر میرنشینەکانی دیکە
بچنە ڕیزییەوە. ئامانجی کۆبوونەوەکە ئەوەبوو هەموو لایەک بخرێنە
بەردەم ئەمری واقیع، یەکگرتنی نێوان ئەبو زەبی و دوبەی و داواکردن لە
میرنشینەکانی دیکە بێنە ڕیزیانەوە تا دەوڵەتی میرنشینەکان پێکبهێنرێت.

چەند ساڵێک بوو قسەی زۆرو دیدارگەلی بێ سوودو، هاوپەیمانیەتی بەردەوام
بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی یەکگرتوو هەبوون. بەڵام بەردەوام کەسانێک
هەبوون ئەو هەوڵانەیان پووچەڵ دەکردەوەو ئەو خەونەیان دوادەخست، تا
ئەو کۆبوونەوە ڕووی دا بۆ ئەوەی پرسەکە یەک لابکاتەوە. کۆبوونەوەی
هەردوو شێخ لە ناوچەی (عەرقووب ئەلسودەیرە)ی نێوان ئەبو زەبی و
دوبەی، ئەو چرکەساتە مێژووییە بوو کە خەونی یەکگرتنی کردە ڕاستی و
لەوێوە خاڵی نەگەڕانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی میرنشینەکان دەستی پێ
کرد.

بەخۆم پێش هەردوو شێخ چووم و تا شوێنەکە هەڵبژێرم. لەناو براکانمدا
زۆرتر شارەزای بیابان بووم، باوکم لەوە دڵنیا بوو شوێنێکی باش بۆ


دیدارەکە هەڵدەبژێرم. دوو خێوەتم هەڵدا، یەکێکیان بۆ هەردوو شێخەکە کە شوێنەکەیم بەرانبەر بە سروەی فێنکی با دانا، دووەمیش بۆ ئێمە تا لێی دانیشین. ئاگرم کردەوە بۆ ئەوەی خواردن لێ بنرێت، لەکاتێکدا ئاگری جۆش و خرۆش و وروووژێنەر لە دڵمدا بۆ ئەم ڕۆژە کڵپەی دەهات کە زانیم ڕۆژانی دیکەیشی بەدوادا دێن. زانیم ئەو قسانەی چەند ساڵێکی دوورودرێژە لەبارەی دامەزراندنی یەک دەوڵەت دەیانبیسین پاش ئەم دیدارە دەبێت بە ڕووداوێکی ڕاستەقینە. هەموو شتێکم ئامادەکرد، هەردوو شێخ گەیشتن لەگەڵ دوو تا سێ پیاو لەگەڵ هەر یەکێکیاندا، هەردووکیان بە تەنیا چوونە ناو خێوەتەکەی باکوورەوە تا وتووێژەکان دەست پێ بکەن.

بەڵێ لە خێوەتەکەی باکوور لە ١٨ی شوباتی ١٩٦٨ دەوڵەتی میرنشینەکان دەستی پێ کرد. لە خێوەتی باکوور هەردوو شێخ لەسەر دامەزراندنی یەکگرتنێکی دووقۆڵی ڕێککەوتن. لە خێوەتی باکوور لەسەر ئەم برگانە ڕێککەوتن: یەک ئاڵا، یەک سیستمی تەندروستی، یەک سیستمی فێرکردن، سیستمگەلی نیشتەجێی هاوبەش. لە خێوەتی باکوور شتێک ڕووی دا لە وڵاتی عەرەب ڕوونادات و بۆ چەندان دەیان ساڵی دوورودرێژیش ڕوونادات، لەو خێوەتەدا هیچ کامیان نەیاندەویست ببن بە سەرۆک. زاید داوای لە ڕاشد دەکرد ببێت بە سەرۆکی یەکیەتییە نوێیەکەو، ڕاشدیش بزەیەکی دەهاتێ و بە دەستی تەزبیحەکەی دەجووڵاندەوەو دەیگوت تۆ سەرۆکیت! لە خێوەتی باکوور ئەم بابەتە تاوتوێ کراو مشتومڕی لەسەر کرا، تا زاید قایل بوو ببێت بە سەرۆک و، ڕاشدیش دەستی بۆ درێژکردو ڕێککەوت و پەسەندی کردو پیرۆزبایی لێ کرد.

♦♦

"هەموو کەسێك چرکەساتەکانی لەدایکبوونی یەکەمین منداڵی خۆی لە یادە، چرکەساتی لەدایکبوونی یەکەم خۆشەویستیی لە یادە، یەکەمین ڕۆژی لە یەکەمین فێرگەی لە یادە، یەکەمین ئەرکی لە یادە. منیش چرکەساتی لەدایکبوونی دەوڵەتی میرنشینەکانی یەکگرتووی عەرەبم لە یادە"

♦♦



باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید لەگەڵ شێخ زاید بن سوڵتان

ئەمڕۆ پاش پەنجا ساڵ لە یادمە چی لە خێوەتی باکوور ڕووی دا لەکاتێکدا دڵم بۆ وڵاتێکی عەرەبی دەگوشرێت کە ژیانی هەزاران کەسی لەدەست داو، بە هەزاران ملیار لە سامانەکانی بەفیڕۆ داو، چەندان ساڵی لە کاروانی پەرەپێدانی خۆی لە دەست دا بەهۆی شەڕ لەبارەی کێ فەرماندار بێت و کێ سەرۆک بێت.

بەڵێ ئێمە لە میرنشینەکان جیاوازین، ڕەنگە لەبەر ئەوەیش بێت سەرکەوتین. دەوڵەتان سەردەکەون کاتێك سەرانێك دێن خەونی گەلەکانیان لە خەونی تایبەتی و هیواو ئاواتی تایبەتی خۆیان گەورەترە. دەوڵەتان سەردەکەون کاتێك سەران واز لە (من) و لە خود دەهێنن بەرانبەر بە بەدیهێنانی ئاواتەکان و دروستکردنی دەستکەوت. دەوڵەتان سەردەکەون کاتێك دەسەڵات هۆکارێك دەبێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی گەل، نابێت دەسەڵات گرنگترین مەبەست بێت و، گەلیش بسووتێنێت!

دەوڵەتی میرنشینەکان لەسەر دەستی سەرانێك دامەزرا توانای خودنکۆڵییان هەبوو، دەوڵەتیش لەسەر دەستی ئەو سەرانە پەرجووگەلی بەدیهێناو، یەکێك لە گرنگترین نهێنیی سەرکەوتنیشمان ئەم بەهایەیە کە دەبێت لە ناخی هەموو بەرپرسانی ئەم دەوڵەتەدا بەردەوام بێت تا پەرجووەکە بەردەوام بێت، بەهای خودنکۆڵی لە پێناوی بەرژەوەندی وڵاتدا. دەبێت کۆششێکی زۆر بکەین لە پێناوی چەسپاندنی بەهاکانی یەکگرتوویيدا، بەهاکانی شێخ زاید. میرنشینەکان کەسێکی تێدا نییە لە یەکگرتوویی گەورەتر بێت. هیچ خەونێکی تێدا نییە لە خەونی چەسپاندنی یەکگرتوویی

گەورەتر بێت. ئاواتگەلی هیچ کەسێکی تێدا نییە تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندی ئەم یەکیەتی و یەککگرتووییەدا نەبێت.

◆◆


**" دەوڵەتان سەردەکەون کاتێک**
**سەرانێك دێن خەونی گەلەکانیان**
**لە خەونی تایبەتی و هیواو ئاواتی**
**تایبەتی خۆیان گەورەترە "**

◆◆

لەگەڵ کۆتایی ئەم دیدارە مێژووییەی نێوان زایدو ڕاشد، یەکگرتنی نێوان هەردوو میرنشین ڕاگەیەنراو، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کاردانەوەی جیا جیا لەبارەی ڕێککەوتنی یەکیەتییەکە دەرکەوت. شا حوسێن شای ئوردن، لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو تەلەفۆنی بۆ باوکم کردو بە هەستی گەرم و گوڕو سەرسوڕمانەوە پیرۆزبایی لە باوکم کرد. هەر یەك لە کوێت و وڵاتی عەرەبستانی سعوودی پێشوازییان لە ڕێککەوتنەکە کرد، پاش ئەوەیش پیرۆزباییەکی گەرم ـ ئەگەر جێی واق وڕمان نەبێت ـ لەلایەن بەریتانیاوە گەیشت. بەڵام، ئەوەی زۆرتر خۆشحاڵی کردین ئەو پیرۆزبایییانە بوون کە لە حەوت میرنشینەکانی دیکەی عەرەبەوە (بە قەتەرو بەحرەین)و سەرانیانەوە پێمان گەیشتن کە هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستین.

باوکم بەم دەستکەوتە شادبوو، گەیاندنی یەکیەتی میرنشینەکان بە خالی نەگەڕانەوە. ئەوەبوو نیشانەی ماندوویی و شەکەتی پێوە دەرکەوت. پاش بێ دەنگییەکی زۆر لە ڕێگەی گەڕانەوەمان لە (عەرقووب ئەلسودەیر)ەوە پێی گوتم: محەمەد! ئەو یەکیەتییە تازە لەدایکبووە پێویستی بە پاراستن هەیە لە زۆر لە دوژمنانی ناوەو دەرەوە. لەگەڵ شێخ زاید لەسەر یەکەیەکی فیدراڵی ڕێککەوتووین لە بەرگری و ئاسایشی ناوخۆ بەرپرسیار بێت. دەمەوێت تۆ لە پاراستنی یەکیەتییەکە بەرپرسیار بیت.

# 21
# بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

لەژیانی هەموو مرۆڤێکدا چەند ناوبڕێک هەن، ناوبڕ لەنێوان قۆناغێک و قۆناغێکی دیکەدا، ناوبڕ لەنێوان ژیانێک و ژیانێکی دیکەدا، ناوبڕێک لەنێوان خەونێک و سەرەتای خەونێکی نوێدا. ناوبڕی سەرەکی ژیانم لەنێوان قۆناغی گەنجایەتی و قۆناغی پیاوەتیدا وشەیەک بوو، وشەی ڕاشد بن سەعید: محەمەد..دەمەوێت تۆ لە پاراستنی یەکیەتییەکە بەرپرسیار بیت.

لە مێژووی خۆماندا شتم لە بارەی سەرکردەگەلی مەزنەوە دەبیست و دەخوێندەوە، بە تەمەنی بچووکەوە فەرمانددیی سوپاگەلیان کرد وەک ئوسامە بن زەیدو قوتەیبە بن موسلم و هی دیکەیش. بەلام وەک ئەندێشەیەکی مێژوویی و، ئەفسانەگەلی پالەوانیەتی لە مێژووی جوانماندا سەیرم دەکرد، تا ئەم ئەرکەم پێ سپێررا لەکاتێکدا تەنیا ١٩ ساڵان بووم، سوپایەک بۆ دەوڵەتێکی بێ سوپا دامەزرا، لەگەڵ ئامادەکردنی پلانی بەرگری کردن لە دەوڵەتێک هێشتە لەدایک نەبووەو کارکردن بۆ یەکخستنی هێزەکانی حەوت میرنشین هێشتە متمانەیان لەنێوان یەکدیدا نەچەسپاندووە، سوپایەک بتوانێت لە ماوەی تەنیا سێ ساڵدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەریتانییەکان بەجێی دەهێڵن و بتوانێت ئەم دەوڵەتە بچووکە لە ناوچەیەکی شلەژاوی پڕ بە چاوچنۆکی و پیلانگێڕی و شەڕی بێ کۆتاییدا بپارێزێت.

بابەتی هێزی بەرگری هەستیارترین بابەت بوو لە وتووێژەکانی دامەزراندنی یەکیەتییەکەدا، لە ڕووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە. تەواو ئاگەم

له هەستوەری ئەم بابەته هەبوو، دەرکم بە گرنگیی ئەو بەرپرسیاریەتییە دەکرد که دامەزرێنەران خستوویانەته پێشم.

ئەوەی سەرسوڕماوی دەکردم ئەوەبوو لەم بەرپرسیاریەتییە نەدەترسام، بەڵکو هەستم کرد تواناو بیرکردنەوەو لێهاتووییمی تا ئاستێکی باش بەرزتر کردەوه که بڕوام نەدەکرد بەم خێراییه پێی بگەم.

دەست بەجێ دەست بەکار کراو شێخ ڕاشد لە شوباتی ۱۹٦۸ فەرمانێکی دەرکردو بە فەماندەی پۆلیس و ئاسایشی گشتی دوبەی دامەزراندم. بڕیارەکە ئاماژەی بەوەیش کردبوو بڕۆم بۆ بەریتانیا بۆ بەشداریکردن لە مەشق و ڕاهێنانێکی سەربازی تایبەتمەند، چونکه لەوە باشتر نەبوو لەبەر نزیکی هەڵسوکەوتی سەربازییان لەگەڵ ئەوەی لای ئێمە هەیەو باوە، منیش بڕوام بەوە هەبوو کە ئەوان خاوەنی دێرینترین تاقیکردنەوەو پسپۆری و شارەزایین لە جیهاندا. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەم دەوڵەتە توانیویەتی چارەکی ڕووبەری گۆی زەوی کۆنترۆڵ بکات و، ببێتە ئەو ئیمپراتۆریەتەی هەتاوی لێ ئاوا نابێت و، ئەو ستایل و جۆری مەشق و ڕاهێنانە چییە بۆ نەفسەرەکانیان دەستەبەر دەکەن. هەوڵی باشترین مەشقی سەربازیم دەدا کە بتوانم دەستەبەری بکەم.

سەرەتا فێرگەی زمانی سەربازیم لە بیکۆنزفیڵد لە هەرێمی پاکینگهامشیری ئینگلیزی هەڵبژاردو لە ماوەیەکی کورتدا هەموو هەنگاوە پێویستەکان هاوێژران. سەفەری ئینگلتەرام کردو پاشان چووم بۆ فێرگەکە لە بیکۆنزفیڵد

تا هەڵیسەنگێنرێم، ئاکامی هەڵسەنگاندنی جەستەیی و هەڵسەنگاندنی کارامەییەکانم جێی شۆك بوون بۆ من، چونکە فەرماندەی سەربازی بۆ نووسینگەکەی خۆی بانگی کردم و بۆی ڕوون کردمەوە کە کارامەیی و شیاویم لە هی ئەو سەرپەرشتیارە بەرزترە کە مەشق و ڕاهێنانم پێ دەکات و پێشنیازی بۆ کردم چاو بە ناونووسینەکەمدا بگێڕمەوە.


پاش ماوەیەك داوای کۆبوونەوەیەکم کرد لە وەزارەتی بەرگری لە لەندەن، لەوێ بڕیار درا لە (کۆلێژی مۆنز بۆ ئەفسەران) لە ئەڵدەرشووت ناوم بنووسم. هەستم بە خۆشنوودی کردو پێوەندیم بە باوکمەوە کرد تا مژدەی هەواڵی خۆشی پێ بدەم. باشترین شت بۆ من لەو بابەتە ئەوە بوو لەبارەی کۆلێژی مۆنزەوە بیستبووم کە بەرنامە و مەشق پێ کردنەکانی تێدا زۆر لە هی دیکە دژوارترە، ئامادەیش بووم هەموو کۆششی خۆم بخەمە گەڕ، چونکە بڕیارم دابوو بۆ دوبەی نەگەڕێمەوە ئەو کاتە نەبێت کە لە ڕووی جەستەیی و مێشك و سەربازییەوە بتوانم ڕووبەڕووی هەر شتێك ببمەوە. با خراپترین شت کە هەیانەو دژوارترین شتم پێ بدەن کە دەشێت بیری لێ بکرێتەوە!

مۆنز، یەکەی شاهانەی سەربازی ١٦١، بەشێك لە ئەکادیمیای ساندهێرست بۆ مەشق پێکردنی ئەفسەران بوو، دواتر ناوەکەیان بۆ کۆلێژی مۆنز بۆ ئەفسەران گۆڕیبوو.

◆◆

"بڕیارم دابوو بۆ دوبەی نەگەڕێمەوە ئەو کاتە
نەبێت کە لە ڕووی جەستەیی و مێشک و
سەربازییەوە بتوانم ڕووبەڕووی هەر شتێك ببمەوە"

◆◆



لەکاتی دەرچوواندنی خولێکی سەربازی ـ ساڵی ١٩٧٧

◆◆

**"بەردەوام دەنگی باوکمم لە مێشکم و لە دڵمدا دەبیست:**
**دەبێت بە بەرپرسیاری پاراستنی یەکیەتییەکە!"**

◆◆

گرووپی بژاردە بووین. مۆنز بنکەی مەشقی سەرەکی ئەسپ سواران و هێزەکانی تۆپخانە بوو لە بەریتانیا، بەڵام پاش چەند ساڵێک دوای دەرچوونی من، لەگەڵ (ساندهێرست)دا تێکەڵ کرا.

چوومە ڕیزی سریەی (کۆهیما)، کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی چەکی ئەسپ سواری شاهانەو ئەسپ سوارو ئەندازیارانی شاهانەو پاسەوانان و پیادەم لەگەڵ بوون. بە ئاسانی نەیاندەتوانی ناوەکەم (محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتووم) گۆبکەن. بۆیە بریکاری بەرپرسیار لە من و پیاوانی دیکەیش بڕیاری دا بەناوی (ئەفسەر ڕاشد) بانگ بکرێم، بەڵام کاتێک زۆر تووڕە دەبوو . ئەوەیش بەردەوام ڕووی دەدا . بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد : مەکتووم.

کاتێک گەیشتمە ئەوێ هیچ شتێکیان لە بارەوە نەدەزانیم، بڕوام وایە ئەوەیش تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندی مندا بوو، چونکە ئەوەندەی ئەخایانند ژیانم دژوارتر بوو کاتێک فەرماندە ڕاستەوخۆکەم زانی کێم، ئەوەیش کارێکە باسکردنی دژوارە، بەڵام ئەوە ڕووی دا. بڕوام وایە زۆرترین شت کە لێی دەترسا ئەوە بوو بڵێن کە بە شێوەیەکی جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ کردووم، لە خۆشەویستی، یان شتێکی لەو جۆرە. لەگەڵ هەموو ئەوەیش شەکەتی و

دژواریم پێ خۆش بوو، فێری ئەوەیش بووم چۆن بەرگەی ئێش و ئازاری جەستەیی بگرم، من بۆ ئەم مەبەستە هاتووم، ئەگەرچی باجەکە پێی دەقلیشاندم و بەهۆی سەرماوە پێستم دوومەلی دەردەکردو، تێر نەدەخەوتم لەگەڵ کەمی ئەو ماوەیە بۆ نانخواردن تەرخان کرابوو کە لە چەند خولەکێك تێنەدەپەڕی. هەرچی لەو ڕووەوە کە پێوەندی بە پشکنینی پزیشکی و مامەڵەکردن لەگەڵ چەك و تەقەکردن و خوێندنەوەی نەخشە هەیە، ئەوە بیابان بنەمایەکی سەرسوڕهێنەری پێ بەخشیبووم وای لێ کردبووم هەموو ئەوشتانە باش بزانم.



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

بەردەوام دەنگی باوکمم لە مێشکم و لە دڵمدا دەبیست،، دەبێت بە بەرپرسیار لە پاراستنی یەکێتییەکە! ئەو دەربڕینە وزەیەکی ناسروشتی پێ دەبەخشیم، تەنانەت ئەگەر پێویستی بکردایە بەدرێژایی ماوەی مەشقە دزوارەکە نەنووستمایە تا فێری هەموو شتێک ببم ئەوە بێ سێ و دوو ئەو کارەم دەکرد. بەلای منەوە لە پێناوی نیشتماندا بەرگەی هەموو شتێکم پێ دەگیرێت.

# 22
## کۆهیما

جۆرە خەسڵەتێک لە کەسایەتیمدا هەیە بە تەواوەتی نازانم لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایە خۆرسکە، یان وەرگیراوە. جۆرە وزەیەکی کێبەرکاری زۆر بەرزم هەیە، کێبەرکێ لەگەڵ کەسانی دیکە بەهێزترو باشترو خێراترو زۆر مکوڕترم دەکات.

ئامانجێکی بەردەوامم هەیە بە پلە یەکەم بێم، تەنیا هەوڵ بۆ ئەوە دەدەم، تەنانەت ئەگەر پێیشی نەگەم. نازانم ئایە ئەسپ و خێرایی ئەسپ و پێشبڕکێکانی ئەسپ سواری کە هەر لە منداڵییەوە شەیدای بووم ئەم خەسڵەتەی پێ بەخشیوم، یان ئەم خەسڵەتە خۆرسکییەیە پاڵی پێوە ناوم لە پێشبڕکێکانی ئەسپ سواریدا بەمەودو زۆر لە پێشبڕکێکانی ژیانیش بەدەست بهێنم؟

ڕەنگە چارەنووس بێت، وای لێ کردین بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەتێک بین تا بیکەین بە دەوڵەتێک بە پلەی یەکەم بێت، یان ئەم دەوڵەتە خۆشەویستی پلەی یەکەم لە ناخماندا بچێنێت تەنانەت پێش ئەوەی دامەبمەزرێت.

لەوەتای پێوەندیم بە سریەی کۆهیماوە کردووە لە کۆلیژی مۆنز بۆ ئەفسەران ئامانجێکم هەبوو، دەمویست لەناو خولەکەی خۆمدا بە پلەی یەکەم بێم. دەمویست بە سەرکەوتن و پێشەنگیم وڵاتەکەم سەربەرز بکەم. لەگەڵ سەرەتای مەشقە سەربازییەکان لە ناوچەی دارتمۆر، جۆرە کەشێکی ترس و تۆقین شوێنگەکانی سریەی کۆهیمایان گرتەوە، ئەویش بەهۆی دژواری مەشقەکان و سەختی ڕەوشە سروشتییەکان کە ڕوو بە ڕوومان دەبوونەوە.



لە کۆلێژی مۆنز بۆ ئەفسەران لەئەلدەرشووت، یۆنایتد کینگ دەم ـ سالی ١٩٦٨

لەم بابەتەدا من پێشەنگ بووم، چونکە لە کەش و هەوای بیابان و مانەوە لە بیابان و مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکانی و زانینی ئاراستەکانی و ڕێ تێدا کردنی ڕاهاتووم. زۆر لەوانەی لە بیاباندا ڕێگەیان بزردەکرد دەمردن، چونکە هیچ نیشانەیەك نەبوو تا ڕێگەیان پێ بدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەیش لە بیابان نەدەترسام. هەرچی لەئینگلتەرا بوو بابەتەکە لەوە ئاسانترە، بەتایبەتی لە چاوی بەدەوییانەمدا کە شارەزای بەرزی و نزمایی وردی بیابان بووە، کەواتە چۆن لەم خاك و زەویانەی ئەمان شارەزا نابم کە شوێن و نیشانەگەلی بەرچاویان لێیە!

مەشق کردنمان دەست پێ کرد، کە بریتی بوو لە چەند هەفتەیەك خۆمان بە تەنیا لە ناو دارستان و دۆڵەکاندا بەسەرمان دەبرد. وێڕای دژواری مەشقەکان و زۆری بەرکەوتنەکان و دژواری نەخشەکان و هۆکارەکانی گەیاندنە سەربازییەکان، بە تەنگی ئەوەوە بووم بەوپەڕی پیشەکارییەوە مەشقەکەم تەواوبکەم تا بە ئامانجی خۆم بگەم.

مەشق کردنەکەم لە کۆلێژی مۆنز هەموو جۆرە نەخشە سەربازییەکان و بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆرو ناسینی ئامرازگەلی گەیاندن و شێوازو پلانەکانی شەڕی نوێ و شتی زۆرتری لەخۆدەگرت. لە هەر هەموو ئەوانەدا بە تەنگی ئەوەوە بووم باشترین شتی خۆم پیشکەش بکەم و لە هەموو جۆرە مەشقەکانی جەستەیی و ئەقڵی و سەربازیدا خۆڕاگربم. لەوە نزیك بووم پلەی تەواو وەربگرم، تا ئەو شتە ڕووی دا کە بیری لێ نەدەکرایەوە.

بە ماوەیەکی کەم لە دوایەمین مەشق لە ناوچەی بریکۆن بیکۆنز، کۆلێژی
مۆنز بەر پشکنین کەوت. ئەرکی سەرۆکایەتی سریەکەی خۆم وەرگرت و لە
پێشی پێشەوە ڕاوەستام، ڕاگری کۆلێژەکە گەیشت، بریکارەکە بڕیاری خۆی
دابوو کە من بە دوو هەنگاو بە هەڵە لە لای چەپی سریەکەوە ڕاوەستاوم
منیش لەوە دڵنیابووم کە ئەو کارەم نەکردووەو لە قۆناغێکی پێشکەوتووی
مەشق کردندا هەڵەیەکی لەو جۆرە ناکەم. لەکاتێکدا چاوەڕێمان دەکرد،
سەیری خوارەوەم کرد و لە نیشانەکانی هێڵە کێشراوەکان وردبوومەوە کە
لێی ڕاوەستابووم، بینیم بریکارەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئەفسەر
ڕاشد! دوو هەنگاو بەرەو لای چەپ!

ئەوەی کردم کاردانەوە نەبوو تەنیا لە وەڵامی کاردانەوەدا، بەڵکو
کاردانەوەیەك بوو پشتی بە پرەنسیپی دادپەروەری دەبەست، چونکە من
هەڵەم نەکردو قبووڵیشم نەدەکرد لەبەردەم پیاوەکانمدا دووچاری ستەم، یان
سووکایەتی ببم.



لە کۆلێژی مۆنز بۆ ئەفسەران لە ئەلدەرشووت، یونایتد کینگ دەم ـ ساڵی ١٩٦٨

بە دەنگێکی بڵند هاوارم کرد: کۆهیییییما! دوو هەنگاو بۆ لای ڕاست! سریەکە هەر هەمووی پێکەوە دوو هەنگاو بەرەو لای ڕاست جووڵاو هەموومان وامان لێهات لەسەر یەك ڕیزو ڕاست ڕاوەستاین. نیشانەی تووڕەیی بە ڕوخساری بریکارەکەوە بەدی کراو، دەرکم بەوە کرد کە ڕەنگە بەو کارەم کە لێی پەشیمان نیم، خەونی بەدیهێنانی پلەی یەکەم لەسەر خولەکەم لە دەست بدەم، لەوەدیش دڵنیابووم کە ئەو ئەفسەرانەی لە پشتەوەم

ڕاوەستابوون بیریان لە گرەوی لەمەڕ ئەو سزایە دەکردەوە کە بەسەرمی دەسەپێنرێت.

بەڵام سوپاس بۆ خوا لە ماوەی نانخواردندا ڕەوشەکە تەواو گۆڕا. ڕاگری کۆلێژەکە زۆر پەسنی دامەوەو ستایشی ئەو کارەی کرد کە کردم و ستایشی لێهاتوویی و کارامەییە ڕوونەکانی فەرماندایەتی کردنی کردم کە هەمەو کە (مۆنز) ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشەوەبردنیاندا هەبوو. پێدەچێت ئەم بەشە بە تایبەتی بەلای بریکارەکەوە باش بووبێت و پاڵی پێوە نابێت هیچ هەنگاوێکی سزادان بەرانبەر بە خۆم و بە پلەکانم نەهاوێت.



سریەی گۆهیمیا لە کۆلێژی مۆنزی سەربازی - ساڵی ۱۹٦٨

◆◆

**" باوکم سەیری کردم و تیشکی شانازی بە چاوییەوە بەدی دەکرا، لەناو ڕوحییەوە پرشنگیان دەدایەوە. هەستم کرد کە کات ڕاوەستاوەو ئەو سەیرم دەکات "**

◆◆


لە ڕووداوێکی دیکەدا و بە دوو هەفتە بەر لە دەرچوون، بۆ خێوەتێکی شەڕیان ناردم لە وێڵز. تاقیکردنەوەکان و مەشقەکان زۆر سەخت بوون. لە ماوەی ئەو دوازدە ڕۆژەدا زۆر کۆشام و بەهیوابووم ئەوە قەرەبوو بکەمەوەو هەموو کارامەیی و شارەزاییەکانی خۆمم لە ناوچەی ویلش هێلز خستەگەڕ، بەهیوای ئەوەی نمرەکانم دانەبەزن.

لە ١٨ی تشرینی یەکەم ١٩٦٨، باوکم ئامادەی ئاهەنگی دەرچوونەکە بوو، کاتێك چوو کۆلۆنێل برۆکس، بەرپرسی کۆلێژەکە ببینێت، کۆلۆنێلەکە پێی ڕاگەیاندبوو کە نمرەکانم لە هەموو جۆرە مەشقەکاندا بەرزبوون.

باوکم سەیری کردم و تیشکی شانازی بە چاوییەوە بەدی دەکرا، لەناو ڕوحییەوە پرشنگیان دەدایەوە. هەستم کرد کە کات ڕاوەستاوە و ئەو سەیرم دەکات و، هەستم کرد کە لەو ساڵە دژوارانەی پێش یەکگرتن مەزنترین دیاریم پێشکەش کردووە.

بە گوێیەوەم چرپاند کە لە کاتی ئاهەنگەکەدا لە تەنیشتییەوە دەبم تا بۆی وەربگێڕم . پێی گوتم، ئا محەمەد، من ئەمڕۆ لە تەنیشتی تۆوە دەبم، تۆیش لە تەنیشتمەوە دەبیت لە دوبەی، سێ ساڵمان لە بەردەمدایە تا سوپایەک پێکبهێنین پێش ئەوەی بەریتانیا بکشێتەوەو فەرماندەیەکی سەربازیم لە بەردەمدایە ڕێزی دەگرم و بڕوام پێ هەیە تا ئەم بەرپرسیاریەتەی ڕادەست بکەم.

# 23
# پشتیوانی لە خواوە



لەکاتی ڕێورەسمی عەمرەدا

(محەمەدد تۆ لەپاراستنی یەکیەتییەکە بەرپرسیار دەبیت). ئەم ڕستەیە بۆ ئەوە بەس بوو کە خەوم کەم ببێتەوەو بیرکردنەوەم ڕانەوەستێت و هەزاران بیرۆکە لە مێشکمدا بخولێنەوە. بەرپرسیاریەتییەکی گرنگ بوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی بەریتانییەکان ڕایانگەیاند کە بەنیازن لە ماوەی سێ ساڵدا بکشێنەوە. ئەوان گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە ناتوانین خۆمان بپارێزین. دەیانگوت سەربەخۆییان پێ بدەن و بە خۆیان بەڕاکردن پەنامان بۆ دەهێنن تا بیانپارێزین، کەچی باوکم و شێخ زاید گرەویان لەسەر پێچەوانەی ئەوە دەکرد.

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ باوکم لەگەڵم دانیشت و داوای لێ کردم دەست بە دامەزراندنی بناغەی هێزێکی فیدراڵی بکەم دەوڵەتە تازە لەدایکبووەکە بپارێزێت کە دادەمەزرێت. پاش ئەوەی باوکم بڕیارەکەی خۆی پێ ڕاگەیاندم ، ماوەیەکی بێ دەنگی هەبوو، لەو ماوەیەدا سەریم ماچ کردو بەڵێنم پێ دا بە گیانم نیشتمان بپارێزم، پاشان مۆڵەتم لە باوکم وەرگرت تا بۆ عەمرە بچم بۆ مەککەو چەند ڕۆژێك لەناو مزگەوتی پیرۆزدا بەسەر ببەم.

پێویستم بەوە هەبوو داوای پشتیوانی بکەم. پێویستم بە سەرکەوتن هەبوو. پێویستم بە ڕێ پیشاندان هەبوو. ئەوساو ئێستەیش پێویستم بە پشتیوانی خواوەند هەبوو سەرم بخات و لە هەموو کارەکانمدا ڕێم پێشان بدات.

لەماوەی پەنجا ساڵ کارکردنمدا، زۆر لەو پەرجووانەم بینی کە بە پشتیوانی خواوەند لە وڵاتەکەمدا ڕوویان دەدا. لە ماوەی پەنجا ساڵدا، لە خوای

مەزنەوە پاراستن و چاودێریکردنی ئەو نیشتمانەم بینی. لە چواردەورمان چەندان شەڕو ئاژاوەم بینی و وڵاتانێکم بینی تەمەنیان هەزاران ساڵەو دەڕووخێن و، وڵاتەکەی خۆیشم بینی بە پشتیوانی و چاودێری خواوەند گەشە دەستێنێت و پەرەدەستێنێت و پەرجوویەکی گەشەسەندن بەدی دەهێنێت.

خراپترنی شت کە تووشی مرۆڤ ببێت لە خۆبایی بوون و ، شێتایەتی مەزنیەتی و، بڕوابوون بە هێزی تایبەتی خۆی و پشت بەستن بە توانا سنووردارەکانی خۆیەتی کە لەناو دەچن. ئێمە هەوڵ دەدەین و پشتیوانی لە خواوەند. ئێمە دەجووڵێیەوەو ڕێ پێشاندان و چاودێری لە خوای مەزنەوە. ئێمە نیازەکانمان بە دڵسۆزی بۆ خزمەتکردنی خەڵك تەرخان دەکەین و خوای ئەو خەلکەیش بەرادەی نیازەکانمان سەرمان دەخات. ڕێ پێشاندان و چاودێری و پاراستن لە خواوەیە.

◆◆

**"خراپترنی شت کە تووشی مرۆڤ ببێت لە خۆبایی بوون و ، شێتایەتی مەزنیەتی و، بڕوابوون بە هێزی تایبەتی خۆی و پشت بەستن بە توانا سنووردارەکانی خۆیەتی کە لەناو دەچن "**

◆◆

بە تەنیا لە مەککە دانیشتم. زۆر ڕامام. زۆر نوێژم کرد. زۆر لە خوا پاڕامەوە.

لە مەککە گەردەلوولی بیرکردنەوەکانم هێور بووەوەو، بێ گەردی و کپییەکی زۆر دایپۆشیم. بە شێوەیەکی قووڵترو دوورودرێژتر بیرم کردەوە تا وەڵامی پرسیارە گەورەکانی بەردەمم بدەمەوە. دامەزراندن و پێکهێنانی هێزێکی بەرگری سەرکوتکار بە شێوەیەکی خێرا پێویست بەچی دەکات؟ سەرچاوە سەرەکییەکانی هەڕەشە لەبەردەم دەوڵەتە تازە لە دایکبووەکەدا چییە؟ چۆن دەتوانم ئەو هێزانە بناسمەوە کە دەکۆشن سەقامگیری تێک بدەن بەر لەوەی مستەکۆڵەی توندی خۆیان بوەشێنن؟ چۆن دەکرێت هێزێکی سەربازی بنیاد بنرێت بێ ئەوەی کار لە داهاتە سنوورردارەکان بکات کە دەوڵەتە تازە لەدایکبووەکە لە پێناوی پەرەپێداندا پێویستی پێیانە؟ لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ چۆن دەست پێ بکەم؟ پشت بە کێ ببەستم؟ ئەی لە ماوەی سێ ساڵدا لە کوێ دەبم؟ پێویستم بەوە هەبوو کە هەموو سیناریۆ گریمانەکراوەکان ڕەچاو بکەم.

لەوێ لە ژێر ئەستێرەکاندا لە مەککە زۆر لە وەڵامەکانم بۆ بەرجەستە بوون. زۆر لە نیشانەی سەرەکی پلانەکانم لە ماوەی دادێدا بۆ ڕوون بوونەوە. ئاییندەم دەبینی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ. لەوێ لەژێر ئەستێرەکانی مەککەدا ڕوانینی ڕوونی سێ ساڵی ئاییندەی ژیانی خۆمم بۆ دەرکەوت. لەوێ لەژێر ئەستێرەکانی مەککەدا ڕوانینم دەستی پێ کرد.

# 24

# دەریا.. بیابان.. ئاسمان و.. پیاوان


وتەیەکی بەناوبانگی زاناو فەیلەسووف و هونەرمەندی شێوەکاری بلیمەت لیوناردۆ داڤنشی هەیە تێیدا دەڵێت: (ساکاری بەرزترین پلەی پیشەگەریەتییە).

منیش زۆر بڕوام بەم پرەنسیپە هەیە. ناتوانیت پلانێکی ئاڵۆز بخەیتەڕوو ئەو کاتە نەبێت کە لە سەرەتاوە بە تەواوەتی لێی گەیشتبیت. ناتوانیت تیۆرییەکی ئاڵۆز بۆ منداڵێکی بچووک شی بکەیتەوە ئەو کاتە نەبێت کە بە شێوەیەکی ڕاست لە وردەکارییەکانی گەیشتبیت. ناکرێت پەندو وانە لە ژیان وەربگریت ئەو کاتە نەبێت کە لە هەزاران ڕاستی و هەڵوێست و پەند گەیشتبیت، پاشان توانیبێتت بە وشەگەلی ساکار کورتیان بکەیتەوە تا خەڵک لێیان تێبگەن و سوودیان لێ وەربگرن و ببنە پەندی ئەمر.

ساکاری ئەرکێکی دژوارە. ئاسانە نامەیەکی دووروودرێژ بنووسیت، بۆ نموونە کێشەیەکی تێدا ڕوون بکەیتەوە. زۆر دژوارە لە دێڕە شیعرێکدا پوختی بکەیتەوە.


ئاسانە هەزاران کاغەز بە پلانگەلی مەزن بۆ ئاییندە پڕ بکەیتەوە. زۆر دژوارە بە وشەی ساکار دایانڕێژیت تا گەل بتوانێت لێیان بگات و بڕوایان پێ بهێنێت و پشتیوانییان لێ بکات، بەڵکو قوربانی لەپێناودا بدەن.

پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ پلانی خۆمم بۆ بنیادنانی هێزێکی پۆلیسی ناوخۆیی داڕشت بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ بنیادنانی هێزی بەرگری بەم شێوەیە: دەریا، بیابان، ئاسمان و، پیاوان. سنوورێکی دەریاییم هەیە بە پەلە پێویست بە پاراستن دەکات بە هۆی بەلەمی خێراوە وێڕای کۆمەڵێکی جۆراوجۆری ئامێری پێوەندی و ڕادار، بیابان و سنووری وشکانیم هەیەو پاراستنیان پێویست بە خێرا دەستەبەرکردنی کۆمەڵێکی جۆراوجۆری کامیۆنی سەربازی و تانک و ئامێری پێوەندی و شتی دیکە دەکات ئاسمانیشمان هەیە، کە لە هەموویان سەختترو بەبایەخترە، کە لە هەر ململانێ، یان شەڕێك هێزی گورزوەشێنی یەکلاکەرەوەیە.



لە کاتی ئاهەنگی دەرچوونی خولی سەربازی لە سەربازگەی مەنامە

سەرتایش بە مەشق و ڕاهێنان لەسەر فڕۆکەی جەنگی دەبێت، پاشان چوونە ناو قۆناغی بنیادنانی هێزی ئاسمانی کاتێک ڕەوشی دارایی باش دەبێت. لەهەر تەوەرێك لەم تەوەرانە بە هەزاران وردەکاری هەن کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەپێی ئەو مەشق و ڕاهێنانەی کردوومن و ئەو شارەزایی و پسپۆرییانەی ناوخۆیی و دەرەکی کە دەشێت دەستەبەر ببن.



زمارەیەك سەرباز لە پۆلی خوێندندا ـ دوبەی ساڵی ١٩٧١

◆◆

**" ناکرێت پەندو وانە لە ژیان وەربگریت ئەو کاتە نەبێت کە لە هەزاران ڕاستی و هەڵوێست و پەند گەیشتبێت "**

◆◆

سەختترین تەوەری پلانەکە (پیاوان) بوو، کە بەردەوام ئەوان تەوەری گرنگترو زۆر یەکلاکەرەوەی هەر کارێکن، لە سوپا، یان حکوومەت، یان کەرتی تایبەت. ئەگەر لە سوودوەرگرتن لە داهاتە مرۆییەکانت وردنەبێت، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە تواناو کارامەییەکانیان بنیاد نەنێیت، ئەگەر بەهای ئەو کارانەیان بۆ ڕوون نەکەیتەوە کە دەتەوێن، ئەگەر نەتوانیت هانیان بدەیت و گیانی جۆش و خرۆشی بەردەوامیان بەبەردا بکەیت، ئەگەر هەموو ئەوە نەکەیت، ئەوە هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە کارەکەت چاوەڕێی سەرنەکەوتنی لێ دەکرێت.

◆◆

**"پیاوان، بەردەوام تەوەری گرنگ و زۆر یەکلاکەرەوەی هەر کارێکن"**

◆◆

لە کۆتایی شەستەکاندا ژمارەیەکی پۆلیسمان لە دوبەی هەبوو لە دەیان پۆلیس تێنەدەپەڕی، هەروەها ئەوەندەی ئەوانیش لە هێزی بەرگری دوبەی. دەمویست پەلانی کەمەوە بە هێزێکی هەزارن کەسی دەست پێ بکەم. بەڵام هەر جۆرە هەزار کەسێکم نەدەویست. هەزار کەسم دەویست ببنە بنەما بۆ دەیان هەزار لەوانەی پاش ئەوان دێن. هەزارم دەویست دواتر بتوانن هەموو

لقەکانی هێزە چەکدارەکانمان بنیاد بنێین. هەزارم لە بژاردەکان دەویست، بەردەوام ناوبانگی و ناوداری ئەو بژاردانەم لە ناوخۆی وڵات و لە دەرەوەی دەویست. هەزارم دەویست کە دە هەزار بن.

هێزی بەرگری دوبەی لە ساڵی ١٩٧١ دامەزراو ئەوەمان ڕاگەیاند کە هێزەکە پێویستی بە کارمەندان هەیە، کە لە سێ سریەی پیادە پێکدەهات، ئەوەیشمان ڕاگەیاند کە ئەو کەسانە وەردەگیرێن کە زۆر کارامەترن.

هەڵمەتێکی گەورەمان لەمماڵەوە بۆ ئەو ماڵ دەست پێ کرد بۆ چوونە ڕیزی ئەو هێزەوە، هاوکات شیعرمان هۆنییەوە بۆ ستایشی ئەم هێزەی کە دادەمەزرێت و، هەموو هۆکارێکمان بۆ هاندان و بەبەرداکردنی گیانی نیشتمانی بەکارهێنا. کار دەستی پێ کرد. بە دەیان و پاشان بەسەدان لاو ڕوویان تێ کردین و، گونجاوترین و کارامەترینیان وەرگیران. بەڵێنم بە وەرگیراوەکان دا لەگەڵ مەشقکردن بە شێوەیەکی باش فێری خوێندنیان دەکەین، چونکە هەندێک کەس بە دەستی نەخوێندەوارییەوە دەیانناڵاند، لاوەکانیش بە شێوەیەکی سەرەکی فێربوونی خوێندنیان دەویست و بڕوایان بە گرنگی خوێندن هەبوو، بۆیە پشتم بە مامۆستایانی فێرگەکانی دوبەی بەست بۆ پڕکردنەوەی ئەم لایەنەی پلانەکەم بۆ بنیادنانی پیاوان.

پلانی مەشق بێ کردنم لەگەڵیان سێ تەوەری دەگرتەوە، بۆ هەمووان بەم شێوەیە یوختم کردەوە، مەشقی جەستەیی و ، کارامەیی سەربازی شەڕکردن

و، فێربوون و خوێندن. ئیدی بە جۆش و خرۆشەوە دەستمان بە گەشتی بنیادنانی پیاوان کرد.

ڕۆژەکەم بۆ دابەش کردن، بەرنامەیەکی مەشقکردنی توندم بۆ دانان. تەواو وەك ئەوەی لە کۆلێژی مۆنز بۆ ئەفسەران لە بەریتانیا مەشقم دەکرد، کە ڕۆژ بە سەر چەند ماوەیەکی هاوسەنگدا دابەش دەکرێت بۆ ئەوەی هەموو تەوەرەکان بگرێتەوە، بەڵام من بەپێی ڕەوش و بارودۆخمان لە دوبەی بەرنامەکەم گونجاندبوو و پەرە پێ دابوو. ورەی پیاوەکان بەرزبوو، چونکە بەخۆم لە هەموو قۆناغەکانی مەشقدا لەگەڵیان بووم. پیاوان گوێ لە قسەی فەرماندەیەکی تەمبەڵ ڕانادێرن. لەگەڵیان هەڕام دەکردو لەگەڵیان ئارەقەم دەکردو لەگەڵیان نانم دەخوارد. لە هەموو مەشقە سەختەکاندا لەگەڵیان بووم و بە خۆم سەرپەرشتی پێدانی جلی گونجاوو خوێندنی گونجاوو پلانی شەڕکردنی گونجاوم دەکرد. هەرچی شارەزایی بیابانیش بوو کە بەر لە مەشقکردنی سەربازی فەرمیم لە باوکمەوە فێریان بووبووم ئەوانیشم پێ بەخشین. هەموو وزەی خۆمم پێ بەخشین، ئەوانیش باشترین هێزی بەتوانایان لەم ماوەیەدا پێ بەخشیم. ئەو فەرماندەیەی ئەوان بووم کە بەوپەڕی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە پشتیوانییان لێ دەکردم. ناوبانگیی باشیشم پێش کردەوەکانم کەوتبوو.

لە یادمە لەسەرەتای کارکردنمدا دیپلۆماتکاری سیاسی بەریتانی لە کەنداو پێی گوتم، محەمەد تۆ هیچ نازانیت. من ئەم پۆستە بەڕێوە دەبەم و، هەر

چەکێکت بوێت بیکڕیت دەبێت چەکی دروستکراوی بەریتانی بێت و، دەبێ
هەموو شتێک بە سەرپەرشتیی من بێت.

گەیشتە نووسینگە، من لە
بەیانیی ڕۆژی دواتر کاتێک ژەنەراڵ گەیشتە نووسینگە، من لە
نووسینگەکەی خۆم بووم و، دوو کەسم لە دەرەوەی تەلارەکە دامەزراندبوو
لەگەڵ ڕێنوێنی توندا کە هەموو ڕاپۆرت و کارەکان ڕاستەوخۆ ئاراستەی
نووسینگەکەی من بکرێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی نیوەڕۆدا، ژەنەراڵ لە
کارەکە گەیشت و پەیامەکەی پێگەیشت. پاش ماوەیەك نووسینگەکەی خۆی
چۆڵ کردو ئەرکەکەی تەنیا بۆ خۆم بەجێ هێشت. بەم شێوەیە کاروانی
پێکهێنانی هێزێکی شەڕکەرم بۆ نیشتمانەکەم دەست پێ کرد.

بەردەوام درێژەم بەکارەکەم دا. کاتژمێر هەشتی بەیانی لە گۆڕەپانی
مەشقکردن دەستم بە مەشق پێ کردنی پیاوان دەکرد، ماوەی پاش
نیوەڕۆیش خوێندنم فێردەکردن، لە هەمان کاتدا لەگەڵ باوکم کارم دەکرد
بەر لەوەی لەگەڵی ئامادەی کۆڕ ببم. هەرچی شەوان بوو زۆر درێژبوون
ئەگەر گوێم لە زەنگی تەلەفۆن بووایە، بە پێوە وەڵامم دەدایەوە، هەرکە
جلەکانم بگۆڕیبایە بۆ ئەوەی چەند کاتژمێرێك بنووم، کەچی جلی نوێم
لەبەر دەکردو خێرا بۆ ئەرکی دواتر دەچوومە دەرەوە. لەو ماوەیەی ژیانم
ئاسوودەییەم نەدەبینی تەنیا لە دوو شتدا نەبێت؛ نوێژو بیرکردنەوە لە
ئەسپ.

بەڵام ئەو کارە سەختە بەرووبوومی هەبوو، ئەوەبوو لە ماوەی دوو ساڵدا ژمارەی پۆلیس و هێزی بەرگری تا ڕادەیەکی باش زۆرتر بوو، هێزێکی مەشق پێ کراوی گورز وەشێنانەم هەبوو، هەزار پیاوی تێدا دە هەزار پیاو بوون.

# 25
# نەرگیلەی عەرەبی



باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

بەریتانییەکان خۆیان ئامادە دەکرد لە ناوچەکە بکشێنەوە. ئەوەبوو هارۆڵد ویڵسون سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ ڕایگەیاند کە بەهۆی ئالەباری ڕەوشی ئابووری لەناوخۆی بەریتانیا وڵاتەکەی بە نیازە بکشێتەوە. لیدوانەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کشانەوەکە لە ماوەی سێ ساڵدا دەبێت، بەڵام ئەو ئاماژە سیاسییانەی بە ئێمە دەگەیشت ئارەزووی ڕوونی بەریتانیای دەردەبڕی کە دەیەوێت شوێن باڵێک، یان شوێن پێیەک بۆ خۆی لەم ناوچەیە بهێڵێتەوە کە پێدەچێت گرنگترین سامانی نەوتی جیهانی لێ بێت، هاوکات ئەمەریکاییەکان و بەریتانییەکان وەک یاریگەیەکی سیاسی دەستەڵاتی نێوان هەردوو دەوڵەت و نێوان یەکیەتی سۆڤیەت دادەنا.

ئەو ئاماژە ئەرێنیانەمان لە چوارچێوەی ئەو پڕوپاگەندانەوە پێدەگەیشت بۆ نموونە گوایە توانامان نییە خۆمان بپارێزین، یان گەلانی ناوچەکە لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەنگاوەکانی پێکهێنانی یەکیەتییەکە بێزارن، لەگەڵ ئاماژەگەلی دیکەدا کە سیاسەتوان زۆر شتی لێ دەگات لە ئارەزوو و چاوچنۆکییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە تەنانەت پاش کشانەوەیش.

باوکم لەم ئامازانەو شتەکانی دیکەیش بێزاربوو لە هاوینی ساڵی ١٩٦٩دا داوای کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هارۆڵد ویڵسون سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا کرد. هەرکە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵی دەستی پێ کرد لەگەڵ خۆمدا بڕەیەکم بۆ کرد کاتێک گوێم لە شێوە زاری یۆرکشایر بوو کە قسەی پێ دەکرد، ئەو بابەتەم لا سەیر بوو ئەو ڕێتمە بە ئینگلیزییەکی تێکەڵ بە ڕێتمی کەنداو

دانیشتم و گوێم لێ گرتن لەکاتێکدا باسی چەندان بابەت و بەرانبەر بکرێت. دانیشتم و گوێم لێ گرتن لەکاتێکدا باسی چەندان بابەت و پرسگەلی گرنگیان کردو باش ئارەزووی خۆمانمان دەربڕی لە بڕیارەکانمان‌دا ئازادبین.

سەرۆك وەزیران ویلسون ئەرگیلەکەی دەست دایەو کەمێك تووتنی تێ ئاخنی لەکاتێکدا بیری دەکردەوە. خۆشحاڵیم بە ڕوخساری باوکمەوە بینی کاتێك ئەویش ئەرگیلەکەی دادەگیرساند، دەبێت پێش ئەوە وای دانابێت کە شتێکی گونجاو نییە جگەرە بکێشێت مادامەکی خانەخوێکەی جگەرەی نەکێشا، یان ئەرگیلـە عەرەبییەکـەی ئامادەنـەکرد، کـە کـۆپێکراوی بچـووکی هاوشـێوە ئینگلیزییەکەیـە، بـەڵام جۆری ئـەو تووتنـەی عـەرەب بـەکاری دەهێـنن زۆر تونـدە تـا ڕادەیـەك مـژێکی بەسـە. هـەردووکیان لەگـەڵ یەکـدی گونجان لەکاتێکدا ئەرگیلەیان دەکێشا و باسی پرس و بابەتەکانی ناوچەکەیان دەکرد. باوکم یەکـەمین مـژی لـە ئەرگیلەکـەی خـۆی تـەواوکردو لەسـەرخۆ بەسەر تەپڵەکە جگەرەکەیدا دا، لەکاتێکدا سەرۆك وەزیـران هێشتە لـە ئەرگیلەکەی باوکم ورد دەبووەوە، پاشان بزەیەکی بۆ کردو گوتی: شێخ ڕاشد.

باوکم وەڵامی دایەوەو گوتی: بەڵێ.

ویلسون سـەرێکی لەقانـدو سـەیرێکی ئەرگیلەکـەی کـردو گوتی: ئەرگیلەکەی من زۆر لە ئەرگیلەکەی تۆ گەورەترە.

باوکم بزەیەکی بۆ کردو پاشان سەیرێکی مـنی کـردو گوتی: بـە ویلسون بڵێ مـن لەگـەڵی کـۆکم کـە ئەرگیلەکـەی ئـەو گـەورەترە، بـەڵام وێـڕای ئـەوەی ئەرگیلەکەی من بچووکە، بەڵام ئـەو تووتنـەی تێدا بـەکارهێنراوە توندەو تا بڵێیت قورسە. ویلسون بزەیەکی بۆ کـردو مـژێکی قووڵی لـە ئەرگیلەکەی دا،

پاشان زانیم کە مەبەست هەرگیز نەرگیلەکە نەبوو، بەلام ئەوە زمانی سیاسەتوانان و ئەو پەیامانەیە کە دەیانەوێت بیانگەیەنن. پەیامەکەی ویلسون قەوارەی بەریتانیای مەزنی دەگەیاند بە بەراورد لەگەڵ ئێمە لەگەڵ توانای زۆری لە هەر شتێکدا کە بیەوێت بیکات. پەیامەکەی باوکیشم زۆر ڕوون بوو، گاڵتەت بە بچووکی ئێمە نەیەت، ئێمە بەهێزین، سووربوون و توانامان هەیە ڕەنگە ئێوە نەیبینن و ئێمە دەتوانین بەو هێزەی هەمانە خۆمان بپارێزین.



لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا هارۆڵد ویلسون - ساڵی ١٩٦٩

لە بەهاری ۱۹۷۰دا هەڵبژاردنی گشتی لە بەریتانیا بەڕێوەچوو و هاوڕێکەم خاوەن شێوە زاری یۆرکشایەر لەسەر دەستی ئیدوارد هێس خراپ شکستی هینا، کە بە زۆرینەی سی کورسی لە پەرلەمانی بەریتانیا سەرکەوت. سەرەڕا ئەو سەرکەوتنە سەرچاوەی نیگەرانی بوو بۆ ئێمە ئەویش لە پەراوێزی ئەو لێدوانەی هێس پێش هەڵبژاردنەکان دابووی کاتێک گوتی ڕەنگە بەریتانیا لە ناوچەکە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات و یەدەکی نەوتی جیهانی بپارێزێت. ئەو کات گرژی پەرەی سەند، چونکە بە هیچ شێوەیەک نەماندەویست بەریتانیا بمێنێتەوە. بە تەنگی ئەوەوەش بووین لە ڕێگەی کەناڵە بەردەستەکانەوە ئەم پەیامە بۆ ئیدوارد هێس سەرۆک وەزیران بگوێزینەوە. تا ئاداری ۱۹۷۱ هەر نیگەران بووم وێڕای ئەو دڵنیاکردنەوانەی لە چەند سەرچاوەیەکی سیاسییەوە پێم دەگەیشتن، ئەوەبوو بە فەرمی فەرمان درا کە بەریتانیا دەکشێتەوە وەک چۆن بەڵێنی دابوو.

سیاسەتوان زمانێکی دیپلۆماسیانەیان هەیەو، واقیعیش زمانێکی جیاوازی هەیە، زمانی هێز. ئێمە سووربووین بەهەر بەهایەک بووبێت ئەو هێزە دروست بکەین، ئەوەش پەیامەکەی باوکم بوو. بەرپرسیاریەتی گەورەیش لە بەردەممدا بوو ئەو هێزە بنیاد بنێم کە وڵاتە لەدایکبووەکەمان لە چوارچێوەیەوە ڕوو بە ڕوو لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان بناخشێت.

# 26

## پێشبڕکێ لەگەڵ ڕۆژگارو .. ڕاوێژکارەکاندا



کۆبوونەوەیەک لەگەڵ شێخ زاید بن سوڵتان و باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید

لە ساڵی ١٩٦٨ەوە تا ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ کاتدا پێشبڕکێمان بوو، پێشبڕکێیەک بۆ گـەرەنتیکردنی گـرنگترین ڕێککـەوتنی عـەرەبی، ڕێککـەوتنێک تـا ئـەمڕۆ بەردەوامـە، ڕێککەوتنێک ئاکامەکـەی دەوڵـەتی میرنشـینەکانی یـەکگرتووی عەرەبی لێ کەوتەوە، ئەو تەنیا دەوڵەتە عەرەبییەی کە لە ئاکامی یەکگرتنی عەرەب نەک دابەشبوونیان دامەزرا، ئەو تـەنیا دەوڵەتـەی کـە لەسەر چوونە ڕیزی یەکدی چەند ناوچەیەکی عەرەبی بە ڕێککەوتن، نەک بە زۆر دامەزرا، ئەو تەنیا دەوڵەتەی سەلماندی کە دەشێت عەرەب ڕێکبکەون و وەک یەک تیم بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی هاوبەشی گەلەکانیان کاربکەن، ئـەو دەوڵەتـەی کە بـەرەو ڕووی گیـانی دەمـارگیری هـۆزەکی ڕاوەسـتایەوە کـە تـا هەنووکە لە زۆربـەی وڵاتـانی عەرەبیمانـدا بـاوە، ئەگەرچـی ئـەمڕۆ بـە دروشمگـەلی تایەفەگەری و ئایینی و ڕەگەزی و هی دیکە خۆیان داپۆشیوە.

دەوڵـەتی یـەکگرتووی میرنشـینەکانی عـەرەب لـە مێـژووی عـەرەبی هاوچەرخماندا ڕێژیەڕو جیاکارە. دامەزراندنی دەوڵـەتێک بـەپێی ڕێککەوتنی گەلەکانی و بـەبێ ڕشتنی دڵۆپێـک خوێن دەستکەوتێکە بەداخـەوە لەلایەن عەرەبەوە پێشوازی لێ نەکراو نەگشتێنرا.

ئـەو هەسـتانەی بـە سـێ سـاڵ پـێش یەکگرتنەکـەمان هـەبوون لـەنێوان حەماسـەتێکی زۆر بـۆ ئـەو خەونـە نوێیـەو، نێـوان نائومێـدی هەنـدێک، لەوانـەی بـە دۆسـتمان دادەنـان. هاوکـات هەنـدێک تـرس هـەبوو لـەوەی ڕێککەوتنەکـە لە کاتی خۆیدا تەواونەکرێت و هـەلێکی مێژوویی لەدەست بدرێت کە ڕەنگە دووبارە نەبێتەوە. لەو بارودۆخەدا شێخ زایدو شێخ ڕاشد

ئەو دوو کۆڵەکە بوون کە هەموومان پشتمان پێ دەبەستن. ئەو بناغەیە بوون کە بڕوامان بە یەکگرتنەکە دەچەسپێنێت کاتی توندبوونی نائومێدی و هەڕەشەکان.

ئەو ساڵانە چالاکییەکی سیاسی جڕیان بەخۆوە بینی، تێیاندا لە باوکم شێخ ڕشد دوور نەدەکەوتمەوە، بۆ زۆر ئەرك و ناوبژیوانی و وتووێژی ڕادەسپاردم کە لەگەڵ شێخ مەکتوومی برام لەبری ئەو دەمانکرد. لەبری ئەو و لەبری دەستەڵاتی ئەویش قسەمان دەکرد، ئەوەیش سەرچاوەی هێزو ڕێزلێ گرتن بوو بۆ ئێمە و وانەیەکیشە لەیادم ناچێتەوە لەبارەی گرنگی بەخشینی دەستەڵاتی خۆت بەو کەسەی بڕوات پێ هەیە تا بتوانێت ئەو کارە تەواو بکات کە ڕاسپێرراوە بیکات.

باوکم لەسەر ئەوە سوور بوو یەکگرتنێکی نۆ قۆڵی دامەزرێنرێت شان بە شانی حەوت میرنشینەکان قەتەرو بەحرەینیش لەخۆبگرێت، بەردەوام گوشاری بەکاردەهینا بەر لە ۱۹۷۱ ئەوە تەواو ببێت.

میرەکان لە ۲۵ی شوباتی ۱۹٦۸ لە جومێرا کۆبوونەوەو گەیشتنە ئەوەی کە بە ڕێککەوتنی دوبەی ناسراوە بۆ دامەزراندنی یەکگرتنێکی نۆ قۆڵی و ئەنجوومەنی باڵای یەکیەتییەکەیشیان پێکهێناو، دەستیان بە وتووێژ لەمەڕ وردەکارییەکان کردو لە تەمموزی هەمان ساڵ ئەبو زەبی میوانداری یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای یەکیەتییەکەی کرد کە پێکهێنانی ئەنجوومەنی کاتی یەکیەتییەکەو دەستنیشانکردنی ئەرکەکان و دەستنیشانکردنی ئەندامەکانی لێ کەوتەوە. دەبوو شێخ مەکتوومی برام و

جێنشینی دوبەی لەو ئەنجوومەنەدا نوێنەر بێت، چەندان پرسی هەڵپەسێرراویش هەبوون وەك دابەشکردنی دەستەڵاتەکان و بودجەو شتی دیکە.

بە درێژایی دوو ساڵ، ئەنجوومەنی باڵای یەکیەتی میرنشینەکان و ئەنجوومەنی کاتی یەکیەتییەکە چەندان خولی کۆبوونەوەی کرد، لەو کۆبوونەوانەدا وتووێژی زۆر دژوارمان کرد وێڕای ئەو گوشارانەی لەو ماوەیەدا دووچاریان بووینەوە، لەوانەیش پڕوپاگەندەی ئەوەی گوایە گەلەکانمان لە فەرمانداره‌کانیان ڕازی نین، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانەی وەك حکوومەت هێرشیان دەکردە سەرمان و بەوەیان تۆمەتباریان دەکردین گوایە لە پێناوی یەکیەتییەکەدا کۆششی ڕاستەقینە ناکەین و گەلان لە ڕەوشی ناجۆری یەکیەتییەکە ڕازی نین. بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین. هەندێك جار لەژێر زەبری زەمانەکان و هەندێك جاری دیکە لەژێر هەڕەشەی دەستتێوەردانی سەربازیدا هێوری خۆمان و پێداگیری خۆمانمان پاراست. زۆر کەس هەبوون دەیانبینی کە دەوڵەتێك خەریکە سەرهەڵدەدات و، تواناکانی پشت بە نەوت دەبەستن، لەکاتێکدا کەسانی دیکە نەتەوەیەکیان دەبینی دەبێت دەستی بەسەردا بگیرێت، یان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکرێت. هەرچی ئێمە بووین، تەنیا توانای بەردەوام بوونمان دەبینی، هەنگاو بە هەنگاو و بە بڕوا بەخۆبوونەوە.

باوکم چاوی بە هەموو شێخەکانی کەنداو کەوت و لەسەر چالاکی خۆی بەردەوام بوو. لەهەموو کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵی بووم. ئاکام، هەموان

هیوای خێریان بۆ میرنشینەکان دەخواست، ئەوەیش لە جۆرە هاندانێک دەچوو بۆ ئێمە تا درێژە بەو کارە بدەین کە بڕیارمان لەسەر داوەو گەلیش دڵنیا بکەینەوە کە بە ڕێگەی دروستدا بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بە پشتیوانی خواوەند دەوڵەتێکی نوێ و بەهێز دامەزرێنین.



لە کاتی کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

◆◆

**" بە ڕاشکاوی بە باوکمم گوت کە ڕاوێژکارەکان لە تێکدانی بیرۆکەی یەکیەتییەکە بەرپرسیار دەبن. بازرگانییان بە داتا و پرۆپاگەندەکانەوە دەکرد. دەکۆشان ناکۆکییەکان قووڵتر بکەنەوە نەک چارەسەریان بکەن. ڕقم لە هەر هەموو ئەوە دەبووەوە "**

◆◆

من و باوکم و براکانم بە شێوەیەك کارمان کرد وەك چۆن تیمی بەدواداچوون کاردەکەن، هیچ چرکەیەك لەوە کەمتەرخەمیمان نەکردووە کۆششی پێویست نەکەین، پێویستییەکی زۆر هەبوو لە چوارچێوەی ئەو کاتە کورتەدا ناکامی گەورە گەورە بەدی بهێنرێن.

لە ئایاری ١٩٦٩، ئامادەی سێیەمین خولی ئەنجوومەنی باڵای یەکیەتییەکە بووین کە بە مەبەستی پێکهێنانی یەکیەتییەکە لە قەتەر بەسترا. لە نزیکەوە لەگەڵ باوکم کارم دەکردو زۆر جاریش لەبری ئەو هەندێك گوشارم بەکار دەهێنا. پرسە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکان بریتی بوون لە قەوارەو پێکهاتەی پەرلەمان و، ئەنجوومەنی نیشتمانی فیدراڵی و، پرسی نوێنەرایەتی، یان نوێنەرایەتی هاوسانی میرنشینەکان. دەبوو لەسەر چارەسەری گونجاو بۆ ئەو پرسانە ڕێککەوتن بکرابایە. ئاکام زۆرمان لایەنگری بەرژەوەندی گشتیمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین یەکیەتییەکە دامەزرێنین. ئەوەبوو لە دوبەی لەسەر نوێنەرایەتی ڕێژەیی ڕێککەوتین؛ ئەمەیش یەکێك لە چرکە جیاکارەکانی پێکهێنانی یەکیەتییەکە بوو.

ڕاوێژکارەکان کە نوێنەری هەموو میرنشینەکان بوون دەستیان بەوە کرد ئەو ڕێککەوتنانەی لەنێوان میرەکاندا کران بخەنە چوارچێوەی وردەکاری کۆتاییەوەو بەشێوەیەکی دروست کۆمێنتی بکەن و، گەشتەکانیان دەستی پێ کرد کە کۆتاییان نەدەهات، لەگەڵ قسەکانیان کە هەستی ئەوەیان لا دەوروژاند کە خەونی یەکیەتییەکە نزیک نییە وەك ئەوەی



لەکاتی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ هەردوو برام شێخ مەکتووم و شێخ حەمدان بن ڕاشد ئال مەکتووم ـ ساڵی ١٩٧١

ئێمە مەزەندە دەکەین و، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بەربەستانەی لەبەردەم یەکیەتییەکەدا دایاندەنان زۆرتر دەبوون. من دەمزانی ئەوان دەیانویست ئەم وتووێژانە کۆتاییان نەیەت و نایانەوێت ئەم یەکیەتییە لەدایك ببێت، چونکە لەگەڵ لەدایکبوونیدا ئەرکی ئەوان تەواودەبێت و، سوودوەرگرتنیان لەم گەشت و وتووێژانە ڕادەوەستێت. بەڵام مرۆڤ هەندێك جار هیچی نییە


پشت بەستن بە دانایی و زۆرزانی تەنیا ئوقرەگرتن نەبێت، هەندێک جاریش بۆ تێپەڕاندنی ئەو بەربەستانەی کە دایاندەنان.

لە تێکدانی بیرۆکەی بە ڕاشکاوی بە باوکمم گوت کە ڕاوێژکارەکان یەکێتییەکە بەرپرسیار دەبن. بازرگانییان بە داتا و پڕوپاگەندەکانەوە دەکرد. دەکۆشان ناکۆکییەکان قووڵتر بکەنەوە نەک چارەسەریان بکەن. ڕقم لە هەر هەموو ئەوە دەبووەوە.

بەلام بڕوام بەوە هەبوو لەوەیش دڵنیا بووم کە ئێمە گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کە یەکێتییەکەی تێدا نەبووەتە بژاردە، بەڵکو بووەتە چارەنووس و ڕاستی.

لە پێشبڕکێیەکی ڕاستەقینەدا بووین لەگەڵ کات، پێشبڕکێ لەگەڵ بوونی بەریتانیا و وتووێژگەلێکی زۆر بۆ دووپاتکردنەوەی کشانەوەیان و دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە دەتوانین خۆمان بپارێزین، پێشبڕکێ لەگەڵ میرنشینەکانی دیکەدا لە ڕێگەی گەشتگەلی زۆرەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەموو خاڵە هەڵپەسێرراوەکان لە دامەزراندنی دەوڵەت، لەگەڵ دواپێشبڕکێ لەگەڵ ڕاوێژکارەکان بۆ کۆتایی هێنان بە چوارچێوەی یاسایی هەر هەموو ئەو ڕێککەوتنانە. ساڵانێکی یەکلاکەرەوە بوون بۆ بنیادنانی دەوڵەتێک و بەدیهێنانی خەونێک و دروستکردنی ئایندەیەک بۆ ڕۆڵەکانی میرنشینەکان.

# 27
# ڕاگەیاندنی یەکیەتییەکە



باوکە دامەزرێنەرەکانی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووکانی عەرەب

چرکەساتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب.
چەند چرکەگەلێك زمانی وشەکان پێیاندا ڕاناگەن. لەو چرکە ساتانەشدا...
چەند چرکەیەك هەن مێژوو بە خامەی دەستکەوتگەل تۆماریان دەکات...

کارکردن بە هەموو تواناو نیازێکەوە بەردەوام بوو بۆ بەدەستهێنانی...
چرکەساتێکی مێژوویی و سنووری ڕاستەقینە لە کاروانی دوورودرێژی کاری
عەرەبی پڕ لە خەون و ئائومێدی و سۆزی پڕ جۆش و خرۆش.

دەستمان بە زنجیرە کۆبوونەوەیەکی دوورودرێژ کردەوە بە مەبەستی
پێکهێنانی یەکێتی فیدراڵی و، بڕیار درا لە تشرینی یەکەمی ۱۹۶۸
ئەنجوومەنی باڵای یەکیەتییەکە لە ئەبو زەبی بە ئامادەبوونی نۆ ئەندامی
یەکیەتییەکە کۆببێتەوە. خشتەی کاری کۆبوونەوەکە چەند خاڵێکی
لەخۆدەگرت لەوانە هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و دیاریکردنی
پایتەختی فیدراڵی و پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی فیدراڵی. هەر هەموو
ئەو بابەتانە پێویستیان بە دانیشتنگەلی وتووێژی دوورودرێژ...
سەرپەرشتیکردنی پرەکتیکی هەبوو بۆ ئەوەی ئامانج بپێکن.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا شێخ زاید گوتی: ئەمڕۆ لە ئەبو زەبی
کۆبووینەوەو هەلێکی مێژووییمان لە پێشە. دەتوانین بەرەو ڕووی هەموو
ئەو تەموومژاوییە ببینەوە کە ئایندە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە، با ئەوە
باجەیشمان لەبیر نەچێت کە دەبێت بیدەین ئەگەر نەتوانین ئەو هەلەی
پێشمان نەقۆزینەوە کە بۆمان ڕەخساوە.

ئەو وتەیە ڕێگەی بۆ چەند کۆبوونەوەیەکی بەسوود خۆش کرد، ئەوەبوو خاوەند شکۆ شێخ زاید بە سەرۆک و خاوەند شکۆ شێخ ڕاشد بە جێگری سەرۆک هەڵبژێرران و جێنشینی میری قەتەر شێخ خەلیفە بن حەمەد ئال سانی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبژێرراو ئەبو زەبیش بە پایتەختی کاتی یەکیەتیەکە ڕاگەیەنرا.

ئەوەبوو بەریتانییەکان ئەو خۆشییەیان تێک دا کاتێک بەیاننامەیەکیان بۆ ئەنجوومەنەکە نارد ستیوارت کرۆفۆرد موقیمی سیاسی لە بەحرەین ناردبووی. هەندێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە تووڕە بوون و ژوورەکەیان بەجێ هێشت.



لە کۆبوونەوەی خاوەند شکۆیان فەرماندارانی دەوڵەتی میرنشینەکان

کۆبوونەوەکە لە هەموو کۆششەکان بەفیڕۆ چوون. لە کاتێکدا سەیرم دەکرد کۆبوونەوەکە لە بەدەممدا هەرەسی هێنا، لە یادمە سەیری هەردوو دەستمم کرد لە ئامێزم توندکردبوون، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا ٢٤ مانگم لە پێشە بەر لەوەی بەریتانیا بکشێتەوە، دەبوو بیر لە ئەگەری ئەوە بکەمەوە کە دوبەی بە تەنیا بێت، هەرگیز بەوە ڕازی نەدەبووم، بەڵام ئەرکەکەم وای دەخواست ئاسایشی بپارێزم، بۆیە دەبوو لە هەموو کاتێك زۆرتر تێبکۆشم و لەسەر بنیادنانی هێزی پۆلیس و هێزی بەرگری دوبەی بەردەوام بم.

خەونەکە خەریك بوو وردە وردە دەڕەوییەوە کاتێك قەتەر لە دووی نیسانی ١٩٧٠ دەستوورێکی ڕاگەیاندو ئەنجوومەنێکی وەزیران پێکهێنرا. بەر لەوەی لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧١ بەفەرمی سەربەخۆیی لە بەریتانیا ڕابگەیەنێت. کاتێك هیچ هیوایەکیان بە یەکیەتییەکە نەما ئەو هەنگاوە بوێرەیان هاویشت. بەحرەینیش دوای ئەوان کەوت کاتێك بڕیاری دا بەخۆی بەرەو پێشەوە هەنگاو بهاوێت. ئەوەبوو لە ١٤ی ئابی ١٩٧١ بەحرەین سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو داوایەکی پێشکەش کرد نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری وڵاتانی عەرەب وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدا بنێن. ئێمەی میرنشینەکانیش یەکەمین کەس بووین پیرۆزباییمان لێ کردن. ئەگەر یەکیەتییەکە سەرنەکەوتایە، بێ گومان ئێمەیش هەموومان بەرەو ڕووی ئەم چارەنووسە دەبووینەوە چونکە تەنیا ڕێگەچارە بوو بۆ ئەوەی سەرووەریمان کەموکووڕی تێدا نەبێت.

لە مانگی نیسان و ئایاری ساڵی ١٩٧١، من و براکانم بەبێ ئەوەی شەکەت و بێزار بین کارمان بۆ پێکهێنانی یەکیەتییەکە کرد، کە هەر حەوت میرنشینەکان لەخۆدەگرێت و هەمووانمان ڕازی کرد بۆ ئەوەی ڕێکبکەوین. ئاشکرایە تووشی هەندێك نشوستی بووین وەك ئەوەی لە ١٠ی تەمموزی ١٩٧١ لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی میرنشینە ئاشتەوەبووەکان لە دوبەی ڕووی دا کە لەگەڵ شێخ مەکتوومدا ئامادەی بووم، کاتێك هەندێك لە میرنشینەکان پێداگرییان لەسەر چەند ڕێککارییەك کرد کە سەربەخۆییەکی فرەوانتریان پێ ببەخشێت. کۆبوونەوە دووردورێژەکان بە درێژایی هەشت ڕۆژ بەردەوام بوون و ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی تەمموز کێشەکە یەکلایی بووەوەو گەیشتینە ڕێککەوتن و ئەم بەیاننامەیەمان دەرکرد:

بۆ بەدەنگەوەچوونی گەلی عەرەبمان، ئێمە، فەرماندارانی میرنشینەکانی ئەبو زەبی و دوبەی و شاریقەو عەجمان و ئوم قیوین و فوجەیرە، مبڕیارمان دا دەوڵەتێکی فیدراڵی بە ناوی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب دامەزرێنین و لەم ڕۆژە پیرۆزەدا دەستووری کاتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب مۆرکرا، لەکاتێکدا ئەم مژدە خۆشە بۆ گەلی عەرەب ڕادەگەیەنین، لە خوای مەزن داواکارین ئەم یەکیەتییە ببێتە بناغەی یەکیەتییەکی فرەوانترو ئەندامانی دیکەی خانەوادەکە لە میرنشینە براکانی دیکە لەخۆبگرێت کە ڕەوشی ئێستەیان ڕێگەی بۆ ئەرەخساندن ئەم دەستوورە مۆربکەن.

ڕەوشەکە لە بەرژەوەندی ئێمە نەبوو، کاتێك دادەنیشتین و شەوان قسەمان دەکرد پاش کارکردنی ئەو ڕۆژەو لەگەڵ باوکمدا دادەنیشتین و بابەتەکانمان

تـاوتوێ دەکرد، هەموو شتێك چوون ڕوونـی تیشکی ڕۆژ ڕوون بووبووەوە، پێویستمان بە بەدیهێنانی چەند کارێك بوو پێش کشانەوەی بەریتانییەکان، لەوانەیش بنیادنانی ئابوورییەکی سەقامگیرو، بنیادنانی هێزێکی بەرگری بتوانێـت لەگـەڵ ناوچـە ناسـەقامگیرەکەدا مامەڵـە بکـات و ئاسـایش و سەقامگیری بـەدی بهێنێت و، پێویستی بـە یـەك دەنگییـەك سەرپەرشتی دامەزرانـدنی یـەك نەتـەوەی تـەواوەتی بکـات، ئـەویش: دەوڵـەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبە.

◆◆

"چەند چرکەیەك هەن مێژوو بە خامەی دەستکەوتگەل تۆماریان دەکات، چەند چرکەگەلێك زمانی وشەکان پێیاندا ڕاناگەن. لەو چرکە ساتانەیش چرکەساتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب"

◆◆



لەگەڵ باوکی دامەزرێنەر زاید بن سوڵتان

وێرای هەر هەموو ئەوە، ئەوەبوو ڕیزەکانی خۆمان کۆکردەوەو لە سایەی یەك سەیواندا کۆبووینەوەو لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیشماندا سەرکەتنمان تۆمارکرد. لە یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٧١، موقیمی سیاسی بەریتانی دوایەمین گەشتی خۆی بە میرنشینە ئاشتەوە بووەکاندا کردو پاشان هەموو ڕێککەوتننامە مەرجدارەکانی کۆتایی پێ هێنا کە لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی ساڵی ١٨٢٠ لەگەڵ بەریتانیادا مۆرکرابوون، لەوانەیش بەڵێندانی بەریتانیا بە پاراستنی میرنشینەکان.

لە هەشتی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧١، فەرمانداراانی ئەبو زەبی و دوبەی و شاریقەو عەجمان و فوجەیرەو ئوم قیوین لە کۆشکی شێخ ڕاشد لە دوبەی کۆبوونەوە. لە دانیشتنێکی داخراودا فەرمانداراەکان بە کۆی دەنگ شێخ زایدیان بە سەرۆك و شێخ ڕاشدیان بە جێگری سەرۆك و برام شێخ مەکتووم (جێنشینی میری دوبەی)یان بە سەرۆك وەزیران هەڵبژاردو بەیاننامەیەکی مێژووی بڵاوکرایەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

(ئەمڕۆ، پێنجشەممە ڕێکەوتی دووی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧١، لێرە لە میرنشینی دوبەی فەرمانداراانی ئەبو زەبی و دوبەی و شاریقەو عەجمان و ئوم قیوین و فوجەیرە بەوەی دەستووری کاتی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیان مۆرکردووە، لە کەشێکی پڕ سۆزی برایانەی ڕاستگۆیانەو بڕوا بەیەك بوون و نیازی پتەوو بەهێز، لە پێناوی بەدیهێنانی ئاواتەکانی گەلان لەم میرنشینانەدا کۆبوونەوەو ڕاگەیەنراوێکیان دەرکردو بەپێی ڕاگەیەنراوەکە مەرجەکانی دەستووری ناوبراو لەم ڕۆژەوە دەچێتە باری کار پێ کردنەوە).

پاشان فەرمانداره‌کان لەژێر ناوی ئەنجوومەنی باڵای فیدراڵی درێژەیان بە کۆبوونەوەکانیان دا. بە پشتیوانی خوای مەزن خاوەند شکۆ شێخ زاید بن سوڵتان ئال نەهیان، فەرمانداری ئەبو زەبی بۆ ماوەی پێنج ساڵی زایینی بە سەرۆکی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب هەڵبژێرراو، خاوەند شکۆ شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم، فەرمانداری دوبەی بۆ هەمان ماوە بە جێگری سەرۆك هەڵبژێرراو، هەردووکیان بەپێی دەستەڵاتەکانی دەستوور سوێندی دەستوورییان خوارد. هەرچی شێخ مەکتووم بن ڕاشد ئال مەکتووم، جێنشینی دوبەی بوو ئەوە بە سەرۆك وەزیران هەڵبژێررا. ئەنجوومەنەکە ڕۆژی سێشەممە حەوتی کانوونی یەکەمی ۱۹۷۱ دووەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ئەبو زەبی دەبەستێت.

(ئەنجوومەنی باڵا مژدەی خۆشی بۆ گەلی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب و هەموو وڵاتانی عەرەبی براو وڵاتانی دۆست لە سەرانسەری جیهان پێیە. ئەمڕۆ دامەزراندنی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب دەبینین وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری و بەشێك لە نەتەوەی عەرەبی گەورە. ئەم دەوڵەتە ئامانجی پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەری و ئاسایش و سەقامگیری خۆیەتی لە بەرگری کردن دژ بە هەر هێرشێك دووچاری هەر تاکێك لە تاکەکانی گەلی میرنشینەکان بێتەوە. هاوکات دەکۆشێت ئازادی گەلەکەی و مافەکانیان بپارێزێت و بنەماکانی هاریکاری لەنێوان میرنشینەکاندا بچەسپێنێت بەشێوەیەك خزمەت بە بەرژەوەندی و سوودی گشتی بکات. وێڕای ئەو مەبەستانەی سەرەوە، مەبەستیەتی کار بۆ بەرەو گەشەسەندن و بۆ پێشەوەبردنی دەوڵەت بکات لە هەموو بوارەکاندا

بەشێوەیەك ژیانێکی باشتر بۆ هەموو هاوولاتییانی دەستەبەر بکات و پارمەتی و پشتیوانی بە پرس و بەرژەوەندییەکانی عەرەب و پشتیوانی کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەریتە نێودەوڵەتییەکان بکات.

یەکیەتییەکە سەرکۆنەی بەکارهێنانی هێز دەکات و داخ و پەژارەی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر بەوەی ئێران لەم دواییەدا کردی و بەشێك لە نەتەوەی عەرەبی داگیرکرد، بۆیە، بڕوای وایە کە پێویستە وڵاتان پابەندی مافی پاسایییەکان بن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان نەتەوەکان بەو هۆکارانە بێت کە ددانیان پێدا نراوەو لای وڵاتانی جیهان پەسەندن.

بەم بۆنە مێژووییە پیرۆزەوە، ئەنجوومەنی باڵای فیدراڵی سوپاسی خوای مەزن دەکات کە یارمەتی داین و گەیشتینە ئەم ئاکامە دڵخۆشکەرە. هاوکات ئەنجوومەن پیرۆزبایی گەرم لە گەلی میرنشینەکان دەکات بە بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری کە ئاکامی بڕوابوونیانە بە ئەنجوومەنەکەو هەر شێوەیەك لە شێوەکانی یەکگرتن، یان یەکگرتوویی لەم بەشەی جیهان بە هەنگاوێکی سەر ڕێگەی دروست دادەنرێت بەرەو بەدیهێنانی یەکگرتنێکی تەواوەتی عەرەب. یەکیەتییەکە پابەندبوونی خۆی لە پێشوازی کردن لە هەر دەوڵەتێکی دیکە دووپات دەکاتەوە کە ئارەزووی هاتنەڕیزی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب دەکات بەتایبەتی میرنشینە براکان ئەوانەی ڕێککەوتننامەی یەکیەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیان لە ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٦٨ لە دوبەی مۆرکرد).

پەلی هێشتە پێشوازی لە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی دەکەین بێتە ڕیزەوە، چونکە بڕوامان بەوەیە کە ڕێگەی یەکگرتن ڕێگەیەکی پڕ پیت و گەشەسەندن و هێزی گەلانەو، تا ئەگەر لەسەر خاکیش یەکنەگرین ئەدی بۆچی دڵان یەکنەگرن؟

لە٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ لەگەڵ شێخ مەکتووم، سەرۆک وەزیران چووم بۆ ئەبو زەبی، بۆ ئامادەبوون لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەن لە سایەی حکوومەتە نوێیەکەیدا کە تێیدا بە وەزیری بەرگری دامەزرێنرام. بچووکترین وەزیری بەرگری بووم لە جیهاندا. تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو. ئەرکێکی گەورەم لەپێش بوو لە بنیادنانی هێزێکی بەتوانا بۆ ئەم یەکیەتییە تازە لەدایک بووە.

# 28
# پاش داگیرکاری چی بکرێت باشە؟



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

لە یەکەمین ڕۆژی پاش ڕۆیشتنی داگیرکارییەک کە ١٥٢ ساڵی خایاند چی ڕوودەدات؟

ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەروازەیەک پێک بهێنێت بۆ تێگەیشتنی زۆر لەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە نیشتمانی عەرەبیماندا ڕوودەدەن، ئەوەبوو لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم داگیرکاران لە زۆربەی وڵاتانی عەرەب کشانەوە پاش ئەو بزاوت و تێکۆشانە نیشتمانییانەی داوای ڕۆیشتنیان کردن، تا گەلان لە سامانگەلی وڵاتانی خۆیان سوودمەند بن کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لێی بێبەش بووبوون و ئەو مافانەیان هەبێت بڕیار لە چارەنووسی گەشەسەندنی خۆیان بدەن.

پاش ڕۆیشتنی داگیرکاران وێنەکە بەردەوام گەش نەبوو، چونکە وڵاتان پاش داگیرکاران بە بەڕێوەبردنی باشی ئابووری و بەڕێوەبردنی باشی خزمەتگوزاری بنەڕەتی گەل و بە پێوەندی باش لەگەڵ دراوسێکاندا گەشە دەستێنن، هەروەها بە بەڕێوەبردنی دانایانەی ناکۆکییە سنوورییەکان کە داگیرکار وەک بۆمبی دانراوەوە لە پاش خۆی لەنێوان وڵاتەکانماندا بەجێی هێشتوون. باش بەڕێوەبردن هەندێک لە گەلانی گەیاندە لووتکەو خراپ بەڕێوەبردن گەلانی دیکەی هەرەس پێ هێنا.

زۆر جار لە پاشەکشەی گەشەپێدان و شەڕی بێ هوودەو ئابووری نالەبار و تەنانەت نالەباری ڕۆشنبیری و زانستیمان گازندە لە داگیرکار دەکەین، ڕاستییەکەیشی گازندەو گلەیی دەکەوێتە سەر شانی خۆمان کە پاش ڕۆیشتنی داگیرکار ڕووبەڕووی حکوومەتەکان بووینەوە.

لەبنکەی هێزی ئاسمانی شاهانە لە ئەوێ بووم کاتێک دوایەمین سەرباز لەبنکەی هێزی ئاسمانی شاهانە لە شاریقە کشایەوە. داگیرکار پاش ۱۵۰ ساڵ لە داگیرکاری ڕەزا گرانی خۆی لە ناوچەکەمان کشایەوە، ئەو ناوچانەی گوێیان بە پێداویستییە گەشەپێدانەکانی دانیشتوانیان نەدا. لە وەرگرتنی پاشماوەگەلی سەربازی و ئەرکە بەرگرییەکانی بەرپرسیار بووم. لەگەڵ ڕۆیشتنی دوایەمین فڕۆکەی، هاواری سەربازەکانم لە خۆشی و شانازیدا بڵند بووەوە، ئەو ڕۆژە هەستم بە ئازادی تەواوەتی کرد، ئازادی تەواوەتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆو دەرەوەو، سیاسی و بەرگری و ئابووری و گەشەپێدانی وڵاتەکەمان. هەست کردن بە ئازادی تەواوەتی، هەستێکی دیکەیشی لەگەڵ بوو هەستم بە قورساییەکەی کرد بەسەر دڵمەوە، هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی تەواوەتی.

زۆر بە میرنشینە جیاجیاکاندا دەهاتم و دەچووم وەک بەشێک لە ئەرکی سەرەکیم لە بنیادنانی هێزێکی بەرگری فیدراڵی. ڕەوشی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانمان زۆر خراپ بوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە میرنشینە کەم داهاتەکان دەژیان. خەڵکی ناچار بوون ئاوی پیس لە بیرەکان بخۆنەوە، ئەوەیش بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن لە ناو منداڵاندا، ژمارەیەکی تەواو فێرگەو نەخۆشخانەمان نەبوو. تۆڕی ڕێگەوبانێکی باشمان نەبوو میرنشینەکانمان پێکەوە ببەستێتەوە. وەک جۆرێک لە شتگەلی ڕۆژانە سەیری ئاوی خاوێن و کارەبامان دەکرد.

کاتێك فیدراڵیمان ڕاگەیاند گیانێکی نوێ لەنێوان هاووڵاتییاندا سەری هەڵدا، گیانێك حەزی لە گۆڕانکاری دەکرد، گیانێك بە هیوایەکی نوێوە لە ئاییندەی دەڕوانی. گەلەکەمان دوای شەکەتی بەهیوای پشوودان و، دوای نەخۆشی بەهیوای تەندروستی باش و دوای نەزانین بەهیوای زانست بوو. گەلەکەمان بەو چاوە سەیری فیدراڵی دەکرد کە ڕزگاربوون بوو لە چەندان ساڵی دوورودرێژی بەدبەختی.

لەکاتی گەشتی ڕۆژانەمدا بە بنکە سەربازییە جۆراوجۆرەکاندا لە سەرانسەری میرنشینەکان بەتەنگی ئەوەوە بووم چاوم بە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانان بکەوێت و لەگەڵیان دانیشم. خۆراکی باشمان هەبوو، بەسەر ئەو خێزانانەمدا دابەش دەکرد. دەچوومە ناو ماڵەکانەوەو دەمبینی کە ڕێگەیەکی دوورودرێژمان لە پێشە تا ژیانی خەڵکی بەرەو باشتر بگۆڕین. ڕەنگە سەردانە یەك لە دوای یەکەکانم بۆ لای ئەو خێزانانە پاڵی پێوە نابم زۆر بە تەنگی ئەوەوە بم داوای ئەو بودجەی بەرگری و خۆچەکدارکردنە بکەم کە پێویستم پێ هەبوو. دەمبینی زۆرمان پێویست بە دروستکردنی فێرگەو نۆڕینگەو ڕێگەوبان و خانووی نیشتەجێ هەیە، پێویستی زۆرمان بە بنیادنانی مرۆڤ هەیە. شێخ زایدو شێخ ڕاشد هەندێك جار بودجەی بەرگرییان دەستکاری دەکردو زیادیان دەکرد چونکە دەیانزانی من کەمترم خەرج دەکرد بۆ دەستەبەرکردنی بودجەی فیدراڵی بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان کە هەردووکیان سەرپەرشتییان دەکردو بە خۆیان بەدواداچوونیان بۆ دەکردن.

زاید و ڕاشد ئەو شتەیان دەبینی کە من دەمبینی و پتر لەمن دایانزانی هاوولاتییان چییان پێویستە، بۆیە شەڕی بنیادنانی هێزی بەرگرییان بۆ من بەجێ هێشت و خۆیان بۆ شەڕی گەشەپێدان تەرخان کرد، چونکە گرنگترە.

ناشێت هیچ دەوڵەتێك بەو شێوەیە سەیری هێزە سەربازییەکانی بکات کە لە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی گەلەکەی گرنگترە. ڕەنگە ئەم قسەیەم سەیر بێت بەپێی ئەوەی وەزیری بەرگریم، بەڵام ئەگەر هاوسەنگی بەدی نەهات ئەو کات بەرپرسیاریەتی سوپا بەرگریکردن لە کۆمەڵێك هاوولاتییانی بەدبەخت و زەوی و زاری چۆڵ و هۆڵ دەبێت.

نهێنی مەزنیەتی هەر دەوڵەتێك لە دەستەڵاتی سەربازییدا نییە، بەڵکو لەهێزو توانای گەشەسەندنیدایە. ئەمڕۆ سەیری دەوڵەتێکی وەك کۆریای باکوور بکە بە هێزی سەربازی بە ڕووی جیهاندا دەوەستێتەوە، بەڵام گەلەکەی نەدارە، نەدارە هەندێك جار تا ڕادەی ئەوەی برسی بێت. هاوکات سەیری دەوڵەتێکی وەك کۆریای باشوور، یان ژاپۆن بکە. سوپایەکی زلیان نییە، بەڵام ئابوورییەکەیان دەیانخاتە ئاستی وڵاتە گەورەکان کە هەموو وڵاتان دەکۆشن پێوەندی جیاکاریان لەگەڵدا ببەستن.


خواوەند لە سەرتای ڕاگەیاندنی فیدراڵیدا دانایی سەرانی دامەزرێنەری بەخشین تا هاوسەنگییەك لەنێوان خەرجی سەربازی و نێوان بودجەی گەشەپێدانماندا پێك بهێنین و، هاوسەنگییەك لەنێوان شەڕەکانی ناوخۆماندا لە بواری بنیادنان و شەڕەکانی دەرەوەماندا بۆ چاکترکردنی پێوەندییەکان و

دوورەپــەرێزی لــە تەنگــژەکان پێــک بهێــنین و، بــە شــێوەیەکی نموونــەیی هاوسەنگی لەنێوان بەرزکردنەوەی تەلارسازی و نێوان بنیادنـانی مـرۆڤ پێک بهێنین.

ڕۆژی دواتری پاش ڕۆیشتنی داگیرکار ئەو ڕۆژەیە شەڕی دواتـری خۆتی تێدا دەستنیشان دەکەیت. هەندێك لە وڵاتـان شـەڕی هەڵـەیان هەڵبـژارد، ئێمـەیش خواوەند بە زاید و ڕاشد بەزەیی پێماندا هاتەوەو شەڕی دروستیان هەڵبژارد.

# 29

# یەک سوپا بۆ یەک دەوڵەت



هەستوەرترین ئەرك كە لەژیانمدا بەڕێوەم بردبێت بنیادنانی سوپایەكی یەكگرتوو بۆ دەوڵەتە نوێیەكە بوو. بەردەوام سوپا سەركوتكاری نەیاران و دوژمنانی دەرەكییە. گەرەنتی یەكڕیزی ناوخۆیە، لە كاتی تەنگژە گەورەكاندا ناهێڵێت پشێوی دروست بێت، لەكاتی ناكۆكییەكاندا دەبێتە ناوبژیوان و، هەموو دەستكەوتەكان دەپارێزێت و، گەرەنتی سەقامگیرییە كە وەبەرهێنەرەكان بەدوایدا دەگەڕێن. سوپا بناغەو گەرەنتی و پارێزەرو ڕێزگرتنی نێوان نەتەوەكانە. سەبارەت بە ڕەوشی دەوڵەتی میرنشینەكانیش بەرەنگاربوونەوەی سەرەكی بنیادنانی سوپایەك بوو بۆ دوژمنانی دەرەكی سەركوتكارو گەرەنتی سەقامگیری ناوخۆیش بێت و بە شێوەیەكی هاوتەریبیش كار بۆ یەكخستنی هەموو هێزەكانی میرنشینەكان بكات لەژێر یەك سایەی فیدراڵیدا لەماوەی یەكەمین خولی تەمەنی حكوومەتی فیدراڵیدا، كە پێنج ساڵە، واتە پێش ساڵی ١٩٧٦.

ئەو پلانەی كە پێش سێ ساڵ دامڕشتبوو بەشێوەیەكی ڕێكوپێك بەڕێوەدەچوو، بەهۆی سووربوونی پیاوان و بەهۆی ئەو گیانە نوێیەی لە دەوڵەتدا بەرجەستە بوو، بەپشتیوانی شێخ زایدو شێخ ڕاشد كە پلانەكەیان پەسەندكرد پاش ئەوەی چەندان جار لەگەڵم پێیدا چوونەوەو دەستكاری و هەمواریان كرد.

لەگەڵ دامەزراندنی فیدراڵیدا لە ٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٧١، دەستم بە كاری بەڕێوەبردنی پرۆسەی وەرگرتنی ئەركەكان لە هێزەكانی بەریتانیا كرد، لەگەڵ ئەوپەڕی بە تەنگەوەبوونی ئەوەی ئەو پرۆسەیە زۆر ئاسان و

سانایانە بەڕێوە بچێت، بنکەی هێزی ئاسمانی شاهانەم لە شاریقە باش دەناسی. لە ٢٢ی کانوونی یەکەم (هێزی کەناری عومان)م لێ وەرگرتنەوە، کە بوو بە هێزی یەکگرتووی بەرگری، کە لە هێزی ئاسمانی شاهانەو کەتیبەی پیادە پێک دەهات کە ٢٥٠٠ کەسی لەخۆدەگرت. بەریتانیا ساڵی ١٩٥١ ئەم هێزەی پێکهێنابوو بۆ سەپاندنی سەقامگیری و ئاسایش لەناوچەی نێوان ئەبو زەبی تا ڕەئس خەیمە، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەریتانیانەی لە هندستان کاریان کردبوو لەگەڵ ژمارەیەکی سنووورداری سەرباز کە زۆربەیان لە فەیلەقی عەرەبی لە ئوردن خواسترابوون، وێڕای ئەو هاووڵاتییانەمان کە لەسەر دەستی بەریتانییەکان مەشق و ڕاهێنانیان پێ کرابوو.

◆◆

**"کاتێك پیاوەکانم بەدەنگی بانگەواز بۆ شەڕەوە دەچوون منیش شان بە شانی ئەوان دەجەنگیم. بە تەنگی ئەوەوە بووم یەکەمین کەس بم کە لە ئاکۆکییە چەکدارییەکان پێش پیاوکان بکەوم و دوایەمین کەسیش بم کە جێی بێڵم"**

◆◆

ئەم هێزە لە پێنج سریەی پیادەو سریەیەکی پشتیوانی و سریەیەکی بێ تەل و سریەیەکی مەشق پێ کردن و سریەیەکی کارگوزاری و سریەیەکی پزیشکی و میوزیکی سەربازی و فێرگەیەك بۆ فێرکردنی بچووکان پێکدەهات. ئەو هێزە دواتر بوو بە بناغەیەکی پتەوی هێزە چەکدارەکانمان کە فرەوانتر بوونەوەو هێزەکانی بەرگری ناوخۆیی میرنشینەکانیان لەخۆدەگرت، کە

لەلایەن فەرماندارانی میرنشینەکانەوە دامەزرابوون وەك هێزی بەرگری ئەبو زەبی و هێزی بەرگری دوبەی و هێزی جوولاو لە ڕەئس خەیمەو پاسەوانی نیشتمانی لە شاریقەو پاسەوانی نیشتمانی لە ئوم قیوین.

وەك وەزیری بەرگری یەکەمین ئامانج کە کۆشام بەدی بهێنم یەکخستنی هێزە چەکدارەکانمان بوو پێش ئەوەی سالی ١٩٧٦ بێت. ماوەیەکی زۆر کارم لە سەر پێکهاتی فەرماندەیی و ستراتیژیەتی سەربازی پێنجینە کرد، ئەوەبوو پابەندی چوارچێوەی ئەو کاتە بووم کە بۆ خۆمم دانابوو. هێزێکم هەبوو بەرگری لە نیشتمان بکات ئەگەر بهاتبایەو هێرش بکرایەتە سەرمان و، ئەو هێزانەیش ماوەی سالێك بوو لە شوێنەکانی خۆیاندا بوون. تەنیا ئەوە مابووەوە بیکەم ئەم ستراتیژیەتە جێبەجێ بکەم و بەپێی چوارچێوەکەی دەست بەکاربکەم.

لە لایەن سەرانی میرنشینەکانەوە بە تەواوەتی پشتیوانیم لێ کرا بەتایبەتی شێخ زایدو شێخ ڕاشد تا ستراتیژیەتێك دابڕێژم هەموو میرنشینەکان دەربڕێت و ببێتە هۆی پێکهێنانی سوپایەکی بەهێز بۆ گەلەکەمان. لەبەر ئەوەی هەلم بۆ ئەو فەرماندانە ڕەخساند بەشداری بکەن و ئاگەیان لێ بێت و ڕای خۆیان دەربڕن نەك تەنیا لەمەڕ ئاکامەکە، بەلکو لە خودی پرۆسەکەدا، بۆیە هەموویان بە تەواوەتی پشتیوانییان لێ کردم و هانیان دام.


توانیم ئەو ئامێرو تەکنەلۆژیایانە دەستنیشان بکەم کە پێویستمان پێیانە، هاوکات بە تەنگی ئەوەوە بووم بە خۆم هەموو پارچەیەکی ئامێرو چەکەکان

بیشکێنم و تاقی بکەمەوە کە دەمانهێنان. دەمتوانی ئەوە ببینم و دەستنیشان بکەم کە چی لەبیابانەکانماندا سەرکەوتن بەدی دەهێنێت و چی کاریگەرو گونجاو دەبێت بۆ بەرزایی و نزماییە جۆراوجۆرەکان و، چی بەرگەی تیشکی سووتێنەری هەتاو دەگرێت و هاوکات ژیانی پیاوانمان دەپارێزێت. هەموو فەرماندارەکان دەرکیان بەوە کرد کە ئەوپەڕی کۆششی خۆم بۆ تەواوکردنی ئەرکەکەم بەکارهێناوە، بۆیە لەوە دڵنیا بوون - وەك چۆن من دڵنیا بووم - کە ئەو بودجەیەی دامناوە هەرگیز هیچ بەفیڕۆدانێك لەخۆ ناگرێت.

ئەو کاتە بنەمایەك لەو پیاوانەم هەبوو کە لە ماوەی سێ ساڵی مەشق و ڕاهێنان و فێربوون بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامنابوو پلە بە پلە بەرزبووبوونەوە. ئەو کاتیش وتووێژم لەسەر ئاستێکی بەرز لەگەڵ سوپاکانی ناوچەکەدا کردبوو، چەند گرووپێکی بچووکم ناردبوو هەر یەکەیان لە بیست کەس پێکدەهات بۆ بەشداریکردن لە خولگەلی مەشقکردن لەسەر ئۆپەراسیۆن لە ناوچەکە. دەبوو ئەفسەرەکانم لە سیستەمەکانی ئەو سوپایانە بگەن و ئاگەداری چۆنیەتی هاریکاری کردن لەگەڵیاندا بن. بۆیە چەك و سیستمگەل و پێکهاتەکانی فەرماندایەتی تایبەت بەپێکهاتەیەکی فرەوانی دراوسێکانمان لە ئوردن و میسرو سوودان تاقی کردەوە. هاوکات ئەفسەرەکانمان نارد بۆ دەرەوە، بۆ بەریتانیا و ئیتالیا و فەرەنسا. بەم شێوەیە و بەهۆی گرووپە بژاردەکەمەوە کە ڕاستییەکەی پێشڤەچوونێکیان بەدی هێنابوو، دەرکم کرد کە دەتوانم لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەندێك لە دەستەڵاتەکانی خۆمیان ڕادەست بکەم، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە هەلم

بۆ دەرەخسێت کار بۆ بنیادنانی وەزارەتی بەرگری بکەم، کە پێویستی بە کاتێکی دوورودرێژتر دەکرد.

بەلای منەوە دروستکردنی وەزارەتی بەرگری تەنیا دانانی بناغەکەلی تەلارێك نەبوو چەندان نووسینگە لەخۆ بگرێت. دەمزانی بە دەزگەییکردنی وەزارەتەکە بە پلەی سەرەکی پشت بەو پێوەندی و تۆڕانە دەبەستێت کە لە ماوەیەکی تا بکرێت کورت تردا دروستیان دەکەین و پێکیان دەهێنین. بۆیە دەستم بە سازدانی کۆبوونەوەگەلێکی بێ شومار لەگەڵ هاوشێوەکانم وەزیرانی بەرگری لە وڵاتانی ناوچەکە کرد. هاوکات چەند نێردەیەك هەبوون کە من ناردبوومن و ڕۆژانە دەهاتن و دەچوون. وێڕای گوشاری کارکردن، کەچی بەتەنگی ئەوەوە بووم هیچ مەشقێکی بەیانیانم لە گۆڕەپانی تمایش لەگەڵ پیاوەکانم لە دەست نەچێت، چونکە بە تەنگی ئەوەوە بووم زۆر بە وردی ئاگەداری پەرەسەندنەکان بم و،
زوو بە زوو ئاگەم لە پێشهاتەکان بێت.



لە کاتی دەرچوواندنی خولێکی سەربازی


ڕۆژانە کارکردن بۆ ماوەی نۆزدە کاتژمێر بەشێك لە ژیانی ئاسایيمان بوو. لەو ڕۆژانەدا بۆ یەکەمین جار بوو ژمارەیەك ئامێرم بۆ سوپا کڕی. پیاوەکانم بە هەموو شەفافیەتێکەوە بینییان کە باشترین ئامێری سەربازیمان کڕی کە ئەو کاتە دەست دەکەوت، ئەوەیش هەموو لایەکی دڵخۆش کرد. تانکەکانی

(سکۆرپیۆن Scorpion) لە ڕووی قەبارەو سووک جووڵانەوەوە کە بەرزی و نزماییەکانی بیابانەکانمان پێویستیان پێیەتی زۆر گونجاو بوون.. هاوکات هیلیکۆپتەرەکانی (بێڵ Bell) لە تکساسەوە گەیشتن و فڕۆکەکانی (ئێرماچی Aermacchi) بۆ مەشقکردن لە ئیتالیاوە گەیشتن، هەر هەموویشیان بە خۆم پشکنینم بۆ کردن.

بەڕادەی ئەوەی ئەو ڕۆژانە مەزن بوون، کەچی زۆر هەڕەشەو مەترسیشیان لەخۆگرتبوو. کاتێک پیاوەکانم بەدەنگی بانگەواز بۆ شەڕەوە دەچوون منیش شان بە شانی ئەوان دەجەنگیم. بە تەنگی ئەوەوە بووم یەکەمین کەس بم کە لە ناکۆکییە چەکدارییەکان پێش پیاوکان بکەوم و دوایەمین کەسیش بم کە جێی بێڵم.

مامەڵەمان لەگەڵ چەند ناکۆکییەکی چەکداری لەنێوان هەندێک لە هۆزەکان و هەوڵێکی کوودەتاو کوژرانی فەرمانداری شاریقەو هەوڵگەلی ڕفاندنی فڕۆکەو گرژی هەرێمی و هەڕەشەی بەردەوامدا کرد. بەڵام دەمانزانی کە ئێمە بە ڕێگەی دروستدا دەڕۆین و، دەوڵەتە فیدراڵییەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ دەچەسپێت و، هێزە چەکدارەکانمان ساڵ لە پاش ساڵ بەهێزترو پێشکەوتووترو پەرەسەندووتر دەبێت. بە دانایی زایدو ڕاشدو کۆششی دڵسۆزان لە ڕۆڵەکانی هێزە چەکدارەکانمان و وردی بەرزیان، سوپاس بۆ خواوەند توانیمان دژوارترین ساڵان تێپەڕێنین تا بگەینە ئەو خاڵەی کە ئاشێت جیهانی عەرەبی تێدا بەبێ دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی وێنابکرێت.

# 30
# وتوویژ لەگەڵ تیرۆریستێکدا



لەکاتی وتوویژکردن لەگەڵ نۆسامۆ مارۆکا ـ ساڵی ۱۹۷۲

یەکەمین وتووێژ لەگەڵ تیرۆریستێکدا کردبێتم لە تەمووزی ۱۹۷۳ بوو، تیرۆریستەکە ناوی ئۆسامۆ مارۆکا بوو. سەرکردەیەکی ناسراوی ڕێکخراوێکی چەکداری بوو ناوی (سوپای سووری ژاپۆن)ی لە خۆی نابوو، کە لە چوارچێوەی ئامانجەکانیدا ڕووخاندنی ئەمپراتۆریەتی ژاپون و حکوومەتی ژاپۆن و دەست کردن بە شۆڕشێکی جیهانی بوو. ئەم ڕێکخراوە پێوەندی لەگەڵ بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستیندا بەستبوو، بۆ پشتیوانیکردن لە کێشەی گەلی فەلەستین. بۆیە لە پێناوی پشتیوانیکردن لە کێشەی ڕەوای گەلی فەلەستینی مارۆکا لەگەڵ چەند ئەندامێکی بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستینیدا فڕۆکەیەکیان بە ۱۱۸ سەرنشینەوە ڕفاندو هەڕەشەیان کرد فڕۆکەکە بتەقێننەوەو هەموو سەرنشینەکانی بکوژن.

چۆن دەتوانیت لەگەڵ گرووپێکدا لێك بگەن ئەمە لۆژیکی بێت؟ دەیانەوێت ژمارەیەك بێ تاوان بکوژن لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی بێ تاوانگەلی دیکەدا! دەیانەوێت پاڵەوانیەتێك تۆمار بکەن لە پشتیوانی کردن لە ستەم لێکراوان لەچوارچێوەی ستەم کردن لە گرووپێکی دیکەو کوشتنیان! سۆزنواندنی کۆمەڵان لەگەڵ کێشەیەکی ڕەوادا دەقۆزنەوە و لایەنگرانی خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ تۆقاندنی کۆمەڵانی دیکە کە هیچ تاوانێکیان نەکردووەو هیچ پێوەندییەکیان بە کێشەکەوە نییە. وەك دەڵێن.

خراپترین شێواندنی کێشەیەکی ڕەوایانە ئەوەیە چەند تیرۆریست پشتیوانی لێ بکەن. ئەگەر دوژمن بیەوێت هەر کێشەیەك بشێوێنێت ئەوە تیرۆریستانی

بۆ تۆقاندنی کۆمەڵە هێورەکان ڕێگەیان بۆ ئاسان بۆ تەرخان دەکات و، بۆ تۆقاندنی کۆمەڵە هێورەکان ڕێگەیان بۆ ئاسان دەکات.

ناوچەکەمان بۆ دەیان ساڵی دوورودرێژ بە دەستی ئەم لۆژیك و ئەم ڕێباز ستەمکەرانەوە دەیناڵاند، بەپێی ئەم لۆژیکە چەندان دەوڵەت بە هەزاران بەڵکو بە سەدان هەزار خەڵکیان لە دەست دا!

بەهۆی هێزێکی تیرۆریستانەوە کە بە کێشەیەکی ڕەوایانە دەست پێ دەکات و بە سەربڕینی بێ پاساوی کەسانێکی بێ تاوان کۆتایی دێت، چەندان کۆمەڵ دەیان ساڵی گەشەسەندن و پەرەسەندنیان لە کیس چوو.

لەناو هۆڵێکی سەربازیدا بووم کاتێك تەلەفۆنەکەم لێی دا و، پێیم ڕاگەیەنرا کە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی ژاپۆن جۆری بۆینگ ٧٤٧ ڕفێنراوەو داوای مۆڵەت دەکات لە فڕۆکەخانەی دوبەی بنیشێتەوە. وردەکاری ڕەوشەکەم بە شێخ زایدو شێخ ڕاشد ڕاگەیاندو ڕاستەوخۆ ڕووم کردە فڕۆکەخانەکە بۆ ئامادەکاری پێویست بەر لەوەی فڕۆکەکە بگاتە جێ.

فەرمانم دا شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکان چۆڵ بکرێت و ڕێڕەوی هەموو ئەو فڕۆکانەیش بەڕێوەن بۆ فڕۆکەخانە نزیکەکان بگۆڕرێن. لەگەڵ تیمەکەمدا لە شوێنەکەی خۆم بووم و چاوەڕێمان کرد فڕۆکەکە بێتە ناو بواری ئاسمانیمانەوەو پێوەندی بە تاوەری چاودێرییەوە بکات، ئەوەندەی نەخایاند زوورەکە پڕ لە دەنگی فڕۆکەوانەکان بوو، فەرمانم دا فڕۆکە ڕفێنراوەکە

لەسەر خاکی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب بنیشێتەوە، لە یەکەمین ڕووداوی لەو جۆرە.

فڕۆکەکە نیشتەوەو، سەرجەمی ئەوانەی لەناو فڕۆکەکەدا بوون وێڕای ڕفێنەرەکان و تیمی فڕۆکەوانی هەموویان ١٤٥ کەس بوون، چواریان فەلەستینی بوون لەگەڵ ژاپۆنییە فەلەوەکە فڕۆکەکەیان ڕفاندبوو، گەشتی ژمارە ٤٠٤ کە لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەنداوە بۆ تۆکیۆ دەڕۆیشت. فڕۆکەکە لە ڕەوشێکی نالەباردا بوو چونکە بۆمبێک بە یەکێک لە ڕفێنەرەکاندا تەقیبووەوە، کە ئافرەتێک بوو، یەکسەر مردبوو. فڕۆکەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕمان لەو تەقینەوەیە ڕزگاری بووبوو، بە سەلامەتی لەسەر خاکی ئاشتی لە دەوڵەتی میرنشینەکان نیشتەوە.

پاش نیشتنەوەی فڕۆکەکە، دەنگی سەرکردەی تیمی ڕفاندنەکە ئۆسامۆ مارۆکا لە مایکرۆفۆنەکەوە بەر گوێ کەوت و داوای کرد لەگەڵ کەسێکی بەرپرس لە دەوڵەت قسەبکات، مایکرۆفۆنەکەم هەڵگرت و پێم گوت: قسە بکە! گوێم لێتە. گوتی: تۆ کێیت؟ پێم گوت: محەممەد بن ڕاشد ئال مەکتووم.

گوتی: کەواتە تۆ عەرەبیت، دەبێت پشتیوانی لە کێشەی فەلەستین بکەیت، کێشەی خۆتانە.

دەیانویست فڕۆکەکە بەجێ بهێڵن و خۆیان لە دەوڵەتی میرنشینەکان حەشار بدەن.

◆◆

**"پێم گوت: سەرنشینەکان لەم هەموو شتانە شەکەت بوون بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت. سەرنشینەکان ئازاد بکە! بە دەنگێکی گرژ وەڵامی دامەوە: فڕۆکەکە دەتەقێنمەوە، تێم گەیشتیت؟"**

◆◆

لە ڕێگەی شەپۆلەکانی ڕادیۆوە دەمتوانی هەست بە گرژی و شڵەژاوی بکەم. پێم گوت: ڕێگەم بدە لە سەرەتاوە لەمەڕ خواردن و ئاو بۆ سەرنشینەکان پرسیارت لێ بکەم. ئایە پێویستتان بە خواردن هەیە، یان ئەوەندەتان هەیە بەشتان بکات؟

بەویەڕی شڵەژاوییەوە وەڵامی دامەوە: بابەتەکە مەگۆڕە، تەقەمەنیمان پێیەو چەکمان پێیەو، هەموو سەرنشینەکان دەکوژین.

دەستم بە هێورکردنەوەی کردو بە هێوری لەبارەی داواکانییەوە قسەم لەگەڵ کرد.

پێم گوت کێشەی گەلی فەلەستین کێشەی ئێمەیشە، بەڵام ناتوانم ڕێڕەوێکی ئارامتان پێشکەش بکەم. بۆ هەر شتێکی دیکە بێت دەتوانم یارمەتیتان پێشکەش بکەم.

پێی گوتم: بەڵێ داوایەکی دیکەمان هەیە. داواکەی ئازادکردنی یەکێك لە هاوەڵەکانی بوو کە لە ئیسرائیل دەستبەسەر بوو.

داوام لێکرد واقیعیانە بێت! پێم گوت: ئایە لەو بڕوادایت ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئیسرائیل قسەبکەین؟ هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵیان نییە.

◆◆

"دوژمنێکی تێگەیشتوو لە دۆستێکی نەزان و گەوج باشترە. ڕەنگە زۆری دۆستی گەوج زیانی بە زۆر لە کێشە ڕەواکانمان گەیاندبێت"

◆◆

داوام لێ کرد لەگەڵ یەکێك لەڕفێنەرە فەلەستینییەکاندا قسەبکەم بەشکو بتوانم قایلی بکەم. مایکرۆفۆنەکەی دایە یەکێك لە فەرماندە فەلەستینییەکان، ویستم وتووێژی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو لە هاوەڵە ژاپۆنییەکەی زۆرتر گرژترو بە هات و هاوارتر بوو.

گەڕامەوە لەگەڵ ڕفێنەرە ژاپۆنییەکە مارۆکا قسە بکەم. بە هەمان ڕێتم درێژەم بە قسەکردن دا لەگەڵی و ناکۆکی نێوان بەرهەڵستیکردنی ئەو کارەساتانەی دووچاری گەلی فەلەستین دەبنەوەو نێوان کردەی ناشیرینی هاوشێوەی دژ بە کەسانی دیکەم بۆ ڕوون کردەوە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە. بۆ ماوەیەك لەسەر ئەو ڕێتمە بەردەوام بووین و، لەگەڵ ئەوەی

توانیم متمانەی بەدەست بهێنم، بەڵام من و هەموو ئەوانەی لەناو تاوەرەکە لەگەڵم بوون زانیمان پلان بۆ هەنگاوی دواتر دادەڕێژێت، لە یەکدی گەیشتین و منیش زۆر ڕوون بووم کە داواکارییەکانیم ڕەت کردەوە.

وتووێژەکانمان چەند کاتژمێرێکی دووروودرێژیان خایاندو ڕەوشەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، شێخ زایدو شێخ ڕاشد بەردەوام لە پێوەندیدا بوون لەگەڵم، چونکە زانییان کە من پێویستم بەوە بوو بە تەنیا بم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشەکە. دوو جار خواردنمان گەیاندە فڕۆکەکەو، بینیمان کە ناو فڕۆکەکە هێورەو هیچ بەڵگەیەکمان نەبینی کە کەسێك ئازاری پێ گەیشتبێت، هاوکات ڕفێنەرەکانیش هێور بوون.

بەیانی ڕۆژی دواترو لەگەڵ بەرەبەیاندا، لە مایکرۆفۆنی ڕادیۆکەوە دەنگی مارۆکام بەر گوێ کەوت: بەیانیت باش.. هیوادارم ئەم شەو باش نووستبێت، هەندێك گاڵتەجاڕی بە دەنگییەوە هەست پێ دەکرا. پێدەچوو زانیبێتی کە من نەنووستووم.

پێم گوت: سەرنشینەکان لەم هەموو شتانە شەکەت بوون بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت، سەرنشینەکان
ئازاد بکە! ئەم شێوازە گونجاو نییە بۆ پشتیوانی دەربڕینمان بۆ کێشەی فەلەستینی. بە دەنگێکی گرژ وەڵامی دامەوە: فڕۆکەکە دەتەقێنمەوە، تێم گەیشتیت؟

پێم گوت، تۆ لە خەبات لە پێناوی کێشەی فەلەستینیدا برامانیت. من بە تەواوەتی لە هۆکارەکانت دەگەم و ڕەوایەتی ئەو کێشەیەیش تێدەگەم کە لەپێناویدا تێدەکۆشیت و، ئەوەیش بەرز دەنرخێنین، بەڵام دەبێت تێگەیشتوو بیت و بەئوقرە بیت و هەموومان خەسڵەتی مرۆیی بەرانبەر بەو بێ تاوانانە بنوێنین. ئازادیان بکە! هەندێک جار هێور دەبووەوە، پاشان دەگەڕایەوەو هات و هاواری دەکرد و دەیگوت، تی ئێن تی زۆرم پێیە دەتوانم ئێستە ئەم فڕۆکەیە بتەقێنمەوە.

لەسێیەمین ڕۆژدا بە مارۆکام ڕاگەیاند کە شەکەت و ماندوو بووبوو، کە بڕیارمان دا سووتەمەنی بە فڕۆکەکە بدەین تا بۆ هەر کوێی دەبات بیبات، بەڵام ڕێگە نادەین ڕفێنەرەکان دابەزن و لەپاڵ دەوڵەتدا خۆیان مات بدەن. ئەوەبوو پاش ئەوەی سووتەمەنی بە فڕۆکەکە درا بەرەو لیبیای بردو لەوێ هەموو سەرنشینەکانی لەگەڵ تیمی فڕۆکەوانییەکەدا ئازادکردو فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەی بەنغازی تەقاندەوە. مارۆکا درۆی نەدەکرد کە تەقەمەنییەکی زۆری لەناو فڕۆکەکەدا پێیە. سوپاس بۆ خوا کە وتووێژەکانمان لەگەڵی هەندێک مێشکی هێنایە سەر خۆی و، فڕۆکەکەی بە سەرنشینەکانەوە نەتەقاندەوە.

ئەو ڕووداوە پەندێکی گرنگی بۆ من لە ژیاندا پێکهێنا، دوژمنێکی تێگەیشتوو لە دۆستێکی نەزان و گەوج باشترە. ڕەنگە زۆری دۆستی گەوج زیانی بە زۆر لە کێشە ڕەواکانمان گەیاندبێت.

# 31
# کوودەتایەک لەسەرەتای یەکگرتندا

ئەگەر بتەوێت دەوڵەتێک لە ناوخۆوە وێران بکەیت، گورز لە سەقامگیری سیاسی بوەشێنە.

ئەگەر ویستت کاغەزەکان تێکەڵ بکەیت و ترس بڵاوبکەیتەوەو ئینتیماکان بگۆڕیت و لایەنگیرییەکان هەڵگێڕیتەوە، دەبێت سەقامگیری سیاسی بکەیتە ئامانج.

ئەگەر ویستت پیلان و کوودەتا بڵاوبکەیتەوەو، کۆمەڵ بەسەر چەندان تیم و گرووپدا دابەش بکەیت، دەبێت سەقامگیری سیاسی بکەیتە ئامانج.

سەقامگیری فەرمانڕەوایی و هێزی یاساو ڕێزگرتن لە شکۆی دەوڵەت و بەپیرۆز زانینی دەستوور هەموویان بناغەو بنەمای سەقامگیری دەوڵەتن هەموویان پێشەکین بۆ سووڕانەوەی جووڵەی کۆمەڵ و ژیان.

یەکەمین هەوڵ بۆ لێدانی سەقامگیری سیاسی دەوڵەتی میرنشینەکان پاش ڕاگەیاندنی فیدراڵی، پاش کەمتر لە دوو مانگ دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت

ئێرانی بوو، لە چوارچێوەی کوودەتایەکەوە لە میرنشینی شاریقە ڕووی دا،
من یەکەمین بەرپرسیار بووم لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەوڵە.

هەڵویستی زاید زۆر یەکلاکەرەوە بوو کاتێک لەبارەی کوودەتاکەوە قسەم
لەگەڵ کرد، پێی گوتم: محەمەد زوو بابەتەکە کۆتایی پێ بهێنە!

شێخ خالد بن محەمەد بن سەقر ئەلقاسمی لە ساڵی ١٩٦٥ەوە فەرمانڕەوایی
میرنشینی شاریقەی دەکردو بە نوێنەرایەتی شاریقە بەشداری لە
کۆبوونەوەکانی یەکیەتییەکەدا دەکرد. لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١
دەستووری کاتی مۆرکردو بەو پێیە شاریقە بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی
میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب. بۆیە ڕێگە نەدەدرا سەقامگیری
دەوڵەتەکەو گۆڕینی سیستم و کوودەتا دژ بە فەرمانداری شەرعی بەهیچ
بیانوویەک بکرێتە ئامانج.

دەمزانی کە کوودەتایەک هەیە، بەڵام نەمدەزانی کێ سەرکردایەتی دەکات،
ئەمەیش پرسەکە زۆر دژوار دەکات. بەبێ زانیاری ناکرێت بە دروستی
هەڵویستەکە هەڵسەنگێنرێت.

فەرمانم دا کارەبا لە کۆشکەکە بپچڕێنرێت، بە خۆم ڕاستەوخۆ پێوەندیم
پێوە کردن، پاسەوانێک وەڵامی دامەوە، پێم گوت: تۆ کێیت؟ گوتی: من
پاسەوانی شێخ سەقر بن سوڵتان فەرمانداری شاریقەم، ئەو کات زانیم کێ
سەرکردەی کوودەتاکەیەو، مەترسی هەڵویستەکەم بە شێخ زاید ڕاگەیاند.

سەرکردەی کوودەتاکە شێخ سەقر بن سولتان بن سەقر ئەلقاسمی (فەرمانداری پێشووی شاریقە) سەرکردەی کوودەتاکە بوو، کە بە بیروبۆچوونی نەتەوەیی و لایەنگیریکردنی لە سیاسەتی نەتەوەخوازەکانی عەرەب ناسرابوو. بۆیە ترسی سەرەکیمان ئەوەبوو ئەم جوولە کوودەتایە زۆر قوولتر بێت لە ناکۆکییەکی ناوخۆیی لەسەر دەستەلات. ترسی ئەوەمان هەبوو کە لایەنگران و پشتیوانی لە دەرەوەی ولات هەبێت.

بۆیە شێخ زاید داوای لێ کردم زوو بجوولێمەوە، ئەوەك پێشهاتی دیکەی بەدوادا بێت و بە هەر ڕێگەیەك بێت شێخ سەقر لە هەر لایەنێك لە لایەنەکانەوە یارمەتی پێ بگات.

داوای هێزم لە ئەبو زەبی کرد، چونکە نەمدەزانی قەوارەی ئەو هێزانە چەندە کە پشتیوانی لە شێخ سەقر دەکەن، هاوکات فەرمانم دەرکرد هێزیش لای خۆمەوە بکەوێتە ڕێ. گەیشتنی هێزەکەیش کاتێکی پێویست دەگرد کە نەمدەتوانی بەرگەی بگرم. هەموو ئەوەی لەو کاتەدا بیرم لێ دەکردەوە ئەوەبوو کە یەکیەتییەکە لە مەترسیدایەو، سەرۆکی یەکیەتییەکە نایەوێت ئەم کوودەتایە بەهەر شێوەیەك بووە سەربگرێت. دوو یاریدەدەرم لەگەڵ خۆم بردو بەخۆم بەرەو کۆشکی شێخ خالد بەڕێ کەوتم.

گەیشتمە کۆشکەکەو بە تەلەفۆن لەگەڵ شێخ سەقر قسەم کرد. هێشتە هێزەکانم نەگەیشتبوون و نەیشم دەزانی قەوارەی هێزەکانی لە ژوورەوە

چەندە. لەگەڵی قسەم دەکردو هێزێکی زۆرم لە پشتەوە بوو لە هەر چرکەساتێکدا بووایە هەڵیدەکوتایە سەر کۆشکەکە. هیچ بوارێکیان لەبەردەمدا نییە تا هەڵبێن. نازانم ئایە ئەوە فێڵێکی سەربازی، یان هەڵەیەکی تەکتیکی بوو. هەموو ئەوەی دەیزانم کە بوێری و ئازایەتی لەم جۆرە هەڵویستانەدا دوژمن دەهەژێنێت و هەڵویستی لاواز دەکات.

شێخ سەقر بە دەنگەوە هات و دەستی بە وتووێژ کرد. من لە سەرچاوەی هێزو بە دەستەڵاتی تەواوەوە وتووێژم لەگەڵ دەکرد. پێم گوت: ئەگەر شێخ خالد هیچی بەسەر نەهاتووە فڕۆکەیەکت بۆ ئامادە دەکەم خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن بۆ هەر دەوڵەتێك بگوێزێتەوە حەزت لێیەتی، ئەگەر شێخ خالد شتێکی بەسەرهاتبێت ئەو کات ڕادەستی شێخ زایدت دەکەم بەخۆی چۆن ئارەزووی لێ بێت سزات بدات. ماوەیەك بێ دەنگ بوو وەك بڵێیت هەزار ساڵ بێت، پاشان وەڵامی دامەوە: خالد کوژرا. ئەو وشەیەی هۆکاری ئەوەبوو خوێن لە دەمارەکانمدا بخرۆشێت، منیش پێم گوت: تەنیا پێنج خولەکت لە پێشە بۆ ئەوەی بێیتە دەرەوە.

خۆی هاتە دەرەوەو سوڵتانی کوڕی لەگەڵ بوو بێ ئەوەی دەست بەرزبکەنەوە، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە کە لەگەڵی بوون و هاتنە دەرەوەو دەستیان بەرزکردبووەوە، ئەوانەی لەگەڵی بوون لەلایەکەوە دەست بەسەرمان کردن پاش ئەوەی چەکمان کردن. دەمامکم دابوو، بەرەو ڕووی دەچووم بێ ئەوەی بمناسێتەوە. لە ڕێ کردن و لەو شتە نیگەران بووم لەژێر کراسەکەیدا شاردبوویەوە، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند. خۆی ڕادەست کردبوو،

دەیزانی هیچ شتێکی لە پێش نییە خۆڕادەست کردن نەبێت و، دەوڵەتە تازە لەدایکبووەکە دالّدەی نادات پاش ئەوەی بەرانبەر بە ئامۆزاکەی کردی و پاش هەوڵی تێکدانی سەقامگیری سیاسی دەوڵەت.

چەند تەرمێکی پەرت و بڵاوم لەناو کۆشکەکەدا بینی. خۆی و کوڕەکەیم بردو خستمنە ناو ئۆتۆمۆبیلێکەوەو ڕەوانەی دەست بەسەریم کردن تا سەرۆکی دەوڵەت بڕیاریان لەبارەوە دەردەکات. هەرچی ئەوانی دیکە بوو، زۆربەم دەناسین، فریودرابوون، بۆ ناوچەکانی خۆیانم ناردنەوە کە دەمناسین تا لەو کاتەی بمەوێت بانگیان بکەم. بە تەنگی ئەوەوە بووم ئەم پرسە بەزووترین کات کۆتایی پێ بهێنم، لای خۆیەوە شێخ زاید بە نیگەرانییەکی زۆرەوە بەدواداچوونی ئەم کوودەتایەی دەکرد، کە پتر لە جارێک، کاتێک پێوەندی پێوە دەکردم، دووپاتی دەکردەوە کە بە هەر شێوەیەك بووبێت نایەوێت ئەم کوودەتایە سەربگرێت.

پاش شێخ خالد، براکەی شێخ دکتۆر سوڵتان بن محەمەد ئەلقاسمی فەرمانڕەوایی وەرگرت، کە هێشتە ئەو میرنشینە ڕووگەشە بەهەموو پیت و فەڕو گەشەسەندن و سەقامگیرییەوە بەڕێوە دەبات.

لاپەڕەی کوودەتاکەمان دادایەوە، تاقیکردنەوەیەکی توندو سەخت بوو لە سەرەتای یەکیەتییەکەدا، پاش ئەوە هەستم کرد کە هێشتە یەکیەتییەکە منداڵ و ساواو جێی چاوچنۆکی زۆر کەسانەو، پاراستنی ئەم یەکیەتییە ئەرکێکی ئاسان و سانا نییەو، ڕەنگە سەقامگیری یەکیەتییەکە لەلایەن

رۆڵەکانی خۆی لە ناوەوە بەهێزبکات، پێش نەیارەکانی لە دەرەوە. بەردەوام لە ئامادەباشیدا بووم و لەگەڵ هەر زرنگەیەک لە تەلەفۆنەکەمەوە بهاتایە رادەپەڕیم و وەڵامم دەدایەوەو لە ئامادەباشیدا بۆ هەر هەواڵێکی خراپتر. بیرم نایەت لەو ساڵانەدا بە دانیشتنەوە وەڵامی تەلەفۆنم دابێتەوە.

پاش کوودەتاکە بەدیداری شێخ زاید گەیشتم لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەیدا بوو. بە دەستی خۆی چەند خورمایەک و پاشان کووپێک قاوەی پێ دام، وەک بڵێت : تۆ.. تۆیت ئەی محەمەد.

ئەو کووپە قاوەو خورمایانە گەورەترین پاداشت و جوانترین سوپاسگوزاری بوون لەژیانی خۆمدا وەرمگرتبن.

# 32
# تیرۆری سنووری بەزێن




فرۆکەی (لاندسهۆت)ی هێڵی ئاسمانیی ئەڵمانیا لۆفتهانزا ـ ساڵی ١٩٧٧

خراپترین ڕووداو بۆ هەر دەوڵەتێك ڕوویدات ئەوەیە بەرەو ئەو تەنگژەو ململانێیانە ڕابکێشرێت کە نە لە نزیك و نە لە دوورەوە پێوەندی پێیانەوە نییە. خراپترین ڕووداو بۆ من وەك پیاوێکی بواری (ئەمن) ڕوویدات ئەوەیە لە دەرەوەی وڵات تیرۆریزم ڕووت تێ بکات. سنووربەزێن بێت، تا مامەڵەی لەگەڵ بکەیت و خۆت لە کوژرانی گیانانی بێ تاوان دووربگریت.

لە ساڵی ۱۹۷۷ بەردەوام گرژی هاوەڵم بوو، تەنانەت زۆر هەستم بە دڵەکزێ و تامی تاڵی دەکرد بەهۆی بەرزبوونەوەی ترشۆکی گەدەو گەیشتنیە گەرووم لە ئاکامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەدرینالین لە دەمارەکانمدا.

لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەی لە کاتژمێر حەوتی بەیانی لە وەزارەتی بەرگری سەرۆکایەتیم کرد، بەدواداچوونی ئەو فڕۆکە (بۆینگ ۷۳۷)ـەی سەر بە کۆمپانیای (لۆفتهانزا)م کرد، کە بە ۹۱ کەس و بە تیمی فڕۆکەوانییەوە ڕفێنرابوو. گەشتی ژمارە ۱۸۱ بوو لە فڕۆکەخانەی پالما دی مایۆرکا لە ئیسپانیا بۆ فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت لەئەڵمانیا دەچوو کاتێك گرووپێك لە ئەندامانی بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستین ڕفاندیان و داوایان دەکرد ئەو هاوەڵانەیان ئازادبکرێن کە لە ئەڵمانیا زیندانی کراون.

لەبەر هەر هۆیەك بووبێت گوێم شل کردو بەتەنگی ئەوەوە بووم زوو بە زوو و دەست بەجێ ئاگەم لەو هەواڵانە بێت لەبارەی فڕۆکەکەوە دەگەیشتن و، جۆرە هەستێکم لا درووژا هەڵە ناکات کە ڕووداوێکی خراپ بە ڕێوەیەو دەقەومێت. بەیانی چەند جارێك کارەکەی خۆمم ڕاگرت تا ئاگەم لە پێشهات

... بە نیگەرانی کرد کاتێک زەنگی تەلەفۆنەکە لێ
و ڕووداوەکان بێت، هەستم بە نیگەرانی کرد کاتێک زەنگی تەلەفۆنەکە لێ
دا، پاشان زانیم کە ڕفێنەرەکان بەرەو لارنەکا ڕۆیشتوون و لەوێشەوە بۆ
بەحرەین. ئەو کات بەبێ هیچ گومانێک دەرکم بەوە کرد کە پێویستە
خۆمان ئامادە بکەین بۆ یارمەتیدانی براکانمان لە بەحرەین ئەگەر
پێویستیان بە پشتیوانی کرد.

لەو بڕوادا بووم کە ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە پاڵی پێوە نام بەدواداچوون
بۆ هەواڵەکانی پەیوەست بە فڕۆکە ڕفێنراوەکەوە بکەم، بەڵام دواتر
سەرچاوەی ئەو هەستەم بۆ دەرکەوت کە بە سەرمدا زاڵ ببووبوو، ئەویش
پاش ئەوەی فڕۆکەکە لە بەحرەین سووتەمەنی وەرگرت، ئەوەتە بەرەو
دوبەی دێت.

(٨٦ سەرنشین و ٥ کەسی تیمی فڕۆکەوانی، ٩١ گیان، ٩١...)، ئەو کات لە
مێشکی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە.

هەرکە بە دوو هەنگاوی خێرا گەیشتمە دەرگەکە فەرمانم بە پیاوەکان:
سەرۆک ئاگەدار بکەنەوە! شێخ زاید ئاگەدار بکەنەوە! ڕستەی (٩١ سەرنشین
تیمی فڕۆکەوانی فڕۆکەکە، ٩١...) لە مێشکمدا دەخولایەوە، پاشان خێرا
بەرەو فڕۆکەخانە تێمتەقاند. شەست خولەکەم لە ئامادەکردنی پیاوەکانم
خۆم و ئامادەباشییان بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ هەڵویستەکەدا بەسەربرد، ل
ئەو کاتەیە گەشت لە بەحرەینەوە بۆ دوبەی دەخایەنێت. (٦٠، ٩١...) ئە

بارانە لەناو مێشکمدا دەخولانەوەو بەجێیان نەدەهێشت تا گەیشتمە تاوەری چاودێری.

کەرکە چوومە ناو تاوەری چاودێرییەوە، دەستم دایە مایکرۆفۆنی تەلەفۆن تا لەگەڵ شێخ زایدو باوکمدا قسەبکەم. پێویستم بە کاتی زۆرتر هەبوو. کاتێك بەش بکات، پتر لە ٦٠ خولەك، بۆ دابەشکردنی نیشانشکێن و ئۆتۆمۆبیلە چەکدارەکان دوور لە چاوی ڕفێنەرەکان و پێکهێنانی تیمی پزیشکی. شێخ زاید پاش ئاگەداربوونی لە وردەکاری ڕەوشەکە، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا وەڵامی تەلەفۆنەکەی دامەوەو موجامەلەو سەلاومان تێپەڕاند، پاشان پێی گوتم: محەمەد، پێم بڵێ پێویستت بە چییە؟ داوام لە فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان کرد ڕێگەم بدات پێوەندی بە فڕۆکەکەوە بکەم، ئەویش لە بیرۆکەی ئەوەی کە میرنشینەکان ڕێگە بەهیچ فڕۆکەیەکی ڕفێنراو نادات لەسەر خاکی بنیشێتەوە، ڕێگەی پێ دام و لەوە دڵنیابوو کە من تا دوا سات خۆڕاگر دەبم پاش ئەوەی پیاوەکانی خۆم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵویستەکەدا ئامادەکرد.

کاتێك لە ئامادەکردنی هەمووشتێك بووینەوە، لە تاوەری چاودێرییەوە قسەم لەگەڵ فڕۆکەکە کرد: گەشتی لۆفتهانزا، ڕێگەت دەدەین لەسەر زەوی بنیشیتەوە. دەتوانیت بنیشیتەوە. گوێم لە دەنگی فڕۆکەوانەکە گرت کە وەڵامی دامەوەو ویستم شێوەی وێنا بکەم لەکاتی نیشتنەوەی (بۆینگ ٧٢٧)دا کاتێك تایەکانی دەردەهێنا کە بەر زەوی کەوتن و، لێرەدا زانیمان کە ئێمە بەرەو ڕووی هەڵویستێکی دژوار بووینەتەوە.

چیرۆکەی من ........................................

کاتێـك فڕۆکەکـە نیشـتەوە، یـەکێك لـە ڕفێنـەرەکان دەسـتی بەسـەر مایکرۆفۆنەکەدا گرت و بە دەنگ تاوەرەکەی تەنییەوە. لەو کاتەدا، زۆر هێور بووم تـا بتـوانم گوێم لێ بێت و حوکمی بەسـەردا بدەم، پێدەچوو گیانی سەرنشینەکان بـۆ ڕزگـارکردن نـزیکتر بێـت. گـوێم لـێ گـرت کاتێـك خـۆی ناسـاندو داواکـانی خسـتە ڕوو، پاشـان ڕەزامەنـدیم نوانـد خـواردن و ئـاو بگەیەنرێنە فڕۆکەکە.

پێویستم بە بە تەنگی بەردەوامبوونی قسەکردن لەگەڵ ڕفێنەرەکە بووم. پێویستم بە تیمی شیکاری دەروونی نەبوو تـا ئەقڵیەتی ئـەو پیاوەم بـۆ هەڵسەنگێنن کە بەرانبەرمـە. شـڵەژاوو پەشـێو بـوو، یەکسـەر بـۆم ڕوون بـووەوە کـە ژیـانی سەرنشینەکان بە ڕەوشی ئەقڵیەتی کەسێکەوە بەستراوەتەوە کە ڕەنگە لە هـەر چـرکەیەکدا بێـت هـەرەس بهێنێـت. بـە پەلـەو بـە شـێوەیەك لێـی تێنەدەگەیشتیت قسەی لەبارەی دوژمنە ئیمپریالییەکانی خۆیەوە دەکرد کە فەرمانڕەوایی جیهان دەکەن.

هـەروەها ڕفێنـەرەکان داوایـان دەکـرد هاوەڵـەکانیان لـە ئەنـدامانی گرووپـی سوپای سوور، کە بە ناوی گرووپی (بادر ـ ماینهۆف) ناسراون، کە گرووپێکی چـەپڕەوی چـەکدارن لـە ئـەڵمانیای ڕۆژئـاوا، سـزا دراون و لـە زیندانـەکانی ئەڵمانیادان.

بۆ ماوەی چل و هەشت کاتـژمێر لەگەڵ پیاوێکدا قسـەم کـرد کـە هـەرگیز لۆژیـك پێـڕەو ناکات. قسـەمان لـەبارەی خانەوادەکـەی و بابەتگـەلێکی زۆری

دیكە كرد كە پێوەندییان بە یەكدییەوە نەبوو، زۆر جار داوام لێ كرد خۆی ڕادەست بكات، بەڵام ڕەتی كردەوە. بە دەنگی هەموو داواكارییەكانەوە نەچووم، بەڵام یەكسەر هێورم دەكردەوە كاتێك هەڕەشەی كوشتنی یەكێك لە سەرنشینەكانی بكردایەوە. پێوەندییەكەم بۆ ماوەیەكی كورت پچڕاند تا لەگەڵ حكوومەتی ئەڵمانیادا قسەبكەم، خواردن و پێداویستیمان گەیاندە فڕۆكەكە. دەبوو لە فڕۆكەكە نزیك ببمەوە، نەمدەتوانی یارمەتی سەرنشینەكان، یان تیمی فڕۆكەوانی بدەم لەكاتێكدا لە دوورەوەی ئەوان دانیشتووم. بیرم لە خێزانەكانیان كردەوەو ئەوەم بەرچاوی خۆم هێنا چی دەبوو ئەگەر یەكێك لە ئەندامانی خانەوادەكەم لەناو ئەم فڕۆكەدا ڕفێنرابێت. زانیم كە هەر هەنگاوێكی بە هەڵە دەبێتە هۆی لە دەستدانی گیانێك، بۆیە نموونەییترین شێواز چاوەڕوانی و وتووێژكردن و ڤایلكردنی ڕفێنەرەكانە، كە ئەوەیان دەست ناكەوێت كە دەیانەوێت و دەبێت خۆیان ڕادەست بكەن.

لەوە دڵنیابووم كە سووتەمەنی زۆرتر داوادەكەن كاتێك دەزانن كە سەرنشینەكان بەرانبەر بە ژیانی سەرنشینەكان داڵدەی تیرۆریستان نادەن، پاش ئەو چل و هەشت كاتژمێرەی كە وتووێژم لەگەڵ ئەم پیاوەدا كرد، دەتوانم بڵێم وام لێهات باش بیناسم، زۆرتر لەوەی كەسانێكی زۆر بیناسن لەوانەی ماوەیەكی زۆرە پێكەوە دەژین. ڕەزامەندیمان نواند سووتەمەنی بە فڕۆكەكە بدەین تا ڕێ نەدەین ڕفێنەرەكان هەڕەشەكەی خۆیان جێبەجێ بكەن هەر دە خولەك جارێك یەكێك لە سەرنشینەكان بكوژن، تا فڕۆكەكە فڕی.

کاتێک فڕۆکەکە گەیشتە عەدەن، یەکێک لە ڕفێنەرەکان تەقەی لە کاپتنی فڕۆکەکە کردو تەرمەکەیان لەسەر پەیژەی فڕۆکەخانەکە فڕێ دا تا داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن. فڕۆکەوانەکە ناوی یۆرگن شۆمان بوو. چەند رۆژێک تێپەڕی و هەرکە چاو بنووقاندایە دەنگی لە گوێمدا دەزرنگایەوە، چونکە من دوایەمین کەس بووم قسەم لەگەڵ کرد کاتێک بە فڕۆکەیەکەوە لە دوبەی بەڕێ کەوت. کاتێک فڕۆکەکە لە پەیژەکەی ئێمە فڕی و بڵند بووەوە، پێم گوت: ئەی کاپتن خواوەند بتپارێزێت، گوێم لە دەنگی مایکرۆفۆنەکە بوو لە ئامازەیەکدا کە گوێی لە من بوو.

پاش کوژرانی فڕۆکەوانەکە، داواکانی ڕفێنەرەکان جێبەجێ کراو لە عەدەن سووتەمەنی زۆرتریان وەرگرت و بەرەو مەقدیشیۆی پایتەختی سۆماڵ بەڕێ کەوتن.

لە خواوەند پاڕامەوە لە کاتە دژوارەکاندا یارمەتی سەرنشینانی ئەم فڕۆکەیە بدات و، هەستم بە خۆشنوودی کرد کاتێک زانیم کە یەکەیەکی کۆماندۆزی ئەڵمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر سەرکەوتووانە هەڵیداوەتە سەر فڕۆکەکەو سەرنشینەکانی ئازادکردووە پاش ئەوەی سێ لەڕفێنەرەکانی کوشتووەو چوارەمیشی دەستگیرکردووە (کە ئافرەتە). هیچ کام لە سەرنشینەکان نەکوژرا کە جێی بایەخدانی من بوون و بۆ ماوەیەکی کورت بوون بە جیهانی من، تیمی فڕۆکەوانییەکەیش هیچ ئازارێکیان پێنەگەیشت، تەنیا فڕۆکەوانەکە نەبێت کە بێ هوودە کوژرا.

ئەم مانگی تشرینی یەکەمە تا بڵێیت درێژبوو، وەك بڵێیت کۆتایی نەیەت و، گیانێکی دیکەی بێ تاوان کە لەسەر خاکی میرنشینەکان کوژرا، خرایە ناو لیستی قوربانیانی تیرۆریزمەوە، کە دوایەمینیان فرۆکەوانە ئەڵمانییەکە بوو.

چەند کۆبوونەوەیەك لە ئەبو زەبی دەکران کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سووریا عەبدولحەلیم خەدام ئامادەی بووم. ڕۆژێك بوو وتووێژی زۆری لەمەڕ ڕەوشی ناوچەکە تێدا کرا. نیگەران بووم کاتێك سواری ئۆتۆمۆبیل بووم و بەرەو دوبەی گەڕامەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە لە وتووێژەکاندا کران لەکاتێکدا هەستم بە ئزمبوونەوەی پلەی گەرما دەکرد لە مانگی تشرینی یەکەم کە خەریك بوو بەرەو کۆتایی دەچوو. ئۆتۆمۆبیلەکەم لەلاڕێ ڕاگرت کاتێك پیوەندییەکی لەناکاوم لە ڕێگەی ڕادیۆی بێ تەلی ئۆتۆمۆبیلەکەمەوە پێگەیشت، مایکرۆفۆنەکەم هەڵگرت و هەواڵەکەم بیست کە تووشی شۆکی کردم.

عەبدولحەلیم خەدام وەزیری دەرەوەی سووریا بەرەو هۆڵی شەرەفی فرۆکەخانەی ئەبو زەبی دەڕۆیشت کاتێك لەلایەن بکوژێکی بەکرێگیراوەوە تەقەی لێ کرا. گوللەکانیان سەریان کردو بەر سەیف بن غوباش وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی میرنشینەکان کەوتن کە یاوەری بوو. زۆر دژوار بوو بۆ من بیر لەوە بکەمەوە کە بەر لە چەند خولەکێك لەوپەڕی چالاکی و گورج و گۆڵیدا بوو. لەوپەڕی بەخششەکانیدا بوو کاتێك مرد، هێشتە زۆر شتی پێ بوو بۆ ئەوەی پێشکەشیان بکات. لە دڵی خۆمدا

دەمپرسی؛ چۆن دەبێت مرۆڤ بەم شێوەیە دڵڕەق بێت، بەم سانایییە یەکێك بکوژێت؟

لەبەر ئەوەی من ڕقم لە کوشتن و توندوتیژی بێ پاساو دەبێتەوە، بەڵێنم بەخۆم دابوو ئەم نیشتمانە بکەم بە نیشتمانێکی پڕ ئاسایش و دڵنیایی بۆ هەر کەسێك لێی دەژیت. وام لێهات بە شێوەیەك سەیری توندوتیژی ناو سنوورەکانمانم دەکرد وەك بڵێیت مەبەستی لەناوبردنی من بێت.

# 33
# یەکخستنی هێزەکان و..
# تەواوکردنی ئەرکەکە



لەگەڵ شێخ زاید بن سوڵتان لەکاتی ڕێزلێنانی یەکێک لە دەرچووانی هێزە چەکدارەکاندا

لە گرنگترین وێستگەکانی ژیانم و لە پڕشانازی ترینی ڕۆژان لە کاروانی ژیانم و، لـە زۆرتـرین ئـەرکی بەرپرسـیاریەتی کـە لـە گەشـتەکەم لـە پێنـاوی خزمەتکردنی نیشتمانمدا بەڕێوەم بردبێت، یەکخستنی هێزە چەکدارەکانە لە دەوڵەتی میرنشینەکان.

لەسـەر ئاستی نیشتمانی ئـەرکێکی هەسـتوەرانە بـوو، بـەڵام بنـەڕەتی بـوو. ئەرکێکی دژوار بوو، بەڵام ڕۆڵەکانی نیشتمان لە سەربازان و ئەفسەران وایان لێ کرد شیاوی بەدیهێنان بێت. گیانی یەکگرتن و یـەکبوونیان تێـدا دەهات و دەچـوو، ڕۆژ دوای ڕۆژ بەروبوومـەکانی یـەکگرتووییان دەبـینی و، تەنگـژەو شەڕیان دەبینی ناوچەکەیان تەنیبووەوەو لە نیشتمانەکەیان دەترسـان ئەگـەر هێزێکی گورزوەشێنی یەکگرتووی نەبێت.

میرنشـینە ناوچـەییەکان هێـزی تایبـەت بـە خۆیـان هـەبوو. بـەڵام وەك فەیلەسووفێك گوتوویـەتی: هـەموو هێزێـك لاوازە ئەگـەر یـەکگرتوو نـەبێت. ئـەم بڕوایـەیش لـە نـاخی هـەموو هاووڵاتییـەکی میرنشینەکاندا هـەبوو، لە ویـژدانی هـەموو فەرماندارەکانـدا هەبوو، تونـد لـە نـاخی هـەموو ئەفسـەرو سەربازەکاندا چەسپابوو کە بەڵێنیان بە نیشتمان دابوو لـە پێناویـدا خۆیـان بەخت بکەن.

بەردەوام بە هاوەڵانم دەگوت: یەکیەتی چوون درەختە، خۆڵەکەی نیشتمانە، ئاوەکـەی ئـەو قوربانییانەیـە کـە دەیبەخشین و، بەروبوومەکـەیشی مرۆڤـە،

قەدی ئەو درەختەیش هێزەکان و سوپاکەیەتی، بۆیە نابێت قەدەکە لاواز، یان لێکترازاو، یان پەرت و بڵاوبێت. دەبێت یەك قەد بێت، بەهێزو توند بێت، بتوانێت درەختەکە هەڵبگرێت و لە ڕەشەباو گەردەلوول بیپارێزێت.

پێم دەگوتن: سەرکەوتنمان ئەوەیە پێکەوە بین، پێشکەوتنمان ئەوەیە پێکەوە کاربکەین، سەرەتا ئەوەیە پێکەوە بین، ئەو ئاییندە دەبێتە هاوڕێمان. هەموو شتێك ئاسان دەبێت ئەگەر بتوانین پێکەوە بین. بەخۆمان دەشێت نتی کەم بکەین، پێکەوە دەشێت زۆر بکەین.

تەنیا پێنج ساڵمان لەپێش بوو بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکان یەك بخەین. لە ماوەی یەکەمین خولی تەمەنی حکوومەتی فیدراڵی، پلانێکم لە پێکهاتەو ستراتیژیەت دارشت لە پێناوی بەدیهێنانی ئەوەدا.زاید و ڕاشد و فەرماندارەکان پەسەندیان کرد و هەموو یەکە سەربازییەکانمان بەویەڕی دڵسۆزییەوە کاریان پێ کرد.

هەنگاوەکانمان پلە بە پلە بوون، بەڵام ڕاستەقینەو چەسپاو بوون و، بە ئاراستەی نەخشە بۆ دارێژراویدا دەڕۆیشت. لە ساڵی ١٩٧٤ بەوەی وەزیری بەرگری بووم بڕیارێکم دەرکرد ناوی هێزی بەرگری فیدراڵی بۆ هێزە چەکدارەکانی فیدراڵی بگۆڕرێت، لەگەڵ گۆڕینی دروشم و ئاڵای نوێی هێزەکە. کارو ئەرك و ڕێکخستن و پلەو پایەی خودی هێزی مرۆییم وەك خۆی هێشتەوە، هەروەها خودی شوێنی بنکەکانی فەرماندەیی هێزەکەو سریەکان و بنکەی مەشق کردنم وەك خۆی هێشتەوە. هەنگاوێك بوو وێنەی کۆتایی دەردەبڕی کە دەمانویست لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا بەدی بێت. هێزەکان لە حەوت سریەی پیادەو سریەیەکی زرێپۆشی عەقرەب و

سریەکانی پشتیوانی و سریەی پەرەشووت و سریەی بێچووە شێران و سریەی کوڕان پێک دەهاتن. بەخۆم ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم هێزانەم دەکرد، لەگەڵ مانەوەی هێزە ناوچەییەکانی بەرگری میرنشینەکان وەك خۆیان.

قۆناغێکی گەورەم لە پەرەپێدانی هەموو پێکهاتە شەڕەکەرەکانمان بڕیبوو، وێڕای سیستمگەلی پشتیوانی تەقە و کارگێڕی لە هێزەکانمان لەگەڵ پابەندبوون بە ڕێبازێکی جەنگین بەپێی پرەنسیپەکانی بەرگری لەخۆکردن و پاراستنی سەروەری وڵات. گۆڕانکارییەکانی چوار دەورمان، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەکانی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل، ڕەوشێکی ناسەقامگیری بەردەوامیان لە ناوچەکە سەپاندبوو، ئەوەیش پێویستی بە پێکهێنانی هێزێکی نوێی عەربی دەکرد ببێتە پەرژینی نیشتمان و پشتیوانی براکان و سەرکوتکاری دوژمنان کە خۆیان لە بۆسە ناوە.

لە ٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦، ئەو ڕووداوە مێژووییەی کە پاش ڕوودانی هەستم بەوەکرد ئەو بەڵێنەی خۆمم بەدی هێناوە کە بە شێخ زایدو بە باوکم دابوو. هەستم کرد ئەرکەکە تەواو بوو، دەروونەکانیش دڵنیابوون و هێزی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکەمان پێکهات.

◆◆

"لە ٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦، ئەو ڕووداوە مێژووییەی
کە پاش ڕوودانی هەستم بەوەکرد ئەو بەڵێنەی
خۆمم بەدی هێناوە کە بە شێخ زایدو بە باوکم دابوو.
هەستم کرد ئەرکەکە تەواو بوو، دەروونەکانیش
دڵنیابوون و هێزی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکەمان پێکهات"

◆◆



لەگەڵ شێخ زاید بن سوڵتان

لەو ڕۆژەدا بڕیارێک لە ئەنجوومەنی باڵای فیدراڵییەوە بە یەکخستنی هێزە چەکدارەکان دەرچوو، ئەویش لە ناوچەی (ئەبو مریخە) لە ئەبو زەبی و بە سەرۆکایەتی خوا لێی خۆش بێت شێخ زاید بن سوڵتان ئال نەهیان، کە بەیاننامەی ئەنجوومەنی باڵای بەرگری دەرچوو، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

(لەچوارچێوەی هەوڵی بەردەوامەمان بۆ پشتیوانی قەوارەی فیدراڵیمان و، یەکخستنی گۆشەکانی و ، پتەوترکردنی سەقامگیری و ئاسایش و پێشکەوتنی و، بەپێی بڕوابوونمان بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی کە ئەوەمان لێ دەخوازێت بە گیانی لەخۆبردنەوە کاربکەین و هەموو ئەو بەربەستانە نەهێڵین کە ڕێگە لە تێکەڵبوونمان دەگرن و بەدیهێنانی یەکخستنی تەواوەتی دەزگەکانی دەوڵەت و بۆ بەدەنگەوەچوونی ئارەزووی خاوەند شکۆیان ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای فیدراڵی بۆ هەنگاونان بەرەو یەکخستنی هێزە چەکدارەکان لە سایەی یەک ئاڵاو یەک فەرماندەییدا، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو شوورە پتەوەی کە نیشتمان دەپارێزێت و ڕۆڵی بەهێزی خۆی وەك هێزێك بۆ عەرەب بگێڕێت).

لەو ڕۆژەدا، سەرۆکی دەوڵەت شێخ زاید، خواوەند گۆڕەکەی پڕ لە بۆن و بەرامەی خۆش بکات، بوو بە فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان و خاوەنە شکۆ شێخ خەلیفە بن زاید ئال نەهیان بوو بە جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان و جارێکی دیکەیش بە وەزیری بەرگری دەستنیشان کرام.

هاوکات سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکان پێکهێنرا کە لە سەرۆکی ئەرکان و سێ یاریدەدەر پێکهات.

هاوکات بڕیارێك لە سەرۆکی ئەنجوومەنی بالای بەرگری شێخ زایدەوە دەرچوو، خوا لێی خۆش بێت، کە تێیدا ئاماژە بە یەکخستنی هێزە چەکدارەکانی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی دەکات لەسایەی یەك فەرماندایەتی ناوەندیدا ناوی (فەرماندایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان)ی لێ نرا. بڕیارەکە ئاماژەی بە پێکهێنانی سێ ناوچەی سەربازی کردووە کە بریتین لە: ناوچەی سەربازی باکوور (هێزی جووڵاوی پێشوو لە ڕەئسول خەیمە)و ناوچەی سەربازی ڕۆژئاوا (هێزی بەرگری پێشووی ئەبو زەبی)و، هێزی سەربازی ناوەڕاست (هێزی بەرگری پێشووی دوبەی).

بڕیارەکە پێکهێنانی لیوای (یەرمووك)ی لە خۆدەگرت کە هەموو هێزەکانی سوپای فیدراڵی و پاسەوانی نیشتمانی لە میرنشینی شاریقەو پاسەوانی میرنشینی ئوم قیوین و پێکهێنانی فەرماندەیی هێزە دەریاییەکان و فەرماندەیی هێزی ئاسمانی و پەیمانگەی مەشقی سەرەکی وەك کۆلێژی سەربازی دووی زایدو فێرگەی پیادەو فێرگەی سەیوانەوانان و فێرگەی زرێپۆشان و فێرگەی تۆپخانەی لەخۆدەگرت.

هاوکات ئاڵای سەربازی و دروشم و جلی سەربازی و ئاڵاگەلی فەرماندەکان بە هەموو جۆرە پلەو پایەکانیانەوە یەکخرا.

چیرۆکەی من

که له سالّی ١٩٦٨ەوه یەکخستنەکە جێبەجێ کراو، ئەرکەکەم کۆتایی پێ هێنا کاتێك لە کۆبوونەوەکەی کارم بۆ دەکرد، بەر لە یەکگرتنەکە بە سێ سالّ، شێخ زایدو شێخ ڕاشد بەشدارییان (عەرقووبول سودەیرە) دەگەڕاینەوە کە تێدا کرد: فیدرالّی ڕادەگەیەنین و ئەرکی تۆیش پاراستنی فیدرالّییەکە دەبێت. ئاسوودە نەبوووم لە سالّی ١٩٧٦دا نەبێت کاتێك هەموو هێزەکان لە ژێر سایەی یەك ئالاو یەك دروشم و یەك فەرماندەدا یەکیان ئەگرت کە ئەویش شێخ زاید بن سولّتان ئال نەهیان بوو.

ئەوی ڕۆژێ هەستم کرد کە ئەو ئەمانەتم جێبەجێ کرد کە پێم ڕاسپێررابوو و هێزێکی گورزوەشێنم دروست کرد ولاتەکەم دەپارێزێت و لە دارشتنی بناغەگەلێکی چەسپاو بۆ دەولەتێکی بەهێزو خاوەن هەیبەت و سەروەریدا بەشداریم کرد، هیچ شتێك ڕاینەگرێت و هیچ دوژمنێك نەتوانێت تەگەرەو کۆسپ لەبەردەم خەون و ئاواتەکانیدا بۆ بنیادنانی پەرجوویەکی گەشەسەندن کە شایەنیەتی، دروست بکات.

# 34

# ١٩٧٩ لەنێوان شەڕو ئاشتیدا



لەگەڵ باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ئال مەکتووم

ولاتـان بـە بژاردەگـەلی دژواردا تێدەپـەڕن، ئـەوانیش چـوون تاکـە کەسان
بژاردەگەلی نێوان شەڕی پەرەپێدان، یـان شـەڕی سیاسـەت، بژاردەگەلی نێوان
وەبـەرهێنانی داهاتـەکانی لـە بنیادنـان، یـان سـووتاندنی داهاتـەکانی لە
شەڕەکاندا، بژاردەگەلی نێوان ئاشتی، یان شەڕ.

لـەوە ورد دەبمـەوە لەکاتێکـدا سـاڵی ۱۹۷۹م بیردەکەوێتـەوە. سـاڵێک بـوو ئەو
بژاردانەم بینی لە نیشتمانەکەمدا ڕوویان دەداو، ئـەو بژاردانـەی لە وڵاتانی
ناوچەکەی تەنیشت نیشتمانی من ڕوویـان دەدا. ئـەمڕۆیش ئاکامـەکانی ئەو
بژاردانە دەبینم. پاش پتر لە چل ساڵ دەتوانیت زۆر ڕوونتر ئاکامـەکانی ئەو
بژاردنانە ببینیت.

لە دوبـەی، ساڵی ۱۹۷۹ سـاڵێکی بـەپیت بـوو. زۆر کـەس بـەو شـێوەیە سەیری
دەکەن کە ساڵێکی تەوەریانە بوو لە مێژووی دوبـەی، چونکە ئـەو ساڵە بوو
کە تێیدا سێ لە پرۆژەکانی میرنشینەکە دەستیان پێکـرد، یەکـەمین ئەو
پرۆژانە بەندەری جەبەل عەلی و، دووەم کارگەی تواندنەوەی ئەلەمنیۆم کە
کۆمپانیای دوبەی بۆ ئەڵەمنیۆم (دۆبال) بە توانای بەرایی ساڵانە کە گەیشتە
۱۳۵ هـەزار تـۆن دایمەزرانـدو خۆیشی بـوو بـە خـاوەنی. هەرچـی سـێیەمین
پرۆژەی زەبەلاحە کە ئەو ساڵە دەستی پێ کرد بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی
لـە دوبـەی بوو کـە ئـەمڕۆ بـە بەناوی (بنکـەی بازرگـانی جیهـانیی دوبـەی)
دەناسرێت، کە ئەو کات درێژترین تەلار بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و یەکێک لە
گەورەترین تەلارەکانی جیهان بوو. ئەو ساڵە خـەریک بـووین هەستمان بەوە
دەکرد کە بەرەو پێشەوە دەچین بۆ بەدیهێنانی وەرچەرخانی گەورە گەورە؛

ئەرکەمان بۆ بنیادنانی نیشتمانەکەمان خەریکە بەروبووم دەدات و جیهان خەریکە دەمانناسێت. ساڵی ۱۹۷۹ ئەو ساڵە بوو کە تێیدا خەریك بووین بیرکمان بەوە دەکرد کە دەشێت خەونەکانمان ئەو خەونانەی سنووریان نییە خەریکە بەدی دێن و هیچ هێزێك نییە لەبەردەممانـدا خۆی ڕابگرێت، هیواکانمان لە لووتکەدا بوون و ئاواتەکانمان بێ سنووربوون.

لە هەمان ئەو ساڵەدا، لە ئێران شۆڕشێکمان بینی و سیستمی فەرمانڕەوایی تێیدا هاتە گۆڕین و، سەدام حوسێن لە عیراق پۆستی سەرۆکی وڵاتی وەرگرت. لە هەمان ساڵدا سەرەتای ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەکمان لە نێوان عیراق و ئێراندا بینی، وەك دوو هێز لە ناوچەکەماندا کە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئایندەمان هەبوو.

تا دەهات گرژی لە ناوچەکە تەشەنەی دەستاند، گرنگترین و گەورەترین دوو دراوسێمان لەوە نزیك بوونەتەوە ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە. کەناڵە دیپلۆماسییەکان نەیانتوانی یارمەتی هەردوو دەوڵەت بدەن خۆیان لە شەڕ دوورەپەرێز بگرن، بەڵام من بەخۆم و بەو پێیەی وەزیری بەرگری بووم نەمتوانی هیچ بکەم تەنیا ئەوە نەبێت خۆم بۆ ڕوودانی ئامادە بکەم.

لەو کاتەدا بەرپرسیاریەتییەکانم زۆرتر بوون، چونکە وێڕای وەزارەتی بەرگری زۆر سوپاسگوزار بووم شێخ زاید لە کۆششەکانی خۆی لە ئاوبەزیوانی و ئاگەداربوون لە ڕێبازو سیاسەتەکەی بەشداری پێ دەکردم لەهاوارجێوەی یاوەری کردنی لە کاتی گەشت کردن، یان نوێنەرایەتی کردنی

جیرۆکەی من

لە دیدارە دیپلۆماسییەکان لە هەوڵێکدا بۆ دوورخستنەوەی شەڕ. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ۱۹۷۹ و سەرەتای ساڵی ۱۹۸۰، تێبینیم کرد کە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە ژمارەی دانیشتووانیان زۆرە و دوو سوپایان هەیە لە سوپا بەهێزەکانی ناوچەکەن، گەیشتووەتە خاڵێک پاشگەزبوونەوەی لێ نییە، ئەوەیش یەکێک لەو بابەتانەی جێی غەم و پەژارە بوو لە ژیانمدا، چونکە دەمزانی پێ دەهاوینە ناو تونێلێکەوە نازانین کەی لێوە دەردەچین.

لە ٤ی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۸۰، عیراق ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە چەند شارێکی سەر سنووری بۆردومان کردووە لەوانەیش خانەقین و مەندەلی. لە ۲۲ی ئەیلوول شەڕی عیراق و ئێران دەستی پێ کرد و، هەشت ساڵی وێرانکاری بەردەوام بوو. ڕێگەی بێ لایەنیمان هەڵبژارد. ساڵانی شەڕ بۆ ئێمە ساڵانی بێ سوود، یان چاوەڕوانی نەبوو، بەڵکو گەورەترین وەرشەی کارمان لە وڵاتەکەمان دەست پێ کرد بۆ بەدیهێنانی بازدانی گەشەسەندنی گەورە گەورە.

ڕەنگە یەکێک لە ئاکامە ئەرێنییەکانی ئەو شەڕە ئەوەبووبێت کە پاڵی بە وڵاتانی کەنداوەوە نا بیر لەوە بکەنەوە بە شێوەیەکی بەگرووپ خۆیان بپارێزن و گەشەپێدانی ئابووری بۆ گەلەکانیان بەدی بهێنن.

دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو وەک ڕێکخراوێکی یەکگرتووی هەرێمی سیاسی و ئابووری، پێشنیاز کرابوو. وەک لایەنگرێکی سەرسەختی فیدراڵی، زۆر بۆ ئەم بیرۆکەیە بەجۆش و خرۆش بووم و، بڕیارم دا پارمەتی

هاوەڵانم بدەم لە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو بە ئامانجی کاراکردنی ئەجینداکانمان کە لەسەر بناغەی بەرگریکردن لە ناوچەی کەنداو لە چوارچێوەی هاریکاری هاوبەش دامەزراوە.

لە ٢٥ی ئایاری ١٩٨١ بە فەرمی دامەزراندنی (ئەنجوومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداوی عەرەب) ڕاگەیەنرا. لە مانگی ئایار بەهەموو شانازییەکەوە لە پشتەوەی خاوەند شکۆ شێخ زایدەوە دادەنیشتم کاتێك لووتکەی دامەزراندنی لە ئەبو زەبی کردەوە خەونم بەمەوە دەبینی. ئەمەیش ئەو نیازە پاکانەن کە بە شێوەیەکی ئەرێنی کار لە سەرتاسەری ناوچەکە دەکەن. هیوام دەخواست سەراتی هەموو وڵاتانی عەرەبی لەناو خۆیاندا بیریان لەم شێوە هاریکاریکردنە دەکردەوە لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی و خزمەتکردنی گەلان، ئەوەیش کارێکە دەشێت بەدی بێت. ئەوەبوو من دوو جار لە ژیانمدا بەدیم هێنا، لە یەکگرتنی میرنشینەکان و، لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو.




ئامادەبوونی شاژن ئەلیزابیس لە کردنەوەی کۆمپانیای دوبەی بۆ ئەلەمنیۆم (دۆبال) - ساڵی ١٩٧٩

دەمانتوانی لە شەڕەکەدا تا کۆتایی بێ لایەن بین، بەڵام ناچار بووین دەزگە نەوتییەکان لە کەنداو بپارێزین، چونکە ئاوەکانی کەنداوی عەرەب لە هەشتەکاندا گۆڕەپانی ئەو شەڕە بوو پێی دەگوترا (شەڕی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان)، لە چوارچێوەی هێرشی هەر یەک لە عیراق و ئێران بۆ سەر کەشتییە نەوتهەڵگرو کەشتییە دەریایی و بازرگانییەکانی هەر یەکەیان، بە

مەبەستی ڕێ گرتن لە گەیشتنی هەر جۆرە یارمەتییەکی سەربازی و ئابووری بە هەردوو سوپاکە، ئەو هێرشانە فرەوانتر بوونەوەو کەشتییە بازرگانییەکانی وڵاتانی ناوچەکەیشیان گرتەوە، کە لە شەڕەکەدا لایەن نەبوون. نەمانتوانی بەرانبەر بە هێرش کردنە سەر کەشتییە نەوتهەڵگرە بازرگانییەکانی تایبەت بە خۆمان دەستەوسان ڕاوەستین، بۆیە هێزە چەکدارە دەریایی و ئاسمانییەکانمان بڵاوکردەوە. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ یەکەمین ڕاهێنانی هاوبەشمان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی عومان و سعوودییەو بەحرەین و هەر یەك لە کوێت و قەتەر بە ناوی هێزەکانی (قەڵغانی جەزیرە) ڕێکخست.

لە ناوەڕاستی هەشتاکان ژمارەیەك لە کەشتییە نەوتهەڵگرەکانی سەر بە ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچەکە لەناو ئاوەکانی کەنداوی عەرەبی بەر بۆردومان کەوتن، ئەوەیش کوژرانی ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەرو کارمەندانی ئەو کەشتییانەیان لێ کەوتەوە، لەگەڵ کاریگەری لەسەر ژیانی دەریایی لە کەنارەکانمان بەهۆی دزەکردنی نەوت بۆ ناو ئاوی دەریا. بۆیە خۆمان بۆ ئاکام و پێشهاتەکان ئامادەکرد، هەندێك لە کەشتییەکانمان بۆ ناو ئاوە هەرێمییەکانمان کێشایەوە. ئەو کۆششە چڕانەی شێخ زایدم لەبیرناچێتەوە کە لەکاتی شەڕدا دەیدان لە پێناوی داڕشتنی چەند بنەمایەکی وتووێژکردن ئاشتییان لێ بکەوێتەوە کە هیوامان دەخواست بەدی بێت. لەو کاتەدا هەر هەموو جیهانی من بەچواردەوری بابەتگەلی سەربازی و ترسی ئەمنیدا دەخولایەوەو، پاراستنی نیشتمانەکەم بوو بە خولیام پاش ئەوەی شەڕ لە

ناوچەکە بوو بە بەشێك لە ململانێی نێوان زلهێزەکان بەتایبەتی پاش ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە لایەنێك لە شەڕی کەشتییە ئەوتهەڵگرەکان.

لەتەمموزی ۱۹۸۸دا، کەشتی جەنگیی ئەمەریکی (یوو ئێس ئێس ڤنسنس) بە هەڵە دوو مووشەکی ئاراستەی فڕۆکەیەکی مەدەنی سەر بە هێڵی ئاسمانیی ئێران کرد، کاتێك بەرەو دوبەی دەڕۆیشت، بۆیە هەموو سەرنشینەکانی کە ۲۹۰ کەس بوون، کوژران.

پاش دوو هەفتە دوای ئەو ڕووداوە، ئێران بە فەرمی ڕایگەیاند کە بڕیاری ژمارە ۵۹۸ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەندە کە داوای دەست بەجێ ڕاگرتنی شەڕی نێوان عیراق و ئێران دەکات.

بەم شێوە شەڕ ڕاوەستا. شەڕ پاش کوژرانی پتر لە یەك ملیۆن کوژراو، پتر لە ترلیۆن دۆلار زیان ڕاوەستا. شەڕەکە ڕاوەستا کەسی تێدا سەرنەکەوت و، تا ئەمڕۆیش نازانین بۆچی دەستی پێ کرد.

بەو بۆنەیەوە ئەمڕۆ (دۆبال) پێنجەمین گەورەترین بەرهەمهێنەری ئەلەمنیۆمە لە جیهاندا پاش ئەوەی لەگەڵ کۆمپانیای میرنشینەکان بۆ ئەلەمنیۆم (ئیمال) تێکەڵ بە یەکدی بوون و (جەبەل عەلی)یش ناوچەیەکی ئازاد لەخۆدەگرێت پتر لە ۷۰۰۰ کۆمپانیا لەخۆدەگرێت و، ئەزموونەکەی ئەومان دووبارە کردەوەو ئەمڕۆ پتر لە ۷۸ بەندەر لە سەرانسەری جیهان بەڕێوە دەبەین. هەرچی بنکەی بازرگانی جیهانی (دوبەی)ە ئەمڕۆ بووەتە


گەورەترین بنکەی میواندارێکردنی پیشانگەکان لە ناوچەکەو ساڵانە لە چوارچێوەی ٥٠٠ چالاکیدا پتر لە سێ ملیۆن بزنسمان و پسپۆڕو شارەزا کۆدەکاتەوە. شەقامی شێخ زایدیش کە بە تاوەرەکە دەستی پێ کرد بوو بەو شەقامەی زۆرترین ژمارەی تەلاری هەوربڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لەخۆدەگرێت.

بەڵی پاش پتر لە چل ساڵ - کە لە تەمەنی گەلاندا زۆر نییە - ناکامەکانی بژاردەت لەنێوان شەڕو ئاشتی و، سەرقاڵبوون لە گۆڕەپانەکانی گەشەپێدان و سەرقاڵبوون لە گۆڕەپانەکانی سیاسەت بۆ ڕوون دەبێتەوە.

# 35

# ڕووگـە دوبەی

# (Destination Dubai)



وێنەیەکی دوبەی لە ئاسمانەوە گیراوە

ئەوە بە نەوە خەونەکان بەردەوام دەبن و، مێشکەکان پەیوەست دەبن و، هزرەکان دەگوێزرێنەوەو، لە باب و باپیرمانەوە چەندان خەسڵەتمان بۆ دەمێننەوەو، ژینگەمان بە شێوەیەك پێکمان دەهێنێت بۆچوونێکی دیاریکراومان لەمەڕ ژیان هەبێت.

ئەم بیرۆکانەم لە مێشکدا دەخولایەوە لەکاتێکدا پەرەسەندنی شاری (دوبەی)م بیردەکەوتەوە، بە درێژایی چەندان نەوەو چەندان دەیان ساڵ و چەندان فەرمانڕەوا. شێخ سەعید بن مەکتوومی باپیرم بڕوای بە دەروازەکردنەوە بەسەر جیهان و ئازادکردنی ئابووری و بانگهێشتکردنی بازرگانان هەبوو بۆ ئەوەی دوبەی بکەنە وێستگەیەك بۆ خۆیان، کاڵای بۆ هاوردەبکەن و کاڵای لێوە هەناردە بکەن. باپیرم توانی ئاوە ڕاوەستاوەکە بشڵەقێنێت پاش ئەو ڕاوەستانە ئابوورییە گەورەیەی دووچاری دوبەی هات لە ئاکامی هەرەسهێنانی بازرگانیی مرواری لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا. پاشان شێخ ڕاشدی باوکم هات و دەزوویەکی لە بیری باوکی وەرگرت و (دوبەی)ی بەرەو ئاسۆگەلی نوێ برد. باوکم لە باپیرمەوە ئەوەی زانیبوو کە ژیانی ئابووری دوبەی و خەسڵەتی سەرەکی دوبەی و شارەگی بەردەوامی ژیانی دوبەی لە دەروازە کردنەوەیدایە بەڕووی جیهان و بەستنەوەی لەنێوان گەلاندا، بەتایبەتی لە بواری بازرگانیدا، بۆیە پارەی قەرزکردو لە فرەوانکردنەوەی (خۆر)دا وەبەرهێنانی کردو بەندەری ڕاشدی دروست کرد کە ئەو کات لە وڵاتەکەمان گەورەتر بوو، پاشان بە دروستکردنی بەندەری جەبەل عەلی هەموو لایەکی سەرسوڕمان کرد، ئەو کات بەو شێوەی دەنواند وەك بڵێیت بەشێك لە واقیعی دوبەی نەبێت، بەڵکو بەشێك لە ئایندەی

دوبەی بێت. باوکم زۆری هەوڵ دا فرۆکەخانەی دوبەی دروست بکات، سەرەتا بەریتانییەکان رێگەیان نەدا، بەڵام هەر سووربوو تا توانی خەونەکەی بەدی بهێنێت. ئەو دەزووە لە قووڵایی ناخیدا بوو کە لە باپیرمەوە وەریگرت، کە پێشکەوتنی دوبەی لە دەروازەکردنەوەو پەیوەستبوونی لەگەڵ شارانی دیکەو میوانداریکردنی بازرگانان و پێشوازی کردن لە خەڵکی سەرانسەری جیهاندایە.

تەمەنم نزیکەی دە ساڵان بوو کاتێک هەستم بەوە کرد، کە ئێمە لە دوبەی ئەو توانایەمان هەیە ببینە شارێکی گەورە بۆ بازرگانان و گەشتیاران. تەنیا هەستێک بوو، ئەو کاتە ئەو هەستەم بۆ هات کە بۆ یەکەمین جار لەژیانمدا سەرسوڕماو لەناو فرۆکەخانەی هیترۆ لە لەندەن ڕاوەستابووم، کە هەراو هوریای جووڵەو هاتوچۆو ژیان بەدی دەکەیت، ئەو ڕیزە دووروودرێژەی گەشتیاران و بازرگانانەی لێوەی دێنە ژوورەوەو لێوەی دەچنە دەرەوەو، ئەو فرۆکانەی بە دەیان ڕاوەستاون تا ئاپوورەیەکی خەڵکیان لێ بێنە دەرەوەو بێنە ناو لەندەنەوە، یان بەهەزاران سواربکەن و بەرەو کیشوەرە جیاجیاکانی جیهان بفڕن و شتێک لە کولتووری لەندن و بازرگانی لەندەن لەگەڵ خۆ فێربن و هەڵگرن. ئەوە لە ساڵی ١٩٥٩ بوو، ئەو کات باوکم بە سەردانێک لە پایتەختی بەریتانیا بوو تا سەرۆک وەزیرانی ئەو کات هارۆڵد ماکمیلان قایل بکات ڕێ بە دوبەی بدات فرۆکەخانەی خۆی دروست بکات، ئەو کات خەونم بەوەوە دەبینی فرۆکەخانەیەکمان هەبێت.

◆◆

**«کاتێك چوومە ناو نووسینگەکەیەوە دەمزانی شتێك دەبیسێت جیاواز لەوەی پێشبینی دەکرد، کاغەزەکانم بڵاوکردەوەو سەیرم کردو بزەیەکم بۆ کرد. کورسییەکەی بردە دواوە، نەرگیلەکەی دەرهێنا، ئەم جار بە بایەخەوە گوێی شل کرد»**

◆◆

ساڵان تێپەڕین و دوبەی فڕۆکەخانەی خۆی دروست کردو، لەگەڵ سەرەتای فیدراڵی و دەست پێکردنی گەشتی بنیادنانی دەوڵەتی فیدراڵی ژیانم بەرەو کاری سیاسی و سەربازی ڕۆیشت. بەڵام بڕوایەك لە ناخمدا هەبوو تا دەهات پەرەی دەستاند، ئەویش ئەوەیە کە ئایندەی دوبەی ئەوەیە ڕووگە بێت، ئەمیش بڕوایەکە لە باب و باپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە.

ئەوەم لەبیر ناچێت کاتێك فڕۆکەخانەی دوبەی کرایەوە، باوکم داوای لە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی بەریتانیا بۆ ئەودیوی دەریاکان (BOAC) کرد گەشتی فڕۆکەوانی ڕێك بخات دوبەی بە مۆمبای (یان بۆمبای کە ئەو کاتە بەو ناوەوە دەناسرا) ببەستێتەوە. کۆمپانیاکە ئەوەی ڕەت کردەوە بەبیانووی ئەوەی بەپێی لێکۆڵینەوەیان داواکاری لەسەر گەشت لەسەر ئەو هێڵە نییە. وەڵامی باوکم ئەوەبوو، گەشتی فڕۆکەوانی لەنێوان دوبەی و مۆمبایدا ڕێك بخەن و من کەفیلی هەر کورسییەکی بەتاڵ دەبم، ئەوکات کۆمپانیاکە ڕازی بوو و گەشتەکەی ڕێکخست و، هێڵەکەیش سەرکەوتوو بوو، پاشان هێڵ و

گەشتەکان زیاتر بوون تا گەیشتە پازدە هێڵی فڕۆکەوانی و بە چل و دوو ڕووگەمان لە ڕۆژهەلاتی ناوین و ئەورووپاوە دەبەستنەوە.

لە کۆتایی هەفتاکاندا ئەو بڕوایانە زۆرتر لە مێشکمدا ڕوونتر گەلاڵە دەبوون، ئێوارەیەك لەگەڵ باوکم قسەم دەکرد کاتێك پێم ڕاگەیاند کە دەبێت ئێمە فڕۆکەوانی مەدەنیمان بەشێوەیەکی گەورەتر فرەوان بکەینەوە و بە شێوەیەکی جیاواز وەبەرهێنان لە فڕۆکەخانە بکەین و دەست بەوە بکەین بە شێوەیەکی نوێ دوبەی بخەینە ڕوو. باوکم سەیری هەردوو چاوی کردم، بینی بە ڕاستیمە، پێی گوتم : لە ماوەی دوو ڕۆژدا پلانێکم بۆ بێنە.

کاتێك چوومە ناو نووسینگەکەیەوە دەمزانی شتێك دەبیسێت جیاواز لەوەی پێشبینی دەکرد، کاغەزەکانم بڵاوکردەوەو
سەیرم کردو بزەیەکم بۆ کرد. ئەویش بزەیەکی بۆ کردو چاوەڕوان بوو. کورسییەکەی بردە دواوە، نەرگیلەکەی دەرهێنا، ئەم جار بە بایەخەوە گوێی شل کرد.



پرۆژەی دارخورمای جومێرا ـ دوبەی

پرۆژەکەی خۆمم بۆ خستەڕوو کە ناوی (ڕووگە دوبەی Destination Dubai)م لێ نابوو. پرۆژەکە تەنیا پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکەی لەخۆ نەدەگرت، بەڵکو شارەکە وەك ڕووگە. لەبارەی پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکەو بێرەوکردنی ئاسمانی واڵا لە دوبەی قسەم بۆ کرد تا هەموو کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی گەشت لە (دوبەی)ەوەو بۆ (دوبەی) ڕێك بخات، هاوکات دەستپێکردنی چەندان هەڵمەت بۆ خستنە ڕووی دوبەی و، دروستکردنی هۆتێلگەلی نوێ لە میرنشینەکەو ڕێکخستنی چالاکی وەك پێشبڕکێی ئەسپ سواری بۆ ڕاکێشانی خەڵك. باسی ئەو داهاتەم بۆ کرد کە دەشێت لە هەموو ئەوەوە بۆ میرنشینەکە بێت. قسەکردنێکی دوورودرێژ نەبوو، بەڵام بوخت

و سووربوون و ناواتەکانم و هیواو ناواتەکانم بوو، زۆر هیواو ناواتی لەخۆگرتبوو، قسەکانم تەواوکردو جار شێتانە بن. هزرەکانم کە پێدەچن هەندێک چاوەڕێی وەڵام دانەوەی بووم.

مەبەستی ڕەزامەندی وەڵامەکەی بزەیەکی گەورەو یەك وشە بوو (ناموس). (ئیدی لەو ڕۆژەوە بە بەرپرسی بوو لەسەر هەموو ئەوەی خرایە ڕوو). هەموو کاروبارێکی بازرگانی و خستنە ڕووی گەشتیاری و پەرەپێدانی فرۆکەخانە لە دوبەی دامەزرێنرام.



تاوەرەکان لە ناوچەی دوبەی مارینا

◆◆

**"خۆمم لە تەمەنی دە ساڵاندا بیر کەوتەوە، پێش پتر لە پەنجا ساڵ لە فڕۆکەخانەی هیترۆ واق وڕماو ڕاوەستابووم ، پاشان لەدڵی خۆمدا گوتم : سوبحانەڵڵا "**

◆◆

گەشتەکەمان دەست پێ کردو تا ئەمڕۆ ڕانەوەستاین. لەبیرمە لە سەرەتای هەشتاکاندا فڕۆکەخانەکە چەند شوێنێکی بچووکی بازرگانی بۆ فرۆشتنی خواردن و تووتن و پێداویستی ڕێبواران لێ بوو. زانیاریمان لەبارەی فڕۆکەخانەی (شانۆن)ی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندا بیستبوو کە یەکەمین ناوچەی بازاڕی ئازادی لە جیهاندا پەرە پێ دابوو. تیمێکی ئەو فڕۆکەخانەیەمان بانگ کرد بۆ ئەوەی ناوچەیەکی ئازاد لە فڕۆکەخانەکەمان پەرە پێ بدەن. ئەو پلانەم لە یادە کە یەکێك لە لاوەکانمان محێدین بن هندی لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ بازاڕی ئازاد پێشکەشی کردبوو. هەستم کرد کە ئەوان لە پلانەکەیاندا دەسڵەمینەوە. پێم گوت: ڕووبەرەکە بکە دوو ئەوەندە. پاش شەش مانگ بازاڕەکەم کردەوە. ئەمڕۆ بازاڕی ئازاد لە دوبەی یەکێکە لە بازاڕە ئازادە گەورەکان لە جیهاندا. فرۆشتنەکانی ٥٪ی تێکڕای فرۆشتنی بازاڕە ئازادەکانی جیهان پێکدەهێنێت و ساڵانە خزمەت بە ٩٠ ملیۆن ڕێبوار پێشکەش دەکات.

پێش چەند ساڵێک، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بە
مانشێتێکی پانی گەورەوە لە یەکەمین لاپەڕەکانیاندا دەرچوون
فڕۆکەخانەی دوبەی فڕۆکەخانەی هیترۆ وەك گەورەترین فڕۆکەخانە لە
پێشوازیکردنی ڕێبوارانی نێودەوڵەتی تێدەپەڕێنێت.

هەواڵەکەم خوێندەوە، خۆمم لە تەمەنی دە ساڵاندا بیر کەوتەوە، پێش بیست
لە پەنجا ساڵ لە فڕۆکەخانەی
هیترۆ واق وڕماو ڕاوەستابووم، پاشان لەدڵی خۆمدا گوتم: سوبحانەڵلا
سوبحانەڵلا.

# 36

# هاریکاری



یەکێك لە کۆبوونەوەکانی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو

ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو گەشبین بووم لە هەموو کەسێك زۆرتر بە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو گەشبین بووم لە هەموو کەسێك زۆرتر بە نەنجوومەنی هاریکاری کەنداو گەشبین بووم

لە هەموو کەسێك زۆرتر بە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو گەشبین بووم کاتێك دامەزرێنرا، چونکە دەزانم هێز لە ئاکایەتیدا نییە، بەڵکو لە پشتگوێ خستنی ئاکایەتیدایە وەك دەڵێن. هاریکاری لە هەر دەوڵەتێکی دیکەی ناوچەکە بەهێزترو دەوڵەمەندترو مەزنترمان دەکات. دەمزانی ئواناکانی وڵاتانی کەنداو هەموویان پێکەوە چەندە، توانای بێ شومارمان، سامانی زەبەلاحمان، کۆمەڵە لێك نزیکەکانمان، ترسی هاوبەشمان، ئاواتە مەزنەکانمان، حکوومەتە سەقامگیرەکانمان. هیچ بیانوویەکمان بەدەستەوە نەبوو.

لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو لە سەرەتای هەشتاکاندا، کاتێك وەزیرەکان تەنگژەو هەڕەشەکان و شتی دیکەیان ئاوتوێ دەکرد پێشنیازێکم خستە ڕوو، لە ناوەڕاستی سییەکانی تەمەنمدا بووم. بچووکترین کەسی بەشداربووی دانیشتنەکە بووم و زۆرترینیشیان بێزار لە باسکردنی سیاسەت کە هەر کۆتایی نایەت. پێم گوتن: بۆچی هەوڵ نادەین ناوچەکە گەشە پێ بدەین، بەتایبەتی دوبەی وەك ڕووگەیەکی گەشتیاری خەڵك لە هەموو لایەکی جیهانەوە ڕاکێشێت؟

هەستم کرد هەموویان سەیریان کردم. بێ دەنگی باڵی بەسەر دانیشتنەکەدا کێشا پێش ئەوەی پێکەنینی یەکێك لە وەزیرانی دەرەوەی بە تەمەنترینیان بێ دەنگییەکە بشڵەقێنێت.

گوتی: گەشتیار چی لە دوبەی دەدۆزێتەوە؟ کێ دێت سەر لەبیابان بدات؟ کێ بۆ لای ئەو گەرماو شێیە دێت لە دوبەی هەیە؟ ئەوانی دیکە پێکەنین.
پاشان ڕێتمی پسپۆری و شارەزایی خستە سەر پەیڤەکانی، پاشان ئەی شێخ محەمەد، ئەو پاشماوە کولتوورییە چییە کە گەشتیارەکان شارەزای ببن؟ ئەو شوێنانە چین کە سەردانیان دەکەن؟ لم لە پشتیانەوەو دەریا لە پێشیان و هەتاویش بەسەر سەریانەوە.

نەمویست قسە بدەمە بەر قسەی پاش ئەوەی مێشکی خۆی داخست تەنانەت پێش ئەوەی گوێ لە وردەکارییەکانی پێشنیازەکە بگرێت. کۆمێنتەکەی ئەوەندەی دیکە پاڵی پێوە نام مکوڕتر بم و بڕوام بە پرۆژەو پلانەکەی خۆم هەبێت کە لە مێشکمدا دەخولایەوە.

هەستم بە غەمباری دەکرد چونکە بەشێوەیەکی باشتر سوود لە سامانەکانمان نابینین و، بڕوامان بە هێزەکانی لاوەکانمان نییە و شتێکی جیاواز لەوەی دەزانین تاقی ناکەینەوە. حەزم دەکرد هاریکاری لە چەندان بواری ئوێی بێجگە سیاسەت و کاروباری سەربازی بووایە، کە ئەو کاتە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو.

هەندێک جار بیر دەکەمەوە، ڕەنگە سیستمەکانی هاریکاریمان چ ئەوانەی کەنداو لە ڕێگەی ئەنجوومەنی هاریکاری، یان عەرەبیمان لە ڕێگەی کومکاری عەرەبییەوە پێویستیان بە چاوپێداخشاندنەوەی پێکهاتەو شێوازی کارکردنیان هەیە. ئەم سیستمگەلانە پیاوانی سیاسەت بەڕێوەیان دەبەن، بە

پلەی یەکەم وەزیرانی دەرەوە، ئەو وەزیرانەی پێوەندییان بە تەنگژە سیاسییەکانەوە هەیە و، ئاکام هەر لە بازنەی سیاسەتدا دەخولێنەوە بەر هەموو ئاکۆکی و جیاکارییانەی لەخۆی دەگرێت.

بەردەوام پرسیارم لەخۆم دەکرد، چی دەبێت ئەگەر پیاوانی پەرەپێدان ئەم سیستمانە بەڕێوە ببەن؟ چی دەبێت ئەگەر پیاوانی کارگێڕی و سەرکردایەتی بەڕێوەیان ببەن؟ چی دەبێت ئەگەر بەرپرسان لە خزمەتگوزارییەکان بەڕێوەیان ببەن کە بە گەلان پێشکەش دەکرێن، بەشێوەیەك تەوەری کارەکانیان پەرەپێدانی ئەم خزمەتگوزارییانەو پەرەپێدانی ژێرخانێکی نوێ بێت بۆ گەلانی عەرەبیمان؟ چی دەبێت ئەگەر کاری پێشینەیان وەبەرهێنان بێت لە نۆژەنکردنەوەی شێوازی ژیانی هاوولاتییان لە نیشتمانی عەرەبیمان و پەرەپێدانی کەناڵەکانی وەبەرهێنان و دروستکردنی کۆمپانیا و هاوبەشی ئابووری و وەبەرهێنان لە بواری زانست و توێژینەوەو پەرەپێدان و پیشەسازییەکان؟ ئەمرۆ خەونەکەمان چۆن دەبێت؟ تەمەنی کۆمکاری عەرەبی ئەمرۆ بۆ نموونە پتر لە حەفتا ساڵە، چی دەبوو ئەگەر هەموو ئەوەمان پێش حەفتا ساڵ دەست پێ کردبێت؟ ڕەوشەکە چۆن دەبوو؟

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت پیاوانی کارگێڕی و سەرکردایەتی و بزنسمان و سەرمایەدارو پیشەسازکار لەبری وەزیرانی دەرەوە ئەم ڕێکخراوانە بەڕێوەببەن. ڕەنگە بۆچی تاقی نەکەینەوە؟

◆◆

**" هەستم بە غەمباری دەکرد چونکە بەشێوەیەکی باشتر سوود لە سامانەکانمان نابینین و، بڕوامان بە هزرەکانی لاوەکانمان نییە و شتێکی جیاواز لەوەی دەیزانین تاقی ناکەینەوە "**

◆◆

پاش کۆمێنتەکەی هاوڕێکەم وەزیری دەرەوە بە ماوەیەك لە مانگی گەرمی نابدا ئۆتۆمۆبیلەکەم لە شاری دوبەی لێدەخوڕی. خانەوادەیەکی بیانیم بینی بەو نیوەڕۆیە لەسەر کەنار پیاسەیان دەکرد، ئاوم پێ دان، پاشان لێم پرسین لە دوبەی کاردەکەن؟ گوتیان، ئێمە بۆ گەشتیاری هاتووین بۆ ئێرە. لە ئەڵمانیاوە هاتووین خۆ دەدەینە بەر هەتاو!

ئەو بڕوایەم لا پتەوتر بوو، بڕوام پتەوتر بوو کە سامانێکی گەشتیاریمان هەیە ناوی هەتاوو بیابانە، گرنگترین خەسڵەتیشیان ئارامی و سەلامەتی ڕەهایە و گرنگترین هۆکاری سەرنجڕاکێشانیش هۆتێلە جوانەکان و خزمەتگوزارییە زۆر باشەکانە.

زۆر هەڵمەتی گەشتیاریمان دەست پێ کردو زۆر گەشتیارمان ڕاکێشا. دەمزانی کە کلیلی سەرەکی چەسپاندنی کەرتی گەشتیاریمان فڕۆکەخانەو، ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆرتری کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانییە بۆ ئەوەی فڕۆکەخانەی دوبەی بەکاربهێنن. ئەو کاتە ژمارەی هێڵە ئاسمانییەکان کە فڕۆکەخانەی

سیاسەتی ئاسمانی والا سەری گرد (دوبەی)یان بەکاردەهێنا ٤٠ کۆمپانیا بوو، کە بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆرتری کۆمپانیاکان پێڕەومان کرد.

◆◆

**"ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت پیاوانی کارگێڕی و سەرکردایەتی و بزنسمان و سەرمایەدارو پیشەسازکار لەبری وەزیرانی دەرەوە ئەم ڕێکخراوانە بەڕێوەببەن"**

◆◆

پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە دوبەی بە زۆر قۆناغدا تێپەڕی. ئەم کەرتە بە تەواوەتی بۆ ئێمە نوێ بوو. بەلام فێربووین و سوودمان لە ئەزموونی کەسانی دی وەرگرت و، بۆ پەرەپێدانیشی ڕەچاوی زۆر مەترسیمان کرد.

وەبەرهێنانێکی زۆرمان خستە کار لەپێناوی ڕاکێشانی گەشتیاران لە چوارچێوەی دروستکردنی چەندان دەزگەی گەشتیاری و کات بەسەربردن و سوپەرمارکێتی گەورە گەورەو، دەزگەگەلی خزمەتگوزاری و ساختمانی ژێرخانی ئابووری پێشکەوتوو. زۆر لە دۆستان ئەو پرسیارەیان دەکرد، هەر هەموو ئەمە بۆ کێ دروست دەکەیت؟ خۆ تۆ ژمارەیەکی زۆر گەشتیارت نییە؟

وەلامم دانەوەو گوتم، ئێمە دروستیان دەکەین و، ئەوانیش دێن.

پێیان دەگوتم، لۆژیکی زانستی دەڵێت (داواکردن پێش خستنە ڕوو)، دەبێت داواکردن هەبێت تا ئەو شتەی دەخرێتە ڕوو زۆرتر بکرێت و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت. منیش دەمگوت: ئەمە تیورییەکە ڕەنگە ڕاست بێت، بەڵام ئێمە دەزانین چۆن وڵاتەکەمان پەرەپێ دەدەین.



یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو

ئەمڕۆ کەرتی گەشتیاری لە دوبەی یەك لەسەر سێی داهاتەکانی گەشتیاری نێودەوڵەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەردەکەوێت بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو ڕووەوە پشکی

جیرۆکەی مل... گەیشتە زۆرتر لە ٣١٪، کە دەکاتە پتر لە ٧
دوبەی لە داهاتەکانی گەشتیاری گەیشتە زۆرتر لە ٣١٪، کە دەکاتە پتر لە ٧ ملیار درهەم لە ساڵی ٢٠١٧ و ژمارەی گەشتیارانی نێودەوڵەتی لە دوبەی گەیشتە نزیکەی ١٦ ملیۆن گەشتیار لە ٢٠١٧ و بەپێی پلانەکەمان ساڵانە ژمارەیان دەگاتە ٢٠ ملیۆن گەشتیار لە ساڵی ٢٠٢٠.

هەندێك جار لەخۆم دەپرسم: چی دەبوو ئەگەر لە هەشتاکانەوە لە کەرتی گەشتیاریدا لەگەڵ براکانماندا هاریکاریمان کردبێت؟ ئایە لەوەی ئێستەی ئەمڕۆمان سەرکەوتووتر دەبووین؟ یان تا ئەمڕۆ هەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سوودی پرۆژەکاندا دەمابینەوە؟

تەنیا پرسیار لەخۆکردنێکەو دەیخەمە بەردەم بەڕێزان وەزیرانی دەرەوە!

# 37
# کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی لە دوبەی



کۆمپانیای ئێرباس فڕۆکەیەکی
لەگەڵ ستیوارت ویلیەر بەڕێوەبەری
ساڵی ١٩٨٨ - دەخاتە ڕوو
فڕۆکەوانی میرنشینەکان

چەندان کۆمپانیام دامەزراندووە
لە ژیانی خۆمدا چەندان ئەزموونم بینیوە. چەندان بوارم تاقی
پێشتر هیچ شارەزاییەکم لەبارەیانەوە نەبووەو، چەندان بوارم تاقی
کردووەتەوە پێشتر خۆم لێ نەداون و، چەندان بڕیارم وەرگرتووە، بەو پێیەی
من بیزانم، کەسی دی پێش من وەرینەگرتوون. بەڵام هەموو ئەوەم بەپێی
پرەنسیپی پتەوو چەسپاو کردووە کە لە باب و باپیرمانەوە بۆم ماونەتەوە
پرەنسیپگەل لە فەرمانڕەواییکردنی دوبەی، پرەنسیپگەلێك لەسەر ئەمانەی
خوارەوە دامەزراون: دەروازە کردنەوە بە ڕووی جیهان و دادوەری بۆ
هەمووان و ، دەستەڵاتی یاساو، کێبەرکێی دروست لەگەڵ هەمووان و، بوار
ڕەخساندن بۆ هەمووان تا کاربکەن و داهێنان بکەن و وەبەرهێنان بکەن
هەر وەبەرهێنەرێك ئەو مافەی هەیە کێبەرکێ لەگەڵ وەبەرهێنەرێکی
دیکەدا بکات، تەنانەت ئەگەر ئەوی دی فەرماندار، یان حکوومەت بێت.
ئەمانەیش چەند پرەنسیپێکی چەسپاون و بەدرێژایی تەمەنی ئەوەکان
سەرکەوتنی خۆیان سەلماندووە.

لە کۆتایی حەفتاکاندا سیاسەتی ئاسمانی واڵامان لە فڕۆکەخانەی دوبەی
دەست پێ کرد تا ژمارەیەکی زۆرتری کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی ڕاکێشین.
مەبەستمان ڕوون بوو، هەر کۆمپانیایەك لە جیهان دەتوانێت چەندی مای
نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەی دوبەی بوێت بۆ خۆی حیجزبکات.

مەبەستمان لە سیاسەتی (ئاسمانی واڵا) پتەوترکردنی کێبەرکاریمان و
کردنەوەی کەرتگەلی نوێ بۆ ئابووریمان بوو. بەڵام ئەوە جێی ڕەزامەندی
هەندێك لە کۆمپانیاکان نەبوو کە لە وڵاتانی خۆیان پارێزیان هەبوو.

(کۆمپانیای فڕۆکەوانی کەنداو)، ئەو کۆمپانیا ئاسمانییەی کە لە لایەن هەندێك لە وڵاتانی کەنداوەوە پشتیوانی لێ دەکرێت و ژمارەیەکی زۆر گەشتی هەرێمی بۆ دوبەی ڕێکدەخات وردە وردە نیگەرانی زۆرتر بوو کە گەشتگەلێك دەستەبەر دەکات کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی کێبەرکاری بواری ڕێگە دوورەکان سوودیان لێ دەبینن.

لە ساڵی ١٩٨٣، ناکۆکییەك لەنێوان کۆمپانیای فڕۆکەوانی کەنداوو پاکستان لەبارەی ماق نیشتنەوە ڕووی دا، ئەمەیش پاڵی بە یەکەمیانەوە نا گوشار بخاتە سەر ژمارەیەك لە گەشت ڕێکخەرەکان لە کەنداو چی دی پشتیوانی لە هێڵی ئاسمانیی نێودەوڵەتی پاکستان نەکەن.

کێشەکانی کۆمپانیای فڕۆکەوانی کەنداو لەگەڵ فڕۆکەخانەی دوبەی زۆرتر بوون تا کۆمپانیاکە بە ڕاشکاوی داوای لێ کردم کۆتایی بە سیاسەتی ئاسمانی واڵا بهێنم بۆ ئەوەی پشکی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا بپارێزرێت. چەند هەفتەیەك مۆڵەتی پێ داین تا بە داواکارییەکەیەوە پابەندبین، ئەویش بە شێوازێکی هوشداری، ئەگەر پابەند نەبین ئەو کات لە فڕۆکەخانەکەمان دەکشێتەوە، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە نزیکەی ٧٠٪ی چالاکییەکانی فڕۆکەخانەکە لەدەست دەدەین. کۆمپانیاکە بڕوای وابوو لە هەڵوێستێکی وتووێژکردنی بەهێزدایە دەتوانێت ناچارمان بکات پابەندی داواکارییەکەی ببین.

پاش زنجیرەیەك كۆبوونەوە كە لە گرژی بەدەر نەبوو، ڕوونم کردەوە کە سیاسەتی ئێمە لەمەڕ ئاسمانی والآ بابەتێك نییە تاوتوێ بکرێت، زۆر جاریش دووپاتم کردبووەوە کە کێبەرکێ پرسێکی بنەڕەتییەو، پرسێکی گرنگی شێوازی کارکردنمانە. بۆیە سنوور بۆ هاتنە ناو بواری ئاسمانمانەوە دانانێین.

گەیشتینە ڕێگەیەکی بن بەست و، (فرۆکەوانی کەنداو) وەڵامی دایەوەو گەشتەکانی بۆ دوبەی کەمتر کردەوە.

من ڕکم لە ناکۆکییە چونکە شێوازێکی زیرەکانە، یان شارستانیانە نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام ئەگەر لایەنەکەی دیکە ڕازی نەبوو بە شێوازێکی شارستانیانە مامەڵەبکات، ئەو کات من بەردەوام بە شێوەیەکی یەکلاکەروە دەجووڵێمەوە.

ساڵی ١٩٨٤ مۆریس فلاناگان بەڕێوەبەری کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئاسمانی (دناتا)م بۆ نووسینگەکەی خۆم بانگ کرد تا لەبارەی خەونێکەوە ڕاوێژی پێ بکەم کە هەر لە مێشکمدا دەخولایەوە، ئەویش دامەزراندنی فرۆکەوانی تایبەت بە خۆمان لە دوبەی، کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی حکوومی نەبێت بەڵکو تایبەت بێت، بەپێچەوانەی ئەوەی لە هەموو وڵاتانی عەرەب هەیە، کۆمپانیایەك بەپێی سیستمگەلی کەرتی تایبەت کاربکات و سەربەخۆیی تەواوو بەردەوامی دارایی هەبێت. مۆریس لە بواری فرۆکەوانیدا شارەزا بوو، کاروانی پیشەگەری خۆی لە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی بەریتانی ئەودیوی

دەریاکان دەست پێ کردبوو پاش ئەوەی لە هێزی ئاسمانی شاهانە کاری کردبوو. هاوکات ئەندامی کارگێڕی باڵای هێڵی ئاسمانیی بەریتانیا (بریتیش ئێروایز) بوو.

مۆریس پێی گوتم: خاوەند شکۆ ئاشکرایە دەبێت، دەشێت لەو بارەوە لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە ئامادەبکرێت. داوام لێ کرد لەوەدا پەلە بکات، پاشان داوام کرد لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیانە بکرێت بۆ دڵنیابوون لە سوودی کۆمپانیاکە. مۆریس تیمێکی لە دە بەڕێوەبەر کۆکردبووەوەو پلانێکی ڕوونی بۆ هێنام.

لێکۆڵینەوە سەربەخۆکە لە سوودی ئەم پرۆژەیە بوو.

تیمەکە چەند پێشنیازێکیان بۆ ناو لێنانی هێڵە ئاسمانییە نوێیەکەمان پێشکەش کردبوو، لەوانەیش (فڕۆکەوانی دوبەی Dubai Air).

وەڵامم دانەوەو گوتم نا، ناوی لێ دەنێین (فڕۆکەوانی میرنشینەکان) و فەرمانم پێ کردن ئاڵای دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب لەسەر کلکی فڕۆکەکە دانێن.

پاشان لە تیمەکەم پرسی: چەندتان پێویستە تا ئەم هێڵە ئاسمانییە دەست پێ بکەن؟

گوتیان: دە ملیۆن دۆلار.

نادەم.

وەلامم ئەوە بوو: باشە، بەلام یەك فلسی دیکە نادەم.

لەو ڕۆژەوە ئەم بڕیارەم تێدا وەرگرت، شەش مانگمان لە پێش بوو تا ئەم هێڵە ئاسمانییە دەست بەکاربێت. دوو فڕۆکەمان لە هێڵی ئاسمانیی پاکستان بەکرێ گرت و، سەرلەنوێ بەتەواوەتی هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین کردن تا لەگەڵ دروشمی کۆمپانیا نوێیەکەو پێوەرەکانی خزمەتگوزاری ناوخۆیی کۆمپانیاکەدا بگونجێت.

لەکاتێکدا خۆمان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کۆمپانیا نوێیەکە دەست پێ بکەین، گرووپی کارەکە هاتن و پێیان گوتم: دەتوانین پارێزی دژ بە کێبەرکاری دەستەبەر بکەین؟

وەلامەکەی من ڕوون بوو: نا، سیاسەتی ئاسمانی والا ئێوەیش دەگرێتەوە، وەك چۆن هەمووان دەگرێتەوە.

داوام لە شێخ ئەحمەد بن سەعید ئال مەکتووم کرد، کە بە چەند ساڵێك لە من بچووکترەو تازە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زانکۆی تەواوکردبوو، ببێت بە سەرۆکی کۆمپانیا ئاسمانییە نوێیەکە.
شێخ ئەحمەد بن سەعید ئال مەکتووم لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا، هەندێك جاریش بە شەوانە، زۆر بە جدی لەگەڵ گرووپەکەدا کاری کرد، لەپێناوی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی ڕاستگۆ لەو کاتەی بۆ دەست پێکردن دەدەستنیشان کراوە. لە هەندێك لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریم کردو

بەردەوام پرسیارم لەبارەی پلانەکانیان دەوروژاندو هزرەکانم تاقی دەکردنەوە. کۆمپانیا فرۆکەوانییە نوێیەکە چوار ڕێڕەوی سەرەتایی هەبوو، کەراچی و بۆمبای (ئێستە بووەتە مۆمبای) و دەلهی و کوێت. دەبوو خێرا بجوولێینەوە بۆ ئەوەی سوود.لە کات وەربگرین. بەلای منەوە زۆر ڕوون بوو کە دوبەی پشت بە ئاسمانی خۆی دەبەستێت وەك چۆن پشت بە دەریای خۆی دەبەستێت.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، لەگەڵ برام شێخ مەکتووم بووم کاتێك پێکەوە لە یەکەمین گەشتی فرۆکەوانی میرنشینەکان بۆ کەراچی گەشتمان کرد. زۆر بە جۆش و خرۆش بووین، ئەگەرچی هەمووان شەکەت بووبوون بەهۆی گوشاری وەگەڕخستنی گەشتەکانی کۆمپانیاکە لە کاتی دەستنیشانکراودا. دەمزانی ئەمە تەنیا سەرەتای گەشتێکی دوورودرێژو دژوارە.

ئەمڕۆ (فرۆکەوانی میرنشینەکان) زۆر خەلاتی جیهانی هەیە وەك باشترین گوێزەرەوەی ئاسمانی و، مێژوویەکی قازانجی بەردەوامی لە ماوەی ٣٠ ساڵدا هەیە.



لەگەڵ شێخ ئەحمەد بن سەعید و مۆریس فلاناگان لەناو یەکێک لە فڕۆکەکانی فڕۆکەوانی میرنشینەکان ـ ساڵی ١٩٩٢

داهاتەکانی گرووپەکە لە ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە نزیکەی ٢٨ ملیار دۆلارو پتر لە ٢٦٠ فڕۆکەی هەیەو ساڵانە نزیکەی ٦٠ ملیۆن ڕێبوار دەگوێزێتەوەو پتر لە ١٠٠ هەزار فەرمانبەر کاری تێدا دەکەن.

هەندێک جار هەندێک کۆمپانیا تاوان دەرهەق بە خۆیان دەکەن کە لە کێبەرکێ دەترسن، ئاکامیش کێبەرکارێک دروست دەبێت لە کێبەرکێی دەردەکات.

# 38

# ١٩٨٥.. دەستپێکردنی

# دوو خەون



گوتەیەکی بەناوبانگی ستیڤ گۆبز دامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپل هەیە" گەورەترین کۆمپانیا لە جیهاندا لە ڕووی بەهای بازاڕەوە. گۆبز دەڵێت: ناتوانیت ڕووداوەکان بە یەکدییەوە ببەستیتەوە بە سەیرکردن بەرەو پێشەوە، تەنیا بەسەیرکردن بەرەو دواوە دەتوانیت پێکان ببەستیتەوە.

هاووڵاتی بەریتانی نیڤیل ئەلن، کە ساڵی ١٩٥٨ وەك نوێنەری کۆمپانیای هالکرۆ بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری هات بۆ دوبەی. کاتژمێر پێنجی بەیانیی ڕۆژێك لە ڕۆژانی ناوەڕاستی حەفتاکاندا لە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەی بە ئاگە هاتەوە. لەو سەرەوە دەنگێکی بەرگوێ کەوت ئاگەداری کردەوە کە فەرمانداری دوبەی دەیەوێت هەر ئێستە لە ناوچەی جەبەل عەلی بیبینێت.

نیڤیل لەو داواکردنە لەناکاوییە بێزار بوو، خێرا خۆی گەیاندە تەپۆلکە بچووکەکە و بینی شێخ ڕاشد بن سەعید لەوێ چاوەڕوانیەتی. شێخ ڕاشد بە دەستی ئاماژەی بە کەنارەکەی نزیك کردو گوتی: دەمەوێت بەندەرە نوێیەکە لێرە دروست بکرێت.
بە شێوازی تایبەت بە خۆی بیرۆکەکەی خۆی بۆ ئەلن ڕوون کردەوە، پاشان داوای کرد بزانێت پرۆژەکە چەندی تێدەچێت. ئەلن ژمارەیەکی خەمڵێنراوی پێ گوت، پاشان پێی گوت: خاوەند شکۆ کەی دەست پێ بکەین؟
شێخ ڕاشد وەڵامی دایەوە: هەر ئێستە!

پێشتر بەندەری ڕاشدمان کردبووەوەو فرەوانکردنەوەکانیشی هەر نەدەوەستان، تا ببێت بە گەورەترین نوێترین بەندەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ٣٥ شۆستەوە.

ئەمڕۆیش لە دووراییی ٣٥ کیلۆمەتر لە ناوەڕاستی (دوبەی)ـەوە فەرمانڕەوای دوبەی دەیەوێت بەندەرێك دروست بكات كە لە جیهاندا گەورەترین بەندەر بێت مرۆڤ دروستی کردبێت، بەندەری جەبەل عەلی. تێچووەکەی زۆر زۆر بوو. چەند بازرگانێك هانیان دام قسەی لەگەڵ بكەم تا لەو پرۆژە نوێیەی پاشگەزی بکەمەوە. بەڵام لەگەڵم زۆر ڕوون بوو: پرۆژەیەکتان بۆ دروست دەکەم دواتر ناتوانن دروستی بکەن.

باوەڕیکردنی ڕاشد لە كارو پرۆژەكانیدا مەودایەکی دیکەی بیرکردنەوەت پێ دەبەخشن، ئەو دیتنە بەرینەی هەستێکت پێ دەبەخشن کە دەشێت هەندێك جار لە یاساكانی لۆژیك پێچ بخۆیتەوە تا ئەو شتە بەدی بهێنیت کە کەسانی دیکە ناتوانن بەدی بهێنن.

پاش ساڵانێك پۆستی بەرپرسیاریەتی بازرگانی و بەندەرو گەشتیاری و فڕۆکەوانیم لە دوبەی وەرگرت، تۆپەکە کەوتە ناو یاریگەکەی منەوە تا هەندێك جار درێژە بە پێچ خواردنەوە لە یاساكانی لۆژیك بدەم، ڕەنگە بۆ ئەوەی خەونگەلی نوێ دەست پێ بکەم.

سانی ١٩٨٥ جیاواز بوو. تێیدا دوو خەونی لێك جوادام تێدا دەست پێ كرد، یەكەم دەست پێكردنی (فرۆكەوانی میرنشینەكان) و دووەم دەست پێكردنی ناوچەیەكی ئازاد پاشكۆی بەندەر بێت بۆ یەكەمین جار لە ناوچەكەدا، (ناوچەی ئازاد لە بەندەری جەبەل عەلی) كە ناوچەیەكی بازرگانی و پیشەسازییە دەشێت بیانییەكان تێیدا ببنە خاوەن مولك بە رێژەی ١٠٠٪، لەگەڵ دەستەبەركردنی بەخشین لە باجی گومركی كاڵا هاوردەكانیان كە سەرلەنوێ لە بەندەرە زەبەلاحەكەوە هەناردە دەكرێتەوە كە شێخ ڕاشد دروستی كردووە.

لۆژیكی بازرگانی ئەو كاتە كە داهاتی دوبەی لە باجی گومرك سەرچاوەیەكی سەرەكی بودجەیە، ئەوەیش ئەوەیە كە شێخ سەعید و شێخ ڕاشد پێش من چەسپاندبوویان، ئێمەیش ئەمڕۆ ناوچەیەكی ئازاد دروست دەكەین باجی لێ وەرناگیرێت و ڕێ بە بازرگانان دەدەین جیبان بوێت لە ڕێگەی (دوبەی)ـەوە بێ باجی گومركی هاوردە بكەن.

گرووپەكەی خۆم ڕەوانەی ژمارەیەك لە وڵاتان كرد بۆ لێكۆڵینەوەی بابەتە لە هەموو لایەنەكانییەوە. ئاكامەكان ئەرێنی بوون. ناوچە ئازادەكەمان كردەوە. لە یەكەمین ڕۆژدا ٢٠٠ كۆمپانیا ئارەزووی خۆیان تۆماركرد بۆ هاتنە ڕیزی ناوچە ئازادەكەوە. شانازیم بە گرووپی كارەكەوە دەكرد كە كە سوڵتان بن سەلیم سەرۆكایەتی دەكرد. جۆش و خرۆشی لە جۆش و خرۆشی دوبەی دەچوو و پرۆژەكەیش یەكێك لە سەركەوتووترین پرۆژەكانی دوبەی بوو.

◆◆


**"دەشێت هەندێك جار لە یاساكانی لۆژیك پێچ بخۆیتەوە تا ئەو شتە بەدی بهێنێت كە كەسانی دیكە ناتوانن بەدی بهێنن"**

◆◆

لە ڕووداوێكی جیادا لە ساڵی ١٩٩١، فەرمانم دا كارگێڕی هەردوو بەندەری جەبەل عەلی و بەندەری ڕاشد لەسایەی ئەوەی ناوی لێ نرا (دەستەڵاتی بەندەرەكانی دوبەی) یەك بخرێن. بۆ پێكهێنانی كارگێڕییەكی بەهێزترو پسپۆرییەكی باشتر. بە تێپەڕبوونی ساڵان شارەزاییەكی زۆرترمان دەستەبەركرد. توانیمان ڕێككەوتن مۆربكەین بۆ دروستكردنی بەندەر لە دەرەوەی سنووری دەوڵەت. كۆمپانیای (بەندەرگەلی جیهانی دوبەی) فرەوانتر بوونەوە كە بەندەرەكانی دەرەوەمان بەڕێوە دەبات، ئەویشمان لەگەڵ (دەستەڵاتی بەندەرەكانی دوبەی)دا تێكەڵ كردو كۆمپانیای ( بەندەرگەلی جیهانیی دوبەی)مان لێ پێكهێنا.

خەونەكان گەورە بوون، كۆمپانیای (فرۆكەوانی میرنشینەكان) گەورە بوو، لەگەڵیشیدا فرۆكەخانەی دوبەی گەورە بوو تا ساڵانە لەگەڵ ٩٠ ملیۆن ڕێبواردا مامەڵە بكات. (بەندەرگەلی جیهانیی دوبەی) گەورەتر بوو، بەندەرەكانی دەتوانن ساڵانە پێشوازی لە ٩٠ ملیۆن كابینێت بكەن. نازانم ئایا پێوەندییەك لەنێوان هەردوو ژمارەكەدا هەیە. ڕەنگە لێكچوونی هەردوو

زمارەکە ڕوون بکرێتەوە بە سەیرکردنی پاشەوە وەك ستیف گۆبز دەڵێت.
ڕەنگە دەست پێکردنیان لە هەمانساڵدا پێوەندی بە یەکدییەوە هەبێت؟
ڕەنگە ڕاوەستانم لەگەڵ باوکم بەر لە ٤٥ ساڵ لەسەر تەپۆڵکەی بەرانبەر بە جەبەل عەلی تا پلان بۆ بەندەرەکە دابڕێژێت پێوەندی بەوە هەبێت. من و باوکم لە ٤٥ ساڵدا دووجار، دەکاتە ٩٠، نازانم. . زۆریش بڕوا بەم شتانە ناکەم.




بەندەرە جیهانییەکانی دوبەی

◆◆

**"لە چارەی دوبەی نووسراوە جیهان پێکەوە ببەستێتەوە بە هۆی تێکەڵکردنی هێڵە ئاسمانییەکانی لەگەڵ هێڵە دەریاییەکانیدا. لە چارەی ئێمەیش نووسراوە ببینە فرۆکەخانەو بەندەری سەرەکیی جیهان "**

◆◆

لە ٢٠١٠ خەونێکی گەورەترم دەست پێ کرد، ناوی (دوبەی وۆرڵد سنتراڵ)ەو دوو خەونی کۆنتر پێکەوە دەبەستێتەوە، هێڵە ئاسمانییەکانمان و هێڵە دەریاییەکانمان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بریتییە لە شارێکی لۆجیستی تەواوەتی لەکاتی کۆتایی هاتنیدا میوانداری یەك ملیۆن کەس دەکات. فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئال مەکتووم لە ئامێز دەگرێت کە دەبێتە گەورەترین فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی و ساڵانە خزمەتگوزاری بە ١٦٠ ملیۆن ڕێبوار پێشکەش دەکات. شارە نوێیەکە بە ناوچەی جەبەل عەلییەوە دەبەسترێتەوە کە پتر لە ٧٠٠٠ کۆمپانیا لەخۆدەگرێت و قەوارەی بازرگانیکردنی دەگاتە پتر لە ٨٧ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا. ڕێڕەوێکی لۆجیستی گەورەمان دروست کرد بۆ بەستنەوەی بەندەرەکە بە فرۆکەخانەوە، بە شێوەیەك هەر بارێکی دەریایی بشێت لە ماوەی تەنیا چەند کاتژمێرێکدا لە فرۆکە باربکرێت و بە ئاسمانەوە بێت.

هێڵە دەریاییەکانمان لەگەڵ نزیکەی ٢٠٠ شاری چواردەوری جیهانمانەوە دەبەستن، تەنیا جەبەل عەلی بە ١٤٠ شاری چوار دەوری جیهانمانەوە

لەوانەی دیکە لەوانــەی بــەرێوەیان دەبـەین و بە دەبەستێت، وێـڕای ٧٨ بەنـدەری دیکـە لەوانــەی بــەرێوەیان دەبـەین و بە شارەکانی دیکەی جیهانمانـەوە دەبەستێتەوە. ڕەنگـە لـە چارەی دوبەی نووسـرابێت جیهـان پێکـەوە ببەسـتێتەوە بـە هـۆی تێکـەڵکردنی هێڵـە ئاسمانییـەکانی لەگـەڵ هێڵـە دەریاییەکانیـدا. ڕەنگـە لـە چارەی ئێمـەیش نووسرابێت ببینە فرۆکەخانەو بەندەری سەرەکیی جیهان.

کاتێك ئەم هەموو ڕووداوانەم لە ماوەی پەنجا ساڵدا بیردەکەوێتەوە پێکەوە بەستنیان ئاسان دەبێت. بەڵێ بە سەیرکردنی پاشەوە دەتوانین ڕووداوەکان پێکەوە ببەستینەوە وەك گۆبز دەڵێت. منیش دەڵێم: بە سەیرکردنی پێشەوە دەتوانیت ئەم ڕووداوانە دروست بکەیت.

# 39

## بەیرووت



هێزەکانی سەرکوتکاری عەرەب دەچنە ناو بەیرووتەوە لە
هەوڵێکدا بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ

بەیرووت ئەی خانمی جیهان
بەیرووت ئەی خانمی جیهان
کێ بازنگە بە یاقووت ڕازێنراوەکانی فرۆشتیت؟
کێ دەستی بەسەر ئەموستیلە ئەفسووناوییەکەتدا گرت و
پەلکە زێڕینەکانی قرتاندیت؟
کێ شادی نووستووی ناو هەردوو چاوەشینەکانی سەربڕیت؟
کێ دەم و چاوی بە چەقۆ ڕووشاندیت و
تێزابی بەسەر هەردوو لێوە جوانەکانتدا ڕژاند،
کێ ئاوی دەریای ژاراوی کردو ڕقی بەسەر کەنارە ئاڵەکاندا پەرت کردەوە؟

ئەمانە وشەگەلی (نزار قەبانی)ن، زۆر لەو شتانە دەردەخەن کە بەرانبەر بە بەیرووتی خۆشەویست و لوبنانی جوان لە دڵماندایە. یەکەمین یادەوەرییەکانم لەگەڵ بەیرووت لە سەرەتاکانی ژیانمدا بوو کاتێک بچووک بووم، منێک لە بیابانەکانی (دوبەی)ـەوە هاتبووم، لە ماڵە قوڕینەکانییەوە لەشەقامە خۆڵینەکانییەوە، لە بازاڕەکانییەوە کە لە گەڵای دارخورما دروست کرابوون. لەگەڵ براکانمدا سەفەری (بەیرووت)مان کرد. دەبوو بە وێندا بڕۆین بۆ ئەوەی بگەین بە لەندەن. بە بچووکی واق وڕماوی کردم، بە لاویەتی خۆشم ویست و، بە گەورەیی خەفەتم بۆ خوارد.

شەقامە پاکەکان و، گەڕەکە جوانەکان و، بازاڕە نوێیەکانی بەیرووت لە سەرەتای شەستەکاندا سەرچاوەی ئیلهامی من بوون و خەونێک بوو لە مێشکمدا دەخولایەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دوبەی وەک (بەیرووت)ی لێ بێت.

گورج و گۆڵی گەلەکەی و، شیرینی قسەکردنیان و، باش مامەڵەکردنیان لەگەڵت دەچێتە دڵتەوە.

فێنکی شەقامەکان و جوانی کەنارەکان و ئەفسووناوی بازاڕەکانی سەرسوڕماوت دەکەن.

ئەوەی سەر لە بەیرووت بدات لەیادی ناکات و، ئەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دانیشتووانیدا بکات بە دەستی خۆی نییە دەبێت هەر سەری لێ بداتەوە.

بەڵام بەداخەوە لوبنان لەسەر پێوانەی تایەفەگەری و ئایینزایی پەرت پەرت و دابەش کرا، بە شێوەیەك بەیرووت لە بەیرووت ئەچێت و، لوبنان وای لێ هات لە لوبنان ئەکات، یان وەك نزار دیسان دەڵێت:

*کوا بەیرووت کە بە شەبقەی شینەوە چوون شاژن بەنازەوە دەڕۆیشت؟*

*کوا بەیرووت کە بەسەر کاغەزەکانمانەوە ..*

*چوون ماسی سەمای دەکرد..*

*سەریان بڕی..*

*سەریان بڕی..*

*کە چوون گوڵی یاسەمین پێشوازی لە تیشکی بەرەبەیان دەکرد*

*کێ لە سەربڕینی شارێك قازانجی کرد؟*

*خاتوونەکەم بەیرووتیان بزرکرد*

*خۆیان بزرکرد کە ئەویان بزرکرد..*

*چوون ئەموستیلەی ئەفسووناوی کەوتە ناو ئاوەوەو .. ئەیاندۆزییەوە..*

*جوون پاسارییەکی بەهارانە ڕاویان نا تا کوشتیان..*

چەندان جار سەرم لە بەیرووت داوەو خۆشەویستی و پێوەندیگەلی جوانم لەگەڵ هەیە. بەلام وەك وەزیری بەرگری لە دەولەتی میرنشینەکان دوو وێستگەی گەورەم لە ژیانمدا لەگەڵی هەیە.

یەکەم پاش ١٣ی نیسانی ١٩٧٥، کاتێك یەکەمین گوللە تەقێنرا و دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆی ڕاگەیاند کە پتر لە ١٥ ساڵی خایاندو، نزیکەی ٥٠ هەزار کوژراوو، پتر لە ٢٠٠ هەزار برینداروو زیانێکی ئابووری زۆری لێ کەوتەوە لە ٢٥ ملیار دۆلار تێپەڕی.

تەنیا چەند مانگێك بەسەر دەست پێکردنی شەڕدا تێپەڕیبوو کاتێك تەقەکردن بە شێوەیەکی بەربلاو سەرانسەری (بەیرووت)ی تەنییەوەو ئامانجە مەدەنییەکان بەردەوام بەر بۆردومان دەکەوتن. بەم شێوە شارەکە بەسەر بنکەی تایەفەگەری و مەزهەبگەراییدا دابەش بوو. ئەمەیش سەرەتای کۆتایی بوو.

◆◆

**"شەقامە پاکەکان و، گەڕەکە جوانەکان و، بازارە نوێیەکانی بەیرووت سەرچاوەی ئیلهامم بوون و خەونێك بوو لە مێشکمدا دەخولایەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان دوبەی وەك (بەیرووت)ی لێ بێت"**

◆◆

هەموو کۆششە چڕەکان سەریان نەگرت کە شێخ زاید بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان دای تا لەدەوری مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە. من لەگەڵ باوکم لە وتووێژەکاندا یارمەتیم دەدا، بەڵام بەهۆی سەرنەگرتنی بەدەوامەوە وامان لێ هات هەست بە بێزاری بکەین، پاشان دەستتێوەردانێکی سەرتاسەری عەرەبی دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی ڕێ نەدرێت ئەم وڵاتە جوانە دووچاری وێرانبوون بێت.

لە حوزەیرانی ١٩٧٦، شەڕی لوبنان وەرچەرخانێکی گرنگی بەخۆوە بینی لە چوارچێوەی دەستتێوەردانی سووریاوە. ئەوەبوو بنکەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی لوبنان زیانێکی زۆریان بە ڕیزەکانی هێزەکانی سووریا گەیاند.

لەسەرخۆ چاودێری کۆنگرەی لووتکەی عەرەبیم کرد کە لە ڕیاز بەڕێوەچوو، پاشان ئەو کۆنگرەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا لە قاهیرە بەدوایدا هات بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و کۆتایی هێنان بە شەڕ لە سەرانسەری خاکی

لوبنان. وێڕای ئەو بڕیارو بەڵێنانەی لە هەردوو لووتکەوە دەرچوون، زانی ئەوەی خراوەتە ڕوو تەنیا بریتییە لە چارەسەرگەلی کاتی و، هۆکارە ڕیشەییەکانی کێشەکە هێشتە لە بنەوە گری گرتووەو کڵپە کڵپیەتی.

لە ئاکامی هەردوو کۆنگرەی ڕیاز و قاهیرە (هێزی سەرکوتکاری عەرەبی پێکهێنرا، کە دەوڵەتی میرنشینەکان بەشداری تێدا کرد، بۆ کارکردن لەسەر ئاگربەست و ڕێ گرتن لە خوێن ڕشتن و بەدیهێنانی ئاشتی لە وڵاتدا.

ئەو ڕۆژانە بارگرانییەکی زۆریان بۆ دروست کردم، ئەوەبوو هەموو شتێکم کرد بۆ ئەوەی پیاوەکانم ئامادەبکەم و ڕوخساری دەم و چاوم ئەزبەر کردن لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە خێزان و هیواو ئاوات و خەونەکانیانەوە هەبوو. هەستم کرد کە بۆ مەترسییان دەنێرم، ئەمەش باری سەر شانی قورس کردبووم. هاوکات وەرەو تواناو هێزم تیژترو بەرزتر دەکردنەوە. پێم دەگوتن: لە پێناوی ئاشتیدا دەچین بۆ ئەوێ نەك لە پێناوی شەڕدا. لەپێناوی ڕزگارکردنی گەلێکی دۆست و برادا، نەك لە پێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندی چەند تایەفەیەك، یان چەند گرووپێکدا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا ٣٠ هەزار پیاومان لە هێزێکی هاوبەشدا بڵاوکردەوە، بەم شێوازە توانیم بەردەوام وێنەکە لە گۆشە جیاجیاکانییەوە ببینم.

ناتوانم مەودای ناشیرینی و ناهەمواری شەڕ دەربڕم، بەڵام لە چوارچێوەی ئەزموونی خۆم لەبارەی شەڕەوە دەزانم کە چارەسەری هیچ شتێك نییە.

بەدەیان هەزار کەس کوژران و، بە سەدان هەزار کەسیش برینداربوون و دووچاری شێواوی هاتن و مانەوەو غەم و ترس و رق لێ هاتنەوەمان بردەخەنەوە کە نەوەکان دەیانگوێزنەوە. ئەوە زیانێکی گەورەو ناڵەبارە بۆ نیشتمانی عەرەبیمان کە یەکێك لە جوانترین شارەکانی ببێتە قوربانیی شەڕێکی ناوخۆیی پتر لە ١٥ ساڵ بەردەوام بێت.

دووەمین وێستگەم لەگەڵ بەیرووتی خۆشەویست، بەداخەوە خراپتر بوو، لە ساڵی ١٩٨٢دا بوو.

ساڵی ١٩٨٢ سوپای ئیسرائیل هێرشی کردە ناو لوبنانەوە کە خاکەکەی بوو بە گۆرەپانی شەڕ لە نێوان ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و سووریا و ئیسرائیل. ئەگەرچی ئەو هێرشەی ئیسرائیل کە لە حوزەیراندا دەستی پێ کرد بە فەرماندەیی ئاریێل شارۆن وەزیری بەرگری ئەو کاتەی ئیسرائیل پێشبینی دەکرا، بەڵام ناشیرینی و ناڵەباری هەرگیز پێشبینی نەدەکرا بەو شێوەیە بێت، بەتایبەتی ماوەیەکی درێژی خایاند.

باش پتر لە دوو مانگ بەرگریکردنی جیا جیاو شەڕکردن، ئاگربەست ڕاگەیەنراو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە سەرپەرشتیی هێزێکی فرە ڕەگەز لە بەیرووت کشایەوەو بەرەو توونس بەڕێ کەوت و سەرکردایەتی فەلەستینی گەرەنتی ئاسایشی خەڵکی سڤیلی ناو ئۆردووگەکانیان پێ درا. گواستنەوەی ئەندامانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە بەندەری

شارەکەوە بەدرێژایی دوو هەفتە بەردەوام بوو. یاسر عەرەفات سەرۆکی فەلەستین دوایەمین کەس بوو کە ئەوێی بەجێ هێشت. هێزی فەرەنسی تا بەندەرەکە یاوەرییان کرد. پاش چەند رۆژێک، بەتایبەتی لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٢، هێزە فرە رەگەزەکە (بەیرووت)یان بەجێ هێشت. رۆژی دواتر شارۆن رایگەیاند کە هێشتە (٢٠٠٠ تیرۆریست) لەناو ئۆردووگەکانی پەنابەرە فەلەستینییەکاندا لە بەیرووت ماون. لە ١٥ی ئەیلوول، پاش رۆژێک دوای رۆیشتنی چەکدارە فەلەستینیەکان سوپای ئیسرائیل (بەیرووت)ی رۆژئاوای داگیرکردو هەردوو ئۆردووگەی سەبراو شاتیلای توند گەمارۆ دا کە خەڵکی سڤیلی لوبنانی و فەلەستینییان لێ بوو.



لەناو فڕۆکەیەکی سەربازی میرنشینەکان بۆ گواستنەوەی کەرەستەی
فریاگوزاری بۆ گەلی لوبنان ـ ساڵی ١٩٧٨

گۆمەڵکوژی سەبرا و شاتیلا کارەساتێکی نامرۆییانە بوو لە نێوان هەردوو ڕۆژی ١٦ و ١٨ی ئەیلوولی ١٩٨٢دا چل کاتژمێر درێژەی کێشا، ئەوەبوو میلیشیاکانی کەتائب بە پشتیوانی سوپای ئیسرائیل کاری کوشتن و دەستدرێژی و ئەشکەنجەدانیان ئەنجام داو بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر

چیرۆکەی من
کە زۆربەیان منداڵ و ئافرەت و خەڵکی سڤیلی بێ تاوان بوون بە قوربانی بەساڵداچوو بوون.

هەرگیز لە ژیانمدا بیرۆکەی کوشتن و گیان سەندنم قبووڵ نەکردووەو، هەر لەوەیش نەگەیشتووم بۆچی ئەمە لە جیهانی ئێمەدا ڕوودەدات. دەیشمزانی کە پێوەندیدا بووم لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە ناوچەکە، کۆمەڵکوژییەك بەڕێوەیە، کاتێك دیمەنی قوربانییەکان، بەتایبەتی منداڵان و ئافرەتان لە هەواڵەکاندا دەرکەوت، بۆم دەرکەوت کە کۆششەکانمان هیچ ئاکامێکیان لێ نەکەوتووەتەوە.

بەخۆم سەرۆکایەتی دەستپێشخەرییەکەی میرنشینەکانم کرد بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی فەرمانەدەی باڵا شێخ زاید، ئەوەبوو چەندان تۆن یارمەتی مرۆیی لە چەند فڕۆکەیەکی (سی ١٣٠) بارکران، ئەویش لە گەورەترین پرۆسەدا کە لە کەنداو ڕێك خرابێت.

هێشتە ئەو دیمەنانەم لە یاددا ماون و برینێکی قووڵیان لە ناخمدا بەجێ هێشتووە.

برینەکە بەردەوام گەورەتر دەبێت کاتێك یادەوەرییەکی باشت لەگەڵ ئەم شوێنەدا ببێت، کاتێك ئەقڵت ڕەوشی بەیرووت، ئەو شارە جوانە، لە پێش و پاش شەڕ لەگەڵ یەکدی بەراورد دەکات، کاتێك دڵت دلێری و گورج و گۆڵی

خەلکی بەیرووت پێشتر، لەگەڵ ئەو دیمەنە ناشیرین و نامرۆییانەی کوشتندا بەراورد دەکات کە لەم شارە جوانە ڕوودەدات.

♦ ♦

**"برینەکە بەردەوام گەورەتر دەبێت کاتێک یادەوەرییەکی باشت لەگەڵ ئەم شوێنەدا ببێت. کاتێک دڵت دلێری و گورج و گۆڵی خەڵکی بەیرووت پێشتر، لەگەڵ ئەو دیمەنە ناشیرین و نامرۆییانەی کوشتندا بەراورد دەکات کە لەم شارە جوانە ڕوودەدات"**

♦ ♦

بەداخەوە هێشتە لوبنان تا ئەمڕۆ کارتێکە زۆر هەن دەیانەوێت یاری پێ بکەن، هێشتە لاوانی لوبنان باجی ململانێکان دەدەن کە لە ناوچەکە ڕوودەدەن، هێشتەیش گۆڕەپانی لوبنان گۆڕەپانێکە بۆ یەکلایی کردنەوەی زۆر کێشەو ململانێ کە کۆتایی نایەن.

کاتێک لوبنان دەبێتەوە بە یەک ماڵ وەک پێشتر، ئەو کات بەڕاستی دەبێت بە ماڵی هەموو عەرەب.

*ئای بەیرووت!*
*ئەی خاوەندی دڵی زێڕ*
*لێمان ببوورە..*

ئەگەر تۆمان کردبێتە سووتەمەنی و دارچیلکە
بۆ ئاگۆکییەکانمان کە گۆشتی عەرب هەڵدەلووشن

خوا لە نزار خۆش بێت و، خوا پارمەتی لوبنان بدات.

# 40

# داگیرکردنی خاکی برا



هێزەکانی میرنشینەکان لەکاتی ڕزگارکردنی دەوڵەتی کوێت . ساڵی ۱۹۹۱

تووندترین شۆك كە لە ژیانی سەربازیمدا ڕووبەڕووی بوومەوە داگیرکردنی
دەوڵەتی کوێت بوو لەلایەن سوپای عیراقەوە. کوێت بەلای ئێمەوە ل
میرنشینەکان و لە (دوبەی)یش دەوڵەتێکی دیکە نەبوو. ڕاستییەکەی کوێت
بەشێك لە ژیانمان بوو. بەشێك لە ژیانی زۆربەی هاووڵاتییانمان بوو ل
منداڵێتییان و، لە خوێندنیان لە فێرگەکانیدا، لە چارەسەرکردنیان ل
تیمارگەکانیدا، تەنانەت ژیانی ئابوورییان.

زۆر کەس نازانن کە (بازاڕی مورشید) یەکێك لە بەناوباگترین بازاڕی میللی
لە دوبەی، بە ناوی بزنسمانێکی پیاوچاکی کوێتییەوە ناو نراوە ئەویش
(مورشید عسیمی)یەو خوێندنی فەرمی لە ڕێگەی مامۆستایانی کوێتەوە ل
دوبەی بڵاوبووەوە و، پرۆژە گەورەکەی باوکم لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بۆ
فرەوانکردنەوەی (خۆر) و پارە بۆ تەرخانکردن بۆ بەشێکی بە پارەی قەرزی
کوێتی بوو و یەکەمین وێستگەی تەلەفزیۆن لە دوبەی تەلەفزیۆنی کوێت
بوو کە لەساڵی ١٩٦٩وە لە (دوبەی)ـەوە پەخشی دەکردەوەو نەخۆشخانەی
کوێت کە ساڵی ١٩٦٦ دامەزرێنرا لە گەورەترین ئەو نەخۆشخانانەیە کە تا
ئەمڕۆ خزمەتیان بە هاووڵاتیانمان پێشکەش کردووە. لیستەکە دوورودرێژە
چاکەیش زۆرەو برایەتی نێوان ئێمەو خەڵکی کوێت قووڵ و لەوە گەورەترە
زۆر کەس لێی تێبگەن، یان کەسانێك موزایەدەی لەسەر بکەن کە خۆیان لە
بۆسە ناوە.

داگیرکردنی کوێت لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ شۆکێکی پێکهێنا. لە یادمە سێ جار
لەو ئەفسەرەم پرسییەوە کە هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندم. هەواڵەکەم بە بڕوا

گەورەکەم شێخ مەکتووم گەیاند، پاشان باری نائاساییم بۆ هەموو هێزە ئەمنی و سەربازییەکان ڕاگەیاند. لەگەڵ شێخ زاید قسەم کرد، بینیم هاوکات تووڕەو غەمگینە. چۆن دەشێت سەدام ئەوە بکات؟ ئەی هەنگاوی دواتری چییە؟

هەرگیز پێشبینی ئەوەمان نەدەکرد سەدام بوێرێت و پێ بەجەرگی خۆیدا بنێت و دەوڵەتێکی براو دراوسێ و خاوەن سەروەری داگیر بکات لە ڕووی مێژووییەوە پشتیوانی لێ کرد. بڕیارەکەی سەدام بە داگیرکردنی کوێت بۆ هەموو لایەك شۆك بوو، هاوکات خاڵێکی وەرچەرخان بوو هەموو ناوچەکەی بە گشتی گۆڕی.

ناوچەکەمان بوو بە مانشێتی ڕۆژنامە جیهانییەکان. زۆر لە کۆمپانیا جیهانییەکان دەستیان بە دانانی پلان بۆ کشانەوە لە ناوچەکە کرد. وەك چۆن لەم جۆرە ڕووداوانەدا باوە، شەپۆلێك ترس و تۆقین بڵاوبووەوە کاتێك هەواڵەکە بەر گوێی هەمووان کەوت، ئەوەبوو وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان داوایان دەکرد پارەکانیان لە بانکەکانمان بکێشنەوە بۆ دەرچوون لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە زووترین کات. چەند بەرپرسێك لە فڕۆکەخانەوە پەیوەندییان پێوە کردم داوای ڕێنماییان لێ دەکردم لەبارەی (سیولە)ی پارەوە کە لە فڕۆکەخانەکەوە دەچووە دەرەوەی وڵات و، پرسیاریان لێ دەکردم لەبارەی ئەوەی ئایە ئەو کارە ڕابگرن.

بگیرێت لەبەر ئەوەی وەڵامی من ئەوەبوو، نامەوێت کەس لە فڕۆکەخانە بگیرێت لەبەر ئەوەی با بڕۆن و ئێوەیش پیاوانی پارە لە وڵاتەوە دەردەکات، ئەگەر دەیانەوێت با بڕۆن و ئێوەیش پیاوانی گومرگ لەوە ئاگەدار بکەنەوە.

وەڵامیان دایەوە، بەڵام بانکەکانمان هەرەس دەهێنن.



هێزەکانی میرنشینەکان لەکاتی بەشداریکردنیان لە ڕزگارکردنی دەوڵەتی کوێت ـ ساڵی ١٩٩١

◆◆

**" کوێت بەشێك لە ژیانی زۆربەی هاوولاتییانمان بوو،**
**لە منداڵێتییان و، لە خوێندنیان لە فێرگەکانیدا،**
**لە چارەسەرکردنیان لە تیمارگەکانیدا،**
**تەنانەت لە ژیانی نابووریيان "**

◆◆

منیش گوتم: ئەمە ڕێنماییە بۆ ئێوە. ڕێ لە کەس مەگرن پارەی خۆی بباتە دەرەوە.

پاش چەند هەفتەیەکی کەم دوای ئەوە، هەمان ئەو کەسانەمان بینی بە پارەکانیانەوە بۆ دوبەی گەڕانەوە. ئەگەر هەوڵمان دابایەو ڕێگەمان لێ بگرتنایە، ئەو کات زۆرتر زەندەقیان دەچوو و پاڵمان پێوە دەنان لەو بڕوایەدا بن کە بانکەکانمان ناتوانن پارەکانیان بدەنەوە. دەمانتوانی بیسەلمێنین کە ڕەوش لە دوبەی نەگۆڕاوە.

لە وڵاتی خۆمان پێشوازیمان لە هەزاران لە ڕۆڵەکانی کوێتی برا کرد. هۆتێل و تەلارە نشتەجێکانمان لە بەردەمیاندا کردەوە، زۆر لە هاوولاتییەکانیشمان دەرگەی ماڵەکانی خۆیانیان لە بەردەمیاندا کردەوە.

بەندەرەکانمان بوون بە لەنگەرگەی کەشتییەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی (گەردەلوولی بیابان)، ئەو ئۆپەراسیۆنە

سەربازییەی کە هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە فەرماندەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ بۆ ڕزگارکردنی کوێت لە هێزەکانی عێراق دەستیان پێ کرد. فڕۆکەخانەی سەربازیمان دروست کردو بەندەرو ئەنبارەکانمان بۆ سوپاکان ئامادەکرد. بەندەری جەبەل عەلی پتر لە هەموو بەندەرەکانی دیکەی ناوچەکە پێشوازی لە کەشتییەکانی هاوپەیمانان کرد، چونکە گەورەترو ئامێرەکانی زۆرتر بوون.

◆◆

**"داگیرکردنی کوێت بە کشانەوەیەکی سەرشۆڕانەی هێزەکانی عێراق کۆتایی هات، بەڵام ئەوە کۆتاییەکە نەبوو، بەڵکو سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ناوچەکە، ناوونیشانی هەرەسهێنانی دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە بوو"**

◆◆

هەرچی هێزە سەربازییەکانمان بوون ئەکتیڤانە بەشدارییان لە پشتیوانیکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد لەپێناوی ڕزگارکردنی کوێتدا، بە خۆم چەند جارێك سەرم لە بنکەی ئۆپەراسیۆنەکانی بیابان دا. لە کارە پێشینەکانم لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژەنەراڵ نۆرمان شوارزکۆف فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، کە فەرماندەیی هێزێکی پتر لە ٩٠٠ هەزار سەربازی لە هێزەکانی هاوپەیمانان دەکرد، ئەوەبوو شێوازێك بدۆزمەوە قەوارەی زیان لەڕیزی خەڵکی سڤیلدا کەم بکاتەوە. گەلی کوێت یان گەلی عێراق حەزیان لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراقەوە

نەکرد، بەڵکو کارێکی ناشیرین بوو، منیش لەسەر ئەوە مکوڕ بووم گەل باجی ئەم گەوجایەتییە نەدات.

پاش ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سەرکەوتووانە سەدام ناچار بوو بکشێتەوە، هێزەکانی میرنشینەکان شکۆمەندی ئەوەیان بەرکەوت لە یەکەمین ئەو هێزانە بن کە لە پێناوی ڕزگارکردندا چوونە ناو کوێتەوە. کوێت چاکەی زۆری کردووە، ئەگەر شەڕ درێژەی کێشابایە ئەوە لە گیانی خۆمان و ڕۆڵەکانمان چی پێویست بووایە تا ڕزگارکردن پێشکەشمان دەکرد.



هێزەکانی میرنشینەکان لەکاتی بەشداریکردنیان لە ڕزگارکردنی دەوڵەتی کوێت . ساڵی ١٩٩١

پیاوانەترین هەڵوێست کە لەگەڵ شەڕی ڕزگارکردنی کوێت لە یادمە ئەوەبوو کە هێزە چەکدارەکان ڕایانگەیاند کە ئارەزوو دەکەن خۆبەخشان لە لاوانی نیشتمان خۆیان ناونووس بکەن. ڕووکردنە بنکەکانی سەربازگیری زۆر سەرسوڕهێنەرو دڵخۆشکەرانەو مژدەبەخش بوو بە گیانێکی نیشتمانیانەی بەرزەوە لەوەی دەوڵەتان لەکاتی تەنگژەکاندا پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی لەو تەنگژانە تێبەڕن و لەکاتی ئاشتیشدا بۆ بنیادنان.

داگیرکردنی کوێت بە کشانەوەیەکی سەرشۆڕانەی هێزەکانی عیراق کۆتایی هات، بەڵام ئەوە کۆتایی نەبوو، بەڵکو سەرتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ناوچەکەدا ناوونیشانەکەی هەرەسهێنانی دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکەو تەفرەتوونابوونی سوپا گەورەکانیان بوو. داگیرکردنی کوێت ئەو هەڵە مێژووییە گەورەیە بوو کە ڕوخساری ناوچەکەی تا هەتایە گۆڕی.

# 41
# کەس لە شەڕ قازانج ناکات



شێخ زاید بن سوڵتان لەگەڵ سەدام حوسێن . ساڵی ١٩٨٢

هێشتە لە یادمە کاتێک شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان عیراق و ئێران کۆتایی هات کە بتر لە یەك ملیۆن کوژراوی لێ کەوتەوە. کاتێک شەڕ لە شوێنێك دەست پێ دەکات، کۆتایی دێت ئەوە خێرا کۆتایی نایەت وەك لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات، بەڵکو قورسایی بۆ چەندان ساڵ هەر دەمێنێت، عیراقم بەم شێوەیە بینی.

لەو ماوەیەدا، سەرۆکی عیراق سەدام حوسێن لە لووتکەی ناوبانگیەتی و شکۆیدا بوو. هێشتە ئەو هەڵویستەم لەیادە کە لەنێوان من و ئەودا ڕووی دا، چونکە هەست و خودداریيەکانی خۆی بەرانبەرم بۆ شێخ زاید باس کردبوو؛ بەلای ڕۆژئاواد دەشکێنێتەوەو، مامەڵەی باش لەگەڵ عەرەب ناکات.

پاش ئەوە شێخ زاید داوای لێ کردم سەدام ببینم، خوا لێی خۆش بێت بەو شێوەیە ڕاهاتبوو هیچ بابەتێك بە هەڵپەسێرراوی نەمێنێتەوە کار لە پەرژەوەندییەکانمان بکات.

لە کۆبوونەوەیەکدا بە دیداری سەدام گەیشتم و دەمەتەقێی نێوانمان بە جۆرە موجامەلەیەك دەستی پێ کرد، پاشان گرنگترین ڕستەی سەدامم بیست، ڕاپۆرتێکم لایە ئاماژە بەوە دەکات کە بە چەند ڕێگەیەکی جیا جیا پارمەتی ئێرانت دەدا، ئەم جار ڕاپۆرتەکەی لە پێش دانام.

وەڵامم دایەوە، من پێویستم بە ڕاپۆرت نییە، ئەوەتە من لەگەڵتم، ئەگەر مەبەستت بارە چەك بێت ئەوە من بەرەو ڕووی هەر کەسێك دەبمەوە ئەوە بسەلێنێت، بەلام ئەگەر مەبەستت ئەو بارە خۆراکانە بێت ، ئەوە بەڵێ و،

پێویستمان بەو ڕاپۆرتانە نییە چونکە کەشتییەکانمان دەچێت بۆ ئەوێ و بۆ عێراقیش و ناتوانم هیچ شتێکی مرۆیی ڕابگرم ڕەوانەی گەلان بکرێت.

نیشانەی واق وڕمان بە ڕوخسارییەوە بەدی کرا، چونکە قسەکەم بوێرانە بوو، لەوە ڕاهاتبوو گوێ لەو شتانە بگرێت کە ئارەزوو دەکات گوێی لێ بگرێت. ڕەنگە وەڵامەکەم بەلای ئەوەوە لەناکاوی بووبێت، چونکە لای خۆیەوە بڕوای وابوو من لەو وێنەیە لاوازترم ئەو لە مێشکی خۆیدا بۆی کێشاوم. پاش ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بووین بە هاوڕێ.

◆◆

**" بە دیداری سەدام گەیشتم و دەمەتەقێی نێوانمان بە جۆرە موجامەلەیەك دەستی پێ کرد، پاشان گرنگترین ڕستەی سەدامم بیست، ڕاپۆرتێکم لایە ئاماژە بەوە دەکات کە بە چەند ڕێگەیەکی جیا جیا یارمەتی ئێرانت دەدا "**

◆◆

عێراق کوێتی داگیرکردو پردی پێوەندی نێوانمان هەرەسی هێنا. بەڵام لە جیهانی سیاسەتدا دەبێت بەردەوام تاڵەمووی (معاویە) بۆ کاتی تەنگژەکان بهێڵیتەوە.

پاش ڕزگارکردنی کوێت لە شوباتی ١٩٩١، کەنداو بە هەردوو لا تـرازووی سەرکەوتوو و دۆڕاوییەوە بریندار بوون. هەمووان زانی خۆیان دەناشت و چییان لێ ڕووخابوو نۆژەنیان دەکردەوە.

عیراق لە شەڕ ماندوو بوو، هەرچی سەرۆکی عیراق سەدام حوسێن بوو، کە کشابووەوەو دۆڕابوو، پڕ بە هەردوو چاوی خۆی تێر نەدەنووست.

لە سالی ٢٠٠٢ ئەمەریکاییەکان گەڕانەوە ڕۆژهەلاتی ناوین. ویستیان نموونەیەک بنیاد بنێن لەگەڵ بۆچوونیاندا بگونجێت، بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ کە بۆچوونی ئەوانی بەرانبەر بەناوچەکە گۆڕی و پێشینەکانیشی گۆڕین.

دەمزانی کە داگیرکردنی عیراق یەکێک لە ئامانجەکانی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی کوڕ بوو. هەوڵمان دا ڕازی بکەین عیراق داگیرنەکات. داوام لێکرد کۆشش و پارەکەی بۆ یارمەتیدانی گەلی عیراق وەبەربهێنێت بە دروستکردنی فێرگەو نەخۆشخانەو ڤیرتاوکردنی ڕێگەوبان. بەلام زانی کە بڕیاری دابوو هێزبەکاربهێنێت.

داوامان لە ئەمەریکاییەکان کرد هەلێکمان پێ بدەن بجوڵێینەوە. پاشان لێم پرسین، چیتان لە سەدام حوسێن دەوێت؟ هەستم کرد کە ناوچەکە بەرەو شەڕ هەنگاو دەنێت و ئامادەی ئەوە بووم شتێک بکەم لەپێناوی ئەوەی قایلیان بکەم گەلان جارێکی دیکە خۆیان لە شەڕ بەدوور بگرن.. گوتیان

دەیانەویت تیمەکانی پشکنین بچنە نـاو عـیراق و بـەدوای چـەکی کۆکوژدا بگەڕێن.

دەمزانی ئاکامەکانی شەڕ بەسەر ناوچەکەدا بە گشتی و بەسەر عیراقدا بە تایبەتی وێرانکارانە دەبێت، کۆشام قایلیان بکەم کە چەند سەرۆکێکی ئێمە دوورێزەکان بەڕێوەببەن، ئێمە عەرەبین و لە هەندێک لە ڕەفتارو نەریت و خوسڵەتەکانماندا لێک دەچین و دەزانین چۆن سەدام و هاوشێوەکانی سەدام بەڕێدەکەنەوە.

بڕیارم دا بـەخۆم بچـم بـۆ لای سـەدام. لـە دوبەیـەوە بۆ بـەحرەین سواری فڕۆکە بووم و لەوێوە بە کەشتی گەیشتمە بەسرە. لە یـەکێک لەو شوێنانەدا یەکتیمان بینی کـە پـەنای بـۆ دەبـردن. پاشـان دەمەتەقێیـەکی ڕوون و ڕاشکاوانەمان کـرد. باسـی هـەموو شـتەکانمان کرد کە لەگەڵ ئەو لەسەریان کۆک بووم، لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵ ئەو لەسەریان کۆک نەبووم، ئەوانـەیش زۆربوون. مۆتەکـەی شـەڕم بیرهێنایـەوە لە کاتێکدا دەمزانی من ئامۆژگاری پیاوێک دەکەم بەشێکی زۆری ژیانی خـۆی لـە شـەڕدا گوزەرانـدووە. زۆر ڕوون بوو کە ئەو شەڕی دژ بە ئەمەریکاییەکان نـەدەبردەوەو ئەگەر شتێک نـەکات بۆ خۆدوورخستنەوە لەو هێرشەی بەڕێوەیە، ئەو کات عیراق هەموو شتێک لە دەست دەدات. ویستم لۆژیک و دانایی لە قسەکردنم لەگەڵیدا بەکاربهێنم.

بە گوێوەم چرپاند، ئەگەر پێویستی کرد لەپێناوی عێراقدا واز لە دەسەڵات بهێنێت واز لە دەستەڵات بهێنەو، دوبەی دووەمین شاری خۆتەو بەردەوام پێشوازیت لێ دەکات.

سەیرێکی کردم و پاشان گوتی: بەڵام ئەی شێخ محەمەد من قسە لەبارەی رزگارکردنی عێراقەوە دەکەم نەك خودی خۆم. پاش ئەو قسەیەی لە دیدەنیدا گەورە بوو.

♦♦

**"پاش داگیرکارییەکە عێراق وەك ئەوسا نەمایەوەو ناوچەکەیش وەك ئەوسا نەمایەوەو لەمەڕ داگیرکاری هوشداریم دەدایە ئەمەریکاییەکان و پێیم دەگوتن سندووقە داخراوەکە مەکەنەوە "**

♦♦

ئەم دانیشتنە کە ڕاشکاوی و گرژی لەخۆگرت، نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاند، لەو ماوەیەدا سەدام چوار جار چووە دەرەوەو پرۆتۆکۆلی پێشێل کردو، هەر جارێك کە دەگەڕایەوە داوای قاوەی عەرەبی دەکرد، کە تا ئێستە تامەکەیەم لەیادە، بەر لەوەی درێژە بە قسەکانمان بدەین، ترس و تۆقینی خستبووە دڵی هەموو ئەوانەی لەگەڵمان ئامادەی دانیشتنەکە بووبوون، لەوانەیش عەبد حموود سکرتێری تایبەتی سەرۆکی عێراق، هەموو

جارێکیش کە دەچووە دەرەوە لە خوام داوادەکرد ئەم مەینەتییە تێپەڕێنین.
سەدام بۆ ماوەیەکی زۆر لە یەک شوێن دانەدەنیشت. لە بۆردومان دەترسا،
دەیزانی کە کەسێکی بە ئامانج کراوەو ژمارەیەکی زۆر نیشانشکێن چاوەڕێی
دەکەن.

دانیشتنەکە کۆتایی هات و پاشان بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکە لەگەڵم هات تا
دەرگەکەی بۆ کردمەوەو ماڵئاوایی لێ کردم. ئەمەیش کارێک بوو لێی
ڕانەهاتبوو بەپێی ئەوەی بیستم. سەفەری عەممانم کردو لەوێشەوە بە
فڕۆکە بۆ نیشتمانی خۆم گەڕامەوە.

لەو لووتکەیەی عەرەب کە لە سەرەتای ئاداری ٢٠٠٢ ڕاستەوخۆ بەر لە
داگیرکردنی عیراق لە شەرمولشێخ بەسترا شێخ زاید پێشنیازی کرد سەدام
پەنا بەر ئەبو زەبی بهێنێت لە هەوڵێکدا بۆ خۆدوورگرتن لەو تۆفانەی
بەڕێوەیە. کاتەکە درەنگ بوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایش
بڕیاری دابوو عیراق داگیربکات.

ئەمەریکا هات و بەریتانیایشی لەگەڵ بوو بەو هەموو سوپایەوە، پاشان
جارێکی دیکە عیراق جۆراوگەی خوێنی کەوتە ڕێ.

سەدام لە مەزەندەکانیدا هەڵەی کرد، چونکە مەزەندەی ئەوەی کرد کە
چاندنی ترس و تۆقین و بەکارهێنانی شمشێر باشترین شێوازە بۆ
بەڕێوەبردنی کارەکان. جا لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری بوون

لێی دەترسان، هەرگیز کەس نەیوێرا بە ڕاشکاوی باسی توانا ڕاستەقینەکانی سوپاکەی بۆ بکات. ئەوەیان بەباش دەزانی پاڵی پێوە بنێن بڕوا بەوە بکان توانای هەیە بەرانبەر بە ئەمەریکاییەکان شەڕ بکات. مرۆڤ ناتوانێت تا ماوەیەکی دوورودرێژ بە چەکی ترس فەرمانڕەوایی بکات، سەدام باجی ئەو بڕوایەی دا. بەڵام لەوە خراپتر ئەوەبوو کە گەلەکەی بەردەوام باجێکی گەورەی دا. بڕوامان نەدەکرد کە چەکی کۆکوژی هەبێت، وەك هاوپەیمانان وایان دەگوت. تەنانەت ژەنەراڵ کۆلن پاول کە ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو، دواتر داخ و پەژارەی خۆی بەرانبەر بەو وێرانکارییە دەربڕی کە ئەمەریکاییەکان لەکاتی داگیرکردنەکەدا بە عیراقیان گەیاند، ددانی بەوەیشدا نا کە پشکنەرەکان شوێنەواری هیچ چەکێکی کۆکوژیان نەدۆزییەوە. پاول ددانی بەوەدا نا کە پاساو هێنانەوە بۆ شەڕی دژ بە عیراق خاڵێکی ڕەش لە ژیانیدا پێکدەهێنێت و پەڵەیەکی ڕیسواییە لە کاروانی سیاسی ئەودا.

پاش داگیرکارییەکە عیراق وەك ئەوسا نەمایەوەو ناوچەکەیش وەك ئەوسا نەمایەوەو لەمەڕ داگیرکاری هوشداریم دەدایە ئەمەریکاییەکان و پێم دەگوتن سندووقە داخراوەکە مەکەنەوە، چونکە زۆر شتی لەناکاوی تێدایە.

عیراق ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی خۆی و دەیان دەیە پەرەپێدانی خۆی لەدەست دا، ئەمەریکاییەکانیش پتر لە یەك ترلیۆن دۆلارو بە هەزاران کوژراو زیانیان لێ کەوت، هاوکات ناوچەکەیش چەندان دەیەی پەرەپێدان و ئاشتی کۆمەڵیان لە دەست چوو، بۆیە چەندان گرووپ لە عیراق سەریان

هەڵدا ترس و تۆقینیان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوکردەوەو کەس لە شەڕ قازانجی نەکرد، تەواو وەك ئەوەی مێژوو بەردەوام ئاگەدارمان دەکاتەوە، کەس لە شەڕ قازانج ناکات و ناباتەوە.

# 42
# بەشار .. سووریا



لەگەڵ بەشار ئەسەدو عومەر شەریف لە تەدمور ـ سووریا ـ ساڵی ١٩٩٩

ئاو لە دیمەشقەوە دەست پێ دەکات.. لە هەر کوێ
بەرت دابنێیت جۆگەیەك دەکشێت
رۆژگاریش لە دیمەشقەوە دەست پێ دەکات و.. لەوێش
زمانان دەمێننەوەو ڕەچەڵەکان دەپارێزرێن

هەر لە منداڵییەوە تا گەورەبووم بەلای منەوە سووریا یەکێك لە گرنگترین وڵاتانی ناوچەکە بووە: سووریای شارستانیەت، سووریای عەرەبایەتی، سووریای سروشت و جوانی و مێژوو و ڕۆشنبیری.

دەڵێن تەمەنی شارستانیەت لە سووریا پتر لە هەشت هەزار ساڵە و، چل شارستانی لەسەر خاکی سووریا هاتوون و چوون و سەرەتای بە شارستانی بوونی ئادەمیزاد لە سووریاوە بووە بە دۆزینەوەی ئەلف و بێ و کشتوکاڵ. سووریا لە دڵی هەموو عەرەبێکدا زۆر هەستێکی زۆری هەڵگرتووە، چ هەستی خۆشەویستی بەرانبەر بە شارستانیەت و گەلەکەی بێت، یان هەستی خەفەت و بەزارە بەرانبەر بەو وێرانی و تێکچوونەی دووچاری بووە.

ئەم قسە دەڵێم و سەرەتای ئەوەدەکانم بیردەکەوێتەوە کاتێك بەشار ئەسەد سەری لە دوبەی دا. ئەو کات حافز ئەسەدی باوکی دەسەڵاتی بەدەست بوو. ڕەنگە لە ڕۆژانی کۆتاییدا بووبێت و پرسی دەسەڵات وەرگرتنی بەشار پرسی ڕۆژان بوو. ئارەزووم کرد دوور لە چاوی چاودێری و پیاوانی دەوروبەری کاتێکی زۆرترم لەگەڵی بۆ دەستەبەربێت.لەچوارچێوەی ئەو شاندەی یاوەری

مەناف تەلاسی هاوڕێی لەگەڵ بوو، کە دەکاتە کوڕی مستەفا تەلاس وەزیری بەرگری ئەو دەمەی سووریا.

داوام لە یەکێك لە پاوەرەکان کرد لەگەڵ شاندەکەی بەشار بڕوات لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەیان، لەکاتێکدا بەشار ئەسەدم بۆ ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆم برد کە بەخۆم لێم دەخوڕی. دوای کاروانەکە کەوتین و، لەقۆناغێك لە قۆناغەکانی ڕێگەی ناو شار داوام لە کاروانەکە کرد بەلای ڕاستدا بسووڕێنەوە، هاوکات بێ هیچ ئاگەدارکردنەوەیەك بەلای چەپدا سووڕامەوە.

لە ناوێنەی ئۆتۆمۆبیلەکەوە کاروانەکەم بینی فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد وەك چۆن داوام لێ کردبوون، چەند چرکەیەکی نەبرد ئۆتۆمۆبیلەکانم بینی خێرا ڕاوەستان. ئەو کات پیاوەکانی ئاسایشی بەشار دابەزین و خێرا بەرەو لای ئێمە ڕایانکرد، چونکە نەیانتوانی بە ئۆتۆمۆبیلەکانیان بسووڕێنەوە بە هۆی ئەو قەرەباڵغییەی ڕێگەکەی لێ گرتبوون. ئەوەندەی نەخایاند ئۆتۆمۆبیلەکەم و خۆمان لە چاویان بزربووین. وەك دەڵێن چرکەیەکی سینەمایی بوو.



لەگەڵ بەشار ئەسەد لە دوبەی. ساڵی ١٩٩٩

◆◆

## "گەلی سووریا کە توانیویەتی لەسەر خاکی خۆی چل شارستانیەت بنیادبنێت، دەتوانێت شارستانیەتیکی نوێش بنیاد بنێت"

◆◆

بەشار کە لە کورسیی تەنیشتمەوە دانیشتبوو لێی پرسیم: (ئەوە چی ڕوودەدات؟).
پێم ڕاگەیاند کە حەزم کرد دوور لە ڕێوڕەسمی فەرمی (دوبەی)ی پێ پێشان بدەم، تا لایەنی ڕاستەقینەی شارەکە ببینێت.

ڕوومان کردە کۆمەڵە سوپەرمارکتێکی گەورە، کە پێشوازی لە کڕیارانی سەرانسەری جیهان دەکات.

دابەزین و گەشتەکەمان لەناو کۆمەڵە سوپەر مارکتەکەوە دەست پێ کرد.

کەس بێزاری نەکردین، باسی تەکنەلۆژیاو ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە پەرەپێداندا کرد، چونکە بەشار سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی سووری بۆ داتاکان بوو. زۆر بەجۆش و خرۆش بوو بۆ وەبەرهێنانی تەکنەلۆژیا لەپێناوی خزمەتکردنی وڵاتەکەیدا، بۆی دووپات کردمەوە کە هەندێك گۆڕانکاری لە سووریا دەکات، ئەزموونەکە جێی سەرنجی بوو و، پێوەندییەکی باشم لەگەڵی پەیداکرد.

پاش چەند ساڵێك جارێکی دی سەری لە دوبەی دا، بەڵام ئەم جارەیان بە سیفەتی سەرۆك بەشار ئەسەد. لێی پرسیم: حکوومەتی دوبەی چۆن شارەکەی بەڕێوە دەبات؟ ئارەزوویەکی زۆری هەبوو کارگێڕی و حکوومەت لە سووریا پەرە پێ بدات.

زۆر لە بارەی (دوبەی) و دەروازە واڵاکردن و پێڕەوکردنی هزرێکی حکوومی قسەم بۆ کرد کە لە هزری کەرتی تایبەتەوە نزیکە، کە حکوومەت لای ئێمە بە ئەقڵییەتی کەرتی تایبەت بەڕێوە دەبرێت، چ لەڕووی خزمەتگوزاری و جۆری باشی ئەو خزمەتگوزارییە، یان لە ڕووی خەرجکردنی پارە بە شێوازێك زۆر کارامەیی لەخۆدەگرێت، یان لە چوارچێوەی پەرەپێدانی کادیران و دروستکردنی سەرکردەکان. پێم ڕاگەیاند کە هیواخوازین نموونەیەك بۆ جیهانی عەرەب دروست بکەین، بەڵام لە هەموو ئەزموونەکانی دیکەی عەرەب و جیهانیش فێردەبین و سوودیش وەردەگرین.

سەرۆك بەشار سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە هەموو ئەوە دەربڕی و، لە کۆتایی سەردانەکەدا ئەوپەڕی سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە ئەزموونەکەی نوێی دەربڕی و بۆی دووپات کردمەوە کە دەیەوێت لە سووریا دووبارەی بکاتەوە.

سەرۆك بەشار ئەسەد لەسەرەتای دەستەڵاتیدا هەوڵی دا هەندێك دەروازە بە ڕووی ئابووری سووریادا بکاتەوە، ئەوەبوو بواری بە بانکە بیانییەکان داو

ڕێگەی بە هاووڵاتییانی سووریا دا هەژمار بە دراوی بیانی لە بانکەکان بکەنەوە، هاوکات داوای لە وەبەرهێنەرانی بیانی کرد لە سووریا وەبەرهێنان بکەن. لە یادمە من شاندێکم نارد بۆ ئاگەداربوون لە هەلەکانی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە لەسووریا کە گەڕانەوەو چەندان بیرۆکەی باشیان هێنابووەوە.

پاش ئەوە بەشار لە جیهانێکی دیکەدا دەژیا، لەکاتێکدا وڵاتەکەی دەبینی لەناو زنجیرەیەك خوێن و وێرانکاریدا دەگوزەرێنێت، کە سووریای گرتبووەوەو تەڕو وشکی سووتاند و مێژوویەکی لەناوبرد تەمەنی هەزاران ساڵە.

بەرلە ماوەیەك ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانم لەبارەی زیانی شەڕ لە سووریا خوێندەوە، پتر لە ٤٠٠ هەزار کوژراو، زۆربەیان خەڵکی سڤیلن و پێنج ملیۆن پەنابەر لە دەرەوەی وڵات و، شەش ملیۆن ئاوارە لە ناوخۆو نزیکەی ٤٠٠ ملیار دۆلار زیان لەژێرخانی ئابووری.
هێشتە هیوادارم سووریا مێژوو و شارستانیەتییەتەکەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

هێشتە ئەو هیوایەم هەیەو هیچ گومانێکم نییە گەلی سوریا کە توانیویەتی لەسەر خاکی خۆی چل شارستانیەت بنیاد بنێت، دەتوانێت شارستانیەتێکی نوێش بنیادبنێت.

بڕوام وایە.

# 43

# کۆچی دوایی ڕاشد

لێیان پرسیم بۆچی شیعری لاواندنەوەم بۆ باوکم نەگوت؟

لاواندنەوەی باوك قەرزێکە، بەڵام چ قەرز

ئەی گازندەکاران چەندە دڵڕەقن

لەکوێ ئەو ئەقڵە بێنم یارمەتیم بدات؟



ئامادەبوونی شێخ زاید بن سوڵتان لە بەڕێکردنی تەرمی
باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ـ ساڵی ١٩٩٠.

دژوارترین چرکەسات ئەوەیە چرکەساتەکانی بەرپێکردنی خۆشەویستێک یادبکەیتەوە، بەرپێکردنی ئەو کەسەی بووەتە هۆی ئەوەی تۆ هەبیت، هۆی ژیانت، هۆی سەرکەوتنت، هۆی ئەوەی نیشتمانەکەت هەبێت کە تێیدا خێرو خۆشی ببینیت.

دوایەمین بۆنە شێخ ڕاشد بە شێوەیەکی ئاشکرا تێیدا دەرکەوتبێت ئەو ئاهەنگی پێشوازی کردنە بوو کە بۆ ئەندیرا غاندی سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی هندستان سازی دا، ئەویش لە مانگی ئایاری سالی ١٩٨١ بوو.

پاش ئەوە نیشانەی شەکەتی و ماندووبوونی لێ دەبینرا. ئەوەی شێخ ڕاشدی بناسیبایە دەیزانی بەخۆیەوە بوو، مێشکی باش بوو، شەکەت نەدەبوو، دەربەستی ماندوویەتی نەدەهات. نیوەڕوان تەنیا یەک کاتژمێر، یان کەمتر دەنووست، شەوانەیش نزیکەی پێنج کاتژمێر دەنووست.

ژیانی کارکردن و چالاکی و جموجوولی بەردەوام بوو، وتووێژی دەکردو تاوتوێی دەکردو بەدواداچوونی دەکرد. پیاوی سیاسەت و ئابووری و سەرمایەو کار بوو، پیاوی دانایی و، ئەندازیاری بنیادنان بوو، لە کۆڕەکەیدا پێشوازی لە نزیك و دوورو، هاوولاتی و لە دەرەوە هاتوو، هەژارو دەولەمەند دەکرد.

زۆرتر گوێی دەگرت و کەمتر قسەی دەکرد، بێ فیزبوو تا ڕادەیەك ئەو کەسەی بیانی بووایە نەیدەزانی فەرمانداره. لە یادمە لە سالی ١٩٦٦،

ئەندازیارانی کۆمپانیای نەوت هاتن بۆ نوسینگەکەی لە گومرک و دەیانویست چاویان بە فەرماندار بکەوێت تا مژدەی دۆزینەوەیەکی نوێی نەوتی پێ بدەن. مێزێکی تەختەداریی بچووکی هەبوو زۆر کاغەزو دۆسیێ لەسەر بوو. دانیشتبوون باسی دۆزینەوە گەورەکەیان بۆ دەکردو گرنگی ئەو دۆزینەوەیان بۆ ڕوون دەکردەوە. پاشان دوای ماوەیەك پرسیاریان لێ کرد کەی شێخ ڕشدی فەرماندار دێت تا بیبینن و بە خۆیان پێی بڵێن. پێی گوتن: من ڕشدیم. سەرەتا بڕوایان نەکرد، تا بۆی دووپات کردنەوە، پێکەنین و ئەویش لەگەڵیان پێکەنی.

◆◆

**"دژوارترین چرکەسات ئەوەیە چرکەساتەکانی بەڕێکردنی خۆشەویستێکت یادبکەیتەوە، بەڕێکردنی ئەو کەسەی بووەتە هۆی ئەوەی تۆ هەبیت، هۆی ژیانت، هۆی سەرکەوتنت، هۆی ئەوەی نیشتمانەکەت هەبێت"**

◆◆

لە ئایاری ١٩٨١ شەکەتی شێخ ڕاشد دەرکەوت و ماندووبوونی زۆر بە ئاشکرا لێ بەدی دەکرا. پێشنیازمان بۆ کرد بچێت لە ناوچەی چیایی (حەتتا) پشوو بدات تا چوست و چالاک دەبێتەوەو، کەمێک لە خەڵک دوور بکەوێتەوە، بیرۆکەکەی بە پەسەند زانی، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئەوێی پێ خۆش نەبوو دوور لە هەراو هوریای دوبەی و جووڵەو بزاوتی بەردەوام، ئەو بزاوتەی کە بەخۆی لە ڕێگەی پرۆژەکانییەوە دروستی کردبوو کە ڕاناوەستێ، بۆیە گەڕایەوە دوبەی. لە ڕێگەی گەڕانەوەدا لەناکاو تەندروستی تێکچوو، ئێمەیش بۆ کۆشکێکی (زەعبیل)مان گواستەوە.

هەواڵی نەخۆش کەوتنی شێخ ڕاشد خێرا بە ناو هاووڵاتییاندا بڵاوبووەوە بۆیە پێوەندییەکی زۆری بەزەیی نواندن و خۆشەویستی نواندنمان پێوە کراو، نیگەرانیی خەڵک بەرانبەر بە باوکی دوبەی نوێ و ئەندازیاری دوبەی زیاتر بوو، ئەو پیاوەی کە لەگەڵ زاید ئەو دەوڵەتەی دروستکرد کە خەڵکی پاش شەکەتی و کولەمەرگی لە سایەیدا بەخێرو خۆشی ژیان دەگوزەرێنن. ئەوەندەی پێنەچوو چەند ڕۆژێک نەبێت شێخ ڕاشد تەندروستی باش

بووەوە لەلایەن شێخ زایدی برای و فەرماندارەکانەوە بۆ دڵنیابوون و هەواڵپرسینی تەندروستیی پێوەندی تەلەفۆنی پێوە دەکرا.

پاش ئەوە پێشنیازمان کرد شێخ ڕاشد بچێت بۆ لەندەن بۆ ئەوەی پشکنین بکات و چارەسەر وەربگرێت. لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨١ گەیشتە لەندەن. پاش چەند کاتژمێرێك دوای گەیشتنی مارگرێت تاچەری سەرۆك وەزیرانی ئەو دەم سەری لێ دا تا لە ڕەوشی تەندروستیی دڵنیا بێتەوە. پێش ئەوەیش شاژن ئەلیزابیس چەند جارێك پێوەندی پێوەکردین تا ئەویش لای خۆیەوە لە تەندروستیی دڵنیا بێت.



لەکاتی نوێژی مردوو لەسەر گیانی خوالێخۆشبوو شێخ ڕاشد بن سەعید - ساڵی ١٩٩٠.

پزیشکەکانی سەرسوڕماو کرد. زۆر شێخ ڕاشد زوو چاك بووەوەو بە هیوای بەخششی زۆرترو کاری بەپەرۆشەوە بوو بۆ دوبەی بگەڕێتەوە، زۆرتر بوو.

وێڕای باشبوونی تەندروستیی باوکم، بەڵام کۆچی دوایی دایکم لە ساڵی ۱۹۸۳ زۆر کاری تێکردو، پاش ئەو غەم و پەژارە بوون بە هاودەمی، غەمگینی بەردەوام لە چاویدا دیاربوو کەس پێی نەدەزانی ئەو کەسە نەبێت کە مۆرکی ئەو پێوەندییەی دەزانی کە لە ماوەی پتر لە چل ساڵدا پێکەوەی گرێ دابوون.

کۆچی دوایی شێخە لەتیفە هۆکاری سەرەکی تێکچوونی تەندروستیی بوو پاش ئەوە، وەك بڵێیت دوو گیان لێك جودابوونەوە. لەگەڵ کۆچکردنیدا شتێکی ئەمی لەگەڵ خۆی بردبوو، شتگەلی زۆرتریشی بۆ ئەم بەجێ هێشتبوو. خوشکەکانم تا سێی نیوەڕۆ لە تەنیشت جێگەکەیەوە بێدار دەبوون، پاش ئەوە پێشوازی لە هەندێك لە کەسە نزیکەکانی دەکرد.
لە ساڵی ۱۹۹۰ تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵەی تەواوکرد. وێڕای ڕواڵەتی لاوازی کە پێوەی دەبینرا، بەڵام مێشکی باش کاری دەکردو بیرکردنەوەی بەهێزبوو، قسەکانی پڕ لە پەندو دانایی بوون و، ڕوانینەکانیشی بیرکردنەوەی قووڵیان لەخۆدەگرت. لە دوایەمین ڕۆژەکانیدا زۆری حەز لەوە دەکرد لە بالکۆنێکی کۆشکی زەعبیل دانیشێت و لێوەی سەیری دوبەی بکات، شارە پێشکەوتووەکەی ببینێت کە بە ئارەقەی خۆی بنیادی ناو بە هزرو بیرەکانی ئەندازەی داناو، شەوو ڕۆژانی خۆی لە پێناودا کردە قوربانی.

لە کاتژمێر دەی ئێوارەی یەکشەممە حەوتی تشرینی یەکەمی ۱۹۹۰ ڕاشد گیانی سپاردو چووە بەر دلۆڤانی یەزدان و، بەهێوری و لەسەرخۆ کۆچی کرد و دنیای بەجێ هێشت. بەکۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر دڵان شکان و فرمێسکێکی زۆریش ڕژان. زۆر کەس بڕوایان نەدەکرد ڕاشد کە بە درێژایی پتر لە سی ساڵ باوکیان بوو، کۆچی کردبێت. دژوارترین کۆچکردنیش کۆچی باوکە.



لەگەڵ هەردوو برام شێخ مەکتووم و شێخ حەمدان بن ڕاشد لە پرسەی باوکم شێخ ڕاشد بن سەعید ـ ساڵی ۱۹۹۰.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە تەرمی لە دەستچووی نیشتمان شێخ ڕاشد، خوا گۆڕەکەی پڕ بۆن و بەرامە بکات، بەڕێ کرا. شێخ حەمدانی برام ئەو ئۆتۆمۆبیلەی لێدەخوڕی کە تەرمەکەی لەسەر بوو، لە کاتێکدا شێخ زایدی باوک لەناو دووەمین ئۆتۆمۆبیلدا بوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمۆبیلدا کە چەندان دڵیان تێدا ئێش و ژانێکی زۆر دەیگوشین.

کاتێك گەیشتینە گۆڕستانەکە، من و برام شێخ حەمدان تەرمە پیرۆزەکەیمان بەرزکردەوە تا لە دوایەمین کڵکۆی دانێین، لەناو هەزاران لە ڕۆڵەکانی دوبەی و ڕۆڵەکانی میرنشینەکان لەوانەی لە بەڕێکردنیدا بەشدارییان کرد و بۆی گریان و چەندان لاپەڕەی مەزنی کتێبی دەستکەوت و کردەوەکانیان بیردەهێنایەوە.

زۆر کەسم بینی لەوانەی بۆ ڕاشد گریان: ئەوروپایی و، ئاسیەوی و، خەڵکی ئەفریقیا و ئەمەریکایی، لەوانەی هاتن بۆ دوبەی و بوون بە خەڵکی شارەکەو، بوون بە بەشێك لە شارەکەو بەشداری ئەزموونە مەزنە مرۆییانەکەی ڕاشدیان کرد کە هەموو ئەوانەی لە دوبەین هەمووی بێ جیاوازی کردن لە نێوان ڕەگەز، یان ڕەچەڵەك، یان ڕەنگ، یان ئایین لە سایەی یەك سەیواندا تواندەوە، ئەوانیش ئاسوودەو دڵنیا لە خۆیان و سامانەکانیان تێیدا ژیان و ئایندەی خۆیان و ئایندەی منداڵەکانیان تێدا بنیادنا.

ە نیویۆرك كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەككگرتووەكان یەك خولەك بێ دەنگ
ماتەمینی بۆ گیانی پاکی ڕاشد ڕاوەستاو ئاژانسەكانی دەنگوباس بە
ستایشكردنێكی زۆری ئاڤیكردنەوەكەی لە بنیادنانی پەرجوویەكی
پەرەپێدان لە دوبەی بڵاوكردەووە.

كاتێك فرمێسكم بە چاوی كرێكارە ساكارەكانەوە بینی، دەركم بەوە كرد كە
ئاڤیكردنەوەكەی شێخ ڕاشد بەر دڵی هەمووان كەوتووەو بوون و گەشتەكانی
بەیانیانی تەنیا بۆ بەسەركردنەوەی پرۆژەكان نەبووە، بەڵكو تەنانەت لەگەڵ
كەسانی ئاساییدا بووە، هەروەها شوێن پەنجەی كە لەسەر هەموو بەردو
كۆنەیەك لە دوبەی بەجێی هێشتووە كە بەخۆی سەرپەرشتیی دروستكردنی
كردووە تا هەتایە لە یادی وڵاتەكەی و گەلەكەیدا دەمێنێتەوە.

# 44
# دوبەیم لە ئەفریقیا دەوێت



لەگەڵ موعەممەر قەزافی - ساڵی ٢٠١٠

زۆرن ئەو سەرکردانەی بە (دوبەی)دا تێپەڕیون و هیوایان خواستووە وڵاتەکانیان وەك دوبەی بێت. زۆرن ئەو بەرپرسانەی کە ویستیان نموونەی دوبەی لە پەرەپێدانـدا پێڕەو بکەن. زۆر کەس پێوەنـدییان پێوە کـردم و لەگەڵ زۆر کەسدا کۆبوومەوە لەوانەی هیوایان خواست ئـەزموونی دوبەی لە وڵاتەکانیان دووبارە بکەنەوە. بەڵام زۆربەیان قسەکانیان لـە چوارچێوەی هیواخوازی و بریاخوازیدا بوو ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەوەدا هەیە هیوای شتێك بخوازیت و لە نێوان ئەوەی کار بۆ بەدیهێنانی هیـواو ئاوات و خەونەکانت بکەیت. ڕووبەرێکی بەرین لەنێوان هیواخوازی و واقیعدا هەیە، ڕووبەرێك پێویستت بەوەیە بە سووربوون و نیازو بەدواداچوونی زۆر بڕی بکەیتەوە، ڕووبەرێك پێویست بە پلان و سەرمایەو پیاوان دەکات، ڕووبەرێك پێویست بەکاری بەردەوام دەکات.

لە دوبەی ڕۆژم لـە کاتـژمێر شەش دەست پـێ دەکـەم. هەموو پرۆژەکانم دەزانم. بەدواداچوون بۆ هەموو پلانەکانم دەکەم. لەگەڵ پرۆژەکاندا پیاوان و سەرکردە بنیاد دەنێین تا تەواویان بکەن و درێژە بە کاروانەکەی بدەن و بە جیهانیبوونی بگەیەنن. هەموو ڕۆژێك دەستەڵات بە لاوان و کچان دەدەین کە دەکۆشین توانا پەیدابکەن وڵاتەکەیان بەڕێوەببەن و بەشداری تێدا بکەن. چاوپۆشی لە گەنـدەڵی ناکەین، بەرانبەر بە سەروەری یاسا کەمتەرخەمی ناونێنین، لـە جێبەجێکردنی پلانەکانمان کـە دەستمان پـێ کـردوون ناونێنین، لـە جێبـەجێکردنی پلانـەکانمان کـە دەسـتمان پـێ کـردوون ناونێنین، بەم شێوەیە دوبەی ئەمرۆ بنیاد دەنێین، دەروازەی کەمتەرخەمی ناونێنین.

ئەزموونەکەیشمان بۆ هەر هەموو گەلێك و هەموو حکوومەتێك لەسەر پشتە
بۆ ئەوەی بە تەواوەتی کۆپی بکات.

هەندێك جار پرسیارم لێ دەکەن، ئایە لە کێبەرکێ ناترسیت؟ بەردەوام وەڵامم ئەمەیە: ئەگەر جیهانی عەرەبیمان دە شاری وەك دوبەی لێ بێت ئەوە ئێمە زۆر باشین. کاتێك دوبەی لە ناوچەیەکی پێشکەوتووی پەرەسەندوو بێت، پەرەسەندن و پێشکەوتن دووچەندان زیاددەکات. دوبەی پێویستی بە شارگەلێکی دەستە خوشکی بەهێز هەیە دەست بخەنە ناو دەستی دوبەیەوە بۆ ئەوەی پەرجووگەلی جیهانیانەی نوێ بەدی بهێنن، بەم شێوەیە سەیری کێبەرکێ دەکەین. ئەگەر ئابووری ناوچەکە باشتر بوو و داهاتی تاکی تێدا بەرزبووەوەو ژمارەی خوێندەواران و بەهرەدارانی تێدا بەرزبووەوە، ئەو کات دوبەی دەیان جار باشتر دەبێت.

ئەم قسەیە دەکەم و پێوەندییەکی تەلەفۆنی موعەممەر قەزافی سەرکردەی کۆچکردووی لیبیام بیردەکەوێتەوە، کە ڕۆژێکیان پێوەندی پێوە کردم و پێی گوتم دەیەوێت دوبەیەکی نوێ لە لیبیا دروست بکات ببێتە پایتەختی ئابووری بۆ کیشوەری ئەفریقیا.

پاش داگیرکردنی عیراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ گەڕان بە دوای چەکی کۆکوژدا کە گوتبووی گوایە سەدام حوسێن ئەو چەکانەی هەیە، موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبیا لە دەستپێشخەرییەکەدا لەبەردەم جیهاندا گوتی لیبیا بەرنامەی ئەتۆمی هەیەو داوا دەکات هەموو

پەرستەو ئامێرەکانی بەرنامەکە لەناو ببرێن کە دەبنە هۆی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژو، ئایندەمان بۆ گەشەسەندنی زانستی و پەرەسـەندنی تەکنـەلۆژی کردووەتـەوەو وەك دۆسـت دەسـتمان بـۆ سەرکردەکانی دیکە درێژکردووەتەوە.

من یەکێك لەوانە بووم کە داوای یارمەیت لێ کردم،، داوای یارمەتی لێ کردم (دوبەی)ـەکی نوێ لە لیبیا دروست بکرێت، ئەویش بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئارەزووی هەیە دەروازی بەسەر جیهاندا والآ بکات.

(محەمەد قەرقاوی)م نارد بۆ لیبیا کە ئەو دەمە سەرۆکی نووسینگەی جێبەجێکارم بوو، پاش دوو ڕۆژ دوای گەیشتنی پیاوانی قەزافی لەگەڵ خۆیان بۆ بارەگای سەرۆکی لیبیایان برد لە بابول عەزیزییە لە تەرابلوس. پاش چاوەڕوانی، بردیانە ژوورێکی گەورەوە قەزافی بینی لەوێ لەبەردەم مێزێکدا دانیشتووەو بەشێوەیەك سەیری ئینتەرنێت دەکات کەم شارەزایی و سینگ دەرپەڕاندنی پێوە دیارە.

قەزافی دەستی بە قسە کردو گوتی: من زۆر سەرسامم بەوەی شێخ محەمەد بە (دوبەی)ی کردووەو دەمەوێت هەمان شت بە لیبیا بکەم و داواتان لێ دەکەم وەبەرهێنان لە لیبیا بکەن و داوای شارەزایی ئێوە دەکەم لە بەدیهێنانی ئەم خەونە نوێیە بۆ گەلی لیبیا.

◆◆

- گەلی لیبیا زاناو بەهرەدارو بزنسمان و بنیادنەر و توێژەرو پزیشك و ئەندازیارانی هەیە. ئەوان تەنیا پێویستیان بە ژینگەی گونجاوە تا تواناکانیان بخەنە گەڕ"

◆◆

داوای کرد تەرابلوس، بە تایبەتی فرۆکەخانەی (معیتیقییە) بکات بە پایتەختی شارستانی بۆ ئەفریقیا، خۆی بەشێوەیەك پێشان دا کە نە لە مێژوو و نە لە ڕووداوەکان ئاگات و، تیمێك لە چواردەورین ڕاستییەکانی لێ دەشارنەوە، ئەویش یان لە ترساندا، یان لە ئارەزووەوە. ئەگەرچی من ئەگەری یەکەم بە ڕاست دەزانم. قسەکانی دوورودرێژو بێ واتا بوون. گوتی: بە هیچ دەوڵەت و بە هیچ سەرۆکێك سەرسام نەبووە. ڕای خۆی بە شێوەیەکی دەمارگیرانە دەردەبڕی نەتوانیت بەرپەرچی بدەیتەوە. قسەکانی قسەی سەرکردە نەبوون.

ڕاپۆرتەکەی محەممەد قەرقاویم پێگەیشت، ئەو کات بڕیارم دا بەخۆم بچم. بە فرۆکە بەرەو تەرابلوس بەڕێ کەوتم، شارێکی جوان لەناو دڵی مێژوودا باڵی داوەتەوە. وەك لێی ڕاهاتووم کاتێك سەر لە شارەکان دەدەم بە باشتری دەزانم خۆم بە تەنیا، یان لەگەڵ گرووپێکی زۆر بچووکدا پێیدا بسووڕێمەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر پەی پێ ببەم دوور لە پاسەوانی و پرۆتۆکۆڵ

كه واقیعەت لێ دەشارێتەوەو لەوەت دوور دەخاتەوە شارەكە بێ مكیاژ ببینێت.

یەكەمین ڕۆژ چووین بۆ شارە كۆنەكە. شارێكە پاڵت پێوە دەنێت هەست بە خەفەت و غەمباری بكەیت. چۆن وڵاتێك ئەم هەموو سامانەی هەبێت بەم شێوەیە بێت؟ ناوەڕۆ بەناو ڕێگەكاندا، زبڵ و خاشاك لێرەو لەوێ فڕێ دراون، تەنانەت دوبەی لە پەنجاكاندا كاتێك داهاتەكان سنووردار بوون و ناویش كەم بوو و خەڵكیش بێ كارەبا بوون هەرگیز بەم كولەمەرگییە نەبوو.

پاشان سەرم لە قەزافی دا لەناو خێوەتەكەی لە شاری (سرت)، وەك جاری پێشوو بە درێژایی كات هەر خۆی قسەی كرد. ئێوارەی ئەو ڕۆژە ڕوومان كردە گۆڕەپانێكی پڕ لە ئاپوورەی تەرابلوس. بەڵام ئەو ڕووداوە كوت و پڕەی كە چاوەڕێی دەكردین ئەوەبوو كە یەكێكیان خەڵكەكەی ئاگەداركردەوە كە ئێمە لەوێین، ئەو كات بە شێوەیەكی هستیریانە چوار دەوری ئۆتۆمۆبیلەكەیان داین و بە سۆزی زۆر گەرم و گوڕەوە پێشوازییان لێ كردین بەهۆی پاڵەپەستۆیان ئۆتۆمۆبیلەكە هاوسەنگی خۆی لە دەست دا. چەند جرکەیەكی نەخایاند هەستم كرد ئۆتۆمۆبیلەكە كە لە ناویدا بووین خەریكە لە عەرد بڵند دەبێتەوە. هەستمان بە نیگەرانی كرد لەم پاڵەپەستۆیە، تەنانەت ئەگەر بۆ پێشوزای، یان بەهۆی سۆز خرۆشاندنەوە بێت. بەهۆی دەنگە دەنگی بڵندەوە نەمتوانی قسەیان لەگەڵ بكەم، ئەو كات پاسەوانەكان بەخۆكەوتن و خەڵكەكەیان بە شێوەیەكی توند دوورخستەوە. هەرگیز ئارەزووم نەدەكرد بەو شێوەیە دووربخرێنەوە.

باش ئەوە قەزاق ویستی ناوچەی (الجبال الأخضر، واتە چیای سەوز)م لە باکووری رۆژهەلاتی تەرابلوس پیشان بدات، لەو شوێنەی هەندێک شوێنەواری مێژوویی گریکی لێیە. لەگەڵ سەیفول ئیسلام قەزاق، کوڕی سەرکردە و عەبدوڵلا سنۆسی کە سەرۆکی ئاسایشی ناوخۆو هەوالگری سوپا و نزیکی قەزاق بوو، کە بەوە ناسراوە پیاوێکی توندو ڕوو درژ بوو، سواری فرۆکەیەك بووین.

فرۆکە فڕی و پاش ئەوەی لە ئاسمان ڕاست بووەوە سنۆسی ئاوڕی لێ دایەوەو گوتی ئەوە یەکەمین جارە لەماوەی چەند ساڵێکدا سواری فرۆکە دەبێت. لێم پرسی: بۆچی؟ وەڵامی دایەوە، لەبەر ئەوەی بە ئامانج کرابووم و لەوە دەترسم ئەو فرۆکەیە بکرێتە ئامانج کە سواری دەبم. بێ دەنگ بووین لەکاتێکدا بیرمان لە ئاکامەکانی قسەکەی دەکردەوە، ئایە ویستی ئەمە یەکەمین ئەزموونی بێت لەگەڵمان؟

سەیوفول ئیسلام قسەی کرد، پێدەچوو لە باوکی ئاگەدارترو هیواخوازتر بێت. قسەی کردو گوتی: زۆرم بیر لە جۆری ئەو ئابوورییە کردەوە کە باوکم پێڕەوی کرد، چونکە نە سۆسیالیستی بوو، نە کۆمۆنیستی بوو، تەنانەت نە سەرمایەداری بوو. پاشان درێژەی دایە: لەگەڵی قسەم لەبارەی گرنگی ئەوەوە کرد کە زەوی بە گەل بدرێتەوەو بەشێوەیەکی فرەوانتر دەروازە بەڕووی جیهاندا بکەینەوە.

ـەردانەکە کۆتـایی هـات و خۆشەویـستی گـەلی لیبیا لـە دڵمانـدا مایـەوە. هیوامـان خواسـت یارمـەتیی بـدەین. بـەڵام ڕەوشـەکە لـەبار نـەبوو. پـاش ماوەیەك لە وتووێژکردن لەبارەی پرۆژە نوێکە کشاینەوە، پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت کە لـە بازنەیـەکی داخـراودا دەخولێینـەوەو هـەوری گـەندەڵی بـاڵی بەسەر کەشەکەدا کێشاوەو ئێمە دەبین بە پڕوپاگەندە لەناو سیستمی ڕیکلام کردنەکەیدا.

عێراق گۆڕانکاری نەدەویست، ئـاواتی دەخواست گۆڕانکاری بکات. گۆڕانکاری پێویست بە وتاردان ناکات، بەڵکو پێویست بە دەستکەوتان دەکات. گۆڕانکاری ناشێت لەگەڵ قەوارەی ئـەو گەندەڵییـەدا ڕوودەدات کە لـەکاتی وتووێـژەکانی تیمەکـەم لەگـەڵیان بـەدیمان کـرد، گۆڕانکـاری پێویـستی بـە ژینگەیـەکی ڕاستەقینە هەیـە، تـەنیا گـەل دەتوانێت گۆڕانکاری بەرەو باشتر بکات، بۆ ئەوەی محەمەد ڕاشد بێت بۆ لیبیا، تەنیا ژینگەی گونجاوی بۆ دروست بکەو ئەویش وڵاتەکەت بۆ بنیاد دەنێت. گەلی لیبیا زاناو بەهرەدارو بزنسمان و بنیادنەر و توێژەرو پزیشك و ئەندازیارانی هەیە، ئەوان تەنیا پێویستیان بە ژینگەی گونجاوە تا تواناکانیان بخەنە گەڕو گۆڕانکاری ئەرێنی بکەن.

جارێکیان بۆ سـەرکردەیەك نموونەیـەکم لە ڕۆڵی حکوومەتـەکان هێنایـەوە، لێم پرسـی: ڕۆڵـی پۆلیسی هاتوچۆ چییە کە لـە ناوەڕاسـتی چوارڕیانێکی قەرەباڵغدا ڕاوەستاوە؟ وەڵامـی دامـەوە: ئاسانکردنی جووڵەی ئۆتۆمۆبیلەکان کە لە هەموو ئاراستەکانەوە دێن و دڵنیابوون لەوەی ڕووداو ڕوونەدات.

پێم گوت، چ دەڵێیت ئەگەر جوولەی خەڵکی بە هەموو ئاراستەکانی قەدەغەکرد، تەنیا بۆ دۆست و خزمەکانی نەبێت؟ پێی گوتم: سەرنەکەوتوو و گەندەڵەو، ڕۆڵی خۆی نابینێت.

پێم گوت، حکوومەتەکان پۆلیسی هاتوچۆن و ڕۆڵیان ئاسانکردنی جوولەی زیانە لەبەردەم ئەو خەڵکەی بەڕێوەن تا ئایینـــدەو نیشتمانەکانیان بنیادبنێن.

بەداخەوە ناوچەکەمان گیرۆدەی دەستی ژمارەیەکی زۆر پۆلیسی هاتوچۆی سەرنەکەوتوو بووە.

# 45
# کۆچی دوایی زاید

خەڵك دوو جۆرن، هەن لە ژیاندا مردوون

هەشن لەژێر خاکدا زیندوون



تەرمی خوا لێی خۆش بێت شێخ زاید بن سوڵتان

جیرۆکەی ص٤ بەرۆژی شەوەنگتای زاید بۆ

خەلك دوو جۆرن، ژیان پێویستی پێ نییەو، ژیان پێویستی پێیەتی، زاید بێ سوڵتان جۆری دووەمە، ژیانێکی دیکەی خستە پاڵ ژیانی خۆی ئەویش ژیانی گەلیکەو، زیندووکردنەوەی نەتەوەیەکی خستە سەر کاروانی ژیانی خۆی و، بە دانایی و تێگەیشتوویی سوودی بە ملیۆنان خەلك گەیاند.

زاید فێری کردین چۆن دەشێت مرۆڤ لەناو دڵان و مێشکاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە، زاید فێری کردین چۆن دەشێت مرۆڤ لە ژیان و لە مردندا بەرز بمێنێتەوە.

زۆر یاوەری زایدم کردووەو، زۆر شتیشی لێ فێر بوومە. لێوەی فێری گەڕان بەدوای ڕووبەری کۆکی، نەك ناکۆکی بوومە، گەڕان بە دوای ئاییندە نەك ڕابوردوو، گەڕان بە دوای هۆکارگەلێك یەکمان بخەن و بەهێزمان بکەن و بڵندمان بکەنەوە، زاید بەم شێوەیە بوو لە کۆششەکانیدا بۆ کۆکردنەوەی یەکرێزی میرنشینەکان، ئەگەر دانایی ئەو نەبووایە ڕەنگە میرنشینەکان میرنشینەکان نەبووایە.

زاید یەکەمین فەرمانداری میرنشینەکانە، یەکەمین دامەزرێنەرە، یەکەمین کەسە یاساو ڕێساکانی دارشتووە، یەکەمین کەسە بەردی بناغەی بنیادنانی داناوە. زاید لە هەموو شتێکدا یەکەمەو، یەکەمین کەسیشە بەردەوام جیاوازتر خۆش ویستراوەو بلەو پایەیەکی جیاوازی هەیە، شوێنی لەناو دڵاندایە، چ شوێن.

زاید هەر لە ساڵی ١٩٤٦ەوە فەرمانداری (عەین)ی کرد کاتێک تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو. هۆزەکان خۆشیان ویست و، پیاوانیش لە چواردەوری کۆبوونەوەو، کاروانی ژیانی لە ناوجەرگەی بیابانەوە دەست پێ کرد. بە دەستی خۆی لەگەڵ بەدووەکاندا بیری ئاوی هەڵکەندو، بەخۆی لەگەڵیان جۆگەڵەی هەڵکەند، دەگمەنی ئاوو پارە کۆسپیان بۆ دروست نەکرد. یەکەمین فێرگەو یەکەمین بازاڕو یەکەمین نەخۆشخانەو یەکەمین تۆڕی ڕێگەوبانی نوێی بۆ دروست کردن. بەردەوام یەکەمە. خەڵك لەوێ خۆشیان ویست چونکە لەگەڵیان لەسەر عەرد نانی دەخواردو، وتووێژی لەگەڵ دەکردن و ڕاوێژی پێ دەکردن و بە دەستی خۆی کاری لەگەڵ دەکردن. زاید لە کاروانی ژیانیدا بێ فیز زلی و بێ لووت بەرزییەکی ساختەکارانە لە ساکاری (عەین)ەوە دەستی پێ کرد، بۆیە لە چەسپاندنی فەرمانڕەواییەکەی و داناییەکەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەدرێژایی پتر لەنیو سەدە لە ژیانی کە بە نیشتمانەکەی بەخشی.

◆◆

**"زۆر یاوەری زایدم کردووە. لێوەی فێری گەڕان بەدوای ڕووبەڕی کۆکی، نەك ناکۆکی بوومە، گەڕان بە دوای ئایینده نەك ڕابوردوو، گەڕان بە دوای هۆکارگەلێك یەکمان بخەن و بەهێزمان بکەن و بلندمان بکەنەوە، کە میرنشینەکانە"**

◆◆

ساڵی ١٩٥٢، بە ١٢ ساڵ پێش ئەوەی فەرمانڕەوایی ئەبو زەبی بکات، شێخ زاید گەشتێکی کرد هەر لە یەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەرەنسا و سویسراو میسر و عیراق و هندستان و وڵاتی دیکەی گرتەوە. لە گەشتەکەی بە بڕوایەك و خەونێك و نیازێکەوە گەڕایەوە، بڕوای ئەوەی کە گەلەکەی شایەنی ئەوەیە وەك ئەو گەلانە بژێت و، خەونێك ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتێك بنیادبنێت لەو دەوڵەتانە بچێت و، نیازێك کە تا دواهەناسە لەو خەونەی ڕانەوەستێت.

خوا لێی خۆش بێت دەستی بە دیهێنانی خەونەکەی کردو، بێ ئەوەی بێزار بێت بەردەوام بوو، تا ساڵی ٢٠٠٤ تا ئەو کاتەی هەناسەی ڕاوەستاو، هێشتە دەستکەوتەکانی ماون و هەناسە دەدەن تا ئەم دەوڵەتە مابێت.

هاوکات له زۆر دیدارو کۆبوونەوەو تەنگژەکاندا یاوەری زایدم کردووە. ئەگەر بمەوێت بە وشـەیەك وەسـفی بکـەم ئـەوە وشـەی (دانایی)یـە، دانـاییش گەنجینەیەکی مەزنەو خواوەند بە کام بەندەی خۆی بوێت پێی دەبەخشێت، (وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا).



سەرانی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو، دامەزرێنەران
لە دوبەی ـ ساڵی ١٩٨١.

لە خـەرجکردنی ئـەو پارەیـەی لـەژێر دەسـتی بـوو، پـارەی نـەوت، دانـایی نەنواند. زۆر وڵاتی نەوتی لە جیهانـدا هەن، بـەڵام زۆر کـەمیان (دانایی)یان هەبـە، دانـایی زایـد. زایـد پـارەی بـۆ بنیادنـانی پەرەپێدانێکی بـەردەوام بـۆ

گەلەکەی و، دروستکردنی دەوڵەتێك لە هیچ و، بنیادنانی مرۆڤێك تەرخان کرد بتوانێت خەونەکەی زاید تەواوبکات. بەڵکو پێش سەردەمی خۆی کەوت بە دانایی داریی بە دروستکردنی سندووقێکی سەروەری بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو پارەیە هەڵبگرێت و بۆ نەوەکانی وەبەرهەم بهێنێت کە هێشتە لەدایك نەبوونە. خوا لێی خۆش بێت، بیری لە نەوەکان و نەوەی نەوەکانی دەکردەوە لە نەوەکانی میرنشینەکان، تا ئەو سندووقە سەروەرییەی دایمەزراند ئەمڕۆ بووەتەوە یەکێك لە گەورەترین سندووقەکانی سامانی سەروەری لە جیهاندا.

زاید دانایيەکی لە بەڕێوەبردنی فیدراڵیدا هەبوو. هەر لە سەرەتاوە دڵی فەرماندارانی هەر شەش میرنشینەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو، هاووڵاتییانیش خۆشیان ویست، هەموو هاووڵاتییان. هەموو ناکۆکییەکانی لەگەڵ دراوسێکاندا بەتەواوەتی کۆتایی پێ هێنا، پاشان خۆی بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدان و ئاوەدانی و بنیادنان تەرخان کردو، بە هەموو هێزێکەوە درێژەی پێ دان. ساکارییەکەی جێی سەرنجڕاکێشانی لاوان بوو، چاوتێری و بەخشندەییەکەی دڵانی ڕادەکێشاو، پرۆژەکانی جێی سەرسوڕمان بوون. ئەوەیش ئەو داناییە بوو کە خواوەند بە زایدی بەخشیبوو (وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا).

◆◆

**ئەوەی نیشتمانی بنیاد نابێت نەمردووە،**
**" ئەوەی سەرکردەو پیاوانی لە پاش بەجێ مابێت**
**نەمردووە، ئەوەی چاکەیەکی کردبێت نەمردووە،**
**ئەوەی چەندان ئەوەی دروست کردبێت نەمردووە"**

◆◆

گەلانی عەرەب شێخ زایدیان خۆش دەویست، خوالێی خۆش بێت، ئەویش بەهۆی (دانایی)یەکەیەوە. زاید لەگەڵ شێخ جابر ئال سەباح لە پێناوی بنیادنانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداودا کۆششێکی زۆری کردو لە ئایاری ساڵی ١٩٨١ لە ئەبو زەبی میوانداری یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو ئەنجوومەنەی کرد، ناوبژیوانی نێوان سوڵتاننشینی عومان و یەمەنی باشووری کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لە نێوانیاندا دروست بوون و توانی چارەسەریان بکات، داوای بەستنی کۆنگرەیەکی لووتکەی عەرەبی کرد بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی لوبنان لە هەمان ماوەدا، ناوبژیوانی نێوان میسر و لیبیای کرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. یەکەمین سەرکردە بوو داوای کرد میسر بۆ ڕیزی کۆمکاری عەرەبی بگەڕێنرێتەوە پاش ئەو ناکۆکییەی لەمەڕ ڕێککەوتننامەی ئاشتی سەری هەڵدا کە لەگەڵ ئیسرائیل مۆری کردووە. یەکەمین کەس بوو داوای ئاشتبوونەوەی نێوان عیراق و کوێتی کرد، پاش داگیرکردنی ناڕەوایانەی کوێت لەلایەن عیراقەوەو هەوڵی دا عیراق لە داگیرکاری ئەمەریکا دووربخاتەوە لە ڕێگەی پێشنیازکردنی دەرچوونی سەرۆکی عیراق و میوانداریکردنی لە ئەبو زەبی. هاوکات لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان

لەچوارچێوەی بەشداری لە پاراستنی ئاسایش لە سۆمالی بریندار کرد لە بەشداریکردنی هێزێکی میرنشینەکان لە هێزی نێو دەوڵەتی فرە ڕەگەز لە سەرەتای ١٩٩٢ و زۆر بڕیارو هەڵوێستی دیکە کە هەوڵەکانی زاید دەردەخەن بۆ گەڕان بەدوای ڕووبەری کۆکی و کوژاندنەوەی ناکۆکییەکان و کۆکردنەوەی برایان و ڕەتکردنەوەی دووبەرەکی، ئەوانەیش هەڵوێستگەلێکن دانایی ئەم پیاوە دەردەخەن، (وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا).

ڕەنگە ئەوەی زۆرتر وای کردووە خەڵك زایدیان خۆش بوێت ئەوە بێت کە مرۆڤی خۆش دەویست، چاکەی بۆ مرۆڤ خۆش دەویست لە هەر کوێیەك بووبایە، شایەتیدانی ئێمە بۆ کارە مرۆییەکانی زاید شایەتیدانێکی بریندارە، چونکە فێری واتای بەخششی کردین بێ چاوەڕوانکردنی شتێکی بەرانبەر. من بە خۆم لێوەی فێری بەخششی بە نهێنی بووم، ئەوەی لە بارەی کۆمەك و بەخششەکانی زایدەوە ڕاگەیەنراوە زۆر کەمترە لەوەی من دەیزانم. خوا لێی خۆش بێت، دڵێکی گەورەی هەبوو، دڵسۆزانە کاری دەکرد.

ڕەنگە ئەوەیش یەکێك لەو هۆکارانە بێت کە خەڵك خۆشیان دەوێت، ڕەنگە خواوەند خۆشی ویستبێت و خۆشەویستییەکەی بەناو خەڵکدا بڵاوکردبێتەوە. لەبەر ئەوەیە بەسەیری نازانم یادی زاید لەو شتە بەهادارانە بێت کە هەرکە باسی بکەم پتر بیریسکێنەوەو هەرکە ڕۆژگاری بەسەردا تێپەڕێت بەهادارتر بێت.

زاید بە هێوری لە دووی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کرد.
ڕەنگە بەهێوری کۆچ کردنی زاید وا لە گەلی میرنشینەکان دەکات کە هێشتە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ زاید دەژیت، لەگەڵ وتەکانیدا دەژیت، لەگەڵ ژمارەکانیدا دەژیت، لەگەڵ داناییەکەیدا دەژیت و یادی دەکاتەوەو بۆ کاروانەکەی خۆی دەیکات بە ڕێباز.

تەنانەت لەکاتی کۆچ کردنیدا، زاید داناییەکی مەزنی بۆ بەجێ هێشتین، ئەو کەسەی نیشتمانی بنیاد نابێت نەمردووە، ئەوەی سەرکردەو پیاوانی لە پاش بەجێ مابن نەمردووە، ئەوەی چاکەیەکی کردبێت نەمردووە، ئەوەی چەندان ئەوەی دروست کردبێت نەمردووە.

ئەوانە زیندوون و لای خوای خۆیان دەژین و، لە دڵی خەڵکدا ماون.، ماون.

لەی زایدی خێرو بەرەکەت بەهەشتی بەرین جێت بێت.

# 46
# مەزنترین ئەسپ ١



لەگەڵ دوبەی ملینیۆم پاش بردنەوەی لە یەکێک لە پێشبڕکێکاندا لە دوڤێل، فەرەنسا ـ ساڵی ١٩٩٩.

جارێکیان دۆستێکی ڕۆژئاوایی پرسیارێکی لێ کردم. لەسەر خوانی شیوخواردن بووین پاش پێشبڕکێیەکی ئەسپ سواری لە بەریتانیا: تۆ گەورەترین خاوەن ئەسپیت لە جیهاندا، بەلای تۆوە ئەگەر ئەسپێکی مەزنت هەبوو چی دەگەیەنێت؟

ئەو پرسیارەم پێ سەیر بوو، نەك لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی نازانم، بەڵام لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی ناشێت لە چەند وشەیەکی خێرادا پوخت بکرێتەوە. چونکە ئەسپ لای عەرەب پێوەندی بە شکۆو پلەو شوێن و پایە بەرزییەوە هەیە. پێوەندی عەرەبیش بە ئەسپەوە کۆنە تەمەنی دەگاتە پتر لە نۆ هەزار ساڵ، کاتێك یەکەمین ئەسپ لە مێژووی ئادەمیزاددا لە نیوچە دوورگەی عەرەب کەوی کرا. عەرەب بۆیان دەرکەوت کە باشترین هاوڕێی سوارە (فارس)، بۆیە ناویان نا ئەسپ (فرس). زیرەکی و دڵسۆزی و نوفرەگیرییان تێدا بینی، بۆیە لێی نزیك بوونەوەو ئەویش لێیان نزیك بووەوە، ناوەکەیشی لەوانەوە وەرگرت (ئەسپی عەرەبی)، کە بە دڵسۆزی و خێرایی و زیرەکی ناسراوە. عەرەب وەك منداڵەکانی مامەڵە لەگەڵ ئەسپەکەیدا دەکات، شەوو ڕۆژ بەسەری دەکاتەوەو قسەی لەگەڵ دەکات و گوێی لێ دەگرێت، ئەسپەکەیش هەستی دڵسۆزی و پاراستن و چاودێری و واز لێ نەهێنانی لە کاتی شەڕدا لەگەڵ دەگۆڕێتەوە.

لە مێژووی کۆنی عەرەبیماندا بەهۆی ئەسپەوە شەڕێك هەڵگیرسا چل ساڵی خایاند، (شەڕی داحس و غەبرا ) لەنێوان هەردوو هۆزی بەنی عەبس و زوبیان، بەهۆی ساختەکارییەوە لە پێشبڕکێی ئەسپ سواریدا. هەرگیز شانازی

بەو شەڕەوە ناکەم، چونکە خوێنی مرۆڤ گرانبەهاترو شکۆمەندترە، بەڵام بۆ بەڵگە هێنانەوە لەبارەی پلەو پایەی ئەسپ لە دڵی عەرەبدا.

باوکم بەسەرهاتی (کەحیلە)ی لە شێخی هۆزێکەوە بۆ گێڕامەوە کە ئەسپێکی هەبووە، چ ئەسپ، ناوی (کەحیلە) بووە، ئەسپێك جوانی و خێرایی و بەهێزی تێدا کۆبووبووەوە.

بۆیە بەهۆی ناوبەرزی و ڕەچەڵەك بەرزییەوە، کەحیلە بووبوو بە وێردی سەر زمانی هۆزەکان و جێی کێبەرکێی هەمووان بۆ ئەوەی بەدەستی بهێنن، بەڵام سەرۆك هۆزەکە بەردەوام ڕەتی دەکردەوە بیفرۆشێت، یان دەستی لێ هەڵبگرێت. سەرۆك هۆزێکی دیکە بە هەموو شێوەیەك ویستی دەستەبەری بکات، بە پارەو گەنجینەو خزمایەتی و هاوپەیمانی بەستن لەگەڵی بۆ ئەوەی بەهێز بێت. بەڵام بەردەوام داواکەی ڕەت دەکرایەوە، بۆیە فێڵێکی کردو ویستی بەدەستی بهێنێت ئەگەر بە دزینیش بووبێت.

یەکێك لە سوارەکانی خۆی بۆ لای سەرۆك هۆزی خاوەند کەحیلە نارد، کە خۆی گۆڕیبوو تا نەناسرێتەوەو، بەنەدارو دەست کورت خۆی پێ ناساند، تکای لێ کرد بیکات بە یەکێك لە خزمەتکارو کرێکارەکانی خۆی، یان بیکات بە شوان لای خۆی، سەرۆك هۆزی دڵنەرمیش ڕازی بوو. ئەو سوارە دەستی بە کاری خۆی کرد لە چاودێری و لەوەڕاندنی ئەو حوشترانەی سەرۆك هۆز هەیبوون.

شوانەکە دەستی بەکارەکەی خۆی کردو زانیاری لەبارەی کەحیلە کۆدەکردەوەو لە کچی سەرۆك هۆز نزیك بووەوە تا زانیاری زۆرتر لەبارەی کەحیلەوە بزانێت. ئەوەی زانی کە کەحیلە پاش نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێك لە ماڵ دەردەچێت تا لە پێدەشتێکی نزیکدا بلەوەڕێت و پێش ئێوارە لەگەڵ مەیتەرەکەیدا دەگەڕێتەوە.

ئەو سوارە خۆی بۆ کەحیلە لە بۆسە ناو، دەستی بە چاودێریکردنی جوجووڵەکانی کرد. هەموو ڕۆژێك چاودێری ڕۆیشتن و گەڕانەوەی دەکرد. بەردەوام ڕمشمەکەی بە دەستییەوە بوو، چاوەڕوانی کاتێکی گونجاوی دەکرد بۆ ئەوەی هەڵ بکوتێتە سەری و بیدزێت.

لە کاتێکدا کە مەیتەرەکەی کەحیلە ئاگەی لەخۆی نەبوو، سوارەکە هەڵیکوتایە سەر کەحیلەو بەڕمشمەکەی خۆی ڕمشمەی کرد و خێرا تێیتەقاند.

هەواڵەکە خێرا بڵاو بووەوەو، چوون هەورە برووسکەیەکی ناکاو بەسەر سەرۆك هۆزو کوڕەکەیدا داباری، خۆیان گەیاندە تەویلەکەو هەر یەکەیان سواری ئەسپێك بوون و خێرا دوای کەوتن تا پێی گەیشتن چونکە غەریب بوو ڕێگەو بانەکانی بیابان بەڵەد نەبوو کە لێی نیشتەجێن. کوڕی سەرۆك هۆزەکە سواری ئەسپێك بوو ناوی (بەلیق) بوو، بەڵام نەناسراوو بێ ڕەچەڵەك بوو. دزەکە هەردووکیانی بینی و کەحیلەی بەرەو زەوییەکی قووڵی لێن برد بێ ئەوەی بزانێت. کەحیلە غاری دا بەڵام بە زەحمەت، ئەو

کات بەرق بەسەر زەوییەکی ڕەقی ڕاستایی غاری دەداو توانی لێی نزیك ببێتەوە.

سەرۆك هۆزەکە نیشانەی غەمگینی و دلگرانی لەڕوخساری نیشتبوو، پاشان بە دەنگی بەرز هاواری بەسەر دزەکەدا کرد، بەرەو لای چەپ بیبە، بەرەو لای خاکە ڕاستاییەکەی بیبە، ئەو کات چوون با تێیتەقاند کەس پێی ڕا نەدەگەیشت.

کوڕەکە بە تووڕەییەوە ئاوڕی لە باوکی دایەوەو پرسی: بۆچی زەوییە ڕاستاییەکەت پێ پیشان دا؟
ئەویش وەڵامی دایەوە: با کەحیلە بڕفێنرێت نەك بەلیق بیهێنێتەوە.

عەرەب بەم شێوە ئەسپەکانی خۆیان خۆش دەویست. سەرۆك هۆزەکە ئەسپەکەی کردە قوربانی لەپێناوی پاراستنی ناوو ناوبانگی و پلەوپایەی لەناو هۆزەکاندا.

ئەسپێکم هەبوو خۆشم ویست وەك چۆن ئەو سەرۆك هۆزە (کەحیلە)ی خۆش ویست. مەونترین ئەسپ بوو لەژیانمدا هەمبووبێت. ناوی بچووك بوو (بازار)، باوبوو بە بچووکی ناوێکمان لە تۆما دەنا تا بزانین توانای چەندە پاشان ناوەکەمان دەگۆڕی کاتێك توانای خۆی دەسەلماند.
بەلام لەو ڕۆژەوە بینیم کە تۆمایەکی بچووك بوو، زانیم کە ئەسپێکی مەزنی لێ دەردەچێت.

ئەسپی مەزنیش چەند نیشانەیەکی هەیە.

تەنیا هەردوو چاوی زۆر شتت پێ دەڵێن. سەیری ئەو شتە بکە کە ئەسپ سەیری دەکات؛ هەندێکیان ڕادەچەڵەکن و کلك دەجووڵێننەوە هەرکە شتێکی نامۆ بە بەردەمیاندا تێپەڕێت، هەندێك ئەسپیش هەن لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوەو بە فزووڵ و بەرەنگاربوونەوەوە سەیری شتە سەیرەکان دەکەن. ڕوانینەکانی ئەسپ پێت دەڵێن ئەگەر سەر قافڵە، یان پاش قافڵە بێت.

چاوی بەرین لای ئەسپ لە دەم و چاوی ڕووخۆش و ڕاشکاوی مرۆڤ دەچێت، بە ڕوونی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی دەردەبڕێت. کارەکە هەر بە چاو بەرینییەوە ڕاناوەستێت، بەڵکو بریسکانەوەو تیشکدانەوەو قووڵاییانەوە وەك بڵێیت زەریان بن و کۆتایی نەیەن.

چاوی بچووك و سووك ئەوە ناگەیەنێت ئەو ئەسپە بەهرەمەند نییە، یان بێ توانایە. ئەسپگەلیش هەن دەتوانن سەیری چاوی نەیارەکانیان بکەن و ناریان پێ بکەن و پاش هەڵسەنگاندنیان ورەیان دابەزێنن، بەڵکو بەرەو ڕووی ڕاهێنەرەکانیان بوەستنەوە ئەگەر لە توانا نائاساییەکانیان نەگەن.

دەم و چاوی ئەسپ زۆر شتت لەبارەی خۆیەوە پێ دەڵێت، هەردوو گوێی لێك دوور بەڵگەی مەزنیەتی ئەم ئەسپە دەگەیەنێت، چونکە پێکهاتەی کەللە سەر پشت بە شوێنی هەردوو گوێ دەبەستێت، ئەوەی لە نێوان ئەو دوو گوێیەدایە بریتییە لە ناوچەوانێکی دەوڵەمەندی بەرین. ئەم خەسڵەتەیش

بەڵام ئەگەر ئەوەی هەبوو ئەوە قەوارەی مێشکی ئەسپ بۆ دەردەخات. بەڵام ئەوە نیشانەی خێرایی نییە، بەڵام نیشانەی ئەوەیە کە ئەسپەکە دەتوانێت ئەوە تێبگات کە داوای لێ دەکرێت و، ئاگام ناگەیەنێت کە زۆر خێرایە. ئەوە تێکچرژان بە شێوەیەکی دروست لەگەڵ ئەو هەڵویستانەی کە پێویست بە خێرایی دەکەن.

◆◆

**"پێستێکی نەرم و بریسکەداری هەبوو لەژێرییەوە سەدان دەماری لێوە دەبینرا، بەتایبەتی دەماری دڵ کە گەرەو بەرین و بە ڕوونی دەبینرا، وەك بڵێیت ڕەنگدانەوەی ئەو ژیان و وزەیە بێت کە لە دەمارەکانیدا لێ دەدەن"**

◆◆

هەرچی هەردوو کونی لووتە ئەوە نیشانەی ئەسپی وەرزشییە. کاتێك هەردوو کونی لووت گەورەو بەرین دەبن، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەسپەکە بڕێکی زۆر ئۆکسجین وەردەگرێت و، هەردوو کونی گەورەی لووت ئەوە دەگەیەنن کە دوو (سی)ی گەورەی بۆ هەڵگرتنی ئۆکسجین هەیە لە کاتی هەناسەداندا.

دەمی بەرینیش نیشانەیەك لە نیشانەکانی هێزو خێرایی ئەسپە نیشانەیەکە کە ئەو شوێنەی ئەم قورقوڕاگەیەی لێیە گەورەیەو، خودی قورقوڕاگەکەیش گەورەیە.

دەبێت چەناگە بەرەو لای مل بڕوات لە چوارچێوەی بنکەیەکی بەرینەوە، بەڵام شۆڕبوونەوەی مل و ڕۆیشتنییە ناو تەنەوە پێویستە نموونەییانەو لە نۆشتانەوەی دروستدا بێت.

گرنگترین خەسڵەتیش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەسپ ڕێکردنیەتی. ئەسپ ڕێزەگەلی دیاریکراوو تایبەتیان هەیە شێوەی ڕێکردنیان دادەڕێژێت، کاتێک بتەوێت ئەم ڕێژەیانە هەڵسەنگێنیت و ئەسپەکە لەبەردەمتدا ڕاوەستابێت دەبێت ڕێکردن لەگەڵیدا گونجاو بێت.

یەك ئەسپ هەبوو، تەنیا یەك ئەسپ هەبوو لەژیانمدا هەمبووبێت، لە هەموو خەسڵەت و پێوانەکانیدا نموونەیی بوو. دوو گوێی جوان و دوور لە یەکدی هەبوو باریك بوون چوون پێنووسی پەڕ. هەرچی تەوێڵی بوو، بەرین بوو بە قەد ئێسکێکی تەنکەوە بوو لە شێوەی چوار قووچەیەکی بەرەواژ.

ماسوولکەکانی سەرووی هەردوو برۆیشی لە شێوەی چوار قووچەیەك دەچوو دوو چاوی جوانیان داپۆشیبوو شین دەدەچوونەوە. هەرچی لووتی بوو دوو کونی گەورەی هەبوو بۆ هەناسەدان و هەڵمژینی زۆرترین برە ئۆکسجین.

ملی درێژیشی بڵندو بەرز ڕادەگرت. ناوچەی خوارەوەی جەستەیشی گەورەبوو دوو ئەوەندەی قەوارەی پاوی هەر ئەسپێکی دیکە بوو.

پێستێکی نەرم و بریسکەداری هەبوو سەدان دەماری لەژێردا دەبینرا، بەتایبەتی دەماری خوێنبەری دڵ، کە گەورەو بەرین و بە ڕوونی دەبینرا. وەك بڵێیت ڕەنگدانەوەی ئەو ژیان و وزەیە بێت کە لەناو دەمارەکانیدا لێ دەدەن، تا دڵە گەورەکەیمان پێ بناسێنن.

هەرچی ناوچەی سینگیەتی بەرین بوو، پشتیشی لە پێکهاتەیەکی ئێسکی ڕەق پێکهاتبوو کۆمەڵێك ماسوولکەی لەخۆ گرتبوو.

جوانترین شت لە کلکیدا ئەوەبوو کە بەرز نەبوو، نزمیش نەبوو، بەڵکو لەشوێنێکی نموونەییدا بوو وەك بڵێیت تەواوکەری نموونەییانەی بڕبڕەی پشتی بێت. شتێکی نەکەردەنیش بوو پانایی ڕانی، یان ڕاوەستانی، یان ڕێکردنی پشت گوێ بخرێت.

دووچاوی گەورەی هەبوو مەزنایەتی و شکۆمەندییان لێ دەبینرا بێ ئەوەی تروسکاییەك ترس دزەیان تێبکات. هەردوو چاوی بەهێزو توندبوون، بەڵام هاوکات نەرم و نیان بوون. زەبەلاح و ئازا بوو پڕ بە پێستی واتای وشەکە، هەر کەسێك بێ شارەزایی سواری بووبایە ترسی لێ دەنیشت. چوون تۆپی گڕگرتوو بەردەوام چوست و چالاك بوو.

لە تەویلەکانم لە ناوچەی (قۆز) لە دوبەی بەسەرم دەکردەوەو، لەوێ دادەنیشتم و بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەم گیانلەبەرەم دەکرد. سەری لەژێر بازووم دادەناو زمانی دەردەکرد تا ڕایکێشم و هەندێك گێزەری پێ بدەم کە

بەردەوام لەگەڵ خۆم دەمشاردەوە، زۆری پێ خۆش دەبوو ئەگەر دەستم بە ملیدا هێنابایە.

لە نزیکییەوە دادەنیشتم، هەر یەکەمان لە دەم و چاوی ئەوی دیکەمان دەڕوانی. لە سەر سندووقی ئالفەکان دادەنیشتم کە بەرزاییەکەی دەگەیشتە ئاستی سینگی. کاتێک بەرەو لام ڕێی بکردایە هەردووکمان لە هەمان بەرزیدا دەبووین. لاقی پشتەوەی بڵند دەکردەوەو پشووی پێ دەدا پاشان سەری لە بەردەممدا پشوو پێ دەدا، وەك بڵێیت پاسارییەك بێت و بە ئامادەیی تۆ شل و خاو ببێتەوەو پشووبدات. ئەوەی ئەوپەڕی پلەی متمانە پێ بوونە لای گیانەوەر.

ئای لەو چێژو خۆشییەی هەستم پێ دەکرد کاتێك ئەسپێکی مەزن و زەبەلاح لەم جۆرە چرکەساتانەو بەم شێوەیە بەشداری لەگەڵ دەکردم.

بۆ چەندان کاتژمێر لەوێ دادەنیشتم و بە سەرسوڕمان و خۆشەویستییەوە سەیرم دەکرد.

بەڵێ ئەو ئەسپە مەزنە بوو کە هەمبوو.

"نوبەی ملینیۆم"..

ماویەتی...

# 47
# مەزنترین ئەسپ ٢



دوبەی ملینیۆم

هەر بە بچووکی وام دەبینی کە لە ڕاستی باشترە. ڕێکردنی جیاواز بوو، ڕەنگەنی و خەسڵەتی جیاوازی لە ئەسپەکانی دیکە پێ دەبەخشی. غاری دەداو بە هەنگاوی درێژ درێژو بەشێوازی جێی سەرسوڕمان بازی دەدا، تەنانەت پێش ئەوەی گەورە ببێت و پێ بگات. دەجووڵاو دەسووڕایەوە بەشێوەیەك سەرنجی هەموو کەسێکی ڕادەکێشا کە سەیری بکردایە. ڕێکردنەکەی بەس بوو بۆ من کە بزانم ئەوەو ئەسپێکی دیکە نییە. شکۆی خۆی هەبوو، بە ڕاوەستانی سەربەرزانەو ڕەنگی قاوەیی تاریك. بەبچووکی ناومان لێ نا "بازار"، پاشان "دوبەی ملینیۆم" بە گەورەیی. ئەفسانەی پێشبڕکێکان بوو کە دڵی بردم.

لە تەمەنی دوو ساڵیدا ناردم بۆ نیومارکت لە بەریتانیا تا لە پێشبڕکێی سەر زەوی بە گیا چێنراو تاقی بکەمەوە. بەهاری لەوێ بەسەربرد. لەسەرەتای تشرینی یەکەمدا دەستی بە بەشداریکردن لە پێشبڕکێکاندا کرد. هەر لە سەرەتاوە جێی سەرنج بوو. لە پێشبڕکێی تێستدا لە "دۆنکاستەر" و لە "جوودوود" بەشداری کردو لە هەموویاندا بردییەوە کە پێشبڕکێی ئامادەکاری بوو لە دێربیی ئینگلیزیدا، پاشان لە پێشبڕکێی شاژن ئەلیزابێس دووەم "ستێکس" لە ئەسکۆت بەشداری کردو بردییەوە. هاوکات لە پێشبڕکێکان لە فەرەنسا و ئەمەریکا بەشداری کردو بە ئاسانی لە زۆر ئەسپی پێشبڕکێی ئەسپ سواری ناسراوی بردەوە.

"دوبەی ملینیۆم" ئەسپێك بوو حەزی لە بردنەوە دەکرد، بەڵام بەشێوازی خۆی. بەو شێوازە پێشبڕکێی دەکرد کە بە گونجاوی دەزانی بێ ئەوەی گوێ بەو کەسە بدات بەسەر پشتییەوەیە. جیاوازبوو، هەر لە سەرەتاوە بەوپەڕی

خێراییەوە تێی دەتەقاندو تا کۆتایی هەر لە پێشەوە بوو. هەرگیز حەزی لەوە نەبوو بە جیاوازییەکی زۆر کەم بباتەوە. حەزی لە خۆدەرخستن دەکرد. بەوپەڕی هێزەوە هەر لە سەرەتاوە ورەی کێبەرکارەکانی دەڕووخاند، بەڵکو بوونی ئەوانی دەسڕییەوەو زۆر توند لە پایەی کەم دەکردنەوە تا ڕادەیەك نەیاندەتوانی جارێکی دیکە چوون جاران غاربدەن. بە شێوازی شان بە شانی یەکدی پێشبڕکێی نەدەکرد، بەڵکو بەردەوام حەزی لەوە دەکرد بە تەنیا لە پێشەوە بێت، وەك بڵێیت داوا لەئەسپەکانی دیکە بکات پێبڕا بگەن، ئەوەیش دڵی دەشکاندن!

بەڵام ئەسپی مەزن شایەنی پێشبڕکێی مەزنە. پاش گەشت و غاردانەکانی لە رایزتراکەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بڕیارم دا لە گەورەترین پێشبڕکێی جیهانیدا بەشداری پێ بکەم. جامی جیهانی ئەسپ سواری دوبەی ساڵی ٢٠٠٠. چونکە شایەنی ئەوەیە ببێتە پاڵەوانی هەموو ڕایزتراکەکان، ڕایزتراکی گیاو ڕایزتراکی قوڕ، پاڵەوانێکی ناناساییەو شایەنی ئەوەیە ببێتە پاڵەوانی جیهان.

جامی جیهانی ئەسپ سواری دوبەی بەردەوام ڕووداوێکی جیهانیی چاوەڕوانکراو بوو. ئەسپ دۆستان لە سەرانسەری جیهان چاوەڕێیان دەکرد. هەموو گرەوەکانم خستە سەر "دوبەی ملینیۆم". بەخۆم سەرپەرشتی گواستنەوەیم کرد بۆ دوبەی و بەدواداچوونم بۆ هەموو ئامادەکارییە لۆجستییەکانی گەورەترین ڕووداوی جیهانی پێشبڕکێی ئەسپ سواری کرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕووداوەکەدا تا دەهات گرژی پەرەی دەستاند. تا شەوی پێش ڕۆژە دیاریکراوەکە هات.

◆◆

## "بەبچووکی ناومان لێ نا "یازار"، پاشان "دوبەی ملینیۆم" بە گەورەیی. ئەفسانەی پێشبڕکێکان بوو کە دڵی بردم"

◆◆

پێشوازیم لە فرانکی دیتۆری مەیتەرمان کرد. گفتوگۆمان کرد. هەندێک ڕێنمایی گرنگم پێ دا لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەسپەکەدا. پاش ئەوەی فرانك کۆڕەکەی بەجێ هێشت. دەستم بە پیاسە کرد. هەمووان نووستن. خۆزگەم پێ خواستن، نەمدەتوانی دڵنیایی و ئاسوودەیی لە ناخمدا بدۆزمەوە تا چاو لێك بنێم. چوومە دەرەوە تا هەندێك ئۆکسجینی پاك هەڵمژم، بە تەنیا ئۆتۆمۆبیلەکەم بۆ شوێنە دڵگیرەکەی خۆم لێخوڕی، ئەو تەویلەیەی "دوبەی ملینیۆم"ی لێیە لە (قۆز).

ئەسپەکانی دیکە سەرقاڵ بوون و شوێنەکانی خۆیان بۆ نووستن ڕایی دەکرد، یان پاشماوەی ئەو خواردنانەیان دەخوارد کە مابوونەوە. هەرکە ئۆتۆمۆبیلەکەم لەبەردەم تەویلەکەدا ڕاوەستا سەرێك لە سەرووی دەرگەی تەویلەکەوە دەرکەوت و، گوێم لە حیلەیەکی نەرم بوو وەك بڵێیت پێشوازی لە هاتنم بکات لەکاتێکدا من ڕاوەستام و، هەوای فێنکی دوبەی لە چواردەورم بوو.

تا کۆتایی هەر لە پێشەوە بوو. هەرگیز حەزی خێراییەوە تێی دەتەقاندو تا کۆتایی هەر لە پێشەوە بوو. هەرگیز حەزی لەوە نەبوو بە جیاوازییەکی زۆر کەم بباتەوە. حەزی لە خۆدەرخستن دەکرد. بەوپەڕی هێزەوە هەر لە سەرەتاوە ورەی کێبەرکارەکانی دەڕووخاند، بەلکو بوونی ئەوانی دەسڕییەوەو زۆر توند لە پایەی کەم دەکردنەوە تا ڕادەیەك نەیاندەتوانی جارێکی دیکە چوون جاران غاربدەن. بە شێوازی شان بە شانی یەکدی پێشبڕکێی نەدەکرد، بەلکو بەردەوام حەزی لەوە دەکرد بە تەنیا لە پێشەوە بێت، وەك بڵێیت داوا لەئەسپەکانی دیکە بکات پێیڕا بگەن، ئەوەیش دڵی دەشکاندن!

بەلام ئەسپی مەزن شایەنی پێشبڕکێی مەزنە. پاش گەشت و غاردانەکانی لە ڕایزتراکەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بڕیارم دا لە گەورەترین پێشبڕکێی جیهانیدا بەشداری پێ بکەم. جامی جیهانی ئەسپ سواری دوبەی ساڵی ۲۰۰۰. چونکە شایەنی ئەوەیە ببێتە پاڵەوانی هەموو ڕایزتراکەکان، ڕایزتراکی گیاو ڕایزتراکی قوڕ، پاڵەوانێکی نائاساییەو شایەنی ئەوەیە ببێتە پاڵەوانی جیهان.

جامی جیهانی ئەسپ سواری دوبەی بەردەوام ڕووداوێکی جیهانیی چاوەڕوانکراو بوو. ئەسپ دۆستان لە سەرانسەری جیهان چاوەڕێیان دەکرد. هەموو گرەوەکانم خستە سەر "دوبەی ملینیۆم". بەخۆم سەرپەرشتی گواستنەوەیم کرد بۆ دوبەی و بەدواداچوونم بۆ هەموو ئامادەکارییە لۆجستییەکانی گەورەترین ڕووداوی جیهانی پێشبڕکێی ئەسپ سواری کرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕووداوەکەدا تا دەهات گرژی پەرەی دەستاند. تا شەوی پێش ڕۆژە دیاریکراوەکە هات.

◆◆

## "بەبچووکی ناومان لێ نا "یازار"، پاشان "دوبەی ملینیۆم" بە گەورەیی. ئەفسانەی پێشبڕکێکان بوو کە دڵی بردم"

◆◆

پێشوازیم لە فرانکی دیتۆری مەیتەرمان کرد. گفتوگۆمان کرد. هەندێک ڕێنمایی گرنگم پێ دا لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەسپەکەدا. پاش ئەوەی فرانك کۆڕەکەی بەجێ هێشت. دەستم بە پیاسە کرد. هەمووان نووستن. خۆزگەم پێ خواستن، نەمدەتوانی دڵنیایی و ئاسوودەیی لە ئاخمدا بدۆزمەوە تا چاو لێك بنێم. چوومە دەرەوە تا هەندێك ئۆکسجینی پاك هەڵمژم، بە تەنیا ئۆتۆمۆبیلەکەم بۆ شوێنە دڵگیرەکەی خۆم لێخوڕی، ئەو تەویلەیەی "دوبەی ملینیۆم"ی لێیە لە (قۆز).

ئەسپەکانی دیکە سەرقاڵ بوون و شوێنەکانی خۆیان بۆ نووستن ڕایی دەکرد، یان پاشماوەی ئەو خواردنانەیان دەخوارد کە مابوونەوە. هەرکە ئۆتۆمۆبیلەکەم لەبەردەم تەویلەکەدا ڕاوەستا سەرێك لە سەرووی دەرگەی تەویلەکەوە دەرکەوت و، گوێم لە حیلەیەکی نەرم بوو وەك بڵێیت پێشوازی لە هاتنم بکات لەکاتێکدا من ڕاوەستام و، هەوای فێنکی دوبەی لە چواردەورم بوو.

بە تاریکی بەرەو دەرگەی تەویلەکە ڕۆیشتم بێ ئەوەی ڕاوەستم و تەویلەکە ڕووناك بکەمەوە، چونکە حیلەی "دوبەی ملینیۆم" کە بانگی کردم بەرەو ئاراستەی دروستی دەبردم، پێدەچوو ئەو سەردانە شەوانانەی پێ خۆش بێت. پاسەوانەکانی شەو خێرا بە هەڵەداوان بەرەو لای تەویلەکە هەڕایان کرد کاتێك گوێیان لە دەنگی هەردوو لاقی شڵەژاوی بوو، کە یەکسەر ڕاوەستان و تەق و تۆقیان ئەما کاتێك سێبەرەکەی منی بینی وردە وردە بە ئاراستەی ئەو دەڕۆیشت. زیارەتگەرێکی ناسراو بووم، بەتایبەتی لەو کاتەی شەودا.

کیلۆنی دەرگەکەم کردەوەو بەلاوەم نا و ویستم بچمە ژوورەوە، "دوبەی ملینیۆم" لەسەرخۆ بەرەو دوا کشایەوە تا بوارم بۆ بڕەخسێنێت بچمە ژوورەوە. لەسەرخۆم دەستم لەسەر لووتی دانا، پاشان ڕۆیشتم تا بچمە ناو ئەو پووشەی کە لەتەنیشتییەوە بوو. لەسەر پووشەکە دانیشتم و پشتم بە دیوارەکەوە بوو.

زۆر بە هێوری سەری نزم کردەوەو نزیک بووەوە تا بەدوای خواردنە بژاردەکەیدا بگەڕێت کە بەردەوام لەگەڵ خۆم دەیهێنم و لە گیرفانمدا دایدەنێم.




دوبەی ملینیۆم لەگەڵ یادا پێشبڕکێیەتی

سەیری سەرەوەم کرد  کە ئەسپە زلەکە چوون تاوەر ڕاوەستابوو، لە دڵی خۆمدا پرسیم: ئەی "ملینیۆم" چۆن دەشێت تا ئەم ڕادەیە دڵنەرم بێت؟ لەناکاو ڕاوەستاو سەیری کردم کاتێك دەنگی بیستم، پاشان دەستی بە یاری کردن بە گیرفانم کرد. ئەویش وەك من دەیزانی کە ئەم شەو شەوی پێشبڕکێ گەورەکەیە، چونکە زۆر جار ئەم کارە ڕۆتینەی دووبارە کردووەتەوە، ئەو باڵدجانەی لەسەر هەردوو قاچی دادەنرێن، ئەو جارانەی خوێنمان لێ وەرگرتووە بۆ دڵنیابوون لە گورج و گۆڵی، بەردەوام چاودێریکردنی پاش

نیوەڕوان کاتێک لە تەویلەکە دەبرێتە دەرەوە کە ئاگەی لێ دەبوو و دەیزانی. زۆر زیرەکانە دەیزانی کە پێشبڕکێیەکی گەورە هەیە چاوەڕێی دەکات. بەڵام زۆر دەربەست نەدەهات، یان گوێی پێ نەدەدا، وەك ئەوەی بڵێت کە ئەو لەو شتە گەورەترە.

دەستم بۆ گیرفانم بردو گێزەرەکەم دایە کە بەدوایدا دەگەڕا. هەردوو گوێی بەرەو پشتەوەو بەرەو پێشەوە دەهاتن و دەچوون کاتێك گوێی لە ڕێتمی دەنگم دەگرت. "هاوڕێم بە درێژایی ژیانم چاوڕێم کردیت کە بێیت". کەمێك بێ دەنگ بووم لەکاتێکدا ئەو هیچ نەجووڵایەوە، پاشان گوتم: سبەیێ ڕۆژە دیاریکراوەکەیە، ئەم پێشبڕکێیە لە هەموو پێشبڕکێکانی دیکە بەلامەوە گرنگترە، ڕەنگە تۆ پێشبڕکێی دیکەت لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکەی جیهانەوە بەلاوە گرنگ بێت، بەڵام ئەمە نیشتمانی منەو، دەمەوێت لێرە غار بدەیت، ئێستە، سبەینێ هاورێم، لە پێناوی من و لە پێناوی دوبەی و لە پێناوی میرنشینەکاندا.

مەزەندەم دەکرد لەو داوایەم گەیشت کە داوام لێ کرد، چونکە هەنگاوێك هاتە پێشەوەو لووتی لە دەم و چاوم نزیك کردەوە، بۆ چەند چرکەیەك مەزەندەم کرد خولەکێك دەبوو، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و هەناسەکەی دایەوە. دەستم لەسەر قەپۆزی دانا لەکاتێکدا دەمویست هەستم، چونکە سەردانەکەم بۆ لای ئەم گیانەوەرە شاهانە کۆتایی هات. بەرەو لای دەرگەکە ڕۆیشتم و کردمەوە، بەر لەوەی بچمە دەرەوە ئاوڕم لێ دایەوەو

...ژیەکم بۆ کردو ئەویش لای خۆیەوە ئاوڕی لە پەنجەرەکە دایەوەو لاقی ...نەوەی پشوو پێ دا.

◆◆

**"تا دەهات خێرایی زیادی دەکرد وەك بڵێیت لەگەڵ بادا پێشبڕکێ بکات. دڵم خێرا لێی دا کاتێك گوێم لە دەنگی لاقەکانی بوو برووسکە ئاسا بە زەوی پێشبڕکەکەیاندا دەکێشا."**

◆◆

...ەناوی ڕۆژی ٢٥ی ئاداری ٢٠٠٠ لە جامی جیهانی ئەسپ سواری دوبەی ...ەڵات. ئەو ڕۆژەی کە چاوەڕێ دەکرا. پاش ژمارەیەك کۆبوونەوەی خێرای ...ەیانیان، پاش نیوەڕۆ گەشتێکی بەسەرکردنەوەم بەسەر خاڵە ئەمنییە ...ایبەت بە پێشبڕکێکانم کرد، لە ڕێڕەوەی فڕۆکە هیلیکۆپتەرو ...مبولانسەکان دڵنیابووم و، ڕۆیشتم بۆ بنکەی پۆلیس و لەگەڵیان بە ...ەنگاوەکانی لەناکاویدا چوومەوە. ئەرکم دابینکردنی سەلامەتی شێخ ...ەکتووم، فەرمانداری دوبەی و دەیان هەزار کەس بوو لەوانەی ئامادەی ...ێشبڕکێکە دەبن.

...کات دەست دەڕۆیشت، لەگەڵ هەر خولەکێکدا چاوەڕوانیم زۆرتر دەبوو. کات ...ە پێنجی ئێوارە نزیك دەبووەوە، ئێستە " دوبەی ملینیۆم" خۆی ئامادە ...دەکات لە تەویلەکەی لە "قۆز"ەوە بەرەو ڕایزتراکی پێشبڕکێی (ند الشبا) ...ڕوات. ئۆتۆمۆبیلەکەم بۆ ئەوێ لێخوڕی و چاودێریم کرد کاتێك لەسەرخۆ

ڕۆیشتە ناو کامیۆنی گواستنەوەکەوەو پاشان دەرگەکەیان لەسەر داخست.
بینیم هێوردو بڕوای بەخۆی هەیە. دوای کامیۆنەکە کەوتم تا دڵم بە
گەیشتنی بەسەلامەتی بە تەویلەکەی لە ڕایزتراکی پێشبڕکێکە.
پاشان هەناسەیەکم دا. ئێستە هەموو کارەکە بە ئەسپەکە پەیوەستە.

چرکەساتی یەکلاکەرەوە هات و، ڕایزتراکەکە کە لەناو خاکی دوبەی لە مروارییەکی ڕووناك دەچوو پڕ لە دەیان هەزار بینەرو ئامادەبووانی بەجۆش و خرۆش بوو. زۆر لە بینەران چاوەڕوانی بەشداریکردنی یەکەمین جاری "دوبەی ملینیۆم"یان لە جامی جیهانی ئەسپ سواری دوبەی دەکرد. فرانك هات بۆ لام بۆ وەرگرتنی دوایەمین ڕێنمایی کۆتایی. بە کورتی پێم گوت: ڕێگری لە ئەسپەکە مەکە ئەگەر خێرا تێی تەقاند، بەربەستی لێ مەکەو بەرەو ڕووی خێرا تاودانی مەوەستەوە. هەوڵ بدە خۆت لەگەڵ وزەو توانایدا بگونجێنە.

خەڵکەکە زۆرتر مۆرکی گرژییان بە ڕوخسارەوە دەبینرا، لە شوێنی خۆمەوە دەمتوانی "دوبەی ملینیۆم" ببینم دەتگوت شێرە لە بازنەکەدا ڕێی دەکرد، پێستی دەبریسکایەوەو هەردوو چاوی دەگەشانەوە. ئەو چرکەساتە هەستم کرد کە ئامادەیە. لە جەنگاوەرێك دەچوو پەلەی بێت شەڕ دەست پێ بکات.

هەستم کرد هەناسەم لێ دەبڕێت کاتێك ئەسپەکانم بینی ئامادە دەکران تا شوێنی خۆیان لە شوێنەکانی دەست پێ کردنی تەرخان کراو ڕاوەستن. گوێم لە بێژەرەکە بوو باسی پرۆسەی ئامادەکردنی ئەسپەکانی بۆ پێشبڕکێکە

دەکرد تا دوایەمین ئەسپ. پاشان گوێم لەو هاوارە باوەی جەماوەر بوو کە لەکاتی کردنەوەی دەرگەکانی پێشبڕکێکەو غاردانی خێرای ئەسپەکان چوون لافاو بە ڕایزتراکەکەدا دەیانکرد.

"دوبەی ملینیۆم" بەشێوەیەکی باش لە دەروازەکەی خۆیەوە تێیتەقاندو ئەسپەکانیش دەستیان بەوە کرد بە گوێی سوارەکان بکەن و پاش ئەو غاردانە خێرایە هێور ببنەوە، بەڵام "ملینیۆم" دیاربوو لەوە بێزار بوو. (فرانکی)م بینی دەیویست لە هێرشی توندی "ملینیۆم" کەم بکاتەوە، بەڵام "ملینیۆم" گوێی بەوە نەدا، پێدەچوو هەوڵەکانی فرانکی بۆ کەمکردنەوەی خێرایی ئەسپەکە بێ هوودە بن. دەکۆشا لە دوورترین خاڵی سەر پشتی ئەسپەکە لە پشتەوە دانیشێت و بەهەموو قورسایی جەستەی خۆی بەسەر دەمی ئەسپەکەدا شۆڕ بکاتەوە، بەڵام "ملینیۆم" چوون برووسکە درێژەی بە غاردانەکەی داو چووە پێشی پێشەوە بێ ئەوەی گوێ بە کۆششەکانی کەمکردنەوەی خێراییەکەی بدات.

گوێم لە کۆمێنتی خەڵکەکەی دەوروبەرم بوو لەبارەی ئەو خێراییە سەرسوڕهێنەرەی کە "ملینیۆم" تێی تەقاند، بە شێوەیەك غاری دەدا دەتگوت ئاگر لە کەوڵی کەوتووەتەوە. دەستیان بە جنێودان بە فرانکی و سەرزەنشتی کردنی کرد لەو زیانەی کە بە ئەسپەکەی دەگەیەنێت و، دەنگیان بەرزبووەوەو هاواریان دەکرد، ئەوە ئەو کابرایە چی دەکات؟

"ملینیۆم"م دەبینی بە شێوەیەك ڕەفتاری دەکرد وەك بڵێیت ڕایزتراکەکە یاری خۆی بێت، بەڵام لە دڵی خۆمەوە پرسیارم لەخۆم کرد، دەشێت

تێتەفاندنێکی زۆر خێرای لەم شێوەیە چی بۆ پێشبڕکێکە بگەیەنێت؟!
هەرچەندە لە پێشبڕکێکە بەرەو پێشەوە چووباین، سەرلەنوێ بیرم لەم
پرسیارە دەکردەوە، ئەوە چی دەکرد؟ بۆچی فرانکی بەم خێراییە سواری
ئەسپەکە بووبوو؟

بەم خێراییە شێتانەیە ، ئەسپەکە ناتوانێت درێژە بە پێشبڕکێکە بدات و،
ئاشکرایە کە ئەسپەکانی دیکە پێیڕا دەگەن و پێشی دەکەون، یاوەرەکانی شێخ
مەکتوومی برام بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد: ئەم سوارە گێلە دەبێتە هۆی
ئەوەی پێشبڕکێکە بدۆڕینین! هیچ ئەسپێك - چەندەیش بەتوانا بێت .
ناتوانێت تا کۆتایی پێشبڕکێکە بەم خێراییە غاربدات!
مەکتووم گوێی لەم کۆمێنتانە بوو و سەری بەلای مندا وەرچەرخاندو بە
نیگایەکی خێرا سەیرێکی کردم بەر لەوەی ڕوو وەرچەرخێنێتەوەو سەیری
ئەم نمایشە سەرسوڕهێنەرە بکات، ئەویش تەواو وەك من بڕوای بە تواناکانی
(ملینیۆم) هەبوو.

ئەگەرچی ئەدای (ملینیۆم) بەپێچەوانەی لۆژیك و ئەقڵەوە بوو، بەڵام لەوە
دڵنیابووم کە دەباتەوە. تەواو دەیزانی چی دەکات، چونکە ئەسپێکەو لە
ئەسپەکانی دیکە ناچێت.

ئەم ئەسپە زۆر زیرەکە تا ڕادەیەك کە من شەوی ڕابوردوو لە تەویلەکە
لەگەڵی دانیشتم و، بۆم گێڕایەوە تا چەند ئەم پێشبڕکێیە بۆ من گرنگە،
سەری دەلەقاندەوەو ڕەزامەندی دەنواند. دەتوانم پێداگیری لەسەر ئەوە بکەم
کە ئەم ئەسپە لەوە دەگات کە دەیڵێین. هەرچی ئەو کاتە بوو کە لەوە ڕازی

ئەبووایە کە دەمگوت، سەری بەرز دەکردەوەو چەند تاڵە یاڵێکی پێشەوەی دەجووڵانەوە. ئەو ئەسپی منە و هاوڕێی زۆر نزیکی منەو من دەیناسم.



لەگەڵ دوبەی ملینیۆم پاش بردنەوەی جامی جیهانی ئەسپ
سواری دوبەی ـ ساڵی ٢٠٠٠

تا دەهات خێراتر غاری دەداو وەك بڵێیت کێبەرکێ لەگەڵ بادا بکات. دڵم خێرا لێی دەدا کاتێك گوێم لە دەنگی سمەکانی بوو چوون برووسکە بە زەوی پێشبڕکێکەیاندا دەکێشا. کاتێـك (ملینیـۆم) گەیشتە ڕێـڕەوی ڕاسـتی

پێشبڕکێکە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تێیپەڕاند، بینەران سەریان سوڕمابوو، چاوەڕوان بوون بزانن دواتر چی ڕوودەدات.

(ملینیۆم) بۆ ئەوەی ماندوو بێت بە هەمان خێرایی بەردەوام بوو، هەمووان بڕوایان وابوو کە چەند خولەکێکی کەم لە شەکەتبوون، یان سستی، یان هەرەسهێنان، یان تەنانەت مردنەوە دوورە لە غاردانیدا بەرەو هێڵی کۆتایی چرکەساتی یەکلاکەرەوەیش لێرەدایە کاتێك ئەسپەکانی دیکە غاردەدەن بۆ ئەوەی پێیڕا بگەن. بۆ منیش، چرکەساتێکی ناخۆش و پڕ ئێش دەبێت ئەگەر (ملینیۆم) شەکەت بێت، یان سستی بنوێنێت. بەڵام (ملینیۆم) شێوازی غاردانەکەی گۆڕی. خێراتری کرد، وەك بڵێیت لەگەڵ بادا پێشبڕکێ دەکات. هەردوو گوێی قوت کردبووەوە. هەر غاری دەدا وەك بڵێیت هەڵدێت، ئەو کات بینەران هەستانە سەرپێ و واقیان وڕمابوو ئەو ئەسپەیان دەبینی چوون برووسکە بەرەو هێڵی کۆتایی هێرشی دەبرد، فرانکی ڕاوەستا و دەستی بەرزکردەوە.

(ملینیۆم) بەوپەڕی خێرایی درێژەی بە غاردان دا، تەنانەت ئەسپ (بیهرنز) شەش ماود لێی بەجێ مابوو، ئەسپەکانی دیکەیش هەمان ماوە لێی دواکەوتبوون. (ملینیۆم) ژمارەی پێوانەیی شکاند. بینەران لە هەڵچوون و ورووژاندا دەستیان بە هات و هاوارکرد، چونکە ئەوەی ڕووی دا ڕووداوێکی دەگمەن و تاك و نائاسایی بوو لە پێشبڕکێی ئەسپ سواریدا!

لەو چرکەساتەدا، بلیتی پێشبڕکێکەم بە ئاسماندا هەڵدا و لە خۆشیاندا بازم دا، براکەم لە ئامێز گرت، هەستی شادی هەر باس ناکرێت. مەزنترین ئەسپمان هەبوو. هەرگیز بێ ئومێدی نەکردووم. هاتوهاوارو جۆش و خرۆشی جەماوەر بەرزو کاریگەرو جیاواز بوو. سەرکەوتنێک بوو بۆ دوبەی و میرنشینەکان و بۆ هەموو عەرەب کە مەزنترین ئەسپت لە جیهاندا هەبێت. دیمەنەکە لە خەونێک دەچوو لە بەردەممدا بەدی دەهات.

پاش ئەم سەرکەوتنە گەورەیە، جەماوەر بەجۆش و خرۆش و پڕ هەستی وروژێنەربوون. بە هەموو شانازییەکەوە بەسەر پشتی ئەسپەکەمدا داو، بەڵێنم دایە دواتر بە شێوەیەک سوپاسی بکەم شایەنی سەرکەوتنەکەی بێت، چونکە تا ئەو کاتە کارەکەی خۆمم دەکرد، گرنگترین کارە پێشینەکانم دابینکردنی ئاسایش و سەلامەتی بوو بۆ شێخ مەکتووم لەلایەک و، جەماوەری شاد بەم سەرکەوتنە لە لایەکی دیکەوە، وێڕای ئەو جۆش و خرۆشییەی کە لە ئاخمدابوو کەچی چاوم بە هەموو شوێنێکی دەوروبەرمدا دەخولاندەوە. چونکە لەم جۆرە هەڵویستانەدا، زۆر ئاسانە یەکێک لە هەردوو لاقی پشتەوەی (دوبەی ملینیۆم) نزیک ببێتەوەو ئەزیەتی پێ بگەیەنێت، یان ـ خوانەکردان ـ یەکێک لەو بینەرە زۆرانە شتێکی بەسەر بێت کە هەموویان پێکەوە ڕژانە ڕایزتراکی پێشبڕکێکە.

◆◆

**"دوبەی ملیۆنیم نەیویست وەك ئەوانی دیکە دابەزێت. کۆتاییەکەی غەمگینانە بوو، تەواو وەك پاڵەوانانی دیکەی مێژوو، جەماوەر خۆشیان دەوێن و، ئا پوورەی خەڵکیش شەیدایان دەبن و ڕازی نابن بە شێوازێکی ئاسایی بڕۆن"**

◆◆

ئەو ڕۆژە مۆبایلەکەم هەر زەنگی لێ دەداو نەمتوانی وەڵامی زۆر لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکان بدەمەوە.. پاش ئاڵوگۆڕکردنی پیرۆزبایی و ئاهەنگگێڕان لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەم لە خوشکەکانم و کچەکانم و هاوسەرەکەم، گەڕامەوە بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکەم و بەرەو لای ئەو ڤێلا بچووکە لێم خوڕی کە هاوڕێکانم لێی گردبووبوونەوە. هەرکە پێم بەر عەرد کەوت کاتێك دەرگەی ڤێلاکەم کردەوە، پیاوێك هێرشی بۆ هێنام و هەردوو بازووی لە مل ئاڵاندم، ئەویش فرانکی مەیتەرمان بوو، کە بە جۆش و خرۆشەوە بە پرسیارگەلێکی زۆر پێشوازی لێ کردم : گەورەم بردمانەوە گەورەم، بردمانەوە، گەورەم لە کوێ بوویت؟ لە کوێ بوویت؟ گەورەم بردمانەوە!

ئەو شەوە کاتێك هەمووان هێور بوونەوەو ئاهەنگەکان کۆتاییان هات، بۆ (فۆز) گەڕامەوەو بەرەو تەویلەکە ڕۆیشتم. پێم گوت: (سوپاس بۆ تۆ هاوڕێم). (ملینیۆم تۆ نازانیت ئەم بردنەوەیە چەند بۆ من گرنگە)، سەری لەقاندەوەو ڕەزامەندی نواندو بە هەردوو کاجیرەی کاوێژی کرد. مەزەندەم کرد سەری لەقاندەوە وەك بڵێیت پێشوازیم لێ دەکات، دەستم بۆ گیرفانم

بردو گێزەرێکم دەرهێنا و خستمە دەمییەوە. پاش ئەوەی خواردی، لووتی خستە ژێر هەردوو بازووم بە هەمان ئەو شێوازەی زۆر جار دەیکات کاتێک گوێ لە دەنگم دەگرێت و منیش قسەی بۆ دەکەم.

"دوبەی ملینیۆم" لە ئەسپەکانی دیکەی نەدەکرد. دەبوو سوار ئازادی ڕەفتارکردنی پێ بدایەو هیچ شتێکی نەکردایە، بەڵکو ڕێگەی دابایە بە ئارەزووی خۆی لە پێشبڕکێکە غاری دابایە. خێرایی ئاسایی لە خێرایی ئەسپەکانی دیکە زۆر زۆرتر بوو بێ ئەوەی هیچ وزەیەکی زۆرتر سەرف بکات، بەو خێراییە ئەسپەکانی دیکە نەیاندەتوانی پێیڕا بگەن. فرانکی بەردەوام دەیگوت کە ناوێرێت سواری "ملینیۆم" ببێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەسپێکی ترسناکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەهێزە. لە کەرکەدەن دەچێت، بۆیە کۆنترۆڵکردنی واتای ئەوەبوو ئەو کەرکەدەنە ڕەشمە بکرێت،. ئەگەر ئارەزووی غاردانی هەبێت ناتوانیت ڕایبگریت. فرانکی دەیگوت بەدرێژایی ژیانی ئەسپێکی بەم بەهێزییە نەدیوە، ئەوەیش هێزێکی بێ ئەقڵ نەبوو، "ملینیۆم" تەواو دەیزانی چی دەکات، دەیزانی کە دەبێت زۆر بە خێرایی لەم خاڵەوە بۆ ئەو خاڵە غاربدات و، کەس نەتوانێت ڕایبگرێت و ڕێگەی لێ بگرێت. هێزێکی بێ نموونەی هەبوو هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

"ملینیۆم " لەگەڵ وەرزی پێشبڕکێکاندا ناوبانگی دەرکردو دەستمان بە دانانی بەرنامەیەك کرد بۆ بەشداریکردن لە ژمارەیەکی زۆر پێشبڕکێدا کە "دوبەی ملینیۆم" تەنیا لە هەموویاندا بردییەوە تەنیا یەکێکیان نەبێت.

پاڵـەوانی ڕایزتراکـە گیاییـەکان نـەبوو، بـەڵکو پاڵـەوانی ڕایزتراکـە قورپینەکانیش بوو، بۆ هەر کوێ چووبایە پاڵەوانی ڕایزتراکەکان بوو.

بەڵام سونەتی ئەم گەردوونە وایە پاڵەوان تا هەتایە بە پاڵـەوان نامێنێتـەوە. سـونەتی ژیـان ئەوەیـە کـە پـاش بەرزبوونـەوە نزمبوونـەوە هەیـەو پـاش سەرکەوتن دابـەزین هەیە، بـەڵام "دوبـەی ملینیـۆم" نەیویست وەك ئـەوانی دیکە دابەزێت. کۆتاییەکەی غەمگینانـە بـوو، تـەواو وەك پاڵەوانـەکانی دیکـە بە درێژایی مێژوو، جەماوەر خۆشیان دەوێن و ئاپوورەی خەڵکیش شـەیدایان دەبن و ڕازی نابن بە شێوەیەکی ئاسایی بڕۆن، بـەڵکو بـە شـێوازێك لـە ناخ و دڵی ئەویندارانیاندا بە زیندوویی بمێننەوە.

لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠١دا "دوبـەی ملینیـۆم" نـەخۆش کـەوت و، ڕۆژی دواتـر بـە هـۆی ئـەوەی تووشـی سکەئێشـە بـوو نەشـتەرگەری بـۆ کـرا، لـەئاکامی نەشتەرگەرییەکدا خـراپتر بوو. لە٢٤ی نیساندا نەخۆشییەکەی بـە "پـەتای گیا" ی زۆر توند دەستنیشان کرا.

ئەم ڕستەیە دوایەمین شتە کە ئارەزوو بکەیت ببیبیسیت، ئـەم نـەخۆشییە لە سزای لەسێدارەدان دەچێت!

چـەپکێك گیـا بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی بیکوژێـت. "پـەتای گیـا" تووشـی ئـەو دەمارانە دەبێت کە کۆئەندامی هـەرس کردنـی ئـەسپ کـۆنترۆڵ دەکـەن، ئـەو کات جەستەی ناتوانێت بەرگری بکات.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی نیسان لە "دوبەی"ـەوە سەفەری "نیومارکت"م کرد بۆ گەڕان بە دوای ئەوەی بتوانین شتێک بکەین، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک ڕەوشی تەواو تێکچوو و ڕۆژی ٢٩ی نیسان سێیەمین نەشتەرگەری بۆ کرا. وێڕای ئەو کۆششە زۆرەی لەگەڵ تیمێکی باشترین پزیشکدا دامان، ئەوە شتێکی ڕوون بوو کە کێشەکەی چارەسەری نییە.


ناچار بووم دڵڕەقترین بڕیار بدەم کە دەشێت خاوەندی ئەسپ بیدات. دڵڕەقترین بڕیار کە دەشێت کەسێکی وەک من بیدات ئەسپی خۆش دەوێت و هاوڕێی ئەسپە، دڵڕەقترین بڕیار کە دەشێت بیدەیت و بزانیت کە تۆ مەزنترین ئەسپت لە جیهاندا هەیە.. بڕیارێکی پڕ ئێش کۆتایی بە ژیانی بهێنێت و سنوورێک بۆ ئەو ئازارانە دادەنێت کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت.

پاش سێیەمین نەشتەرگەری فەرمانم پێ دان وازی لێ بهێنن تا بە هێوری بمرێت. "دوبەی ملینیۆم" پاش نەشتەرگەرییەکە لەو بێ هۆشییەی بێدار نەبووەوە.

هێشتە لە جوانترین خەون بێدار نەبوومەتەوە لەگەڵ جوانترین هاوڕێ و مەزنترین ئەسپ لە جیهاندا.

# 48

# سەرۆک وەزیران و
# فەرمانداری دوبەی



لە ساڵی ١٩٦٨ەوە، بەشێك لە سیستمی فەرمانڕەوایی بووم لە دوبەی. لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ەوە بەشێك لە حکوومەتی دەوڵەتی میرنشینەکان بووم وەزیری بەرگری بووم. لە ڕووی فیدراڵییەوە یاوەری زاید بووم، ڕاشد بن سەعید لە بارەی ناوچەییەوە زۆر شتی فێرکردبووم. بە درێژایی ساڵان هەموو کۆششەکانی خۆم بۆ خزمەتی وڵاتەکەم و سەرکردەکان و نیشتمانەکەم تەرخان کرد. کێبەرکێی هیچ کورسییەکم نەکردو، چاوم لە پۆستی سەرۆکایەتی نەبوو، چوار جار جێنشینی میرم ڕەت کردەوە. لە ساڵانی پێشووی خزمەتمدا بەهیواو ئاوات بووم بێ ئەوەی چاوم لە پۆستێك بووبێت. چاوم لە باشتر بوو بۆ وڵاتەکەم بێ ئەوەی مافی کەسی دیکە بخۆم، لە پێناوی شادمانی گەلەکەم و شادمانی خانەوادەکەم دەکۆشام بە شێوەیەك بەرپرسیارێتیم لەبەردەم خوای خۆمدا لێی دەخواستم.

تا چواری کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ هات بێ ئەوەی چاوەڕێم کردبێت، برام شێخ مەکتووم خوا لێی خۆش بێت لەناکاو بەدڵەکوتێ کۆچی دوایی کرد، منیش بووم بە فەرمانداری دوبەی و، فەرمانداراانی میرنشینەکان بە جێگری سەرۆکی دەوڵەتی میرنشینەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەڵیانبژاردم. کاریگەری و ژانی کۆچی دوایی شێخ مەکتووم بەسەرمەوە زۆر بوو، چونکە دوای چواردە مانگ پاش کۆچی دوایی شێخ زایدی باوك خوا لێی خۆش بێت، کۆچی دوایی کرد.

کاتێك کۆچ دەکەن هەست دەکەیت کە بەرپرسیارێتیت لەبەردەم خواوەندو نیشتمان و مێژوودا گەورەتر دەبێت، هەست دەکەیت ئەو ئەمانەتەی بۆیان

بەجێ هێشتوویت لەوە گەورەترە یەك چرکە کەمتەرخەمی لێ بکەیت.
کاتێك کۆچ دەکەن بەشێوازێکی نوێ و بە ئاستێکی جیاواز دەست بە بیرکردنەوە دەکەیت و بەپێی ئەوەیش ژیانت دەست بە گۆڕین دەکات.

لە یادمە پاش هەڵبژاردنم، خۆم تەریك کردو، دوو ڕکات نوێژم بۆ خواوەند کردو، لێی پاڕامەوە پارمەتیم بدات و بە ڕێگەی دروستدا دەستم بگرێت. یەکسەر دەستم بەڕێکخستنی هزرو شتە پێشینەکانم کرد، هەموو ئەو هزرانەم بیرکەوتەوە کە بە ئەخیاڵمدا دەهاتن بۆ گۆڕینی شێوەی حکوومەت. لیستێکم بە ناوی تیمی نوێی کارکردنم ڕێکخست، وێنایەکی خێرای سیستمی کارو ژیانی نوێم داڕشت، تێیدا هاوسەنگی لەنێوان ڕۆڵی نیشتمانیم وەك سەرۆکی حکوومەت و ڕۆڵی وەك فەرمانداری دوبەی و، بە پشت بەستن بە خواوەند بەرەو گۆڕەپانی ژیان پێم لێ هەڵهێنا.

◆◆

**"کاتێك کۆچ دەکەن هەست دەکەیت کە بەرپرسیاریەتیت لەبەردەم خواوەندو نیشتمان و مێژوودا گەورەتر دەبێت، هەست دەکەیت ئەو ئەمانەتەی بۆیان بەجێ هێشتوویت لەوە گەورەترە یەك چرکە کەمتەرخەمی لێ بکەیت"**

◆◆

ئەنجوومەنی نوێی وەزیرانم پێکهێنا. بڕیارێکم دەرکرد هەموو لیژنەکانی پێشووم هەڵوەشاندەوە، زۆر بڕوام بە لیژنە نییە، بڕوام بە تیمی کار هەیە.

نووسینگەیەکی نوێم بۆ سەرۆکایەتی وەزیران دروست و داوام لە هەموو وەزیرە نوێیەکان کرد ستراتیژیەت و پلانی کاری ڕوون بۆ ساڵانی داهاتوو دابڕێژن. سیستمێکم بۆ بەدواداچوونی پلانەکانی وەزارەتەکان دانا ۲۰۰۰ نیشانەی کار لەخۆدەگرێت. هەموو قەردە کەڵەکە بووەکانی حکوومەتم دایەوە. هەستم کرد کارەکە خەریکە ڕێك دەبێتەوەو ڕەوڕەوەکە دەستی بەوە کردووە بخولێتەوە، داوام لە هەموو وەزیرەکان کرد دانیشتنێك لە بیابان بکەین بۆ تاوتێکردنی هزرە گەورەکان. مەبەستم ئەوە نەبوو ڕەوڕەکە تەنیا وەگەڕ بکەوێت، دەمویست حکوومەت خێراتر بێت تا بەرەو ئاسمان هەڵبچێت.

زۆر وێنامان بۆ ئایندە داڕشت و، نزیکەی پاش ساڵێك دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت چالاکییەکی گەورەم ڕێکخست سەرۆکی دەوڵەت خاوەند شکۆ شێخ خەلیفە بن زاید ئال نەهیان، خوا بیپارێزێت و، هەموو فەرمانداڕەکان و جێنیشینەکان و وەزیرەکان و بەرپرسانم بۆ بانگهێشت کردو ستراتیژیەتی حکوومەتی میرنشینەکان و بۆچوونی دادێم ڕاگەیاند، ستراتیژیەتەکە جێی پەسەندی سەرۆك و فەرمانداڕەکانی دیکە بوو.

ئامانج ئەوەبوو کە میرنشینەکان لە کۆتایی ساڵی ۲۰۲۱ ساڵی یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی دەوڵەت لە بواری تەوەرەکانی کاری حکوومی لە جیهاندا یەکەم بێت.

نزیکەی مانگانە سیستمێکی نوێم بۆ کاری حکوومی و نیشانەی نوێ و ئامانجی نوێ ڕادەگەیاند، لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنیش زۆر وردبووم لە ڕێگەی تیمێکەوە کە بۆ ئەوە تەرخان کرابوو. هەندێك لە وەزیرەکان هاتن و سکالایان لە توندی گوشارەکان و زیادبوونی بارو زۆری ئامانج و گۆڕانی سیستەمەکان دەکرد. داوای چاوەڕوانی و بەرگەگرتنم لێ کردن، تا پێکهاتەیەکی نوێم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ڕاگەیاند، ژمارەیەکی زۆرتری لاوانمان تێدا بەشداری پێ کرد بۆ شان بە شان ڕۆیشتنی هیواو ئاواتەکانمان و، سوپاسی وەزیرەکانی پێشووشمان کرد.

نزیکەی دوو ساڵ جارێك گۆڕانکاری وەزاریم دەکرد بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تیمی کارکردنەکەم کە زۆرتر لێمەوە نزیکە ئامادەیە و شان بە شانی ڕەوت دەچێت و هەموو جارێك دەتوانێت بگاتە ئاستێکی نوێ.

جارێکیان هەموو وەزیرەکانم کۆکردەوەو داوام لێ کردن هەر وەزارەتێك یەك نیشانە، یان دوو نیشانە لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان هەڵبژێرێت بە مەرجێك بەر لەساڵی ٢٠٢١ لە ڕووی جیهانییەوە پلەی یەکەمی تێدا بەدەست بهێنێت. داواکەیان بەلاوە سەیر بوو. هەندێکیان داوایان کرد لە چوارچێوەی دە یەکەمەکاندا بێت و زۆر پاساویان خستە ڕوو کە پێ دەچوون ڕێیان تێ بچێت. پاساوەکانم ڕەت کردنەوە چونکە من دەمویست ئەو بنمیچە شووشەیینە بشکێنن کە لەسەر سەری خۆیانیان داناوە. ئێمە لە کەسانی دیکە کەمتر نین و، خاوەندی پلە یەکەمەکانیش لە ئێمە لێهاتووتر، یان زیرەکتر، یان زۆر بەتواناتر نین. ئەو کێبەرکێیەیان قبووڵ کرد.

ئەمڕۆ حکوومـەتی میرنشینەکان و پێش کاتـە دیاریکراوەکـە، لـە ڕووی جیهانییـەوە لـە پـتر لـە ٥٠ نیشـانەی نێودەولـەتی یەکەمـە و لـە ڕووی بەرنمیشـەوە لـەپتر لـە ١٠٠ نیشـانەی پەرەپێـدان یەکەمـە و لـە ڕووی کارامەییشەوە بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بەرزترین پلەی لە جیهانـدا هەیەو، لە ڕووی متمانـە پێ کردنیشـەوە لـەلای گـەلی خۆی لـە بـەرزترین پلەدایە بە بەراورد لەگەڵ حکوومەتەکانی دیکە.

زاید خوا لێی خـۆش بێـت وتەیـەکی دووبـارە دەکـردەوە زۆر بـەدڵم بـوو، دەیگوت : "مرۆڤ لەناو دەچێت و سامان لەناودەچێت و نیشتمان دەمێنێتەوە، ئەو کارو کردەوە دەمێنێتەوە کە لە پێناوی نیشتماندا پێشکەشمان کردووە".

زۆرجار، هیوا دەخوازم ئەمڕۆ زایـد بمایـە تـا بزانێـت وڵاتەکـەی گەیشـتووەتە کوێ کە لە سفرەوە بنیادی نا، هیوا دەخوازم بزانێت کە ئێمە هێشتە لەسـەر ئەو بەڵێنە ماوین کە داومانە، هێشتە درێـژە بـە کاروانەکـەی ئـەو دەدەیـن و بنبازو بەهاو پرەنسیپەکانی ئەو پێڕەو دەکەین کە لـە ناخمانـدا چاندوونی، هیوا دەخوازم دڵی پێمان خۆش بێت و لەگەڵماندا خۆشی بکات.

سوپاس بۆ خوا بە گیانی یەك تیمی دەستکەوتی زۆرمان تەواوکردو بەوبەڕی بڕوابەخۆبوونـەوە کـە ئێمـە دەتـوانین دەستکەسـوتان بـەدی بێـنین. تیمـی کارکەم و هـەموو ئەوانـەم ڕاهێنـا کـە لـە حکوومـەت لەگـەڵم کاردەکـەن کـە زانەی مەحاڵ لە فەرهەنگی ڕۆڵەکانی میرنشینەکاندا نییە.

بڕوام وایە کە گەورەترین بەربەست بەرانبەر بەرەنگاربوونەوەی مەحاڵ ئـەو تەوانەن کە بڕوایان بە بوونی هەیەو، گەورەترین دەستکەوت کە دەشێت لـە بنیادنانی مرۆڤدا بـەدی بهێنیـت بنیادنـانی کولتـووری نامەحاڵـە لای ئـەو ڕۆڵە. گەورەترین دیـاری دەشـێت بـە نـەوەکانی دادێـی پێشکەش بکـەیت

بەو شوێنانەدا کەسی دیکە پێش چاندنی بوێرییە لە ناخیاندا بۆ ڕۆچوون بەو لووتکانەی کەس بیری لێ ئەوان پێی نەگەیشتوون و گەیشتن نەکردوونەتەوە.

کۆششێکی زۆرم لە یەکێك لە پرۆژەکاندا کرد بۆ ئەوەی بڕوام بەوە هەیە. ئەو بنمیچە شووشەیینە بشکێنم کە ڕەنگە هەندێك لەسەر سەری خۆیانی دانێن. ویستم ئەو بنمیچە بەرزبکەمەوە، تەنانەت لەبەردەم ئەوە نوێکاندا هەڵیوەشێنمەوە. ڕامگەیاند کە ئێمە خەڵکی میرنشینەکان لەگەڵ هاتنی یۆبیلی زێڕینماندا لە ساڵی ۲۰۲۱ یەکەمین کەپسوولەی ئاسمانی بەرەو ئەستێرەی مارس ڕەوانە دەکەین. کەپسوولەکەمان ۲۲۵ ملیۆن کیلۆمەتر دەبڕێت بەر لەوەی بگاتە ئەستێرە سوورەکە، بەڵام دەگەین و، لە چوارچێوەی تەنیا نۆ نەتەوە دەبین لە جیهاندا کە دەتوانین ئەو دەستکەوتە بەدی بهێنین. چەندان نەتەوە بە سەدان ساڵ لە کاروانی پەرەپێداندا پێش ئێمە کەوتوون، ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێت بە بوێری و خێرایی و خواستمان کە کەس ناتوانێت لەبەردەمیدا ڕاوەستێت، پێشیان بکەوین.

پرۆژەکە کاریگەری خۆی هەبوو، گیانێکی نوێ و وزەیەکی نوێ و ئاواتگەلی نوێ لە کۆمەڵەکەماندا کەوتنە جووڵە و لاوان وایان لێ هات چاو لە ئاسمان دەبڕن. خەڵکیش وایان لێ هات لە کۆڕو دانیشتنەکانیاندا سەرزەنشتی کەمتەرخەم دەکەن کە کەسانی دیکە گەیشتنە بۆشایی ئاسمان و ئەویش هێشتە لەسەر زەوی گاگۆڵکێ دەکات.

ئامانجەکەم بەدی هات کە کولتووری مەحاڵم لە کۆمەڵەکەماندا گۆڕی.
زۆر دلگران بووم کاتێک پاش ڕاگەیاندنی پرۆژەکە دۆستێک پێی گوتم، خۆزگە ئێستە زاید لەگەڵمان بووبایە، دڵی پێمان خۆش دەبوو، لە گەڵیشمان خۆشی دەکرد.



لە کاتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران لە
مۆزەخانەی لۆڤەر - ساڵی ٢٠١٧

# 49
# گەڕان بە دوای مرۆڤدا




لەکاتی ڕێزلێنانی بەرەندەکان لە دەستپێشخەری
دروستکەرانی هیوا لە دووەمین خولیدا - ساڵی ٢٠١٨

گەشتگەلی ڕاوکردن یەکێکە لەو ئارەزووانەی حەزی لێ دەکەم و، بە هۆیەوە لە ڕەوشی کار دەردەچم و ڕۆتینی خۆم دەگۆڕم و هێزەکانم دەگۆڕم و وزەی خۆم نوێ دەکەمەوە.

لە یەکێک لە گەشتەکانی ڕاوکردن لە وڵاتێکی ئەفریقیادا بەر لە چەند ساڵێک بە شارێکی بچووکدا تێپەڕین. لەو شارەدا فێرگەیەکم بۆ خەڵکی ناوچەکە دروست کردبوو. لەناکاو فێرگەکەم بەسەر کردەوەو بینیم ژمارەی فێرخوازەکان زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی گەورەی فێرگەکە، ژمارەیەك لە دەیان فێرخواز تێناپەڕێت لە فێرگەیەکدا کە دەشێت بەهەزاران فێرخوازی لێ بێت. لە هۆکارەکەم پرسی، پێیان ڕاگەیاندم کە هۆکاری سەرەکی دەوام نەکردنی فێرخوازان لەم فێرگەیە برسیەتییە!

وەڵامەکە واق ورماوی کردم. چەند چرکەیەکی لێ خواستم تا تێی گەیشتم. ئێمە فێرگە دروست دەکەین تا لە برسیەتی ڕزگار بین. فێربوون و خوێندن چەکمانە، بەڵام ئەم چەکە بە هۆی برسیەتییەوە تەواو پەکی کەوتووە. پێیان ڕاگەیاندم کە فێرخوازەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەچن بۆ کێڵگەکان تا بەدوای خواردندا بگەڕێن، یان لە ماڵەوە دەمێننەوە ئەگەر زۆریان برسی بوو و هیچ وزەیەکیان نەبوو.

ئای لەم جیهانەدا چەندان کەس هەن بێ بەشن!

فەرمانم دا چێشتخانەیەکی گەورە لە فێرگەکە ئامادەبکرێت و باشترین ئامێرم لەگەڵ تیمی تەواودا بۆ خزمەتکردنیان دابین کرد. پاش ساڵێك

فێرگەکە دەخوێنن، هەستم بە شادمانی کرد.
بەڵێ هەستم بە شادمانی کرد.بەخشش ناسوودەیی و شادمانی و دڵنیاییە.
ئێمە پێویستمان بەوەیە لە نەدار زۆر بەخشندەتر بین. تۆ ببەخشیت خواوەند پێتی دەبەخشێت، بۆ فێر بێت ئەویش بەرزت دەکاتەوە، بەزەییت بە خەڵکدا بێتەوە ئەویش خۆشی دەوێیت و شادت دەکات.

♦♦

**"لەکاری مرۆییدا پشت بە کۆششی خودی خۆم نابەستم بەڵکو پشت بە کۆششگەلی دەزگەیی دەبەستم چونکە زۆرتر دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت و کاریگەری گەورەترە"**

♦♦

ئاشکرایە، لەکاری مرۆییدا پشت بە کۆششی خودی خۆم نابەستم بەڵکو پشت بە کۆششگەلی دەزگەیی دەبەستم چونکە زۆرتر دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت و کاریگەری گەورەترە. زۆر پرۆژەگەلی مرۆییانەم دامەزراندووە کە تیمی کاری دڵسۆز بەڕێوەیان دەبەن، پێش چەند ساڵێك دەزگەی دوبەی بۆ بەخششم دامەزراند تا بایەخ بە فێرکردن لە وڵاتە هەژارەکان بدات، پتر لە ١٨ ملیۆن فێرخوازی کوڕو کچ سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی بینی، دەزگەیەکی خێرخوازیشمان هەیە پتر لە دوو ملیۆن خێزان سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی بینیوە، شارێکی جیهانیمان بۆ خزمەتگوزاری مرۆیی هەیە پرۆسەگەلی فریاگوزاری کارەساتگەلی سروشتی و مرۆیی بۆ نزیکەی

چارەگی ولاتانی جیهان رێکدەخات و پشتیوانی لێ دەکات. دەزگەیەکی زانستیمان هەیە، لەگەڵ دەزگەیەکی دیکەی تەکنەلۆژی سەدان هەزار کەس فێری زمانی پرۆگرام دانان دەکات. وەقفێکمان بە نزیکەی ملیار درهەم بۆ پرۆژەو توێژینەوەی پزیشکی هەیە، لەگەڵ دەزگەیەکی پسپۆر لەبواری چارەسەکردنی نابینایان بە ملیۆنان کەس سوودیان لێ بینیوە. پەیمانگەیەکی لێبوردەییمان هەیەو لەگەڵ کۆنگرەگەلی رۆشنبیری و راگەیاندن و خەڵاتە جیهانییەکانی راشد ئال مەکتووم بۆ هونەرو زمانی عەرەبی و هی دیکە. هەموو ئەوەیش لە سایەی دەستپێشخەرییەکانی محەمەد بن راشد ئال مەکتووم جیهانی کە پتر لە ۲۰ دەزگەو دەسپێشخەری پێکدێت پتر لە ۱۳۰ ملیۆن مرۆڤ سوودیان لێ وەرگرتوون.

حەز لە خۆهەڵکێشان ناکەم و، ئەوەیش لەپێناوی ناوبانگیدا نالێم، خواوەند بەخۆی لە نیازەکان ئاگەدارە، بەلام ئەوە بۆ هاندانی کەسانی دیکەی خواپێداوان و سەرقاڵبووان دەڵێم. پێیان دەڵێم نابێت سەرقاڵی زۆرو جۆراوجۆر رێگەی ئەوەمان لێ بگرێت بەدوای مرۆڤ لەناخی هەر یەکەماندا بگەرێین، پێیان دەڵێم لەژیانی خۆمدا نەمبیستووە کەسێك بەهۆی بەخشش و چاکەکردنەوە هەژارو نەدار بووبێت، یان کارەکانی راوەستابن، یان دەستکەوتەکانی بەهۆی یارمەتیدانی خەڵك کەم بووبنەوە. هەر یەك لە ئێمە دەتوانێت شتێك پێشکەش بکات، هەر کەسەو تۆوێکی چاکەی تێدایە، مرۆڤێکی بە بەزەیی و چاوتێری لە ناخدایە. پێیان دەڵێم کە هەر مرۆڤێك ئازارو ژانی مرۆڤێکی دیکە لابەرێت ئەوە گوڵێك لە بێستانێکدا دەچێنێت و مۆمێك لە تاریکاییدا دادەگیرسێنێت و، روحێکی خۆشەویست لای خواوەند رزگاردەکات.

سالی ٢٠١٦ پێشبڕکێیەکم ڕاگەیاند تا بۆ هەمووان بسەلمێنم کە هەر کەسێك چەندە سامانی، یان پلەو پایەی کەم بوو دەشێت لە بەخششدا ببێتە مرۆڤێکی مەزن، هەر کەسێکی ئاسایی دەشێت بە کارە مرۆییەکانی پێش هەزاران بزنسمانی ملیۆنێر بکەوێت، چونکە مەزنایەتی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و، بەزەییش بەشێکە لە ڕوح و، بەخشش هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەمەندییەوە نییە. پێشبڕکێکەم ناو لێنا (هیوا دروستکەران)و داوام کرد هەر کەسێك کارێکی مرۆیی کردبێت ئاگەدارمان بکاتەوە، یان ئەو کەسە پێشنیازبکات کە دەیناسێت تا تیشکی بخرێتە سەر و لەبەردەم ملیۆنان کەسدا لە وڵاتانی عەرەب ڕێزی لێ بنرێت. بە هەزاران بەشداریمان پێگەیشت. هەزاران مۆمی هیوای پرشنگدار لە ناوچەکەماندا، کە کەس هیچ شتێکیان لەبارەوە نازانن.

یەکێکیان بە هەوڵ و کۆششی خۆی خانەیەك بۆ بێ دایك و باوکان لە وڵاتێك دروست دەکات شەڕوشۆڕ وێرانی کردبوو، ئافرەتێکیش وڵاتە دەوڵەمەندەکەی خۆی لە کەنداو بەجێ دەهێڵێت و بۆ چەندان سالی دوورودرێژ بۆ وڵاتێکی نەدار کۆچ دەکات تا سەدان هەزار کەس ڕزگار بکات. پزیشکێکیش لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ٢٠٠٠ پزیشکی لەگەڵ خۆی کۆکردووەتەوە تا نەشتەرگەری دڵ بۆ منداڵان بکەن لە وڵاتە نەدارەکان، گەنجێکیش بەساڵداچووانی دەربەدەر لە شەقامەکان کۆدەکاتەوەو بەرەو ڕووی ڕەوشەکان دەبێتەوە تا بە کۆششە تایبەتییە زۆر کەمەکانی خۆی داڵدەیەکیان بۆ دابین بکات و چاودێری پزیشکییان پێشکەش بکات، کچێکی گەنجیش پەنابەران لەناو دەریادا ڕزگاردەکات و، ئافرەتێکیش تەمەنی

گەیشتووەتە حەفتا ساڵ و تەمەن ڕێگەی ئەوەی لێ نەگرتووە گەشت بکات و بۆ یارمەتیدانی نەداران کاربکات، لەگەڵ کەسانی بێ شوماری دیکەدا. لەوانەیش (فارس) لە سوودان لە هەندێك لە گوندەکانی سوودان دەبینێت بەهۆی برسیەتییەوە فێرخوازان لە فێرگەکان زۆر کەمن. ئەویش گازەندە لە کەس ناکات و، نەفرەت لە تاریکی ناکات و، فرمێسکێکی غەمباری ناڕێژێت و ژیانی ئاسایی خۆی دەست پێ بکاتەوە، بەڵکو بۆ ماڵ دەگەڕێتەوەو بە یارمەتی دایکی سەندەویچ بۆ فێرخوازانی فێرگەکە ئامادە دەکات، بەیانی دواتریش بە هەمان شێوە، پاشان ئافرەتانی گەڕەکیش دەستیان بە یارمەتیدانی کرد، پاشان زۆر خۆبەخش ئەو هەواڵەیان بیست و ئەوانیش دەستیان بە یارمەتیدانی کرد، تا سەرجەم ئەو سەندەویچانەی لە ماوەی دە ساڵدا دابەشی کردبوون گەیشتە پتر لە ٤٠ ملیۆن سەندەویچ، هەموو ئەوەیش بە کۆششی خۆبەخشانە، کە بە دەروونی باش و نیازی باش و توانای زۆر ساکارانە. هەموومان لەو کارەدا (فارس)ین.

کاتێك لێیان پرسیم بۆچی (هیوا دروستکەران)ت ڕاگەیاند، پێم گوتن: لە ناخی مرۆڤدا، بە دوای مرۆڤدا دەگەڕێین. ئەم نموونانە مرۆڤی ساکار دەهەژێنن تا ببێتە کەسێکی نائاسایی و، مرۆڤی بەتوانایش دەهەژێنن تا هەست بە کەمتەرخەمی خۆی بکات و، هەمووان دەهەژێنن تا بەشێوەیەکی ئەرێنی لەبەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵەکانیاندا بجووڵێنەوە، لەبری ئەوەی گازندە بکەن و چاوەڕوان بن حکوومەتەکان هەموو کێشەکانمان چارەسەربکەن.

بەر لە چەند ساڵێك ساڵێكمان بۆ خوێندن لەدەوڵەتی میرنشینەکان ڕاگەیاند، منداڵـەکانمان هـان دەدا بخوێننـەوە چـونکە مێشکان دەکاتـەوە و، ئاسۆکان فرەوانتر دەکات و کەسایەتییەکی شارستانیانەو ڕۆشنبیرییانە دروست دەکات.

پـاش ئـەوە لـە ڕۆژنامەکانـدا خوێندمـەوە تـا چـەند ڕێـژەی خوێندنـەوە لـە جیهانی عەرەبیمانـدا نزمـە، داوای پێشنیازم کـرد، پێشنیازێکم پێگەیشت پێشبڕکێیەك بـە نـاوی (بەرەنگاربوونـەوەی خوێندنـەوەی عـەرەبی) بـۆ فێرخوازانی فێرگەکان سازبکرێت، هەر فێرخوازێك ساڵانە ٥٠ کتێبی تێدا بخوێنێتـەوەو ڕێـز لـە پێشەنگەکانیان بنێین. تیمەکـە ساڵانە ئامانجی سەد هەزار فێرخوازی دانابوو لەگەڵمان بەشداری پێشبڕکێکە بکەن. پێم گوتن ئامانجی یەکـەم سـاڵ یـەك ملیـۆن فێرخـوازە. بەرەنگاربوونـەوەی خوێنـدن دەستی پێ کردو لە یەکەمین ساڵدا ٣,٥ ملیۆن فێرخواز بەشدارییان تێداکرد. لە دووەم ساڵدا ژمارەکە ٧ ملیـۆن فێرخـوازی تێپەڕانـد، لەسـێیەم سـاڵدا ١٠,٥ ملیۆن فێرخواز لە ٤٤ دەوڵەت لە سەرانسەری جیهانەوە بەشدارییان تێداکرد هـەر یەکـەیان لـە مـاوەی سـاڵی خوێندنـدا ٥٠ کتێبیـان خوێنـدبووەوە. دەسـتکەوتێکی مـەزن بـوو، بـەڵام نـەك بـە کۆششـەکانی مـن. هـەموو وەزارەتـەکانی پـەروەردە لـە وڵاتـانی عـەرەب و وڵاتـانی دیکـەی بەشداربوو بەبیری بیرۆکەکەوە چوون و بڕوایان پێ هێناو کاری خۆبەخشیان لـەپێناودا کردو هانی ڕۆڵەکانی وڵاتـەکانیان دا بەشداری تێدا بکەن. پتر لـە ١٠ ملیۆن فێرخواز ٨٧ هـەزار سەرپەرشتیار سەرپەرشتییان کـردن، هـەر هەموویشیان خۆبەخش بوون چونکە بڕوایان بە بیرۆکەکە هەبوو.



بێویستت بە پاردیەکی زۆر نییە تا کاریگەرییەك دروست بکەیت، تەنیا بێویستت بە دڵێکی زیندوو هەیە دەست بخاتە سەر شوێنەکانی کەموکوڕییەکان و دڵسۆزانە کاربکات، تا ئەم ناوچەیە دەست بە شارستانیەتییەکەی بکاتەوە. ئەگەر هەر یەك لە ئێمە یەك لەسەر دەی ئەودی ودریدەگرێت ببەخشێتەوە ئەو کات نە نەدارو نە نەخۆش و نە نەزان لە ناوماندا نامێنێتەوە.

ڕوحی ئێمە بەردەوام بەتیمەکەم دەڵێم خواوەند بەخشندەو میهرەبانەو
بەردەوام بەتیمەکەم دەڵێم خواوەند بەخشندەو میهرەبانەو
خەڵکی بەبەزەییتر بێت
فوویەکی خواییەو ئەوەمان بەرانبەر بە خەڵکی بەبەزەییتر بێت
شتێکی گرتووەتەوە.
لەهەموومان زۆرتر لە خواوە نزیکە کە بەزەیی هەموو شتێکی گرتووەتەوە.

# 50
# دە ئامۆژگارییەکە

بەر لە چەند مانگێک، لە چەند تویتێکدا لە تویتەر باسی بەشێک لە تەنگژەکانی جیهانی عەرەبیم کردو گوتم تەنگژەکەمان تەنگژەی کارگێڕییە نەک تەنگژەی سیاسی و ئێمە زۆرتر پێویستمان بەکارگێڕانە، نەک سیاسەتوانان، تا بتوانن بەشێک لە کەموکووڕی پەرەپێدان لە ناوچەکە چاک بکەنەوە.

لە تۆڕی تویتەرەوە ئەم پەیامەم پێگەیشت: خاوەند شکۆ، ئەگەر بکرێت دە ئامۆژگاری لەبارەی کارگێڕی حکوومی بۆ بەرپرسێک لە جیهانی عەرەبیمان بنووسیت.. ئەو دە ئامۆژگارییە چین؟ پرسیارەکەم بەدڵ بوو، بڕوام وایە دەتوانم شتێک لەم بوارەدا بڵێم.

سەرەتا بەر لە هەموو شتێک دەڵێم کە ژیانمان بریتییە لە گەشتێکی فێربوون کە کۆتایی نایەت. هەرکە شتی زۆرتر فێرببین ڕادەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نایزانین، ئەوەیش لەوە زۆرترە کە مەزەندەی دەکەین. بۆیە، ڕاوەستان لە فێربوون ڕاوەستانە لە پێشکەوتن لە ژیاندا.

دەمێنێت دە ئامۆژگاری بۆ هەر بەرپرسێك لەبواری کارگێڕی حکوومی بە پێی شارەزایی ساکاری خۆم بەم شێوەیە پوخت بکەمەوە:

یەکەم ئامۆژگاری: خزمەتی خەڵك بکە! مەبەست لە کارگێڕی حکوومی خزمەتکردنی خەڵکە، مەبەست لە وەزیفەی حکوومی خزمەتکردنی کۆمەڵە، مەبەست لە بڕیارگەل و سیستمگەل و یاساکان خزمەتکردنی ئادەمیزادە، ئەوەت لەبیرنەچێت. بڕیارەکان و، یاساکان بە هەموو شتێك مەزانەو، بڕوات وانەبێ کە سیستمەکان لە ئادەمیزاد گرنگترین، ئەوانە بۆ خزمەت و ئاسوودەیی و ئاسانکردنی ژیانی ئەوانن، ئەوانە لە هەر کاتێکدا بێت شیاوی ئەوەن لە پێناوی ئەواندا بگۆڕرێن. زۆر هەن کۆمپاس لە دەست دەدەن و بڕوایان وایە ڕۆڵی ئەوان ئەوەیە سیستمە کاربێکراوەکان بپارێزن و دەقی ئەو یاسایانە جێبەجێ بکەن کە دادەڕێژرێن و ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکەن کە دەدرێن، ئەم بڕوایەیش بنەمای زۆربەی کێشە کارگێڕییەکانمانە. ئەگەر یاساناسان و، یاسادارێژەران و، وەزیرەکان و، بەڕێوەبەرەکان و، ئەوانەی پێشوازی لە مامەڵەداران دەکەن و، ئەوانەی خزمەتگوزارییەکان دادەڕێژن و، ئەوانەی پێشکەشیان دەکەن و، ئەوانەی بودجە دادەنێن و، ئەوانەی پرۆژەکان جێبەجێ دەکەن، ئەوانە ئەگەر کۆمپاسەکە بپارێزن و پابەندی پرەنسیپی (خزمەتکردنی خەڵك) پێڕەو بکەن ئەوە ڕوانین و کارە پێشینەکان و بڕیارو پلانەکانیان دەگۆڕێن و، شۆڕشێکی کارگێڕیش لە جیهانی عەرەبیمان بەرپا دەبێت.

دووەم ئامۆژگاری، کورسی مەپەرستە! وەزیفەو پۆست و پلەو پایە و بەرپرسیاریەتی هەر هەموویان کاتین، زوو بەجێت دەهێڵن، یان زوو

بەجێیان دەهێڵێت. چاکەی ڕاستەقینەت کارو دەستکەوتەکانتەو، هەرکە دەستکەوتت زۆرتر بوون پلەو پایەت ئەوەندەی دیکە بڵندتر دەبێتەوەو، ناوت بەرزتر دەبێت و خەڵك خۆشیان دەوێیت و، خواوەند لە ژیان و لەو دنیایش پاداشتت دەداتەوە. ئەگەر کورسیت خۆش بوێت ئەو ئازایەتی و بوێرییەت نابێت بڕیارگەلی ئەوتۆ وەربگریت بەرزترت بکەنەوەو بتگەیەننە ئەو کورسییەی دوای کورسییەکەت دێت. ئەگەر کورسیت خۆش بوێت، دەبخەیتە پێش بەهاو پرەنسیپ و ئەو مەبەستەوە لە پێناویدا هاتوویت کە ئەویش خزمەتکردنی خەڵکە. بیکە بە دوایەمین خەمی خۆت، ئەو کات وزەیەکی زۆرو ئاسۆیەکی فرەوانت دەبێت بۆ گۆڕینی واقیعی دەزگەکەت و کۆمەڵگەت و نیشتمانەکەت. سەیری بەرزەوەندییە دوورەکانی نیشتمانەکەت بکە نەك سەیری پێی کورسییەکەی لای پێت بکەیت.

سێیەم ئامۆژگاری: پلانی خۆت داڕێژە! کاتێك پلان دانەڕێژیت ئەوە پلان بۆ سەرنەکەوتنی خۆت دادەڕێژیت. زۆر لەبەرپرسان ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ وەزیفەکەیاندا دەگوزەرێنن، سەیری دوور لە هەفتە، یان مانگێك ناکەن، ئەمەیش یەکێك لە گەورەترین بەرەنگاربوونەوە کارگێڕییەکەمانە. ڕۆڵی سەرەکی سەرکردە زانینی ئاراستەو، ڕێ پیشاندانی تیمەکەیەتی ڕوو لەو ئاراستە بکەن و بەردەوام هانیان بدات پێی بگەن. ئەگەر نەتتوانی پلانێك دارێژیت، ئەوە تۆ بێ هیچ ئامانجێك دەڕۆیت و گرنگ نییە دەگەیتە کوێ، چونکە ناگەیتە شتێك بەهای هەبێت.

چوارەم ئامۆژگاری: چاودێری خۆت بکە! چاودێری ئەدای دەزگەکەت بکەو، چاودێرێکی ناوخۆیی لە دەزگەکەو، چاودێرێکی دەرەکی بێ لایەن بۆ خۆت دانێ. دەبێت چەند نیشانەیەك هەبن لە چوارچێوەیانەوە گەرەنتی ئەوە مسۆگەر بکەیت کە بە ئاراستەی دروستدا دەڕۆیت بۆ ئەوەی پلانەکە بەدی بهێنیت. غەش لە خۆت و لە نیشتمانت مەکە بەوەی نیشانەگەلی لاوازو چاودێری لاواز دابنێیت. هیچ پرۆژەیەك بێ نیشانەگەلی ڕاستەقینە و ڕاشکاو بەدی نایەت کە خۆت و تیمی کارەکەتی پێ پابەند نەکەیت.

پێنجەم ئامۆژگاری: تیمی کارەکەت دروست بکە! بە تەنیا مەفڕەو، بە تەنیا مەجریوێنە، بە تەنیا چەپڵە لێ مەدە. تیمێك دروست بکە ئامانجەکانی تۆ بەرەو ئاسۆگەلی نوێ هەڵبگرن، واز لە دەستەڵاتەکانی خۆت بێنەو بەوانی ببەخشە، ڕێنماییان بکەو فێریان بکەو بەتوانایان بکە، بنمیچەکەیان لەبەردەم بەرزتر بکەوە، ئەو زرتەبۆزەی لە ئاخیاندایە دەربێنە، پاداشتیان بکەو دەستکەوتەکانیان باس بکەو بخە ڕوو. پاڵ بدەوەو چێژ لە ئاکامەکە وەربگرە، چونکە تیمی مەزن بەرەو شوێنی مەزنت دەبەن و، تیمی لاوازیش سواری کۆڵی خۆت دەکەیت تا پشکت دەشکێنێت.

شەشەم ئامۆژگاری: داهێنان بکە، یان بکشێوە! ئەو حکوومەتانەی کە داهێنان ناکەن پیر دەبن و بەساڵدا دەچن و لە پێشبڕکێ و لە چوارچێوەیش دەردەچن. هزرەکان خوێن دەبووژێننەوەو ، بەهۆیانەوە پێش کێبەرکێکاران دەکەویت و، تێچووەکان کەمتر دەکەیتەوەو، لە چوارچێوەیانەوە دووبارە خۆت دەدۆزیتەوە. ئابووری نوێ لەسەر هزری نوێ ڕاوەستاوەو، جیهانی نوێیش بەدوای بەرهەمگەلێکدا دەگەڕێت هزرگەلی نوێیان پێ بێت. لە گەڕان

بە دوای هزرگەلی مەزن لای تیمەکەت، لای ئەوانەی سەرت لێ دەدەن، لای هەموو خەڵکی، ڕامەوەستە. هیچ شتێک لە هزرو بیرۆکەیەکی مەزن بەهێزو مەزنتر نییە.

◆◆

**"بڕیار و، یاساکان بە هەموو شتێک مەزانەو، بڕوات وانەبێ کە سیستمەکان لە ئادەمیزاد گرنگترین، ئەوانە بۆ خزمەت و ئاسوودەیی و ئاسانکردنی ژیانی ئادەمیزادن"**

◆◆

حەوتەم ئامۆژگاری: بەردەوام بەو گەشبین بە! بەردەوام لەگەڵ جەماوەرو لەگەڵ کۆمەڵی خۆت و، لەگەڵ میدیاکانی دەوروبەرت، لە پێوەندی بەردەوامدا بە. ناوداریەتی و وێنەی خۆت دروست بکەو، جیهان لە هیواو ئاوات و تواناکانی خۆت ئاگەدار بکە. هەندێک لە حکوومەتەکان بڕوایان وایە پێوەندی میدیایی وەزیفەیەکی تەواوکەرەو، هەندێک جاریش بێزارکەرە. پێیان دەڵێم کە بنەڕەتی و سەرەکییە. لە چوارچێوەی میدیاکانەوە وێنەی خۆت دروست دەکەیت و، شەفافییەت لە حکوومەتەکەت دەچەسپێنیت و، خەڵك دەزانن دەزگەکەت بەرەو کوێ دەبەیت. لە چوارچێوەی میدیاکانەوە پشتیوانی جەماوەر بۆ خۆت دەستەبەر دەکەیت، چونکە دەزانن بۆ کوێ دەڕۆیت و، ئەگەر هەڵەت کرد لێت خۆش دەبن چونکە تاقییان کردوویتەوەو لە خزمەتکردنیاندا ئاشنات بوون. ئامانجەکانی خۆت لەڕێگەی میدیاکانەوە ڕابگەیەنە چونکە ئەوان لێپرسینەوەت لێ دەکەن و ئەمەیش لە بەرژەوەندی

تۆدایە. بەردەوام لە پێوەندیدا بەو خۆت مەشارەوە، چونکە میدیاکان دۆستن و دوژمن نین، دۆستی دڵسۆزی بەدەستکەوت و، دوژمنی تەمبەڵی گەندەڵن.

هەشتەم ئامۆژگاری: بێ ڕکابەر مەبە! ئێمەی ئادەمیزاد ڕکابەری لە ڕەفتارماندا پرەنسیپێکی گرنگەو ڕکابەری لەگەڵ خۆت، یان کەسی دیکەدا بکە. کۆمپانیاکان سەردەکەون کاتێك لە ژینگەیەکی والادا ڕکابەری دەکەن. ڕکابەری لەگەڵ دەزگەو دامەزراوەکانی دیکەدا بکە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، ڕکابەری بۆ ئەوە بکە لە ناوخۆو لە دەرەوە پلە یەکەمەکان بەدەست بهێنیت، ژینگەی کار بکە بە ژینگەیەکی ڕکابەری، ڕکابەری لەگەڵ ڕابوردووی خۆت بکە تا لەو باشتر بیت، ڕکابەری لەگەڵ ئامانجەکانتدا بکە تا لەوانە بەرزتر بەدی بهێنیت، ڕکابەری لەگەڵ وڵاتاندا بکە تا لەوان مەزنتر بیت. ڕکابەری شێوازێکی ژیانە لە حکوومەتەکاندا، بەبێ ڕکابەری هیمەتەکان پاشەکشە دەکەن و جۆش و خرۆشی دەکوژێتەوەو نیازو ورەکان سست دەبنەوە.

◆◆

**"وەزیفەکەمان جوانترین شتی ژیانمانە، بەڵکو خودی ژیانە، وەزیفەکەمان مەزنە، لەچوارچێوەیەوە ژیانی ملیۆنان کەس بەرەو باشتر دەگۆڕین"**

◆◆

نۆیەم ئامۆژگاری: سەرکردەگەل دروست بکە! سەرکردەگەل دروست بکە دوارۆژ دروست دەکەیت. سەرکردەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە

سەرکردەگەل دروست دەکات و، دەزگەی ڕاستەقینەیش ئەو دەزگەیەیە سەرکردەگەل دەردەچوێنێت و، گەرەنتی بەردەوامبوونی پێشەنگی بە کۆششەکانی دەزگەوە لە ڕووی درەستکردنی سەرکردەگەلەوە پەیوەستە، سەرکردەگەلێك ئاسۆگەلی زۆرتر بکەنەوەو، وزەی زۆرتریان پێ بێت و، دەزگەکان بەرەو لووتکەگەلی نوێ بگوێزنەوە. دروستکردنی سەرکردەگەل نهێنییەکە کەس تێی ناگات ئەو پیاوانە نەبێت بەسەر من منایەتی و خودا زاڵ بوونە و، لەوە گەیشتوون کە مەزنترین دەستکەوتێك کە دروستی بکەن بنیادنانی ئادەمیزادە نەك بەرد.

دەیەم ئامۆژگاری: بەرەو بنیادنانی ژیان هەنگاو هەڵێنە! ئێمە بەختەوەرین چونکە لە حکوومەتەکاندا کاردەکەین. وەزیفەکەمان وەزیفەیەکی ئاسایی نییە، وەزیفەکەمان جوانترین شتی ژیانمانە، بەڵکو خودی ژیانە. وەزیفەکەمان مەزنە، بەهۆیەوە ژیانی ملیۆنان کەس بەرەو باشتر دەگۆڕین. بەچاوی سووك سەیری ڕۆڵی خۆت، یان کارەکەت، یان کۆشش و ڕەنجی خۆت مەکە، تۆ لە بواری دروست کردنی ژیان و داڕشتنی ئایندەو بنیادنانی نیشتماناندا کاردەکەیت.

خواوەند لەگەڵ ئێوە بۆ خزمەتکردنی وڵاتگەل و
خەڵك دەست بە باڵمانەوە بگرێت.

هێشتە چیرۆکەکە لە سەرەتادایە..

براتان محەمەد بن راشد ئال مەکتووم

Mohammed bin Rashid

# 50

# MEMORIES FROM FIFTY YEARS OF SERVICE

# MY STORY

Translated By:
Garmyan Mohammed




کتێبخانەی (PDF)
گرووپێک بۆ خزمەتکردن بە خوێنەران و
خوێندکاران و کتێب دۆستان